| ٦ | خالید عەبدلرحمان عەلی | ١٩٦٨ | نێر | ٢٠ |
| ٧ | محەمەد عەبدلرەحمان عەلی | ١٩٧٠ | نێر | ١٨ |
| ٨ | مەجید نەجم فەتحەالله | ١٩٥٠ | نێر | ٣٨ |
| ٩ | سید گوڵ عومەر جەلال | ١٩٥٥ | نێر | ٣٣ |
| ١٠ | سەدرەدین عومەر جەلال | ١٩٦٤ | نێر | ٢٤ |
| ١١ | جەمال سەعید عەبدللا | ١٩٥٥ | نێر | ٣٣ |
| ١٢ | شوکور ئەمین رەزا | ١٩٦٩ | نێر | ١٩ |
| ١٣ | جەبار عبدالله مستەفا | ١٩٦٧ | نێر | ٢١ |
| ١٤ | بەکر عبدالرحمان ئەمین | ١٩٥٠ | نێر | ٣٨ |
| ١٥ | قادر ساڵەح محەمەد | ١٩٥٣ | نێر | ٣٥ |
| ١٦ | ظاهیر عەلی سالح | ١٩٥٧ | نێر | ٣١ |
| ١٧ | نوری عەلی سالح | ١٩٦١ | نێر | ٢٧ |
| ١٨ | ئیبراهیم عەبدلرەحمان حەمەئەمین | ١٩٥٥ | نێر | ٣٣ |
| ١٩ | عەلی ئەحمەد ساڵەح | ١٩٥٧ | نێر | ٣١ |
| ٢٠ | عوسمان ئەحمەد ساڵەح | ١٩٦٦ | نێر | ٢٢ |
| ٢١ | عەبدللا جەلال ئەحمەد | ١٩٥٧ | نێر | ٣١ |
| ٢٢ | رەووف سەلام سەعدون | ١٩٦٤ | نێر | ٢٤ |
| ٢٣ | خدر ئەحمەد عەبدللا | ١٩٥٦ | نێر | ٣٢ |
| ٢٤ | محەمەد سەلام سەعدون | ١٩٧٠ | نێر | ١٨ |
| ٢٥ | توفیق ئەحمەد تەها | ١٩٥٥ | نێر | ٣٣ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٢٦ | زەینەب عەلی کابان | ١٩٥٤ | مێ | ٣٤ |
| ٢٧ | چەتۆ تۆفیق ئەحمەد | ١٩٨٠ | نێر | ٨ |
| ٢٨ | ساکار تۆفیق ئەحمەد | ١٩٨٢ | مێ | ٦ |
| ٢٩ | ڕێزان تۆفیق ئەحمەد | ١٩٨٣ | مێ | ٥ |
| ٣٠ | هاوڕێ تۆفیق ئەحمەد | ١٩٨٥ | نێر | ٣ |
| ٣١ | عومەر ڕەزا ڕەسول | ١٩٦٤ | نێر | ٢٤ |
| ٣٢ | گوڵچین محەممەد ڕەزا | ١٩٦٤ | مێ | ٢٤ |
| ٣٣ | پەروین عومەر ڕەزا | ١٩٨٦ | مێ | ٢ |
| ٣٤ | عائیشە ڕەشید محەممەد | ١٩٦٠ | مێ | ٢٨ |
| ٣٥ | ئارەزو فاتح ڕەزا | ١٩٨٧ | مێ | ١ |
| ٣٦ | شوکر فەتاح ڕەزا | ١٩٧٧ | نێر | ١١ |
| ٣٧ | خالید ڕەزا ڕەسول | ١٩٦٩ | نێر | ١٩ |
| ٣٨ | لوقمان مەجید مەحمود | ١٩٦٦ | نێر | ٢٢ |
| ٣٩ | عەلی مەجید محمود | ١٩٧٩ | نێر | ٩ |
| ٤٠ | زبیدە فەتاح محەممەد | ١٩٥٠ | مێ | ٣٨ |
| ٤١ | حەبیبە عوسمان جەلال | ١٩٧١ | مێ | ١٧ |
| ٤٢ | سەمیرە عوسمان جەلال | ١٩٧٣ | مێ | ١٥ |
| ٤٣ | نەجیبە عوسمان جەلال | ١٩٧٤ | مێ | ١٤ |
| ٤٤ | خەلیل عوسمان جەلال | ١٩٧٥ | نێر | ١٣ |
| ٤٥ | شوکر عوسمان جەلال | ١٩٧٧ | نێر | ١١ |
| ٤٦ | ئەمیرە عوسمان جەلال | ١٩٧٩ | مێ | ٩ |
| ٤٧ | کاوە عوسمان جەلال | ١٩٨١ | نێر | ٧ |
| ٤٨ | شۆڕش عوسمان جەلال | ١٩٨٣ | نێر | ٥ |
| ٤٩ | لەتیف عوسمان جەلال | ١٩٨٥ | نێر | ٣ |
| ٥٠ | هەرێم عوسمان جەلال | ١٩٨٧ | نێر | ١ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٥١ | ئامیق ئەحمەد مستەفا | ١٩٧٣ | نێر | ١٥ |
| ٥٢ | گوڵناز ئەحمەد مستافا | ١٩٧٥ | مێ | ١٣ |
| ٥٣ | ئامینە سەعید عەبدوڵڵا | ١٩٦٠ | مێ | ٢٨ |
| ٥٤ | سۆران عەلی ساڵەح | ١٩٨٧ | نێر | ١ |
| ٥٥ | جەبار ستار رەسول | ١٩٥٤ | نێر | ٣٤ |
| ٥٦ | حەلاوە حامید | ١٩٤٥ | مێ | ٤٣ |
| ٥٧ | محەمەد رەجەب عەبدولرەحمان | ١٩٧٣ | نێر | ١٥ |
| ٥٨ | سیروان رەجەب عەبدولرەحمان | ١٩٨٠ | نێر | ٨ |
| ٥٩ | نەجات رەجەب عەبدولرەحمان | ١٩٨٦ | مێ | ٢ |
| ٦٠ | عائیشە عەبدولرەحمان | ١٩٦٤ | مێ | ٢٤ |
| ٦١ | هێرۆ ئەحمەد ئەمین جەلال | ١٩٨٤ | نێر | ٤ |
| ٦٢ | دیمەن ئەحمەد ئەمین جەلال | ١٩٨٥ | مێ | ٣ |
| ٦٣ | ڕێبوار ئەحمەد ئەمین جەلال | ١٩٨٧ | نێر | ١ |
| ٦٤ | شاڵاو ئەحمەد ئەمین جەلال | ١٩٨٨ | نێر | ساوابوو |
| ٦٥ | قادر ئەمین جەلال | ١٩٧٣ | نێر | ١٥ |
| ٦٦ | مەحمود ئەمین جەلال | ١٩٧٥ | نێر | ١٣ |
| ٦٧ | حسین ئەمین جەلال | ١٩٧٩ | نێر | ٩ |
| ٦٨ | سابیر ئەمین رەزا | ١٩٦٤ | نێر | ٢٤ |
| ٦٩ | کەریم ئەمین رەزا | ١٩٤٥ | نێر | ٤٣ |
| ٧٠ | مریەم حەسەن | ١٩٦٥ | مێ | ٢٣ |
| ٧١ | پەیمان کەریم رەزا | ١٩٨٨ | مێ | ساوابوو |
| ٧٢ | مەهدی حەسەن محەمەد | ١٩٦١ | نێر | ٢٧ |
| ٧٣ | رزگار محەمەد تەها | ١٩٧٤ | نێر | ١٤ |
| ٧٤ | مهاباد محەمەد تەها | ١٩٧٨ | مێ | ١٠ |
| ٧٥ | نیان محەمەد | ١٩٨٤ | مێ | ٤ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٧٦ | شۆخان محەمەد | ١٩٨٠ | مێ | ٨ |
| ٧٧ | ئەحمەد عەلی عومەر | ١٩٤٥ | نێر | ٤٣ |
| ٧٨ | رەحمە شەریف | ١٩٤٦ | مێ | ٤٢ |
| ٧٩ | مستەفا ئەحمەد عەلی | ١٩٧٨ | نێر | ١٠ |
| ٨٠ | ئیسماعیل ئەحمەد عەلی | ١٩٧٩ | نێر | ٩ |
| ٨١ | سەباح ئەحمەد عەلی | ١٩٨٠ | نێر | ٨ |
| ٨٢ | سەرگوڵ ئەحمەد عەلی | ١٩٨١ | مێ | ٧ |
| ٨٣ | پرگوڵ ئەحمەد عەلی | ١٩٨٢ | مێ | ٦ |
| ٨٤ | ساکار ئەحمەد عەلی | ١٩٨٣ | مێ | ٥ |
| ٨٥ | سەرچڵ ئەحمەد عەلی | ١٩٨٣ | نێر | ٥ |
| ٨٦ | ئەوزاد ئەحمەد عەلی | ١٩٨٥ | نێر | ٣ |
| ٨٧ | روجوان نوری جەلال | ١٩٧٠ | مێ | ١٨ |
| ٨٨ | ناصح سەدرەدین ئەحمەد | ١٩٨٢ | نێر | ٦ |
| ٨٩ | هێمن سەدرەدین ئەحمەد | ١٩٨٣ | نێر | ٥ |
| ٩٠ | هێرش سەدرەدین ئەحمەد | ١٩٨٤ | نێر | ٤ |
| ٩١ | دیمەن سەدرەدین ئەحمەد | ١٩٨٧ | مێ | ١ |
| ٩٢ | چیمەن سەدرەدین ئەحمەد | ١٩٨٤ | مێ | ٤ |

## لیستی ناوی ئەنفال کراوەکانی گوندەکانی هەیدەربەگ

| ژمارە | ناوی سیانی ئەنفال کراو | ساڵی لەدایکبوون | رەگەز | تەمەنی لەئەنفالدا |
|---|---|---|---|---|
| ١ | سەربەست غەفور رەحمان | ١٩٦٤ | نێر | ٢٤ |
| ٢ | سەردار غەفور رەحمان | ١٩٦٥ | نێر | ٢٣ |
| ٣ | سەعدی عەلی صالح | ١٩٦٧ | نێر | ٢١ |
| ٤ | تاریق ئەحمەد مستەفا | ١٩٦٨ | نێر | ٢٠ |
| ٥ | عەلی عەبدلرحمان عەلی | ١٩٥٧ | نێر | ٣١ |
| ٦ | خالید عەبدلرحمان عەلی | ١٩٦٨ | نێر | ٢٠ |
| ٧ | محەمەد عەبدلرەحمان عەلی | ١٩٧٠ | نێر | ١٨ |
| ٨ | مەجید ئەجم فەتحەالله | ١٩٥٠ | نێر | ٣٨ |
| ٩ | سید گوڵ عومەر جەلال | ١٩٥٥ | نێر | ٣٣ |
| ١٠ | سەدرەدین عومەر جەلال | ١٩٦٤ | نێر | ٢٤ |
| ١١ | جەمال سەعید عەبدللا | ١٩٥٥ | نێر | ٣٣ |
| ١٢ | شوکور ئەمین رمزا | ١٩٦٩ | نێر | ١٩ |
| ١٣ | جەبار عبدالله مستەفا | ١٩٦٧ | نێر | ٢١ |
| ١٤ | بەکر عبدالرحمان ئەمین | ١٩٥٠ | نێر | ٣٨ |
| ١٥ | قادر ساڵەح محەمەد | ١٩٥٣ | نێر | ٣٥ |
| ١٦ | ظاهیر عەلی ساڵح | ١٩٥٧ | نێر | ٣١ |
| ١٧ | نوری عەلی ساڵح | ١٩٦١ | نێر | ٢٧ |
| ١٨ | ئیبراهیم عەبدلرەحمان حەمەئەمین | ١٩٥٥ | نێر | ٣٣ |
| ١٩ | عەلی ئەحمەد ساڵەح | ١٩٥٧ | نێر | ٣١ |
| ٢٠ | عوسمان ئەحمەد ساڵەح | ١٩٦٦ | نێر | ٢٢ |
| ٢١ | عەبدللا جەلال ئەحمەد | ١٩٥٧ | نێر | ٣١ |
| ٢٢ | رووف سەلام سەعدون | ١٩٦٤ | نێر | ٢٤ |
| ٢٣ | خدر ئەحمەد عەبدللا | ١٩٥٦ | نێر | ٣٢ |
| ٢٤ | محەمەد سەلام سەعدون | ١٩٧٠ | نێر | ١٨ |
| ٢٥ | تۆفیق ئەحمەد تەها | ١٩٥٥ | نێر | ٣٣ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٢٦ | زەینەب عەلی کابان | ١٩٥٤ | مێ | ٢٤ |
| ٢٧ | چەتۆ تۆفیق ئەحمەد | ١٩٨٠ | نێر | ٨ |
| ٢٨ | ساکار تۆفیق ئەحمەد | ١٩٨٢ | مێ | ٦ |
| ٢٩ | ڕێزان تۆفیق ئەحمەد | ١٩٨٣ | مێ | ٥ |
| ٣٠ | هاوڕێ تۆفیق ئەحمەد | ١٩٨٥ | نێر | ٣ |
| ٣١ | عومەر رەزا رەسول | ١٩٦٤ | نێر | ٢٤ |
| ٣٢ | گوڵچین محەمەد رەزا | ١٩٦٤ | مێ | ٢٤ |
| ٣٣ | پەروین عومەر رەزا | ١٩٨٦ | مێ | ٢ |
| ٣٤ | عائیشە رەشید محەمەد | ١٩٦٠ | مێ | ٢٨ |
| ٣٥ | ئارەزو فاتح رەزا | ١٩٨٧ | مێ | ١ |
| ٣٦ | شوکر فەتاح رەزا | ١٩٧٧ | نێر | ١١ |
| ٣٧ | خالید رەزا رەسول | ١٩٦٩ | نێر | ١٩ |
| ٣٨ | لوقمان مەجید مەحمود | ١٩٦٦ | نێر | ٢٢ |
| ٣٩ | عەلی مەجید محمود | ١٩٧٩ | نێر | ٩ |
| ٤٠ | زبیدە فەتاح محەمەد | ١٩٥٠ | مێ | ٣٨ |
| ٤١ | حەبیبە عوسمان جەلال | ١٩٧١ | مێ | ١٧ |
| ٤٢ | سەمیرە عوسمان جەلال | ١٩٧٣ | مێ | ١٥ |
| ٤٣ | نەجیبە عوسمان جەلال | ١٩٧٤ | مێ | ١٤ |
| ٤٤ | خەلیل عوسمان جەلال | ١٩٧٥ | نێر | ١٣ |
| ٤٥ | شوکر عوسمان جەلال | ١٩٧٧ | نێر | ١١ |
| ٤٦ | ئەمیرە عوسمان جەلال | ١٩٧٩ | مێ | ٩ |
| ٤٧ | کاوە عوسمان جەلال | ١٩٨١ | نێر | ٧ |
| ٤٨ | شۆڕش عوسمان جەلال | ١٩٨٣ | نێر | ٥ |
| ٤٩ | لەتیف عوسمان جەلال | ١٩٨٥ | نێر | ٣ |
| ٥٠ | هەرێم عوسمان جەلال | ١٩٨٧ | نێر | ١ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٥١ | ئامیق ئەحمەد مستەفا | ١٩٧٢ | نێر | ١٥ |
| ٥٢ | گوڵناز ئەحمەد مستافا | ١٩٧٥ | مێ | ١٣ |
| ٥٣ | ئامینە سەعید عەبدوڵڵا | ١٩٦٠ | مێ | ٢٨ |
| ٥٤ | سۆران عەلی ساڵەح | ١٩٨٧ | نێر | ١ |
| ٥٥ | جەبار ستار رەسول | ١٩٥٤ | نێر | ٣٤ |
| ٥٦ | حەلاوە حامید | ١٩٤٥ | مێ | ٤٣ |
| ٥٧ | محەمەد رەجەب عەبدولرەحمان | ١٩٧٣ | نێر | ١٥ |
| ٥٨ | سیروان رەجەب عەبدولرەحمان | ١٩٨٠ | نێر | ٨ |
| ٥٩ | نەجات رەجەب عەبدولرەحمان | ١٩٨٦ | مێ | ٢ |
| ٦٠ | عائیشە عەبدولرەحمان | ١٩٦٤ | مێ | ٢٤ |
| ٦١ | هێرۆ ئەحمەد ئەمین جەلال | ١٩٨٤ | نێر | ٤ |
| ٦٢ | دیمەن ئەحمەد ئەمین جەلال | ١٩٨٥ | مێ | ٣ |
| ٦٣ | رێبوار ئەحمەد ئەمین جەلال | ١٩٨٧ | نێر | ١ |
| ٦٤ | شاڵاو ئەحمەد ئەمین جەلال | ١٩٨٨ | نێر | ساوابوو |
| ٦٥ | قادر ئەمین جەلال | ١٩٧٣ | نێر | ١٥ |
| ٦٦ | مەحمود ئەمین جەلال | ١٩٧٥ | نێر | ١٣ |
| ٦٧ | حسین ئەمین جەلال | ١٩٧٩ | نێر | ٩ |
| ٦٨ | سابیر ئەمین رمزا | ١٩٦٤ | نێر | ٢٤ |
| ٦٩ | کەریم ئەمین رمزا | ١٩٤٥ | نێر | ٤٣ |
| ٧٠ | مریەم حەسەن | ١٩٦٥ | مێ | ٢٣ |
| ٧١ | پەیمان کەریم رمزا | ١٩٨٨ | مێ | ساوابوو |
| ٧٢ | مەهدی حەسەن محەمەد | ١٩٦١ | نێر | ٢٧ |
| ٧٣ | رزگار محەمەد تەها | ١٩٧٤ | نێر | ١٤ |
| ٧٤ | مهاباد محەمەد تەها | ١٩٧٨ | مێ | ١٠ |
| ٧٥ | نیان محەمەد | ١٩٨٤ | مێ | ٤ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٧٦ | شۆخان محەمەد | ١٩٨٠ | مێ | ٨ |
| ٧٧ | ئەحمەد عەلی عومەر | ١٩٤٥ | نێر | ٤٣ |
| ٧٨ | رەحمە شەریف | ١٩٤٦ | مێ | ٤٢ |
| ٧٩ | مستەفا ئەحمەد عەلی | ١٩٧٨ | نێر | ١٠ |
| ٨٠ | ئیسماعیل ئەحمەد عەلی | ١٩٧٩ | نێر | ٩ |
| ٨١ | سەباح ئەحمەد عەلی | ١٩٨٠ | نێر | ٨ |
| ٨٢ | سەرگوڵ ئەحمەد عەلی | ١٩٨١ | مێ | ٧ |
| ٨٣ | پڕگوڵ ئەحمەد عەلی | ١٩٨٢ | مێ | ٦ |
| ٨٤ | ساکار ئەحمەد عەلی | ١٩٨٣ | مێ | ٥ |
| ٨٥ | سەرچڵ ئەحمەد عەلی | ١٩٨٣ | نێر | ٥ |
| ٨٦ | نەوزاد ئەحمەد عەلی | ١٩٨٥ | نێر | ٣ |
| ٨٧ | روجوان نوری جەلال | ١٩٧٠ | مێ | ١٨ |
| ٨٨ | ناصح سەدرەدین ئەحمەد | ١٩٨٣ | نێر | ٦ |
| ٨٩ | هێمن سەدرەدین ئەحمەد | ١٩٨٣ | نێر | ٥ |
| ٩٠ | هێرش سەدرەدین ئەحمەد | ١٩٨٤ | نێر | ٤ |
| ٩١ | دیمەن سەدرەدین ئەحمەد | ١٩٨٧ | مێ | ١ |
| ٩٢ | چیمەن سەدرەدین ئەحمەد | ١٩٨٤ | مێ | ٤ |

*سەرچاوەی (گۆڤاری شەهید ژمارەی ١٥) غەریب عەسکەری و گشت نوسەر بۆ گوندی هەیدەربەگ

## لیستی ناوی ئەنفال کراوەکانی گوندی قەیتول

| ژمارە | ناوی سیانی ئەنفال کراو | ساڵی لەدایکبوون | ڕەگەز | تەمەنی لەکاتی ئەنفالدا |
|---|---|---|---|---|
| ١ | فازل حەمید مەلا سەعید | ١٩٤٥ | نێر | ٤٣ |
| ٢ | ئازاد حەمید مەلا سەعید | ١٩٦٦ | نێر | ٢٢ |
| ٣ | شێرزاد تۆفیق جەبار | ١٩٦٧ | نێر | ٢١ |
| ٤ | مەریوان حەسیب صدیق | ١٩٦٦ | نێر | ٢٢ |
| ٥ | کامەران حەسیب صدیق | ١٩٧٠ | نێر | ١٨ |
| ٦ | خەلیل کەریم حسێن | ١٩٦٢ | نێر | ٢٦ |
| ٧ | سەرچڵ کەریم حسێن | ١٩٦٧ | نێر | ٢١ |
| ٨ | فەرمیدون مەجید مەلا سەعید | ١٩٧٠ | نێر | ١٨ |
| ٩ | کەریم میرزا محەمەد | ١٩٤٥ | نێر | ٤٣ |
| ١٠ | ئازاد وەلی عارف | ١٩٦٦ | نێر | ٢٢ |
| ١١ | جەمال جەلال جەبار | ١٩٦٥ | نێر | ٢٣ |
| ١٢ | کەمال جەلال جەبار | ١٩٦٧ | نێر | ٢١ |
| ١٣ | غازی جەلال جەبار | ١٩٧٠ | نێر | ١٨ |
| ١٤ | هادی حەمید ڕەمزا | ١٩٦٦ | نێر | ٢٢ |
| ١٥ | لەتیف ساڵەح ڕەشید | ١٩٦٥ | نێر | ٢٣ |
| ١٦ | ئەجمەدین ئەحمەد محەمەد | ١٩٦٤ | نێر | ٢٣ |
| ١٧ | کاکەولا قادر ئەحمەد | ١٩٥٠ | نێر | ٣٨ |
| ١٨ | عەبدلکەریم قادر ئەحمەد | ١٩٦٥ | نێر | ٢٣ |
| ١٩ | ڕەشید قادر ئەحمەد | ١٩٥٥ | نێر | ٣٣ |
| ٢٠ | خەلەف قادر ئەحمەد | ١٩٦٩ | نێر | ١٩ |
| ٢١ | جەلال ڕەئوف حسێن | ١٩٦٥ | نێر | ٢٣ |
| ٢٢ | شوکور غەریب عەزیز | ١٩٧٠ | نێر | ١٨ |
| ٢٢ | محیدین قوربانی | ١٩٦٣ | نێر | ٢٥ |
| ٢٤ | ئەحمەد قوربانی | ١٩٧٠ | نێر | ١٨ |
| ٢٥ | عیزەدین حسێن ڕەشید | ١٩٦٨ | نێر | ٢٠ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٢٦ | نەجم رشید محەمەد | ١٩٥٠ | نێر | ٣٨ |
| ٢٧ | فەخرەدین حسێن عارف | ١٩٦٩ | نێر | ١٩ |
| ٢٨ | مەحمود عەلی عارف | ١٩٥١ | نێر | ٣٧ |
| ٢٩ | ئەحمەد محەمەد حسێن | ١٩٦٥ | نێر | ٢٣ |
| ٣٠ | خالید عەلی رەشید | ١٩٦٧ | نێر | ٢١ |
| ٣١ | حسێن جەبار ئەمین | ١٩٥٥ | نێر | ٣٣ |
| ٣٢ | ئەحمەد جەبار ئەمین | ١٩٥٧ | نێر | ٣١ |
| ٣٣ | ئەمین جەبار ئەمین | ١٩٦٦ | نێر | ٢٢ |
| ٣٤ | قادر کەریم عەزیز | ١٩٥٨ | نێر | ٣٠ |
| ٣٥ | حەکیم کەریم عەزیز | ١٩٦١ | نێر | ٢٧ |
| ٣٦ | عەباس کەریم عەزیز | ١٩٦٦ | نێر | ٢٢ |
| ٣٧ | لەتیف فاتیح خورشید | ١٩٦٤ | نێر | ٢٤ |
| ٣٨ | عیرفان عوسمان محەمەد | ١٩٦٩ | نێر | ١٩ |
| ٣٩ | صابر رەشید ئەمین | ١٩٦٠ | نێر | ٢٨ |
| ٤٠ | محەمەد رەشید ئەمین | ١٩٦٤ | نێر | ٢٤ |
| ٤١ | ئەحمەد رەشید ئەمین | ١٩٦٩ | نێر | ١٩ |
| ٤٢ | ناسر حەمەلاو قادر | ١٩٦٠ | نێر | ٢٨ |
| ٤٣ | حەمید حەمەلاو قادر | ١٩٦٤ | نێر | ٢٤ |
| ٤٤ | یاسین حەمەلاو قادر | ١٩٦٩ | نێر | ١٩ |
| ٤٥ | عەلی سابر محەمەد عەلی | ١٩٥٠ | نێر | ٣٨ |
| ٤٦ | جەلال سابر محەمەد عەلی | ١٩٦٠ | نێر | ٢٨ |
| ٤٧ | محەمەد سابر محەمەد عەلی | ١٩٦٧ | نێر | ٢١ |
| ٤٨ | غالیب محەمەد ئەمین | ١٩٥٩ | نێر | ٢٩ |
| ٤٩ | خالید محەمەد ئەمین | ١٩٦١ | نێر | ٢٧ |
| ٥٠ | لەتیف عەبدولقادر رەحیم | ١٩٥٠ | نێر | ٣٨ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٥١ | شوکور محەمەد سەعید | ١٩٧٠ | نێر | ١٨ |
| ٥٢ | مستەفا شەریف صدیق | ١٩٦٩ | نێر | ١٩ |
| ٥٣ | ئەنوەر شەریف صدیق | ١٩٦٣ | نێر | ٢٥ |
| ٥٤ | حەمید جەلال محەمەد | ١٩٦٢ | نێر | ٢٦ |
| ٥٥ | عومەر جەلال محەمەد | ١٩٥٧ | نێر | ٣١ |
| ٥٦ | محەمەد جەلال محەمەد | ١٩٦٥ | نێر | ٢٣ |
| ٥٧ | عەبدوڵڵا جەلال محەمەد | ١٩٥٠ | نێر | ٣٨ |
| ٥٨ | جەبار جەلال محەمەد | ١٩٦٩ | نێر | ١٩ |
| ٥٩ | ناسیح ئەمین حەمید | ١٩٥٣ | نێر | ٣٥ |
| ٦٠ | فەرهاد ئەمین حەمید | ١٩٦٨ | نێر | ٢٠ |
| ٦١ | بورهان حەمە رەشید عەلی | ١٩٦٥ | نێر | ٢٣ |
| ٦٢ | رەشید ئەحمەد قادر | ١٩٤٩ | نێر | ٣٩ |
| ٦٣ | دەمین رەشید ئەحمەد قادر | ١٩٦٨ | نێر | ٢٠ |
| ٦٤ | نەجات شوکور نوری | ١٩٦٢ | نێر | ٢٦ |
| ٦٥ | جەعفەر شوکور نوری | ١٩٦٨ | نێر | ٢٠ |
| ٦٦ | ئەکرەم شوکور نوری | ١٩٧٠ | نێر | ١٨ |
| ٦٧ | عەلی سابر محەمەد محیەدین | ١٩٥٧ | نێر | ٣١ |
| ٦٨ | فەخرەدین عیزەدین ئەمین | ١٩٦٥ | نێر | ٢٣ |
| ٦٩ | بەکر عەبدول کەریم محەمەد | ١٩٦٣ | نێر | ٢٥ |
| ٧٠ | تۆفیق عەبدول کەریم محەمەد | ١٩٥١ | نێر | ٣٧ |
| ٧١ | ئەنوەر عەبدول کەریم محەمەد | ١٩٦٧ | نێر | ٢١ |
| ٧٢ | عوبێد غەفور قارەمان | ١٩٦٢ | نێر | ٢٦ |
| ٧٣ | محەمەد غەفور قارەمان | ١٩٦٥ | نێر | ٢٣ |
| ٧٤ | ئەحمەد غەفور قارەمان | ١٩٦٧ | نێر | ٢١ |
| ٧٥ | ئیسماعیل حسێن قادر | ١٩٧٦ | نێر | ١٢ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٧٦ | وەلی محەمەد حسێن | ١٩٥٨ | نێر | ٣٠ |
| ٧٧ | سەلاح محەمەد حسێن | ١٩٦٦ | نێر | ٢٢ |
| ٧٨ | هیوا ئەحمەد حسێن | ١٩٦٧ | نێر | ٢١ |
| ٧٩ | خالید حسێن ئەحمەد | ١٩٥٨ | نێر | ٣٠ |
| ٨٠ | کامیل نوری قادر | ١٩٥٣ | نێر | ٣٥ |
| ٨١ | عەبدول کەریم محەمەد | ١٩٥١ | نێر | ٣٧ |
| ٨٢ | ئەحمەد کەریم محەمەد | ١٩٤٩ | نێر | ٣٩ |
| ٨٣ | جەبار محەمەد محیدین | ١٩٥٠ | نێر | ٣٨ |
| ٨٤ | هادی عەلی محەمەد | ١٩٥١ | نێر | ٣٧ |
| ٨٥ | عەلی حەمید نوری | ١٩٤٨ | نێر | ٤٠ |
| ٨٦ | عومەر حەمید نوری | ١٩٥٩ | نێر | ٢٩ |
| ٨٧ | عوسمان حەمید نوری | ١٩٦٨ | نێر | ٢٠ |
| ٨٨ | سەبریە حەمید نوری | ١٩٧١ | مێ | ١٧ |
| ٨٩ | بەفراو رەشید قادر | ١٩٦٣ | مێ | ٢٥ |
| ٩٠ | چیمەن ئەحمەد حارس | ١٩٧١ | مێ | ١٧ |
| ٩١ | گوڵە باخ فاتح خورشید | ١٩٦٥ | مێ | ٢٣ |
| ٩٢ | ڕێژاو جەلال جەبار | ١٩٦٢ | مێ | ٢٦ |
| ٩٣ | جەمین سەعید محەمەد | ١٩٦٥ | مێ | ٢٣ |
| ٩٤ | رەعنا حەسەن قادر | ١٩٥٤ | مێ | ٣٤ |
| ٩٥ | لایەق حەسەن قادر | ١٩٦٢ | مێ | ٢٦ |
| ٩٦ | سالار جەلال محەمەد محێدین | ١٩٧٢ | نێر | ١٦ |
| ٩٧ | محەمەد تۆفیق عەبدول کەریم | ١٩٧٠ | نێر | ١٨ |
| ٩٨ | محەمەد رەشید خەلیفە | ١٩٤٥ | نێر | ٤٣ |
| ٩٩ | تاریق محەمەد رەشید | ١٩٧٠ | نێر | ١٨ |
| ١٠٠ | تاهر رەشید خەلیفە | ١٩٥٢ | نێر | ٣٦ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٠١ | رشید عەبدول کەریم | ١٩٤٩ | نێر | ٣٩ |
| ١٠٢ | محەمەد ساڵەح قادر | ١٩٥٩ | نێر | ٢٩ |
| ١٠٣ | نەجات ساڵەح قادر | ١٩٦٢ | نێر | ٢٦ |
| ١٠٤ | لوقمان ساڵەح قادر | ١٩٧٠ | نێر | ١٨ |
| ١٠٥ | ئازاد ساڵەح قادر | ١٩٦٧ | نێر | ٢١ |
| ١٠٦ | حەمید ساڵەح حەمید | ١٩٥١ | نێر | ٣٧ |
| ١٠٧ | مەجید ساڵەح حەمید | ١٩٤٩ | نێر | ٣٩ |
| ١٠٨ | جەبار ئەمین ئەحمەد | ١٩٥٠ | نێر | ٣٨ |
| ١٠٩ | جەلال ئەمین ئەحمەد | ١٩٦٤ | نێر | ٢٤ |
| ١١٠ | فازل ئەمین ئەحمەد | ١٩٦٩ | نێر | ١٩ |
| ١١١ | عوسمان نوری قادر | ١٩٥٣ | نێر | ٣٥ |
| ١١٢ | محەمەد عەبدوڵلا قادر | ١٩٦٢ | نێر | ٢٦ |
| ١١٣ | قادر عەبدوڵلا قادر | ١٩٥٩ | نێر | ٢٩ |
| ١١٤ | ئەحمەد عەبدوڵلا قادر | ١٩٦٥ | نێر | ٢٣ |
| ١١٥ | جەمیل مەجید رەزا | ١٩٧٠ | نێر | ١٨ |
| ١١٦ | حەسەن جەبار ئەمین | ١٩٥١ | نێر | ٣٧ |
| ١١٧ | یاسین جەبار ئەمین | ١٩٨٥ | نێر | ٣ |
| ١١٨ | تەها حەسەن جەبار ئەمین | ١٩٧٨ | نێر | ١٠ |
| ١١٩ | زانا حەسەن جەبار ئەمین | ١٩٨٧ | نێر | ١ |
| ١٢٠ | هێرۆ حەسەن جەبار ئەمین | ١٩٨٣ | مێ | ٥ |
| ١٢١ | دانا حەسەن جەبار ئەمین | ١٩٨٨ | نێر | ساوابووە |
| ١٢٢ | پەروین حەسەن جەبار ئەمین | ١٩٧٤ | مێ | ١٤ |
| ١٢٣ | شیرین حەسەن جەبار ئەمین | ١٩٧٦ | مێ | ١٢ |
| ١٢٤ | زاهیدە حەسەن جەبار ئەمین | ١٩٨٠ | مێ | ٨ |
| ١٢٥ | جیران حەسەن جەبار ئەمین | ١٩٨٢ | مێ | ٦ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٢٦ | دولبەر حەسەن مارف | ١٩٦٢ | مێ | ٢٥ |
| ١٢٧ | کاکە خان سلێمان ئەمین | ١٩٦٦ | نێر | ٢٢ |
| ١٢٨ | محەمەد عومەر محەمەد | ١٩٨٠ | نێر | ٨ |
| ١٢٩ | ناظم کامل نوری | ١٩٦٢ | نێر | ٢٥ |

•سەرچاوە زانیاری نوسەر لەرێگەی محمد قەیتولییەوە بەدەست هاتووە.

## لیستی ناوی ئەنفال کراوەکانی گوندی کانی ماران

| ژمارە | ناوی سیانی ئەنفال کراو | ساڵی لەدایکبوون | رەگەز | ئەمەنی لەکاتی ئەنفالدا |
|---|---|---|---|---|
| ١ | رۆستەم ئەحمەد سەعید | | نێر | |
| ٢ | حەبیبە عزیز محمد | | مێ | |
| ٣ | رزگار رۆستەم ئەحمەد | | نێر | |
| ٤ | بیگەرد رۆستەم ئەحمەد | | مێ | |
| ٥ | بەیان رۆستەم ئەحمەد | | مێ | |
| ٦ | شوان رۆستەم ئەحمەد | | نێر | |
| ٧ | سامان رۆستەم ئەحمەد | | نێر | |
| ٨ | رەفیق حمە حمید سەعید | | نێر | |
| ٩ | ڕێژوار رشید فرج | | مێ | |
| ١٠ | سعاد رەفیق حەمە حەمید | | مێ | |
| ١١ | سۆران رەفیق حەمە حەمید | | نێر | |
| ١٢ | فازڵ حەمە حەمید | | نێر | |
| ١٣ | ئاسۆ حەمە حەمید | | نێر | |
| ١٤ | قاضی فتاح محمد | | نێر | |
| ١٥ | فاتح فتاح سەعید | | نێر | |
| ١٦ | ئامینە فتاح سەعید | | مێ | |
| ١٧ | فائق فتاح سەعید | | نێر | |
| ١٨ | لەتیف فتاح سەعید | | نێر | |
| ١٩ | ئەمینە ئەحمەد سەلمان | | مێ | |
| ٢٠ | بهیە علی محمد | | مێ | |
| ٢١ | بێگەرد علی محمد | | مێ | |
| ٢٢ | لیلی علی محمد | | مێ | |
| ٢٣ | ڕێبوار علی محمد | | نێر | |
| ٢٤ | گۆران علی محمد | | نێر | |
| ٢٥ | کوێستان علی محمد | | مێ | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٢٦ | شیلان علی محمد | | مێ | |
| ٢٧ | علی محمد حسن | | نێر | |
| ٢٨ | فەهیمە محمد فرج | | مێ | |
| ٢٩ | یاوەر محمد سرحەد | | نێر | |
| ٣٠ | ئەبەز یاوەر محمد سرحەد | | نێر | |
| ٣١ | سەرباز یاوەر محمد سەرحەد | | نێر | |
| ٣٢ | نوخشە عبدالله محەمەد | | مێ | |
| ٣٣ | زریان فاتح فتاح سەعید | | مێ | |
| ٣٤ | عباس محمود سەعید | | نێر | |
| ٣٥ | فاتمە اسماعیل عزیز | | مێ | |
| ٣٦ | لیلی عباس محمود | | مێ | |
| ٣٧ | بەختیار عباس محمود | | نێر | |
| ٣٨ | هەژار عباس محمود | | نێر | |
| ٣٩ | هاوار عباس محمود | | نێر | |
| ٤٠ | سەردار فتاح محمد | | نێر | |
| ٤١ | سەعید فتاح محمد | | نێر | |
| ٤٢ | نامق عبدالله فرج | | نێر | |
| ٤٣ | فریق عبدالله فرج | | نێر | |
| ٤٤ | ئامینە محمد سرحەد | | مێ | |
| ٤٥ | مریەم محمد عزیز ئەحمەد | | مێ | |
| ٤٦ | علی حمید سەعید | | نێر | |
| ٤٧ | محمود محمد امین | | نێر | |
| ٤٨ | فائق محمد امین | | نێر | |
| ٤٩ | خاوەر فرج سەعید | | مێ | |
| ٥٠ | علی محمد حمید | | نێر | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٥١ | نرگس محمد حمید | | مێ | |
| ٥٢ | کەژاڵ محمد حمید | | مێ | |
| ٥٣ | مصطفی قادر حسن | | نێر | |
| ٥٤ | فاتمە محمد فتاح | | مێ | |
| ٥٥ | عاصمە محمود سەعید | | مێ | |
| ٥٦ | گێلاس محمود سەعید | | مێ | |
| ٥٧ | کەریم محمد سەعید | | نێر | |
| ٥٨ | روخۆش محمد سەعید | | مێ | |
| ٥٩ | عاصی مجید فرج | | نێر | |
| ٦٠ | ئاشتی عاصی مجید فرج | | مێ | |
| ٦١ | حسێن فتاح محمد | | نێر | |
| ٦٢ | ریژاو محمد ئەحمەد | | مێ | |
| ٦٣ | عەینە حسن محمد | | مێ | |
| ٦٤ | بەهار حسن محمد | | مێ | |
| ٦٥ | حبیە رەشید مجید | | مێ | |
| ٦٦ | پەروین حمە فرج عزیز | | مێ | |
| ٦٧ | ابراهیم حمە فرج عزیز | | نێر | |
| ٦٨ | یحیی حمە فرج عزیز | | نێر | |
| ٦٩ | عبدالله حمە فرج عزیز | | نێر | |
| ٧٠ | حکیم حمە فرج عزیز | | نێر | |
| ٧١ | حسن حمە فرج عزیز | | نێر | |
| ٧٢ | حسێن حمە فرج عزیز | | نێر | |
| ٧٣ | پیرۆز ابراهیم مصطفی | | مێ | |
| ٧٤ | فاتمە علی کریم | | مێ | |
| ٧٥ | عائشە علی کریم | | مێ | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٧٦ | بەنەوشە علی کریم | | مێ | |
| ٧٧ | نەسرین علی کریم | | نێر | |
| ٧٨ | سنور علی کریم | | مێ | |
| ٧٩ | ملیحە کریم شەریف | | مێ | |
| ٨٠ | محمود محمد ئەحمەد | | نێر | |
| ٨١ | احمەد محمد ئەحمەد | | نێر | |
| ٨٢ | حسن محمد ئەحمەد | | نێر | |
| ٨٣ | فاتمە محمد ئەحمەد | | مێ | |
| ٨٤ | عمر محمد ئەحمەد | | نێر | |
| ٨٥ | عمر محمد حسن | | نێر | |
| ٨٦ | حبیە عبدالله حسن | | مێ | |
| ٨٧ | سمیرە عمر محمد | | مێ | |
| ٨٨ | امیرە عمر محمد | | مێ | |
| ٨٩ | مهرەبان عمر محمد | | مێ | |
| ٩٠ | هەردي عمر محمد | | نێر | |
| ٩١ | نادیە عمر محمد | | مێ | |
| ٩٢ | عباس عبدالله حسن | | نێر | |
| ٩٣ | علی احمد سعید | | نێر | |
| ٩٤ | حلیمە فتاح محمد | | مێ | |
| ٩٥ | هۆشیار علی احمد | | نێر | |
| ٩٦ | هەردي علی احمەد | | نێر | |
| ٩٧ | حبیە صابر صوفی | | مێ | |
| ٩٨ | ڕێبوار اکبر محمد | | نێر | |
| ٩٩ | هیدایەت محمد احمەد | | نێر | |
| ١٠٠ | امنە محمد خورشید | | مێ | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٠١ | عمر حمه باقی حمه صالح | | نێر | |
| ١٠٢ | سمیعه جبار فرج | | مێ | |

*سەرچاوە: زانیاری نووسەر لە (جەلال عەلی) ئەنجومەنی کانی ماران وەرگیراوە.

## لیستی ناوی ئەنفال کراوەکانی گوندی کانی عوبێد

| ژمارە | ناوی سیانی ئەنفال کراو | ساڵی لەدایکبوون | رەگەز | تەمەنی لەکاتی ئەنفالدا |
|---|---|---|---|---|
| ١ | عاسی عەلی بابا فارس | | نێر | |
| ٢ | فەرهاد عەلی بابا فارس | | نێر | |
| ٣ | خاوەر عەلی بابا فارس | | مێ | |
| ٤ | شەوقی والی بابا فارس | | نێر | |
| ٥ | رزگار عاسی عەلی بابا فارس | | نێر | |
| ٦ | شەماڵ عاسی عەلی بابا فارس | | نێر | |
| ٧ | رۆستەم والی بابا فارس | | نێر | |
| ٨ | شەکەر عەزیز کاکە ئەحمەد | | مێ | |
| ٩ | رەسول رۆستەم والی بابا فارس | | نێر | |
| ١٠ | ئەختەر رۆستەم والی بابا فارس | | مێ | |
| ١١ | مهاباد رۆستەم والی بابا فارس | | مێ | |
| ١٢ | شابانو رۆستەم والی بابا فارس | | مێ | |
| ١٣ | هێمن رۆستەم والی بابا فارس | | نێر | |
| ١٤ | بەمە رۆستەم والی بابا فارس | | نێر | |
| ١٥ | ئامینە فاتیح عەبدول کەریم | | مێ | |
| ١٦ | خالد عوبێد محمد | | نێر | |
| ١٧ | شیرین صالح حسن | | مێ | |
| ١٨ | سۆران خالد عوبێد محەمەد | | نێر | |
| ١٩ | بێخاڵ خالد عوبێد محەمەد | | مێ | |
| ٢٠ | معسور حەمە سعید نایف | | نێر | |
| ٢١ | شەمسە محمد عەلی | | مێ | |
| ٢٢ | محمد حسن ئەحمەد | | نێر | |
| ٢٣ | یاسین حسن ئەحمەد | | نێر | |
| ٢٤ | هەمزە حسن ئەحمەد | | نێر | |
| ٢٥ | ئازاد حسن ئەحمەد | | نێر | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٢٦ | محمود حسن ئەحمەد | | نێر | |
| ٢٧ | نەجیبە حسن ئەحمەد | | مێ | |
| ٢٨ | نەشمیلە حسن ئەحمەد | | مێ | |
| ٢٩ | جەهان صالح قادر | | مێ | |
| ٣٠ | محمد ئیبراهیم محمد | | نێر | |
| ٣١ | ئەمنە ئەحمەد محمد | | مێ | |
| ٣٢ | کامەران محمد ئیبراهیم | | نێر | |
| ٣٣ | کچان محمد ئیبراهیم | | مێ | |
| ٣٤ | نەوروز محمد ئیبراهیم | | نێر | |
| ٣٥ | کەتان محمد ئیبراهیم | | مێ | |
| ٣٦ | مەریەم محمد ئیبراهیم | | مێ | |
| ٣٧ | پێنج گوڵ محمد ئیبراهیم | | مێ | |
| ٣٨ | ئەنیسە محمد ئیبرهیم | | مێ | |
| ٣٩ | ریزان قادر | | مێ | |
| ٤٠ | سەرتیپ هیدایەت دەروێش | | نێر | |
| ٤١ | نەوروز هیدایەت دەروێش | | نێر | |
| ٤٢ | لەتیف دەروێش عەلی | | نێر | |
| ٤٣ | فەیزولا مەجید ئەمین | | نێر | |
| ٤٤ | شُکریە خورشید ئەمین | | مێ | |
| ٤٥ | ناسیح مەجید ئەمین | | نێر | |
| ٤٦ | صبریە خورشید ئەمین | | مێ | |
| ٤٧ | کازم خورشید ئەمین | | نێر | |
| ٤٨ | نازم خورشید ئەمین | | نێر | |
| ٤٩ | گوڵزار ناسیح مەجید | | مێ | |
| ٥٠ | پەخشان ناسیح مەجید | | مێ | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٥١ | محمد علی کەریم | | نێر | |
| ٥٢ | عەتیە جبار عەبدلا | | مێ | |
| ٥٣ | گەلاوێژ محمد علی | | مێ | |
| ٥٤ | شلێر محمد علی | | مێ | |
| ٥٥ | گەوهەر محمد علی | | مێ | |
| ٥٦ | دانا محمد علی | | نێر | |
| ٥٧ | هێرش محمد علی | | نێر | |
| ٥٨ | پەروین محمد علی | | مێ | |
| ٥٩ | صالح عوبێد محمد | | نێر | |
| ٦٠ | فەرید محمد عزیز | | نێر | |
| ٦١ | شوانە صالح عوبێد | | نێر | |
| ٦٢ | پەیمان صالح عوبێد | | مێ | |
| ٦٣ | شنۆ محمد والی | | مێ | |
| ٦٤ | عەبدوللا علی کەریم | | نێر | |
| ٦٥ | نەوات عەبدولا رۆستەم | | نێر | |
| ٦٦ | جەلال علی کەریم | | نێر | |
| ٦٧ | ئیکرام علی کەریم | | نێر | |
| ٦٨ | سەنگەر علی کەریم | | نێر | |
| ٦٩ | پەروین علی کەریم | | مێ | |
| ٧٠ | سەعید خورشید ئەمین | | نێر | |
| ٧١ | سەلمە مەجید ئەمین | | مێ | |
| ٧٢ | دلێر سەعید خورشید | | نێر | |
| ٧٣ | ئەحمەد سەعید خورشید | | نێر | |
| ٧٤ | گورجیە سەعید خورشید | | مێ | |
| ٧٥ | سۆران سەعید خورشید | | نێر | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٧٦ | زەینەب سەعید خورشید | | مێ | |
| ٧٧ | شیلان سەعید خورشید | | مێ | |
| ٧٨ | بەسیە محمد خورشید | | مێ | |
| ٧٩ | محمد صابر سەمین | | نێر | |
| ٨٠ | ژیان صابیر سەمین | | مێ | |
| ٨١ | علی صابیر سەمین | | نێر | |
| ٨٢ | شیرین صابیر سەمین | | مێ | |
| ٨٣ | هیمەت صابیر سەمین | | نێر | |
| ٨٤ | سامان صابیر سەمین | | نێر | |
| ٨٥ | نەدیمە رەشید عەلی | | مێ | |
| ٨٦ | محمد فایق خورشید | | نێر | |
| ٨٧ | فەخرەدین فایق خورشید | | نێر | |
| ٨٨ | نەسرەدین فایق خورشید | | نێر | |
| ٨٩ | خەبات فایق خورشید | | نێر | |
| ٩٠ | گەلاوێژ فایق خورشید | | مێ | |
| ٩١ | ئامینە فایق خورشید | | مێ | |
| ٩٢ | مەریەم فایق خورشید | | مێ | |
| ٩٣ | گەشاو فایق خورشید | | مێ | |
| ٩٤ | لەیلا مەجید ئەمین | | مێ | |
| ٩٥ | ئەحمەد ئامیق خورشید | | نێر | |
| ٩٦ | تەلعەت ئامیق خورشید | | نێر | |
| ٩٧ | سۆران ئامیق خورشید | | نێر | |
| ٩٨ | گۆران ئامیق خورشید | | نێر | |
| ٩٩ | قادر ئامیق خورشید | | نێر | |
| ١٠٠ | سەدیق ئامیق خورشید | | نێر | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٠١ | زەینەب ئامیق خورشید | | مێ | |
| ١٠٢ | سوراب ئامیق خورشید | | نێر | |
| ١٠٣ | سوهام ئامیق خورشید | | مێ | |
| ١٠٤ | جەلال عبدالرحمن فرود | | نێر | |
| ١٠٥ | مەلەك رۆستەم والی | | مێ | |
| ١٠٦ | سەردار عبدالرحمن فرود | | نێر | |
| ١٠٧ | فاتیح مەجید ئەمین | | نێر | |
| ١٠٨ | جەهان حسین محمد | | مێ | |
| ١٠٩ | سەفین فاتح مەجید | | نێر | |
| ١١٠ | جەمیل فاتح مەجید | | نێر | |
| ١١١ | سیروان فاتیح مەجید | | نێر | |
| ١١٢ | جەیران فاتیح مەجید | | مێ | |
| ١١٣ | پەروین فاتیح مەجید | | مێ | |
| ١١٤ | فازل مەجید ئەمین | | نێر | |
| ١١٥ | ئەرمین فاتیح مەجید | | مێ | |
| ١١٦ | حەمدی ئەحمەد حسن | | مێ | |
| ١١٧ | محمد هادی حەمید | | نێر | |
| ١١٨ | هاشم هادی حەمید | | نێر | |
| ١١٩ | مەهدی هادی حەمید | | نێر | |
| ١٢٠ | ئایشە هادی حەمید | | مێ | |
| ١٢١ | زوبێدە هادی حەمید | | مێ | |
| ١٢٢ | زەینەب هادی حەمید | | مێ | |
| ١٢٣ | دڵسۆز هادی حەمید | | مێ | |
| ١٢٤ | ئەجیبە هادی حەمید | | مێ | |
| ١٢٥ | ئاوات هادی حەمید | | نێر | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٢٦ | ئامینە محمد عزیز | | مێ | |
| ١٢٧ | هۆشیار هاشم هادی | | نێر | |
| ١٢٨ | هێمن هاشم هادی | | نێر | |
| ١٢٩ | مەهروب ئەحمەد سلێمان | | مێ | |
| ١٣٠ | فاروق قادر مامە خان | | نێر | |
| ١٣١ | بێخاڵ فاروق قادر | | مێ | |
| ١٣٢ | ئەحسین فاروق قادر | | نێر | |
| ١٣٣ | ئەشمیل فاروق قادر | | مێ | |
| ١٣٤ | شاسوار فاروق قادر | | نێر | |
| ١٣٥ | ئایشە فاروق قادر | | مێ | |
| ١٣٦ | جوانە فاروق قادر | | مێ | |
| ١٣٧ | شنۆ فاروق قادر | | مێ | |
| ١٣٨ | کامیل قادر مامە خان | | نێر | |
| ١٣٩ | جەمین رەشید وەلی | | مێ | |
| ١٤٠ | سوبیە ئەحمەد مەحمود | | مێ | |
| ١٤١ | حەیلەر بەکر قادر | | نێر | |
| ١٤٢ | پەرژین بەکر قادر | | مێ | |
| ١٤٣ | بەرخە فایق قادر | | مێ | |
| ١٤٤ | سێوە فایق قادر | | مێ | |
| ١٤٥ | جوانە فایق قادر | | مێ | |
| ١٤٦ | ئامینەفایق قادر | | مێ | |
| ١٤٧ | ئەجمەدین ئەحمەد رەزا | | نێر | |
| ١٤٨ | بەهە محمد رەزا | | نێر | |
| ١٤٩ | سەدیف ئەجمەدین ئەحمەد | | نێر | |
| ١٥٠ | جەیران ئەسرەدین ئەحمەد | | مێ | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٥١ | جبار دەروێش علی | | نێر | |
| ١٥٢ | دڵسۆز مەحمود ئیبراهیم | | مێ | |
| ١٥٣ | شۆخان جبار دەروێش | | مێ | |
| ١٥٤ | سەبریە ئەحمەد حسن | | مێ | |
| ١٥٥ | صابیر رشید خورشید | | نێر | |
| ١٥٦ | هاجەر رەشید خورشید | | مێ | |
| ١٥٧ | فەخریە رشید خورشید | | مێ | |
| ١٥٨ | فاتمە رشید خورشید | | مێ | |
| ١٥٩ | گوڵەباخ رشید خورشید | | مێ | |
| ١٦٠ | ماهی رەزا شاسوار | | مێ | |
| ١٦١ | نەسرەدین فارس رشید | | نێر | |
| ١٦٢ | نوری فارس رشید | | نێر | |
| ١٦٣ | شکور فارس رشید | | نێر | |
| ١٦٤ | نازم فارس رشید | | نێر | |
| ١٦٥ | نەوات فارس رشید | | نێر | |
| ١٦٦ | شەرمین فارس رشید | | مێ | |
| ١٦٧ | پەخشان فارس رشید | | مێ | |
| ١٦٨ | علی مەجید غەنی | | نێر | |
| ١٦٩ | حسین علی مەجید | | نێر | |
| ١٧٠ | هاوکار علی مەجید | | نێر | |
| ١٧١ | محمد مەجید غەنی | | نێر | |
| ١٧٢ | غەزنە ئەمین ئەحمەد | | مێ | |
| ١٧٣ | جیهانگیر محمود کەریم | | نێر | |
| ١٧٤ | کەمال محمود کەریم | | نێر | |
| ١٧٥ | جەمال محمود کەریم | | نێر | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٧٦ | سەردار محمود کەریم | | نێر | |
| ١٧٧ | مەلیحە محمود کەریم | | مێ | |
| ١٧٨ | رەفیق عومەر بابا فارس | | نێر | |

*سەرچاوە: ساڵح حەلاج- گۆڤاری شەهید.



دیمەنێك لەقافڵەی ئەنفالەكان بەناو شاری (سەماوە)دا

# ئەوانەی
# لەسەفەری مەرگ گەڕانەوە

# ئەوانەی لەسەفەری مەرگ گەڕانەوە

گەرچی تائێستا ئامارێکی پوخت نی یە بۆساغ کردنەوەی ژمارەی قوربانیانی ئەنفال‌و نەزانراوە چەند هەزار ژن‌و چەندهەزار منال‌و چەند هەزار کوڕی گەنج‌و کچی گەنج‌و چەند هەزار پیرێژن‌و پیرەمێرد بەرئەنفال کەوتن.. نەزانراوە چەند هەزاری منالی شیرە خۆرەو چەند هەزاری پیرو پەککەوتەی سەرەوی ٦٠ ساڵی تێدابوون.. بەلام ئەوەی کەروونە ئەوەیە هەریەک لەوانە دەیان هەزار کەس دەبوون...

هەرچەندە تائێستاش چارەنوسی ئەوسەدان هەزار کەسە نادیارەو نەتوانراوە چ لەرێگەی کۆمەڵی نێودەوڵەتی‌و یاساو دادگا نێودەوڵەتیەکان یان لەرێگەی کۆمسیۆن‌و رێکخراوە جیهانی یەکانی مافی مرۆڤەوە زانیاری تەواو لەبارەی چارەنوسیانەوە بەدەست بهێنین.. بەلام ئەوەی روونە ئەوەیە کەژمارەیەک لەوانەی بەرئەنفال کەوتن دواتر بەرێککەوت لەوسەفەری مەرگە گەڕانەوە.. زۆر راستی تالیان پێ‌یە کەبەلگەی چارەنوسیان دەردەخەن...

گەرچی لەنێو ئەو موسافیرانەش دا کەلەقوتی(وون بوون) رزگاریان بوو.. قەدەر رێگای دەربازبوونی بۆدۆزینەوەو گەڕانەوە.. لەنێو ئەوانەش دا بەشێکیان شەکەتی رێگەو ئازاری دوری ئازیزان تاسەی لەبەر بڕین‌و زوو چاوی چاوەڕوانیان لێک ناو سەرگوزشتەی ئەو سەفەرە سەختەیان بردە ژێرگڵەوەو نەتوانرا قسەو باس‌و سەرگوزشتەی ژیان‌و ئازاری دەروونی‌و جەستەیی نێوزیندان‌و تاشۆڕکردنەوەیان بۆ نێو چاڵی مەرگ، وەکو خۆی بنوسرێتەوە...

بەلام هێشتا دەرفەت ماوە چونکە ژمارەیەکی کەمیان تائێستا لەژیان دا ماون‌و لەئۆردوگا زۆرە ملێ کان دا لەوپەڕی نەهامەتی‌و بەکوللە مەرگی ژیان دەگوزەرێنن‌و هەریەکەیان کەشکۆڵێ خەم‌و ئازارو مەینەتی‌و رووداوی سەیری ئەو سەفەرەی پێ‌یە.. گەر ئەمڕۆ ئەم ژمارە کەمە نەکەین بەمێژوو.. لەسبەینێیەکی

نزیك دا ئەوانیش دەمرن و دەبێ دواتر هەر ناخی پەشیمانی هەڵكێشین بۆ لەدەست چوونی ئەو شایەدە زندووانەی كەخۆیان لەنێو كاروانەكەدابوون.. بەمێژوو كردنی ئەوانیش كارێكی قورس و گرانە.. لەهەمان كات دا پرۆژەیەكی نەتەوەیی گەورەیە.. بۆیە دەكرێت خەڵكی زۆرو توانای زۆر بۆ ئەو مێژووە تەرخان بكرێت.. ئەوەی من لێرەدا كردوومەو لەبەرگی یەكەمی ئەم كتێبەدا بلاوم كردۆتەوە قسەو باسی (٢٠) شایەتحاڵە كەخەڵكی چەند گوندێكی ناوچەیەكی بەر تەسكن لەچاو فراوانی كردەی ئەنفالەوە.. بۆ بەرگی دووەمیش چەند ناوچەیەكی فراوانترو چەند شایەتحاڵێكی ناوچەكانی (كفری، كەلار، قادركەرەم، سەنگاو، قەلاسێوكە، شێخ بزێنی، كەركوك)م، دواندووە..

رەنگە خاڵكانێك سبەی رۆژی گلەیی ئەوە بكەن كەبۆ نەچومەتە ناوچەكانی هەولێرو بادینان، وەلامی هەموو ئەوانە دەكرێت ئەو راستییە تۆمار كەم كەدوولەتی هەرێمی كوردستان و دووئیدارەی جیاواز كاریگەری لەسەر ژیانی هەمووان هەیەو هەر بۆ نموونە لە٢٠٠٢/٤/١٤ كاتێك كۆنفرانسی زانستیی و ئەنفال لەهەولێر سازكراو لەلایەن لیژنەی كۆنفرانسەوە كارتی بانگهێشتم بۆ هاتبوو بەمەبەستی بەشداری لەو كۆنفرانسە زانستیەدا بۆ هەولێر چووم كەچی نەیانهێشت لەدیواری دێگەڵە بپەڕمەوە.. چ جای ئەوەی بمەوێ چەند مانگێك لەناوچەی هەولێرو بادیناندا خەریكی كارێكی رۆژنامەگەری لەم جۆرە بم.. گەر رۆژگار بواری داین و تەمەن بوو لەبەرگەكانی داهاتووی ئەم كتێبەدا چەند شایەتحاڵێكی ناوچە جیاجیاكان ئەدوێنم ، ئومێدیشم هەیە كە لەداهاتوودا وەك سەرچاوەیەكی بەكەڵك نەوەكانی داهاتوو سودی لێوەربگرن.. بەلام زەمەن تەمەنی ئەو شایاتحالانە بۆمن راناگرێ تابەم تواناكەمەی خۆمەوە بپەرژێمە سەرئەوەی بەخزمەتی هەموو ئەوانە بگەم كەلەسەفەری مەرگ گەڕاونەتەوەو كەشكۆڵەكەیان رزیكەمە زاكیرەی خۆمەوە.. بۆ ئەوەی لەدەست نەچن و بەرلەمردنیان لەمێژوودا تۆماریان بكەین.. هەقە حكومەتی خۆمان ، وەزارەت و رێكخراوە پەیوەندیدارەكان بەو مەسەلەیە..ناوەندە روناكبیری و ئەرشیفی یەكانیش هیمەتی بكەن ......

**بارزانیەکە پێمی وت: کەگیراین مناڵی هەشتساڵانمان لەگەڵ بوو ئێستا سەری چەرمووی بووە..!**

# زبێدە زۆراب حەمەجان

لەدایك بووی ساڵی ١٩٣٢ گوندی زینانەی خوارو سەر بەقەزای کفری

ئێمە لەمێژە لەم ناوچەیە ژساوین‌و چەند پشتێکمان هەرلێرە بڕاوەتەوەو شوێنی باوباپیرانمان بووە.. پێش ئێمەیش‌و ئێمەیش هەر بەمەڕداری‌و باخ‌و بێستانو فەلاحەتەوە ژیاوین‌و کاسبی ماڵی خۆمان بووین، زەرەرمان بۆکەس نەبووە، بەڵام نازانم بۆنەیانهێشت بژین‌و رقی چیان لێمان بوو بۆنەیانئەهێشت ئەم کوردە بحەسێتەوە..

من سەردەمی مناڵیم باش لەبیرنی‌یە بەڵام ئەوکاتەم لەبیرەکەوا هەرچەند ساڵێك بوو شوم کردبوو بە(حەمید غێدان حەمەجان) کەئامۆزای خۆم بوو، بەخوا وابزانم دووان لەمناڵەکانم هەبوو ئەوکاتە کەحکومەتی عێراق دای بەسەرماندا هەرچی دێهات هەبوو لەم وڵاتەی گەرمیان تاڵانی کردو هەمووی سوتان.. پێش ئەوەی کەبدەنەسەر ئاواییەکاندا خەڵك لەشارەکانەوە هاتبوونە دێکان وشارەکان.. خەڵکەکە لەترسا چۆڵی کردبوو کەچی

هەروازیان نەهێنا کەشارەکانیان تاڵان کرد دایانە سەر دێیەکانیشدا خەڵکەکەی لەترسا خۆمان دەشاردەوە چووبووینە ئەو هەردەو چەمانەی نزیک ئاوای..

هەرچیمان هەبوو بەتاڵان بردبوویان و ئەوەیشی کەبۆیان نەچوو بوو لەگەڵ ماڵەکانماندا ئاگریان تێبەردا..

ئێمە خەڵك ئاوای رامان کردبوو لەترسا.. بەڵام دێی تر هەبوون خەڵکەکەی نەپەرژابوونە سەر ئەوەی رابکەن، عارەب پاپەتی کاری خراویان وەسەریان هاوردبوو.. بەخوا ئەیانووت گوارەیان لەگوێی ژن داکەندووە هەرچی کەلوپەلی ناوماڵ و تەنانەت جل وجۆری ژنانەو هیـ ە رۆنیشیان بردوە..

ئێمە بەو حاڵەی ماڵمان دروست کردبوو بەو هیلاکەتەی د .. پرپۆڵەمان نابووە یەکەوە.. نەیانهێشت و هەمووی گسکیان لێدا.. ئیتر وەرە ماڵ دروست بکەرەوە ولاتێ گشتی وێران بوو بوو ئاوەدانی بکەرەوە.. بەخوا تاشەش مانگ دوای ئەوەیش هەرلە کەلاوە سوتاوەکاندا ئەژیاین، تادوو کولبەمان دروست کردەوە.. دوای پێشمەرگە زۆر بوون ئیتر ترس ئەوەمان نەما (عارەب) بداتە سەرماندا تالأنمان بکەن.. لەترسی پێشمەرگە، جەیشیش نەیئەوێرا بێتە ناوچەکەمان.. بەڵام جار نەجارێ تەیارە پەیا ئەبوو بەتەیارە رەمیان لەدێیەکان ئەکرد..

تائەو ساڵەی شۆرشەکە تێك چوو جارێکی تر جەیش و حەرەس قەومی دایانەوە بەسەر دێیەکەداو زۆر پەت پەتیان پێمان کرد ئەیانووت ئێوە خزمەت پێشمەرگەتان کردوە.

ئیتر ژیانی ئێمە رۆژەکانی وەك یەکی لێهاتبوو چەند رۆژێك بێخەم و لەپرکۆستێکی گەورە.. چەند ساڵێك ئاسوودەتر بووین و لەپڕ ماڵ وێران..!

تائەو کاتەی کەقسە لەناو خەڵکدا بڵاو بووەوە کەئەم حکومەتە زاڵمە جەیش و جاشی دونیای هێناوەو چواردەوری ناوچەکەمانی گرتبووە.. کۆپتەر وەك واشە بەسەر ئاسمانی ناوچەکەدا ئەسوڕایەوەو لەهەر دێیەك و

لەهەر ڕێیەك ئەقڵی بیگرتایا ڕەمی ئەکرد.. ئێمە زووتریش زۆرجار پەلامار درابووین‌و کۆپتەریش زوو زوو ئەهاتە سەر ناوچەکەو ڕەمی ئەکردو چەندین جار شوانی کوشتبوو چەندجار ڕەمی لەتەرەکتەرەو سەیارەی دێهاتەکان کردبوو، چەندجار ئاواییەکانی بردبوومان کردبوو.. بەڵام هیچ جارێکیان ترسەکە وەك ئەم جارە نەبوو..

ئێمە ناشوکری خوانەبێ خۆئاگامان لەهیچ نەبوو وتیان جەیش‌و جاش پەلاماری ئەو ژوێرەیان داوەو هەموویان کاول کردوەو وتیان قەراخیان کردۆتە (قەرە بروت) هەموویان سوتاندووە.. ئەیانووت تەیارە لەبانەوە بە(کیمیایی) داوێتی لەو خەڵکە.. ئێمە تائەو کاتە کیمیایمان نەبیستبوو نەمان ئەزانی چی‌یە..؟ پێشمەرگەکان باسیان ئەکرد ئەیانووت وەك دووکەڵ وایەو تێکەڵ بایەکە دەبێت‌و بۆنیشی خۆشە.. کاتێ بۆنی ئەکەیت وەك ئەوە وایە گوللەیەك بنێنە دڵتەوە یەکسەر ئەتکوژێت.. ئیتر بەیەکجاری ترس‌و دڵە ڕاوکێ دایگرتین بەخوا مەگەر هەناسە نەدەین.! ئێ نەفەسیش نەدەین هەر ئەخنکێین.. ئەی خوایە چی‌بکەین گوناهمان چی‌بوو وائەم (بایە خراپە) هەڵی کردو بەردەرگای پێ‌گرتین..

ئێمە نەمانزانی بوو چی‌بەسەر خەڵکی ئەو گوندانەی تر هاوردوەتا ئەو کاتەی کەچوار دەوری ناوچەکەی خۆمانی گرتبوو.. ئەو کاتە هەواڵ بڵاو بووەوە کەئەیانووت حکومەت دەستی لەکەس نەپاراستوەو ژن‌و منداڵ‌و پێشمەرگە یەك حساوی بۆکراوە.. بەتۆپ‌و تەیارە داوێتی لێیان‌و دوای گشت خەڵکەکەی گرتووەو بردوێتی‌و کەس نازانێ فڕێ دراونەتە چی‌بەحرێکەوە..

هەروا تازە چووبووینە بەهارەوەو دەپانزە ڕۆژێك نەبوو تابوو نەورۆزمان کردبوو.. بەری زراعەت‌و فەلاحەتمان نەرنی بوو، بۆنەگبەتی ئەو ساڵە بەهارەکەی گەڵ تەڕو خۆش بوو ساڵ هاتی بوو.. بەڵام سەرمانی خواردو بووە نەگبەتی بۆمان..

وتی وتی‌یەکی خراپ بڵاو بوو بووەوە.. کەس نەیئەزانی چیمان وەسەر دێت و کەس نەبوو ڕێمان بۆبکێشێت.. ئەمان ئەزانی سەری خۆمان بۆکوێ هەڵگرین.. کەس هۆشی بەخۆی نەمابوو.. یەکێ ئەیووت هەقە هەموو ئەم ژن و منالآنە بچین بۆشار قابیلە جەیش چی‌لەژن و منال ئەکات.. یەکێ ئەیووت بەخوایە ژن ئەوەی کەبەرەو شارەکانیش چووە هەر هەمووی گرتووە..

هیچ چارەیەکمان نەمابوو لەترسا بەرۆژ ئەچووینە ئەو جەوەلآنە لەنێو ئەو کەلوەزو چەم و دارێلەدا خۆمان ئەشاردەوە بەشەویش ئەگەڕاینەوە بۆئاوای.. بەلآم ئاوای چی‌سالێك بەرلەوە روخاندیان و هەروا کەلاوە بوو تیایا سوکنەمان کردبوو.. لەپەنا ئەو لادیوارانەدا هەوارمان هەڵدابووەوە.. بەشەو خواردنمان دروست ئەکردو بەرۆژ بۆخۆشاردنەوە.. نازانم چەند رۆژمان بەم شێوەیە بردە سەر.. ئاگامان لەوە نەبوو کەجەیش لەهەموو لایەکەوە حەرەکەتی کردوەو وەك لافاو هەرچی بەرکەوتووە رای مالیوە کاتێکمان زانی تۆپ بارانی ئەو جەوەلە کرا کەئێمەی لێبووین.. قیژەی منال و زیرەو هاوار لەو جەوەلەدا دەنگی ئەدایەوەو بەقەدەر سەدای تۆپەکە هەبوو.. ئیتر هەرکەسەو پەلاماری منال خۆی‌داو رامان کرد خۆیشمان نازانین بەکام لایا رابکەین هەندێکی بە(قاور وەیسیا) رامان کردو هەندێکی وە(قشلاخ ژوێریا) رامان کرد، سەرمان لێشێوا بوو.. بووە رۆژی حەشرێك مەگەر ئەو خوایە بۆخۆی بزانێ چۆن بووە.. قریشکەی ژن و منال و هاژەی تۆپ و تەقینەوەو گورە گوڕی تەیارە ئەو دونیایەی پڕکرد بوو.. رامان کردو بەشێکمان خۆمان گەیاندە عەزیز قادرو هەندێکی بۆقەلآ چەرمەلەو چویمانە (ملەسورە) لەوێ گیراین.. جەیشێکی زۆر دەورمانی گرتبوو.. هەمووی عەسکەری جل مغاویری و جاشی خۆیشمانی تیابوو.. جاشەکان ملیان شۆڕ کردبوو دیار بوو رویان ناهات سەیری ناو چاومان کەن تەریق دەبوونەوە کەئەم هەموو منال و کەنیشکە کوردە وەبەرچاویانەوە گیراون.. نازانم چۆن غیرەتیان قبولی دەکرد کەوا شەرەفەکەیان کەوتە ژێر چەپۆکی زاڵمەوەو

ئەوانیش هەریەکی تفەنگێ بەشانیانەوە بوو ئەی ئەو چەکەیان بۆچی بوو نازانم بۆکەی هەڵیان گرتبوو.. بێغیرەت خۆیان هەر بەبەرچاوی ئەوانەوە عەسکەری رەشی ملقەوی ریزمانیان کردو کەوتنە گیان گەرانمان.. هەرچی پارەو پوڵ و زێڕ بوو لێمانیان سەندو بردیان.. بازنگیان بەزۆر لەقۆڵی کەنیشکەکانمان داکەندو یەکەیەکە لەچکەکانی سەرکچەکانیان لائەداو بەدوای گوارەی ئاڵتوندا ئەگەڕان هەرچی گوارەی پێبوو لەگوێچکەیان داکەندو تاڵانمانیان کرد.. ئەوجا خستمانیانە ناو زیلی عەسکەریەوە.. زیلەکان هەمووی بەرز بوون یەکەمجار یەك دوانێ لەوانەی بەگوڕ بوون سەرکەوتن و ئەوجا یەکە یەکە دەستی ئێمەیان راکێشاو گشتمان بەو شێوەیە بارکراین.. هەر سەیارەی چوار عەسکەر بەچەکەوە لەسوچەکانی زیلەکە حیمایەمان بوون و کەس نەیئەوێرا سەری بەرزبکاتەوە تێمانیان ئەخوڕی..

بەقافڵەیەکی درێژ کەئێمەو بەشێکی‌تر خەڵکیان گرتبوو هەر لەملە سورەو دەوروبەری، بەدوای یەکداو بەحیمایەیەکی زۆرەوە بردمانیان بۆ (قورە توو).. تەماشامان کرد قۆرەتوو پڕکراوە لەخەڵك رەشی ئەکردەوە.. دووشەوو دوو رۆژ لەقۆرەتوو هێشتمانیانەوە.. نازانم بۆچی ئێمەیان لەوێ هێشتەوە بەڵام لەو دووشەوو دوو رۆژەدا بەردەوام بەتەرەکتەری لادێکان و بەزیلی عەسکەری و سەیارەی کەپس هەر خەڵکیان ئەهێنا.. تاوای لێهات (عەردوبەرد) نەیئەگرد دارت هەڵدایا بەزەوی نەدەکەوت، ئەم گەرمیانە ئەوەنە مەخلوقی تیا بوو لەبەر خۆمەوە ئەموت بڕواناکەم ئەمە هەمووی خەڵکی ئەم گەرمیانە بێت و رەنگە لەکوێستانەوە خەڵکی تریان هێنابێ.. من هیچ شوێنێکم نەدی بوو لەزینانەی ژوورو لەدیك بوو بووم و لەگەڵ زینانەی خوارو ژن وەژن کرابووین هەرچەندە هەردوولامان یەك بەرەباب بووین بەڵام کەوتبووینە هەردوو دێیەکەوە.. من وام ئەزانی دونیا هەر ئەم چەند دێیەی دەوروبەر ئێمەیە چوزانم بەس لەگەرمیاندا ئەوەندە مەخلوق هەیە،

زووتـر باسـیان بکردایـا بـڕوام نـاکرد خـوا ئـەوەندە بنیـادەمی هـەبیٚ کەلە(قورەتو) خڕکرا بوونەوە..

هەرلە قورە توو هەرچی کەل‌و پەلی ناومال‌و جل‌وجۆڕمان بوو لێمانیان سەندو لەودورە دایان نا.. بڕوا بکە بەقەدەر قەلآیەك جل‌و جۆڕمـان فـڕیٚ دابـوو، بەقـەدەر شـارەمێرولەیەك تەرمكتـەریان لـەو دەشـتەو خڕکردبـوو ئەتووت دەنك تەزبیحن بەدوای یەكتری‌دا ریز کرابوون..

ئەو دووشەوو دووڕۆژە خۆمان لەکوڵەپشتی‌و کۆڵ‌و بارەکانماندا نانمان پیٚ‌بوو بۆیە زۆر نەکەوتینە هیلاکەتەوە بۆنان هەر چەندە خەڵکی کەلاریش نانیان بۆناو خەڵکەکە ئەناردو عەسکەریەکانیش بەخوا ولبزانم سەمون بوو ئەمبینی والەدورەوە بەناو خەڵکەکەدا ئەگەڕان بەسەیارەو ئەیاندلیە خەڵك.. من نازانم چی بوو چونکە خەڵکەکە ئەوەندە زۆر بووین ناگەیشتە لای ئێمە..

ئەو دووشەوە گەلیٚ سەرەمامان بوو بۆنەگبەتی زۆر بەهارێکی تەڕو توش‌و شەوانی سارد بوو.. ئەو خەڵکەی گیرابوون لەبەر ئەوەی زووتـر لەدیٚ‌یەکان نەمابووین وڕامان کردبووە ئەو جەوەلآنە هەریەکەو بەتانی‌یە شـڕو جل‌و جۆری زیادەمـان پیٚ‌بوو بەلآم لەقۆرەتوو بەتانیەکانیان لەو لای خۆمانـەوە کەلـەك کردبـوو ئـەوەندە سـەرەمامان بـوو منـاڵ هەڵدەلـەرزی لەسـەرما نەیاندەهێشـت هـەر بەتانی‌یـەکانی خۆمـان بـهێنین‌و بیدەیـن بەسەرشـانی خۆماندا..بەهەر دەردەسەریەك بوو ئەو دووشـەو دوو ڕۆژەی (قۆرەتوو)مان لڕۆیی‌و سەیارەیان هێنا ئەم سەرو ئەوسەری دیار نەبوو ئەوەندە زۆر بوون هـەمووی زیلـی عەسکەری‌و گلآبەی بەرز بەرز نازانم حکومـەت ئەم هـەموو سەیارەیەی بۆچی بوو لەوە ئەچوو هەرزوو بەتەمای ئەوە بووبێت کەڕۆژێك ئاوا ئەم کوردە بەو دەردەبەرێت‌و ئەو سەیارانەی هـەرزوو بۆگواستنەوەی ئەم میللەتە پەیا کردبیٚ.. هێنایانیانە بەر مەعەسکەرەکەی قۆرەتوو کەوتنە بارکردنی ئەو خەڵکـە.. ئـەوەندە زۆر بوویـن ئـەوەندە زۆر بوویـن لـەدەلاوە لێیـان بارئـەکردو هـەر وەك خـۆی وابـوو.. کەلـەدوورەوە تەماشـات ئـەکرد ئەتووت لافاوە ئەڕوات بەرەو لای سەیارەکان.. بەخوا من ئەڵێم هەزار ڕەنگە

زۆر زیاتریش بووبێ بەس منداڵ کۆرپەی تیابوو هەزار بەس پیرەمێردو هەزاران ژنو منداڵی هەراش.. دنیایەك (کەنیشکی عازەو).. لەبەر خۆمەوە زۆرشتم لێك ئەدایەوە تێناگەیشتم ئێمەیان بۆچی گرتبوو ئەو هەموو ژنو منداڵێلە ئەو هەموو گەنجە جوانە.. کورە واگەنجەکانو زەلامەکان هەر چۆنێك بێت ئەوە زاڵمەو دوژمنيو ئەو گەنجو زەلامانەی بۆئەوەیە بیان کوژێو لەناویان دا، ئەی ژنو منداڵ بۆ.. ئەی ئەو هەموو شێتو شەلو کوێرەی دێهاتەکان بۆ.. ئەو هەموو شێخو دەروێشو مەلایە بۆ..؟! کەس نەیئەزانی بۆوامان پیئەکەنو بۆکوێمان ئەبەن..

لەبای بەیانییەوە خەڵکیان بارکردو هەر تەواو نەبوو.. ئێمە شەو بەرمان کەوت سواری سەیارەکان بینو هێشتا چەنێکی لێبارکرا بوو بەخوا رەنگە بڵێم دوو ئەوەندەی لەو(قوورەتووە) مابووبێتەوەو هەر لێیان کێش ئەکرد.. ئێمە سواری زیل عەسکەری کراینو ئەوەندەیان تیکردبوو ئەتووت مەڕو بزنین بەسەریەکدا کەوتبووین.. ناو زیلەکان باشتر بوو چونکە لێوارەکەی نزم بوو هەرچەندە شەویش بوو بەڵام هەر خۆشتر بوو ئاگامان لەدەرەوە هەبوو.. بەڵام ئەوانەی ناو لۆرییەکان دوای خۆیان لەتۆبزاوا ئەیانگێڕایەوە ئەیانووت وەك قەبر وابووە لەئاسمان زیاتر هیچ شوێنێکمان لێوە دیار نەبووە..

بردمانیانو نازانم چەند سەعات بەڕێوە بووین گەیشتینە (تۆبزاوا) درۆنییە ئەگەر بڵێم سەیارەکان ئەوەندە زۆر بوون سەرێکیان لەقورەتوو بوو سەرەکەی تری لەتۆبزاوا..!

ئاخ تۆبزاوا..! هەقە کورد هەرماڵێکمان منداڵێك ناو بنێین تۆبزاوا تاقەت لەبیرمان ئەچێتەوە کورد لەتۆبزاوا چی بەسەرهات.. نازانم ئەو خەڵکە زۆرەی تۆبزاوا چی بەسەرهاتو بەچی تەواو بوو بڕوا بکە ئەوەنەی خەڵك لێبوو ئەوەنەی خەڵك لێبوو ئەتووت ئیتر یەك کەس نەماوەو گشتی گیریاوە..

دامانیان بەزاند لەسەیارەکانو بەکۆمەڵی خرمانیان کرد.. دەیان کۆمەڵی تریش وەستێنرا بوونو لەدەیان لاوە خەڵك جیائەکرایەوەو بارئەکرا.. هاتو

هاوارو غەڵبە غەڵبی ئەو خەڵکە پیاوی ئەتۆقان گوڕەی سەیارەو جارنەچاریْ لەقەراغ مەعەسکەرەکەوە حەرەسەکان تەقەیە دوانیانیان ئەکرد..

لەناو ئەو تاریکی شەوەداو ناو مەعەسکەرەکەیش لەبەر لایتی سەیارە بوو بووە چراخان.. وەك ئەوە وابوو لەتاریکی‌دا ئاگرێکی گەورە کەوتبێتەوە.. بەراستیش هەر وەك ئەوە وابوو کەئاگر بێت چونکە هەموو ئەو خەڵکەی ناوی جگەلە عەسکەرەکان ئیتر هەمووی وەك تەنوور ئەسووتاو قرچەی جەرگمان ئەهات.. عەسکەرەکانیش رەحم خوا لەدڵیاندا نەبوو خوا ویژدانی نەدا بوو پێیان ئەگینا ئەبوو ئەوانیش بۆ ئازارەکانی ئێمە بسوتایان.. بەڵام ئەوان ئینسان نەبوون وەحش بوون‌و بەخوا شێوەیشیان بەئومەتی محەمەد ناچوو لەبنیادەمیان ناکرد هەمووی رەش رەشی مل قەوی، ئێمە قەت عەسکەری وامان نەبینیبوو.. خۆ چەندین جار دێهاتمان سوتاون‌و ماڵمان لەلایەن جەیشەوە تالآن کراوە.. بەڵام عەسکەری وادڕەق‌و دڕندەمان نەبینی بوو..

کۆمەڵێ قاوشی گەورە گەورەی هەبوو لەبەردەم هەر قاوشێکدا هەندێك دانیشتبوون‌و ناویان ئەنووسی.. ناو نوسەکە عەرەب بوو کوردێکیش لەتەنیشتیەوە دانیشتبوو قسەکانی ئەوی بۆمان ئەکرد بەکوردی‌و قسەکانی ئێمەیشی ئەکردەوە عەرەبی.. هەر بەو شەوە ئێمەشیان بردە بەردەم ئەو ناونوسانە.. لەدەلاوە خەریك بوون، بەریز بردمانیانە بەردەمی، ئەو پرسیاری ناوو تەمەن‌و دێ‌و پیشەو پیشەی کەس‌وکارت‌و هەموو شتێکی ئەپرسی بۆ هەمووشتمان ئەو پرسیارانەی دوو بارەئەکردەوەو وەڵامەکانی ئێمەیش گشتی هەروەك پرسیارەکانی ئەو یەك وەڵام بوو هەموومان هەربێ گوناهی خۆمان ئەسەلماندو سوێندمان بۆئەخوارد کاسبی ماڵی خۆمان بووین‌و هیچمان لەهیچدا نەبووە..

دیاربوو لەوناونوس کردنەدا بڕیاری جیاکردنەوەمانیان بەدەست بوو.. ئەوان دەستنیشانی وەجبەکانیان دەکرد.. گەر ناسنامەت پێ‌بوایا لەسەر ناسنامەکەت‌و پێت نەبوایا بەمەزەندی خۆیان تەمەنیان بۆدائەنای‌و بەپێی

تەمەن جیاکراینەوە.. هەرچی کوڕی گەنج بوو بەجیاو هەرچی کچی گەنج بوو ئەوانیش بەجیاو ژنو منداڵ بەجیاو پیرو پەککەوتەو پیرەژنو پیرەمێردیش بەجیا..

ئەلەوێ ئازاری گەورەیان خستە جەرگمانەوە.. ناموسەکەمانیان بردو حەیاو حەیسەتمان کەوتە دەست زاڵمو زەلامە گەنجەکانیان بردو ئێمەش بۆناو قاعەیەك کەهەمووی هاو تەمەنی خۆمان بوو..

ئەوەکانی تریش هەرکەسەو بۆناو ئەو سنفەی بۆی دیاری کرابوو.. زۆر هاوارمان کردو پەلمان کوتا سودی نەبوو.. ئەو عەسکەرە زاڵمانە زۆر بەهێز بوون پاڵیان بەهەر کەسێکەوە بنایا دوو سێ قەڵەمباز فڕێیان ئەدا.. زۆر کچی جوانو جاهێل پەلی باوکی دەگرتو خۆی پێوە دەنوسان تانەیبەن.. زۆر دایك خۆی ئەدا بەسەر کچەکەی داو هاواری ئەکردو بەپەل راکێشان لەیەکتریان جیائەکردەوە کەنیشکەکانیان کردە هۆڵێکەوەو ئێمەش لەهۆڵێکدا بووین لەپەنجەرەکەوە چاومان پێیانەوە بوو..

زابتێك هاتە ناومانەوە پێمانی ووت (هابۆ خۆتان زووتر نەهاتن تەسلیم ببنەوە ئەمەتان پێخۆش بوو ئاوا بێینو خۆمان بەزۆر بتانهێنین).. کابرایەکمان وەلاوە بوو مەلا بوو ناوی مەلا یاسین بوو ووتی (گەورەم حکومەت حکومەتە باوکی میللەتە).. زابتەکە ووتی ئەم قسەیە باشەو هەر وابڵێن ئەم قسەیە فریاتان ئەکەوێ.. ئێستایش وەهیوای ئەو قسەیەین کەئەوەکانی ترمان بەربن..!

دوای ئەوەو دوای ئەوەی رۆژ بووەوە چاومان پێوە بوو سەیارەیان ریز کرد بەقەد گەڵای دار..! وەدوای یەکدا وێستانیان.. ئەتووت ئەم پەنجانەی دەستمەوا لووتیان ئاووی‌وە دوای یەکەوە.. لەهەموو لایەکەوە وەك ریزی مێرووله گەنجیان هاوردو لەبەردەم سەیارەکان ریز ریز پشتیانیان ئەکردە قاعەکانو جلەکانیان لەبەریان دائەکەنو دەستو چاویانیان ئەوەستایەوەو دەستی دوو دوویان پێکەوە ئەپێچاو خستیانیانە ناوئەو سەیارێلەوەو ریز لەدوای ریز لەبای بەیانی‌یەوە لێیان بەکێش کردو دوای ئەدەهات.. خوا

ئاگادارە من یەژم بەقەدەر ئەی خانووە تۆ بێژە سێ ئەوەنەش نەبوو، بەس تەزبیحیان هەڵدا بووەوە.. گشتی لەگیرفانی گەنجەکان دەریان هێنا.. بایی باری یەک زیلێ عەسکەری ئەو شتەیان خڕکردبۆوە (واتوکی پیٚهەڵئەکەنی) دنیایە هەر ئاوێنەی گەنجەکان هەڵدرابووەوە.. ئاخر ئەو کاتە گەنجی لادیٚکان هەریەکەو شانەو ئاوێنەیەکی بچوك لەگیرفانیان بوو.. وەخوا مەگەر خستبێتیانە ناو چاڵەوە دەشت نەیئەگرد ئەوەندە زۆر بوو.. ئاگر کەوتبووە هەناومان لەوە ئەچوو هەر بۆئەوە بووبێ کەئێمە جەرگمان زیاتر بسوتێ بۆیە گەنجەکانیان لەناوە راستی حەوشەکەوەو بەبەرچاوی ئێمەوە بار ئەکرد تازووخاوی زیاتر بچێژین..

چەنێکیان لێ بەکێش کرد هەر ئەو رۆژە ئەوەندە زیاتریان هێنا، سەیارەیەک دەرئەچوو دەسەیارە خۆی ئەکرد بەژورا.. لەگەڵ دەرچوونی هەر سەیارەیەکدا کەگەنجەکانی تیابوو ئەتووت بەحەبلێك بەستراوەتە دڵی ئێمەوە لەناخەوە رامانی ئەکێشا.. تائەو کاتە ئێمە هەر ئومێدمان هەبوو کەبەرمان بدەن.. بەڵام کەگەنجەکانیان برد ئیتر دەستمان لەژیان شۆری و ئێمە لەدوای ئەوان و ژیانمان بۆچی بوو.. ئیتر خۆزگەمان بەمەرگ ئەخواست و سەد خۆزگە هەرئەو کاتە ئێمەیشیان لەگەڵ ئەواندا ببردایا و چیان لەگەنجەکانمان کرد وایان لەئێمەیش بکردایا..

دوای ئەوان و دوای لەیەکجیاکردنەوەمان لەیەکتری.. ئیتر وەك بەرخە کۆرپەی لەڕان دابڕاو وابووین ئەو شەوە تابەیانی بڕواناکەم لەو تۆبزاوایە کەسێك خەو چووبێتە چاوی.. عەسکەریەکانیش تابەیانی لەتاو هاوارو قیژەو لالانەوەی ئێمە بڕواناکەم توانیبێتیان بخەون.. چونکە دەنگی هات و هاوارو گریان و لاوانەوەی ئێمە ئەگەیشتە ئاسمان و دونیای کاس ئەکرد..

هەر ئەو شەوە لە هەندێك لەقاعەکان ئەوانەی واژن و منالی تیابوو چوو بوون منداڵەکانیشیان لەدایکەکانیان جیاکردبۆوە.. ئێمە دوای بیستمان و بۆمانیان ئەگێڕایەوە کەوا ئەو شەوە چی زوڵمێکیان کردوەو تەنانەت منالی شیرە خۆرەیشیان لەکۆشی دایکی هەڵگرتبوو بردبوویانیان بەتەنها

لەقاعەیەکدا دایانیان نابوو.. ئەو شەوە چەند ژن لەناو جەرگەکەی شێت بوو بوو.. چەند منداڵ توشی نەخۆشی بوون کەنیشکەکانیش گوێمان لەدەنگیان بوو بەسۆزەوە شیوەنیان ئەکردو بۆتەنیایی خۆیان ئەگریان.. کەچۆن کەوتوونەتە بەردەم گورگی چاو برسی و مەگەر هەر خوا بزانێ چیان پێئەکەن و بەرەو کوێیان ئەبەن..

ئێمە هەر ئەو جیاکردنەوەیە بوو ئیتر بڕای بڕ چاومان وەکەنیشکە جوانەکانمان نەکەوتەوە ئەوانیش وەك گەنجەکان هیچ سۆراغێکیان نییە.. ئەڵێن فرۆشراون بەوڵاتە عەرەبییەکان بەو شوێنەی وامەرقەدەکەی پێغەمبەری لێیە.. ئەڵێن لەو وڵاتە ژنی کوردیان بینیووە خۆی وتویەتی من لەکچەکانی ئەنفالم..!

بەیانی لەگەڵ ئەوەی خوا ڕۆژی کردەوە کۆمەڵێ سەیارەی تریان هێناو ئەمجارە لەهەموو لایەکەوە ئەختیارەکانیان دەرئەکردو ئەیانهێنا بەرەو لای سەیارەکان.. بەهەمان شێوە چۆن گشت گەنجەکانیان لەهەموو لایەکەوە ڕیز کردبوو هاوردیانیان.. ئاوا ئێمەشیان بردە ناو حەوشەکەو بۆبەردەمی سەیارەکان.. بەڵام ئەو سەیارانەی بۆئێمەیان هێنا گەورەو درێژ بوو (مونشەئە)بوو.. فەراخ بوو ناوی، وەك ئەو سەیارانە نەبوو کەبۆگواستنەوەی گەنجەکان هاوردبوویان.. ئەوانەی کەگەنجەکانیان پێگواستەوە هەریەکی ئەوەندەی تۆزی بوو بچوك بوون و لووس وەك هێلکە وابوو پەنجەرەو مەنجەرەشی نەبوو.. کێئەڵێ هەر لەناو سەیارەکە نەخنکاون، ئێمەیان بارکردو ناو سەیارەکە بەم بەرو بەوبەردا کورسی هەبوو دوو دوو بەتەنیشت یەکتریەوە دامانیان نیشان تاپڕ بوو دوو عەسکەری بەتفەنگەوە لەناو سەیارەکە بوون.. ئەو سەیارانە وەك سەیارەی خۆمان نەبوو دوو دەرگای هەبوو لەلاتەنیشتەوەو لەهەر دوو دەرگاکەوە ئێمەیان سوار کردو ئەو دوو عەسکەرەیش هەریەکی لەدیار دەرگایەکی راوەستا بوون..

دیار بوو بۆیە وابەپەلە ئێمەیان گواستەوە وەجبەی تریان زۆر هێنابوو بەدرێژای ئەم شەوی رابردووە هەر سەیارە خۆی کردە مەعەسکەرەکەداو

خەڵکیان هەڵرشت.. ئەو کاتەی قافڵەی سەیارەکانی ئێمەیش بەڕێ کەوت و لە تۆبزاوا هێنامانیانە دەرەوە لەدەرەوەی تۆبزاوایش دنیایەك سەیارە ئەتووت مێگلەلەمەڕە وەستابوون و گشتی پڕی خەڵك بوو چاوەڕێیان بوو بچنە ناو مەعەسکەرەکەی تۆبزاواوە.. نازانم ئەم هەموو خەڵکەی لەکوێوە ئەهاوردو ئەم هەموو سەیارەیشیان لەکوێ بوو..

کەوتینە ڕێ گەرچی ڕۆژ بوو سەیارەکانیش جامەکانی تاریك ئەبوو ئەوانەی کەئێمەیان گواستەوە، هەر ڕۆیی و ئێمەیش ئەمانئەزانی بۆ کوێ ئەچین.. شارەزای ئەو ناوە ئەبووین و هەرگیز ئەمان بینی بوو.. بەڵام ئەو موجەمەع و شارانەی کەئەمان دایە لاتەنیشتی‌دا هەمووی هەر عەرەب بوون و خاکەکەیش هەتا زیاتر ئەچووین زۆرتر بەرەو بیابان ئەچووین ناوچەکە وشکتر بوو.. دڵمان زیاتر تەنگ ئەبوو.. بەرەو گەرماکەی نیوەڕۆیش ئەچوو هەر تاساین لەناو سەیارەدا پیشاین لەگەرما خنکاین لەتینووا..

ناو سەیارەکەیش ئەو دوو عەسکەرەی بەدیارمانەوە بوون زۆر زاڵم بوون لەتینووا هاوارمان ئەکردو لێیان ئەپاڕاینەوە بۆقومێ ئاو، خۆیان لێمان تورە ئەکردو جنوێیان پێمان ئەدا..

من لەسەعاتم نازانی و نەم ئەزانی چەند سەعاتە بەڕێوەین.. تەنها ئەوەندەم هەست پێ‌ئەکرد تالە تۆبزاوا لای ناموسەکانمان زیاتر دوور دەکەوتینەوە زیاتر دڵم تەنگ دەبوو، هەستم ئەکرد دڵم بەستراوەتە تۆبزاواوەو تازیاتر سەیارەکان ڕێگە بپڕن شریتی نێوان جەرگی من و تۆبزاوا توندتر دەبێت و زیاتر ئازارم ئەدات و رام ئەکێشێ.. تازۆرتر لەناو سەیارەکاندا بووین زۆرتر تینووم ئەبوو قوڕگم وشکتر و هەناسەم سوار تر.. لەناو سەیارەکەدا هەبوو سەعاتی دەستی پێبوو کەگەیشتینە شوێنێ لەناو بیابانێکداو تەنها قەڵایەکی گەورەی لێبوو لەوێ وتیان هەشت سەعاتە بەبێ وەستان لە تۆبزاواوە بەڕێوەین.. ئەو قەڵایەی ئێمەی لێبووین هەشت سەعاتە ڕێ بەسەیارە لە تۆبزاواوە دور بوو بەرەو ناو عارەبستان.. کەگەیانمانیانە بەر دەمی ئەو قەڵایە سەیارەکان ڕاوەستان.. قەڵاکە دووقات

بوو دیوارەکەی زۆر بەرز بوو هەمووی بەبەردی سپی دروست کرابوو.. ئیتر لەو قەڵایە زیاتر تاچاو بڕکات هیچ دیارنەبوو هەمووی هەر سەحرابوو، لم بوو قەدەرێ زۆر لەبەردەم دەرگای قەڵاکە هێشتمانیانەوە..

کەبردمانیانە ناو قەڵاکەوە کەسی تری تیا دیار نەبوو چۆڵ بوو.. قەدەرێ لەحەوشەکەیدا رامانیان گرد تاهەموو ئەو خەڵکەیان کردە حەوشەکەوە گەلێ زۆر بووین.. دوای بەش بەشمانیان کردو بەژمارە خستمانیانە ناو غو رفەکانی‌یەوە.. غورفەی چی غورفە هەریەکی ئەوەندەی هۆڵە مەڕێك دەبوو کەچووینە غورفەکانەوە لەوە ئەچوو پێش ئێمە خەڵکی تری تیا بوو بێ پاشماوەی خواردن لەژوورەکاندا کەوتبوو ئیتر نازانم هی حەرەسەکان قەڵاکە خۆی بوو لەغورفەکان یان سجن بووە.. بەڵام مەتارەی ئاوی لێبوو گونیی تێ‌گیرابوو.. بەوەدا دیار بوو کەشوێنی سجنی تیا بووبوو.. چونکە حەرەسەکان مەتارەیان بۆچی بوو ئەوان کارەباو تفاقیان هەبوو.. بەڵام ئیتر نازانم ئەگەر سجنیش بووبن ئەوانیان چی لێکردبوو..!؟

قەڵاکە چۆن لەدەرەوە بەرز بوو لەدیوی ناوەوەیش دوو قات لەبان یەك هەمووی ئەتووت شقارتەیە لەسەر یەك دانراوە ئەوەندە رێك دروست کرابوو غورفە لەبان غورفە بەدەوری یەکتری‌داو بەم بەرو بەو بەرەوە بەو شێوەیە بوو لەناوەڕاستەوە ئەمسەرو ئەو سەری قەڵاکەیش دایەرەی خۆیان بوو بەدەستە چەپدا دایرەی (شورتە)و ئەوبەری دەستەڕاستیش دایەرەی (ئەمن)بوو.. غورفەکان ئێمەیش نازانم چەنێکیان تێ‌کرد بەڵام هەمووی لەشی لەبان لەشی کەوتبووینە سەریەکدا.. ئێمە ئەو قافڵەیەی کەپێکەوە بردمانیان لایەکی قەڵاکەیشمان پڕنەکردبووەوە، غورفەکان زۆربەی چۆڵ بوون ئیتر نازانم بۆئێمەیان بەزۆر ترجاند بووە چەند غورفەیەکەوە هەر روحمان دەرچوو لەتاوا.. بەڵام ئەوان خۆیان ئەیانزانی بۆچی بەو شێوەو بەقەرەباڵغی کرد بوومانیانە نێوو غورفەکانەوە چونکە ئیتر هەر بەدوای ئێمەدا خێرا خێرا وەجبەی تر ئەهاتو دیاربوو بەوانیان ووتووە کەخەڵکی ترتان بۆدەنێرین.. هەر وەجبەیەکی تریش ئەهات وەك ئێمە هەڵیان ئەدایە

غورفەکانەوەو قاتی خوارو دوای سەرەوەشیان پڕکردو کۆمەڵێکیش هەر لەناو حەوشەکە بوون چونکە لەغورفەکاندا جێگا نەمابوو.. ئیتر رۆڵە رەزالاتمان بینی لەو قەڵایە.. یارەبی ئەوەی ئیسمی موسوڵمانە رەزالەتی وانەبینێ یاخوا گاوریش نەیبینێ..!

ئاوێکیان ئەداپێمان وەك زەهر وابوو رەنگە هەر زەهریشیان تێ کردبێ چونکە ئاوزگ ئەو خەڵکەی گشت هاوردە خوارەوە بەخوا رۆژی وابوو بەپەنجە ژماردوومە لەهەموو غورفەکانەوە (پەنجاو دە) کەس عەمری خوای کردووەو لاشەکەیان ئەبردە دەشتەوە.. ئەوەندە بێزار بوو بووین خۆزگەمان بەمەرگ دەخواست ئەمانووت خۆزگە کەئەمردین بەمردویش بێت ئەمانبەنەوە بۆکوردستان.. وامان ئەزانی ئێمەیش وەك عەسکەری عێراق کەلە شەڕی ئێران و عێراقدا ئەکوژران ئەیانووت رۆژ بووە سەد جەنازەیان هاوردۆتەوە.. بەهەموو ئەقڵمانەوە ئەمانووت کەمردین مەیتەکەی ئێمەیش ئەبەنەوە.. چوزانین ئەم زاڵمانە بەمردویش وازمان لێ ناهێنن و تەرمەکانمان ئەخەنە بەردەم سەگ.. ئەوانەی کە جەنازەکانیان ئەبردە دەشتەوە ئەیانووت کۆمەڵێ سەگی زۆر گەورە گەورەی لێیە هەر مردوەکان دائەگرین لەسەر ئەو عارەبانە دەستی یەی کەپێیان ئەبردە دەرەوەی قەڵاکە، یەکسەر سەگەکان پەلاماری ئەدەن و هەڵی ئەدڕن و ئەیخۆن.. ئیتر بەجارێ وەزعمان خراپ بوو گەلێ زەحمەت بوو گەلێ، دڵی خۆمان بەچی بدەینەوە بڵێین ئاسایی یە باتەرمەکانمان بدەنە سەگ.. ئاخر لەوڵاتی ئێمەدا بێ حورمەتی بەرامبەر بەمردوو نەکرابوو ئەم زاڵمانە بەمردوەکانیشیان ئەکرد.. بۆیە ئیتر بەردەوام ئەپاڕامەوە خوایە لەم غەریبی و بەم رەزالەتەوە نەمانکوژی.. زۆری ئەو خەڵکە هەر لەتینوا و لەبرسا مردن..

رۆژی یەك سەمونێ رەق رەقیان ئەداپێمان ئەتووت بەردە ئەوەندە رەق بوو ئەبوو بیکوتین و وەك ئارد بیخۆین ناچاری ئەبوایا ناخورا.. بەڵام ئێمە رەزیل بووین.. کەخەڵکمان لێ مرد ئەمانووت باشترە تۆزێ کەم بینەوە بەڵکو سەمونی مردوەکانمان بدەنێ و بەشەکەی ئەوان بخۆین تالەبرسا نەمرین..!

خوا ئاگادارە ئەوەندە زاڵم بوون دیار بوو ئەو سەمونانەیان بەژمارە ئەهێنا یەك دانەیەك چی‌یە زیادی نەبوو هەر کەس بمردایا هەرلای خۆیانەوە ناوەکەیان ئەکوژانەوەو سەمونەکەیان ئەبڕی.. هەر نەفەری لەیەك سەمون زیاتریان نادابێمان رۆژێك دوای ئەوەی سەمونەکەیان هێناو بەشە سەمونی غورفەکەی ئێمەیان دابەمەسئولی غورفەکەمان، هەر غورفەی لەناو خۆماندا یەکێکیان کردبوو بەسەر پەرشتیاری غورفەکەی‌و ئیتر حەرەسەکان ئەوەندە خۆیان هیلاك نەدەکرد بەدابەش کردنی سەمونەکەوەو هەر یەکەو خۆیان سەمونەکەی بدەنێ.. هەر ئەیانهێنایە ژورەکەوە بەش ژورەکەیان ئەدا بەو کەسەی سەرپەرشتی غورفەکەی دەکردو خۆیان دەچوونە ژورێکی تر..

رۆژێك زەلامێك لەغورفەکەی ئێمە دوای ئەوەی بەش ژورەکەی خۆمانیان داناو رۆیشتن لەدواوە دەستی برد یەك سەمونی لەکۆڵەکە دەرکرد ئەوەی بەکۆڵی پۆلیسەکەوە بوو کەزانیان خوا ئاگادارە یەك چەپۆکیان دایە لای دەمیدا تاسێ چوار رۆژ دوای ئەوەیش پێوەی ئەتلایەوە، ئەوەندە زاڵم بوون هەر بەو لێدانەیش وازیان نەهێنا، بەشە سەمونەکەی خۆیشیان لێی وەرگرتەوە.. زۆر گوناهبوو ئەگەر زۆر برسی نەبوایا پەلاماری ئەو سەمونە رەقەی نەئەدا.. کەچی بەشەکەی ئەو رۆژەیشیان نەداپێی..!

ئیتر بەهەموو شێوەیەك تەعزیبیان ئەدایین، ئەمانیان چەوساندەوە.. یەکەم جار پڕی هەموو غورفەکان‌و ناو حەوشەکەیش خەڵك بوو بەڵام رۆژانە ئەوەندەی لێ‌ئەمرد نەك هەر حەوشەکە چۆڵ بوو غورفەکانیش کەم بوو بووینەوە.. سەرەتا کەخەڵك دەمردو تەرمەکەیان دەرئەکرد لەوانەی ناوحەوشەکەیان ئەهێنایە ژورەکان تاوای لێهات کەس نەما، کێ‌ما..!؟ زۆربەی زۆری مرد..

بەخوا گەیشتبووینە تەموز ئەت‌ووت لەناو کورەی ئاگردایین زۆر گەرم بوو لێیان نەپاڕاینەوە خێرتان ئەگات بەشەو بمانکەنە حەوشەکەوە تۆزێ فێنك ترە هەرچۆنێك بوایا لەغورفەکان زۆر باشتر بوو.. ئەوەندە زاڵم بوون بەو قرچەی گەرمای نیوەڕۆیە ئەمانیان کردە ناو حەوشەکەوەو لەبەر ئەو

خۆرە هەڵنەقرچاین‌و شەوانیش ئەمانیان خستەوە غورفەکان ئاوسانیش بوو هەر گەرما کوشتمانی..

ئەوان بەهەموو شێوەیەك ئازارمانیان ئەدا تابەعەزابەوە بمرین خوا ئاگادارە کەنوێژەمان ئەگرد بۆئاو ئەهاتن کارێکیان پێمان ئەکرد مەگەر هەر خوا بزانێ بەلیس‌و بەقامچی ئەکەوتنە ناو ئەو خەڵکە من ئێستایش ئەوەدەستم شوێنی لێدانی ئەو کاتەیە هەر گرێیەکەو لەسەر دەستم دروست بووە.. خۆی تەنکەرێك ئاو بوو ئەیانهێنا ئەوەندە پاڵیان پێمانەوە ئەناو لێمانیان ئەدا لەکاتی ئاو وەرگرتنەکەدا نیوەی هەر ئەرژا.. لەوە ئەچوو هەر بۆئەوەیش وایان بکردایا تائاوەکە برژێت‌و ئێمە زۆرتر تینوبکەن.. ئیتر رۆژ وابوو زۆرکەس ئاوی بەرنەدەکەوت‌و تاسبەی ئاوی تریان ئەهێنا ئەو لەتینوا هەر دەمی ئەدا بەیەك داو ئەپاڕاینەوە لێیان سودی نەبوو.. بەبەرچاوی خۆیشمانەوە ئەوان ئاویان بۆئەهات‌و بەفریان بۆئەهات‌و میوەو خواردنیان بۆئەهات.. بۆنی ئەو میوەو خواردنە وەك ئاگر وابوو ئەچووە هەناومانەوە.. بەخوا گشتی بۆئەوە بوو خەم‌و خەفەت‌و مەراقی زیاتر بدەنە ئێمە.. ئەگینا بۆناچوون لەژوورەکانی خۆیان زەهرەکەیان بخۆن.. ئەهاتنە ناو حەوشەکەوە کاڵەك‌و شوتیان ئەگردە دەستەوە لەناو حەوشەکە ئەوەستان‌و وەك ئەوەی (کامی کامی) بەئێمە بکەن.. هەر هارو شێتمانیان کرد، هەواڵەی خوابن..!

دوو غورفەیان هەبوو جیاواز بوون‌و کەس بۆی نەبوو بچێتە نزیکیانەوە ئەگەر یەکێ هارو هاج بوایاو ناڕەحەتی زۆر بکردایا ئەمنەکان لێی بێزار بوایان ئەیانبردو دەرگای ئەو ژوورەیان ئەکردەوە، ئەمبینی هەڵوێستە ئەکات‌و تەکان ئەدات ئەیبەنە ژوورەوە بەوەیا ئەمزانی ئەو ژوورانە شتێکی لێیە مرۆڤ سلی لێ‌ئەکاتەوە.. بوو بووە مەراقم رۆژی دەجار لەبەر خۆمەوە ئەمووت ئەبێ چی بێ چی تیابێ ئەی بۆناهێڵن کەس بچێتە نزیکی ئەی بۆخۆیان جاری وایە بەزۆر یەکێك ئەبەنە سەری ئیتر خوا خوام بوو بزانم چی تیایە..! منیش تۆزێ بەهەڵپەو هارو هاج بووم کەنیوەڕوان ئەمانیان

کردە حەوشەکە بەتاق تەنیا ئەچووم بۆنزیکی ئەو دوو غورفەیەی کەلەئێمەوە دور بوون خواکردی رۆژێک ئەمنێک کردی بەپەلمداو بردمی بۆلای غورفەکان کەدەرگاکەی کردەوە، هەر زراوە تۆق بووم چیم دی رۆڵە زەلامم بینی هەڵواسرابووە بنمیچی ژوورەکەوە بەرمیل لەو ناوە دانرابوو دیار بوو بەرمیلەکەیان خستبووە ژێر پێی دوای لایان دابوو.. زەلامەکە بەو ئاسمانەوە وشک بوو بووەوە.. بەو خوایە سەری زەلامم بینی لەقوڕ قوڕاگەیەوە بەبنمیچەکەوە بوو ئەوە کەی هەر ئێسکەکە بوو هەڵوەری بوو لەسەر زەوی یەکە کەوتبوو سەرەکەیشی بەحەبل بەسترابووە ژێر دیوارەکەوە.. موچورکەیەک سەراپای لەشی داگرتم ئێستایش جاری وایە شەو نیوەشەو ئەو دیمەنە دێتەوە بەرچاوم لەتاوا هاوار ئەکەم..

زمانم وشک بوو قاچم زەوی ناگرد هەناسەم کورت بوو.. خوایە گیان ئەمە چی گاور سانێتی یەکە.. ئاخر چیمان کردبوو وائەم زاڵمە وامان پێ ئەکات..

دوای ئەوەی ئەو ژوورەم بینی و بردمیەوە ناو خەڵکەکە تادە رۆژ لەترسا چاوم چوو بووە قوڵ داو قسەم بۆناکرا حەپەسا بووم.. نەخۆش کەوتم وەک ئەوەی (فیم لێبێت) ئاوا بوو..

دوای هەر خوا رەحمی پێم کردو شێت نەبووم چاک بوومەوە، بەلاّم هەر ئەو دیمەنە ئەهاتەوە بەرچاوم.. رۆژ هەتا ئێوارە لەتاوا هەر ئەپاڕامەوەو نوێژم ئەکرد.. ئاو نەبوو بۆدەست نوێژ بەلاّم مەلامان لەگەڵ بوو ئەویش سجن بوو وابزانم خەڵک ئەو مەنتیقەی سەنگاوە بوو ئەیووت هەر نیەت بهێنن و بەدەست دەست نوێژ هەڵگرن بەبێ ئاویش بێت هەر ئەبێ.. ئیتر بەردەوام نوێژم ئەکرد.. هەندێکمان لەگەڵ بوو حاجی بوون کاتی خۆی چوو بوون بۆحەج یەکێکیان تۆزێ وتووریاتر بوو لەوەکان ئەیووت (مەکەو مەدینە) لێرەوە نزیکن و ئەم خاکەی وائەم قەلاّیەی لەسەر دروست کراوە رەنگە هەزار جار (پێغەمبەر) بەسەریدا ڕێی کردبێ.. ئەم خاکە پیرۆزە نوێژ بکەن و لەخوا بپاڕێنەوە بەڵکو خوا رەحم بەئیمانمان بکات.. ئاخر ئێمە

لەژیانماندا کردەوەیەکی خراپمان نەبوو بێ ئەمری خوامان نەکرد بوو ئێستایش وارەزیل کەوتووین ئەبێ ئیمانمان چی بێت.. خوا چۆن دڵی دێت ئەم هەموو پیرەژن و پیرەمێردە رەزیل کەوتووە کەوا هەر بۆقومێ ئاو شێت ئەبووین گوناهمان چی یەو چۆن لەو دونیا محاسەبەمان ئەکەن.. ئێمە سەرباری ئەو هەموو رەزالەت و عەزابە هەر پەنامان قاپی خوابوو گوێت لەیەکێك نابوو ناشوکرییەك بکات، ئیتر ئیمانمان بۆ بەهێز نەبوو.. تابڵێن خوا رەحم بەئیمانمان بکات.. بەڵام بەقسەی مەلاکەو حاجی یەکانیشمان ئەکردو نوێژمان ئەکردو ئەپاڕاینەوە تاخوا بەفریامان بکەوێت، بەڵام بەخوا رۆڵە کەس بەفریامان نەکەوت..

بەخوا من وەك شێتم لێهاتبوو لەتاوا، نەمئەوێرا باسی ئەو ژوورەی کەبینیم بۆکەس بکەم بەڵام کەئەرمانیان ئەکردە حەوشەکە لەتاوا تاك ئەبوومەوەو ئەچوومە دوری خەڵکەکەو هەر ئەملاوانەوە.. رۆژی خۆم و ژنێکی‌تر دورکەوتبووینەوە هەردوکمان ئەگریاین.. ئەو دەنگی خۆش بوو ئەیلاوانەوەو منیش ئەگریام لەپڕلە بەردەممان.. شتێ وەك سەر قەباغ وابوو لاچوو هەڵدرایەوە.. زۆر ترساین، لەبەردەممان پارچەیەك ئاسن لاچوو ئاوی کون بوو لەپڕشتێ سەری هێنایە دەرەوە.. هەر تۆقین هەموو لەشی هەر موو بوو لەناو ئەو هەموو قژوپرشەدا دەم و چاوێکی باریك رووی لێمان کرد من قیژەیەکم کرد وتم ئەمە (ئیزارائیلە) لێمان پاڕایەوە وتی مەیکەنە هەرا منیش کوردم (بارزانیم).. ئێمە تاقەدەرێ هەر واقمان وڕمابوو قسەمان بۆناکرا هەر ئەو قسەی ئەکرد.. لێمان پاڕایەوە ووتی قسەنەکەن بڵێن بینوومانە دوای عیدامتان ئەکەن.. ووتی کەئەچنە سەر ئاو هەرچی ئەو (گەن و گووە) هەیە دێتە خوارەوەو ئێمە لەناو ئەو پیسی و بۆگەنی‌یە ئەژین، ئیتر ئێمەیش کەوتینە قسەکردن وتمان کەی گیراون و لەکەیەوە لێرەن؟ ووتی واشەش ساڵە گیراوین و لەشوێنەکەی ئێوە لەم قەڵایە سجن بووین ئێستا ئێمەیان هێناوەتە خوارەوە جێگاکەمانیان بۆئێوە چۆڵ کردوە ئێمە ئەو ماوەیە هەر لەشوێنەکەی ئێوە سجن بووین.. پرسیارم لێ کرد ئەی ژن و

منداڵتان لەگەڵ نییە.. ووتی نەخێر ژنمان نەگیراوە.. بەڵام منداڵ هەشت ساڵەمان لەگەڵ بوو گیراوە ئێستا هەموو سەری چەرموو بوو..!

جارێکی‌تر پێمانی ووت نەڵێن بینیومە دوای عیدامتان ئەکەن.. منیش سوێندم بۆخوارد نەیگێڕمەوە تارۆژی خۆی دێت..

ئیتر لەوەو دوا سەرباری ئەو ژیانو بەخت ڕەشی‌یەی خۆمان شەوو ڕۆژ خەفەتم بۆئەوانەی قاتی ژێرەوە ئەخوارد.. ئیتر نازانم چۆن ئەژیان نان‌و ئاویان لەکوێوە بۆئەچوو.. هەر تازە هاتبووین کەپێمان دا ئەنازرمەی ئەمات ئەیانووت بەخوا ڕەنگە ژێرەوەی ژێر زەوی بێت.. کەلەرێوەش هێنامانیان ژوورەکان لەوە ئەچوو سجنی تری تیابووبێ ئیتر ئەمووت ڕەنگە ئەم کابرایە ڕاست بکات لەشوێنەکەی ئێمە بوو بێتن بۆئێمە چۆڵیان کردبێ ئەوانیان کردبێتە قاتی خوارەوە.. چونکە کەلەرێگەوە هێنامانیان لەبەردەرگای قەڵاکە زۆر وەستانمانیان، کێ ئەڵێ بۆئەوە نەمانیان وەستاند بوو تائەم فەقیرانە بگوازنە خوارەوە..

زۆر ئەترسام لەوەی کەئەگەر وەجبەی تریش بهێنن ئێمە بکەنە قاتی خوارەوە بۆلای ئەو بارزانی‌یانەو شوێنەکەمان بۆخەڵکی‌تر چۆڵ بکەن..

ئیتر هەر ئەو جارە بوو نەیانمان بینی‌یەوە.. چونکە دەرگای چوونە خوارەوەیش وابزانم لەناو دایرەی ئەمنەکانەوە بوو.. ئەیانووت شەوانی درەنگ شت دەبەنە خوارەوە بەڵام لەئێمەوە دیار نەبوو.. من دوای ئەوەی کەبەردراین‌و گەڕابووینەوە ئەم قسەیەم بۆکچەکانم گێڕایەوە دوای وتیان (مامە عەزە) ئەویش هەر خەڵکی زینانەبوو ناوی (عەزیز کەریم شەریف) بوو پێمان ئەووت (مامە عەزە) ئەویش گێڕاوێتی‌یەوە وتویەتی یەک جارێکی ئەویش شەوێکی درەنگ بەرەو بەیان ئەچوو هێشتا فەجری نەدابوو کابرایەکی بینیووە بەو شێوەیە هەموو گیانی بەموو داپۆشراوەو بینیبووی هاتبوو لەغورفەی پۆلیسەکانەوە کوڵێ شتیان دابووە کوڵی داو مامە عەزە چاوی پێوە بوو بوو کەبردوێتی‌یە خوارەوە بۆژێر زەوی‌یەکە.. ئەویش لەقەڵاکە نەیوێراوە بۆکەسی بگێڕێتەوە دوای کەگەڕاینەوە لێرە

گیڕابوویەوە.. ئیتر نەبینیمیان مردویەکیان دەرکەن نەمیچی‌تر، لەوە ئەچوو دەرگای هەبووبێ لەژێر قەڵاکەوە بۆدەرەوەی قەڵاکەو مردوەکانیان لەوێوە دەرکردبێ.. کێ ئەڵێ لەدەرەوە هەر دەرگای بەتاکی نەبووە خۆ قەڵاکە دەرگایشی نەبوایاو حەرەسیشی نەبوایا کێ ئەیتوانی رابکات کێ هێزی ئەوەی تیامابوو دەدەقیقە ڕێگە ببڕێت.. ئەویش هەتا چاو بڕکات هەر سەحرابوو هیچی تر دیار نەبوو بۆکوێ بچی.. وەڵا دەرگاکە بۆئەوەنە باش بوو سەگەڕەشەکان ناهاتنە ناو قەڵاکەوە دەرگای پێوە نەبوایا هەر ئەهاتن لەغورفەکاندا مردوەکانمانیان ئەخوارد.. ئیتر ئێمە حەوت مانگ‌و پانزە رۆژ بەو شێوەیە ماینەوە.. ڕەزالەتمان بینی تینوو بووین، برسی بووین عەزابمانیاندا جەهەنمێك بوو بۆخۆی..

دوای ئەو حەوت مانگ‌و نیوە رۆژێ حەوت سەیارەیان هاوردو بەئارەزووی خۆیان لەناو ئەو هەموو سجنە بای ئەو حەوت سەیارەیە خەڵکیان جیاکردەوەو هاوردمانیانە ناو حەوشەکەت.. خوایە ئەبێ چیمان لێبکەن منیش بەر ئەوانە کەوتم کەجیاکراینەوە.. سواری سەیارەکانمانیان کردو خستمانیانە رێ مەگەر هەر خوا خۆی بزانێ بۆکوێمان ئەبەن، بردمانیانە شوێنێ قەڵانەبوو هەر خانوو بوو بەڵام پڕی عەسکەری بوو چەند رۆژێك لەوێ هێشتمانیانەوە، دیار بوو پێش ئێمە خەڵکی تیا سجن بووە چونکە کراس‌و شەرواڵی ژنانەمان ئەبینی لەو ناوەکەوتبوون.. پێ ئەچوو خۆیان مردبێتن‌و لاشەکەیان فڕێ درابێ‌و لەبەر ئەو گەرمایەی ئەوێ بەدوو رۆژ ئەتوایتەوە.. رۆڵە خوا ئاگادارە هەندێ سەگی بچوك بچوکیان هێنا سەگەکان ڕەنگیان سور بوو دوانزە دانە بوو خۆم ژماردم وەك (تولە)ی خۆمان وابوو بەڵام (تولە) نەبوون.. جۆرێك بوو ئێمە قەت نەمان بینی بوو سویر سویر بەنەعلەت بن ئەوەنە جوانیش بوون دڵت نەدەهات تەماشایان بکەی.. یەك دوانێکمان لێمرد هەر لەناو حەوشەکەو بەبەرچاوی خۆمانەوە کەوتنە خواردنی لاشەکەی.. کورە هەر زۆر نزیك بوون خوا ئاگادارە خرمەی ددانەکانیان ئەهات..

باش بوو خوا رەحمی کرد زوو لەوێش گواستمانیانەوە.. ئیتر ئەمان زانی کوێبوو..؟ بۆچی ئێمەیان بردە ئەوێ.. ئەی بۆچی ئێمەیان لەهاورێکانمان جیاکردەوە..

بردمانیان بۆ(سەماوە) ئەمە رەحمەت لەدایکو باوك ئەوانەی (سەماوە) سێ رۆژ هێشتمانیانەوە ئای چەند باش بوون لەگەڵمان لەعەسکەری ئەم عێراقە ناچوون.. ئیتر نازانم بۆچی ئەمان لەگەڵمان باش بوون (کوڵیان بۆمان کرد) خواردنیان داپێمان.. رۆڵە ئێمە تامو بۆی خواردنمان بیرچوو بووەوە..

دوای ئەو سێ رۆژە جارێکیتر خستمانیانە سەیارەوە.. زۆرمان پێ ناخۆش بوو لەوێ بمانگوازنەوە.. چونکە ئەوەنە رەزالەتمان دی بوو ئەوەنە زاڵم بوون لەگەڵماندا.. هەرچەندە (سەماوە)یش هەرسجن بوو بەڵام لەچاو پێشترمانەوە وەك ئەوە وابوو شایمان بێت..

سێ‌رۆژ هێشتمانیانەوە، دوای خستمانیانەوە ناو سەیارەو وتیان بەرتان ئەدەین.. تائەو کاتە پێمانیان نەوتبوو بۆکوێتان ئەبەین.. ئەگەر نەیانوتایا بەرتان ئەدەین، حەزمان ئەکرد هەر لە(سەماوە)بین چونکە ئەو (٣) رۆژە زۆر باش بوون لەگەڵمان.. بەڵام کەوتیان بەرتان ئەدەین خەریك بوو لەخۆشیدا لەپێستی خۆمان بێینە دەرەوە.. ئەبێ راستمان لەگەڵ بکەن.. ئەی ئەگەر بەرمان ئەدەن ئەو خەڵکەی تریان بۆبەرنەداو بۆچی بەتەنها ئێمەیان جیاکردەوە.. نابەخوا ئینشائەڵاَ قسمەتو نسیبی ئێمەی تیابووەو راستمان لەگەڵ دەکەن.. ئەبێ کەبەرمان بدەن بمان بەن بۆکوێ ئەوان هەموو دێیەکانیان سوتانو روخانو هەرچی ماڵو موڵکمان بوو تاڵانیان کردو چی کەسو کارمان بوو گشتی گیرابوو.. ئەمانبەنەوە بۆلای کێ..؟ ئەی کێ ئەبێ بمانگرێتە خۆیو بەخێومان بکات..!؟ هەزارو یەك دالغەی وام ئەکردو ئەمووت خوائەکا راست ئەکەنو بەرمان ئەدەنو ئەچینەوە وڵاتو وەتەنی خۆمان بەخوا ئەگەر لەبرسا ماڵەو ماڵ سواڵم کردوە، وائەزانم مەلیکم..!

ئیتر بەدەم رێگاوە خەیاڵم ئەکردو بۆنی وەتەنم ئەکرد.. رێگای گەڕانەوەی ئەمجارەمان وەك ئەوجارە ناخۆش نەبوو کەبردمانیان.. رەنگە

بەهەمان ڕێگادا چووبین کەپێیدا هاتینەوە.. بەڵام ئەوجار بۆناوعارەبستان بوو بۆسجن و ئەمجارە بەرەو کوردستان دێنەوەو ئازادمان ئەکەن.. فەرقی زۆرە..!! هیچ هەستم نەئەکرد کەلەناوسەیارە هیلاك بووبم یان بێتاقەت.. ناگام لەڕۆیشتنی سەیارەکەو کات نەمابوو تالە شوێنێك لای دا.. (تۆبزاوا)بوو هەمان ئەو مەعەسکەرەی کەحەوت مانگ و پێش ئێستا بەخۆمان و کەنیشکە جوان و کورە جاهێڵەکانمانەوە هاوردمانیانە ناوێوە.. هەر لەدەرگای سەربازگەکەی بردمانیانە ژوورەوە هەموو ئەو خەیاڵە خۆشانەی ڕێگەم لەبیر چووەوە، هەمان ئەوڕۆژە رەشەم بیرکەوتەوە کەتازە گیرابووین.. گەرچی لەناو ئەو مەعەسکەرە گەورەیەدا جگە لەچەند سەربازێکی کەم هیچ کەسێك دیارنەبوو.. بەڵام وام ئەزانی ئەو حەوشە گەورەیە جمەی دێت لەژن و منداڵ و گەنجەکانمان.. وام ئەزانی ئەو رۆژەیە کەهێنامانیانە ئێرە.. ئەترسام و وام ئەزانی جارێکیتر لێرەوە لەگەڵ ئەم پیرەمێردو پیرەژنانەی کەئازار کردبووینی بەهاوڕێ و جگەلە ژان و پەت پەتی یەکی وەك یەك، هیچ شتێکی ترمان پێکەوە نەبوو.. تەنها ئەوەی کەپێکەوە کۆی کردبووینەوە ئەوەبوو گشتمان کورد بووین و لادێیش بووین و وەك یەك بێ گوناهوو بێتاوان بووین.. ئەترسام لەگەڵ ئەمانیشدا جارێکیتر لەیەکتر جیامان بکەنەوەو هەریەکەو بۆقەلایەکی ترمان بنێرن.. کاکە ئەم حکومەتە زاڵم بوو لەوە خراپتری لێئەوە شایەوە..شەوو رۆژێك لە تۆبزاوا هێشتمانیانەوەو ئێمە هەموومان لەنێوەی ئەو هۆڵەدا جێمان ئەبووەوە کەشەو کردمانیانە ناوێوە.. بەڵام ئەوەندە دڵم سەغڵەت بوو وام ئەزانی لەناو جەهەنم دام.. ئەمزانی هەموو ئەوانەی تریش وەك من دڵیان سەغڵەتەو هەریەکەو بەجۆرێك کەس و کارەکانی خۆمان و ئەو خەڵکە زۆرەمان دەهاتە بەرچاو کەلێرە لەیەکتر جیاکراینەوە ئەو شەوە تابەیانی خەونەچووە چاوم و تابەیانی گریاوم.. نازانم بڵێم ئەوشەوەم چۆن لێڕۆیی.. شەوێکی تاریك و نوتەك بوو.. گەرچی گوێت لەدەنگی هیچ نابوو، جگە لەتاریکی هیچی تر دیار نەبوو بەڵام من هەمان ئەو چراخانەی لایتی

سەیارەکانی حەوت مانگ و نیوەکەی پێشووم دەهاتەوە بەرچاو.. لەپەنجەرەی قاعەکەوە چاوم بەناو تاریکی‌یەکەدا ئەگێڕاو وەك ئەوەی کەچۆن یەکەمجار ئاوا چاوم بەناو خەڵکەکەدا گێڕئەدا بۆئەوەی بۆدواجاریش بێت چاوم بەئازیزانم بکەوێتەوە..

لەگەڵ بەری بەیاندا هاتنەوەو دەرگایان لێمان کردەوەو سواری سەیارەکانیان کردین و تۆبزاوامان بەجێ‌هێشت..

کەبەوردی چاوێکم بەناو سەربازگەکەدا گێڕا لەقاعەکانی ژوورەوە خەڵکی تیابوو لەپەنجەرەکانەوە تەماشای ئێمەیان دەکرد..

ئیتر لە تۆبزاواوە تاگەڕاینەوە بەدەم ڕێگاوە هەر لەگەڵ کەس و کارەکەمدا ئەژیام.. یەکەیەکە دیمەنەکانیان دەهاتەوە پێش چاوم و ئەمووت بەڵکو ئەمە خوایە ئێستا کەگەڕاینەوە ئەوانیش هەر بوو بێتن و پێش ئێمە گەڕابێتنەوەو چووبێتنەوە ئاوایی و خانوو مەڵانەکەیان دروستکرد بێتەوە.. نەبێ ئەوەندە ئەقڵیان بووبێ لەژێر خانووەکان و لەژێر پشتیری مەڕو مانگاکاندا ئەمجارە (ژێر زەوی) گەورەیان دروست کردبێ..! بۆئەوەی جارێکی‌تر ئەگەر کۆیتەر هاتەسەر ئاوایی و جەیش و جاش هاتنە سەرمان نەمان دۆزنەوە.. سەدان داڵغەی وام لێ‌ئەدا..

تاگەیشتینە سلێمانی لەوێ ناومانیان نوسی و هەریەکی وەرەقەیەکیان بۆمان کردو هەر کەسەو بۆناو چەکەی خۆی بۆئەو ئۆردوگایەی کەپاشماوەی کەس‌وکاری ئەو ناوچەیەی لێ دەژیان ناردمانیانەوە.. هاوردمانیانەوە بۆ (صمود) لێرە کەفیلیان لێمان سەندو بەرەڵامانیان کرد..

کەهاتینەوە تەماشام کرد ئێرەیش هەر وەك سجن وابوو بەڵام تۆزێ باشتر بوو.. ئەوەی کەهەرچۆنێك بوو نەگیرابوو لەم ئۆردوگایەدا خڕیان کردبوونەوەو وەك زیندانێکی گەورە وابوو.. ڕێگای دەشت و دەریان نادان و حەرەسی هەبوو کۆمەڵێ ڕەبایە بەچواردەوری ئۆردوگاکەوە بوون و نەیان هێشتبوو بچنەوە ئاواییەکان و ئاوەدانی بکەنەوە.. نەیان ئەهێشت مەڕداری و زراعەت و گەنم و جۆ بکەن..

تاراپەرینەکە هەروەک زیندان وابوو.. ئیتر لەو کاتەشەوە تائێستا هەر لێرە ئەژیمو تازە نەکەسم ماوە تائاوایم بۆئاوەدان بکاتەوەو نەخۆیشم ئەتوانم بچمەوەو لەوێ بژیم.. واڵێرەمو بەردەوام چاوەڕێی هەواڵی کەس و کارەکەمم بەتایبەت کەنیشکە جوانو جاهێڵەکانو گەنجەکانو چاوەڕێی مردنیشم بەڵام خوا بکات خوائەو رەحمەم پێبکات هەواڵی ئەنفال کراوەکان بخاتە پێش مردنەکەمەوە..

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای کەرکوک
نوسینگەی ئەنفالەکان
ناوی سەرۆک خێزان :
ژمارەی ئەندامانی خێزان :
شوێنی نیشتەجێی ئێستای :
شوێنی نیشتەجێی کۆن :
ژمارەی کارت : ٥٠٢٦ مێژووی دەرچوون :



کابرایەك هەبوو لەدێیەکەمان ناوی (حامید مولود)بوو گۆجیش بوو شێتیش بوو پێیان ئەوت (حامیدە گۆج) ئەویش گیراو دوای کەبردمانیانە (نوگرە) حەوت رۆژمانی لەخواردن گردو لەبرسا مرد..

# خورشید رەفیق حەمە ئەمین

لەدایك بووی ١٩٣٢- گوندی جەلەمۆرد ناوچەی شێخ بزێنی..

مێژووی دێیەکەمان کۆنەو باوباپیری ئێمە هەرلێرە ژیاونو بەمەڕداریو کشتوکاڵ کردن ژیانیان بردۆتە سەرو ئێمەیش هەربەو شێوەیە ژیاوینو

خراپەمان بۆکەس نەبووە.. ویستوومانە لەسەر ئەم خاکەی کەخوا پێی بەخشیوین بژینو ئیحتیاجی دەستی کەس نەبین، بەرەنجی شانی خۆمان شوانکارەیو دەغڵو دانمان کردووەو هەموو ژیانمان بۆئەوە تەرخان کردووە..

من ژیانی گەنجێتی خۆمم لەبیرە، بەخوا شەو رۆژ بەو دەشتو دەرەوە بووم.. ئەوکاتە هیچ نەبوو داسو درەوو گاجووتو هەمووی هەر نەبوو بەهیلاکەتیو هێزی بازووت بێت..

لەساڵی ١٩٥٥دا ژنم هێناوەو ئیتر ئەرکم قورستر بووەو ئەرکی خێزان‌و دروست کردنی ماڵ‌و ماڵداری کەوتۆتە ئەستۆم.. بەهەزار هیلاکەت‌و دەردەسەری شتێ ماڵم نابووە یەکەوە، نازانم بەڵای خوا بوو نازانم چی نەگبەتی یەك بوو ئەم وڵاتەی گرتەوە، عارەب هات‌و دایانە سەر دێیەکانداو تالآنیان کرد.. (ساڵ بەعسیەکە ئەڵێم)لە ٦٣.. ئەم دێیەی ئێمەیش کەوتە بەرتالآنی‌و هەرچیمان هەبوو بردیان‌و ئاواییان سوتان.. بەخوا بەخوا ئەنفالەکە ئەو کارەساتەی ساڵ بەعسی‌یەکەی لەبیرمان بردەوە.. ئەگینا بەردەوام لەبیرمان بوو چۆن هاتن‌و گورایان لەگوێی ژنیش دائەکەن.. کەل‌و پەلی بەرمانیان برد.. کارەساتێکیان بەسەر ئەم میللەتەیا هاورد ئەگەر ئەو ساڵەی ئەنفال نەبوایا.. بەتاریخی کورد وای‌بەسەر نەهاتبوو..

رانە مەڕ، مانگاو گوێلك، بەخوا گوێ درێژەکانیشمانیان برد.. گشتی عارەب پاپەتی ئەتووت بەحەیاتی ماڵ دونیایان نەبینی‌وە.. هەرچاویان چووبوو پەلاماری هێزە رۆن‌و مەنجەڵە ماستیشیان ئەدا.. کارەساتێکیان بەسەرمان هاورد، وەك ئەوەی هەق باوکیان لەسەرمان بێت لەڕیشەوە هەڵمانیان کێشا.. وەك لافاو وابوو هەرناو چەیەکی بگر تایەتەوە رای داماڵی.. بەڵام ئەوەنەی پێنەچوو.. خوا ئەونەمەقی‌یەی قبوڵ نەکردو دای بەناو دەمیاندا لەسەر تەخت لاچوون‌و حکومەتەکەیان روخا.. بەخوا ئەگەر زۆری بخایانایاو لانەچونایا لەسەر حوکم هەر ئەوکاتە روح لەبەری لەم کوردستانە نەئەهێشت.. بەڵام خوا بەفریامان کەوت..

ئیتر ئەوەبوو دوایی شۆڕش پەیابوو، پێشمەرگە زۆر بوو بوون لەسایەی ئەواندا ئێمەیش حەساینەوە.. هەرچەندە (حەرەس قەومی) هەبوو حکومەت ئەیانی نارده سەردێیەکان‌و شەوکوتیان ئەکردو ئەوانیش هەر تالآنیان ئەکرد.. بەڵام لەترسی شۆڕش ئەوەندە نەیان ئەوێرا بێنە سەرمان..

ماڵمان دروست کردەوەو کەوتینەوە سەر خۆمان تائەو کاتەی شۆڕشەکە تاوایەوە.. بەڵام دوای ئەوە ژیانمان کەوتەوە مەترسی‌یەوە.. جاش پەیدا بوو بوو ئەهاتنە سەرمان، پێشمەرگە نەمابوو ئیتر حکومەت ترسی نەبوو..

ئەهاتن دێیەکان ئەگەڕان‌و ئەیانووت ئەبێ بینە چەکداری حکومەت‌و هەرماڵی زەلامێك چەك هەڵگرن.. هانی خەڵکەکەیشیان ئەدا باریکەین بۆ شارەکان‌و ئەیانووت لەدایرەی (غابات) داتان ئەمەزرێنین..!

هەواڵی ئەوەشمان بیستبوو حکومەت کەوتۆتە روخاندنی دێهاتەکانی ناوچە سنوریەکان‌و ئەیانووت ئەیانبەن لەشارەکان موجەمەعیان بۆئەکەن.. ئیتر وەزع بەرەو خراپی ئەڕۆیشت ئەمانزانی کەئەم حکومەتە زاڵمە نیازی لەگەڵماندا خراپە.. ئەوەشمان بیستبوو هەرئەو جەماعەتەی ساڵی شەست‌و سێ‌و هاتنەتەوە سەرحوکم، ئیتر هەربەیەکجاری تۆقین.. خوا کردی یەکەیەکە پێشمەرگە پەیابووەوەو چەکدار دایەوە بەشاخدا، ئەوە بۆئێمە زۆر باش بوو لەترسی ئەوان نەیان ئەوێرا ئەوەندە بێنە سەر دێهاتەکان‌و تاڵان‌و بڕۆی بکەن..

دوای وتیان ئەوە حکومەت لەگەڵ ئێراندا بووەتە شەڕی‌و ئیتر هەر ناپەرژێتە سەر ئەوەی ئێمەی لەبیر بێت.. زۆرمان پێ‌خۆش بوو کەشەڕ هەڵگیرسا.. ئەشمانووت باهەر دوولایان بەربنە گیانی یەکتری چیان بەکورد نەکرد لەئاشبەتاڵەکەیا.. بەخوا خوای کورد بوو وایان بەسەر هات‌و بووە شەڕیان بەهۆی شەڕەوە پێشمەرگە زۆر بوو عەسکەری فیرار زۆر بوو.. خەڵکی لەشارەوە باری ئەکرد بۆلادێکان.. ماوەیەك باش بوژاینەوە.. هەرچەندە حکومەت زوو زوو پەلاماری دێهاتەکانی ئەداو کوێتەر رەمی ئەکرد.. بەلام دێیەکەی ئێمە پشتی بەخاڵخاڵانەوەبوو.. شوێنەکەی کەوتبووە نێوان کۆیەو چەمچەماڵەوەو لەهەردوو لاوە دوور بوو.. ئەگەر جەیش بهاتایە ئەبوو بەسەر کۆمەڵێ دێ‌و ناوچەی تردا بێت.. لەبەر ئەوەی دێیەکانی تریش هەمووی لەناوچەی ئازاد دابوون.. بەئاسانی دەستی حکومەت نەئەگەیشتە دێیەکەی ئێمەو بۆخۆمان حکومەت بووین‌و لەهیچمان کەم نەبوو..

دوای ئەوەی مفاوەزاتی نێوان شۆڕش‌و حکومەتی عێراق تێکچوو، وردە وردە وەزعەکە تێکچوو.. حکومەت ئابلۆقەی ئابووری خستبووە سەر

دێهاتەکان.. نەیئەهێشت کەل و پەلی خواردەمەنیمان لەشارەکانەوە بۆبێت..
ڕێگای هاتوچۆی شارمان سەخت بوون.. لەسەر ڕێگاوبانی شارەکان خەڵکیان ئەگردو سجنیان ئەکرد، یان کۆپتەر لەسەر ڕێگاوباندا ڕەمی لەسەیارە ئەکردو زۆرجار ناچار بووین ئەبوو بەشەو هاتوچۆ بکەین.. بەم دوا دوایە بەشەویش ئاگری سەیارەیان بەدی بکردایا تۆپ بارانی ناوچەکەیان ئەکرد.. چەندجار ئاوا تۆپ بارانی دێهاتەکانمان کراوە.. ئیتر ژیانمان لێشێوا وەك ئەوە وابوو لەناو مەیدانی شەڕ دابین.. بەو شێوەیەو بەهەر حاڵێك بوو ئیدارەمان ئەکرد.. ماوەیەکی پێچوو وتیان حکومەت قواتێکی زۆری بردوە بۆسەر سەرکردایەتی شۆڕش.. ئەیانووت هێزەکەی لەکێشانی‌یە.. دێیەکەی ئێمە لەبەر ئەوەی شوێنێکی دورە دەست بوو ماڵی زۆربەی بەرپرسەکانی پێشمەرگە لەدێیەکەی ئێمە بوون.. ئەوان ئاگایان لەهەمووشتێك بوو.. لەوانەوە ئەمان بیست کەحکومەت پەلاماری سەرکردایەتی یەکێتی ئەدات و هێزی بردۆتە سەریان هەرچی پێشمەرگەی ناوچەکەی ئێمەشە، ئەوانیشیان برد بۆ بەرگری لەسەرکردایەتی.. ماوەی چەند مانگێکیان پێچوو کەگەڕانەوە دیاربوو زۆر ماندوو بوون و شکستیان خواردبوو.. کەهاتنەوە لەڕێی ئەوانەوە زانیمان کەحکومەت کیمیایی تەقاندوەتە سەر دێهاتەکانداو هەرچی لادێ هەیە سوتاندویانەو ئەمجارە خەڵکەکەیشیان گرتووە.. خەڵکی زۆریان کوشتووە.. هیچ ڕێگا چارەیەکیش نەماوە.. کوڕ ئەو کوڕەیە بەهەر شێوەیەك بێت خۆی ڕزگار بکات.. هەندێ لەبەرپرس و پێشمەرگەکان ماڵەکانی خۆیان گواستەوەو ڕۆیشتن.. بۆئێمە حاڵەتێکی ناخۆش بوو ڕوولەکوێ بکەین.. خۆماڵێك و دووماڵ نین، دێیەکی واگەورە زیاتر لە ١٥٠ ماڵ بووین لەکوێ خۆمان حەشار دەین.. ئەی دێیەکانی‌تر.. توشی وەزعێکی زۆر خراپ بووین.. نەمان ئەزانی چی بکەین.. بەخوا ئینسان لەلێقەوماندا ئەقڵیشی نامێنێ..

هەروا ماوەیەکی کەمی پێچوو هەواڵمان زانی کەوا قەرەداغ و گەرمیانیش بەوردەوردە براون و هەموو دێهاتەکانیان تەخت کردوە..

ئێمەو هەموو دێیەکانی تری کوردستانیش زوو زوو دێهاتەکانمان ئەسوتێنێران و تەخت ئەکران.. لەگەڵ ئەوەدا راهاتبووین و دوای ئەوەی ماڵکانمانیان ئەسوتان، سەر لەنوێ دروستمان ئەکردەوە.. بۆیە ئەگەر تەنها بەروخاندنی دێهاتەکان وازیان بهێنایا پێی رازی بووین بەلأم ئەیانووت هەرچی خەڵکیش هەیە گرتویەتی.. زووتر هەرکاتێ جێش وجاش بۆهەر ناوچەیەك دەربچوایا ئەوەی ترسی لەخۆی هەبوو یان موالیدی سەربازی بوو خۆی ئەشاردەوە تاجەیش و جاشەکە ئەگەڕانەوە.. بەلأم ئەمجارە ئەیانووت دەستی لەکەس نەپاراستوەو فەرق و جیاوازی لەنێوان ژن و منداڵ و زەلامیشدا نەکردووە..

کۆمەڵێ پێشمەرگە بەخێزانەوەو کۆمەڵێ سەربازی فیرارو بەشێك لەو خەڵکەی کەتوانی بووی خۆی رزگار بکات و بەر پەلامارەکە نەکەوتبوو لەگەرمیانەوە خۆیان گەیاندە ناوچەکەی ئێمەو بەخوا هەرماڵەی بەلای کەمەوە پێنج شەش کەس کەوتەلامانەوە.. ئەم ناوچەیەی ئێمە دوای کەلافاوەکە گرتی یەوەو قورکرا بەسەرماندا چەندێ خەڵکی ناوچەکە گیرا ئەوەندەیش خەڵکی ناوچەکانی گەرمیان و قەرەداخ لێرە وەك ئێمەیان بەسەر هات.. کەئەوان باسی وەزعی ناوچەکانی خۆیان کرد ئیتر هەربەجارێ هێز لەئەژنۆمان نەما هەر تۆقین.. خوا گیان چی بکەین نازانی لەدێیەکە بمێنیتەوە.. رووبکەیتە شارەکان.. نازانی سەری خۆت بۆکوێ هەڵگری..

ئەشیانووت ئەوەی بەرەو شارەکانیش رۆیشتووە هەمووی لەرێ و بانەکاندا گیراون و کەس نازانێ چیان لێیان کردووە.. هەموویان براون.. رۆژە رەشێ بوو هەرمەپرسە..

ناچار لەترسا دێیەکەمان چۆڵکردو چوینە ناو ئەو چەم و کەلوەزو هەردانە لەوێ خۆمان ئەشاردەوە چونکە رۆژانە لەناکاو تۆپیان ئەگرتە دێیەکان یان کۆپتەر ئەهات و رەمی ئەکرد.. وامان بەباش زانی کەسەری خۆمان هەڵگرین و برۆین خۆمان بکەینە شارەکان و موجەمەعەکاندا لەماڵە خزم و ناسیاو خۆمان بشارینەوە تابزانین دونیاکە چی بەسەر دێت.. بەلأم

هیچ چارەیەکمان نەمابوو مایەوەو چارەنوسی خۆمان دایە دەست قەدەر.. لەسەعاتێکدا دووسیْ خەبەری خراپ ئەهات.. هەواڵی ناخۆشت ئەبیست.. یەکیْ ئەهات ئەیووت ئەڵێن وەك پشتوێن لەکەرکوك‌و هەولێرو کۆیەو تەق تەق‌و چەمچەماڵ‌و ئاغجەلەرو دوکانەوە عەسکەری ریزکراوەو چواردەوری ناوچەکەیان گرتووەو نایەڵن تەیرێك رزگاری بێت.. یەکیْ ئەیووت ئەڵێن ئەوانەی کەگیراون هەموویانیان بردووەو لەناو عارەبسان خستویانیانەتە ناو(شەتەوە). هەریەکێ قسەیەکی ئەکرد.. خۆلەرۆژی وادا قسەیەکی خێر نابیستی.. خەڵك گشتی سەری کردۆتە یەکداو هەمووی وەك یەك سەرگەردانە، کەس نی‌یە رێنمای کەس بکات، کەس لەکەس ئاقڵ‌ ترنی‌یە، چونکە گشتی وەك یەك سەری لێشێواوەو کەس بەتەمای روح خۆی نی‌یە..

بەرۆژ ئەچووینە ئەو چەم‌و شیوانەو بەشەو ئەهاتینەوە ئاوایی.. ئەو ئێوارەیەی کەکۆمەڵە تەیارەکە بەدوای یەکدا هاتن‌و بەسەر دێیەکەی ئێمەدا رەتبوون‌و چاومان لێبوو کەچوونە سەرگۆپتەپەو رەمیان کرد.. ئێمە زۆرجار رەمی کردنی تەیارەمان بینی بوو بەڵام ئەمجارە رەمی‌یەکەیشیان جیاواز بوو یەکەمجار تەیارەکان هەندیْ سوڕانەوەو هاتن‌و چوون‌و کەوتنە رەمی کردن دەنگی تەقینەوەکان گەورەتربوون‌و کەدوکەڵیان لێبەرز بووەوە رەنگی دوکەڵەکانیش جیاواز بوو.. ئێمەنەمان ئەزانی کیمیایی‌یە بەڵام هەربەزرمەکەی وتمان هەموو گۆپتەپەی تەواو کردووەو روح لەبەری تیا دەرنەچووە.. تەیارەکان گەڕانەوە..

هەموو خەڵکی ناوچەکە ترس‌و دڵەراوکێمان تێکەوت‌و خەریك بوو شێت بین لەتاوا بۆخەڵکی گۆپتەپەو نەشمان ئەوێرا بڕۆین بۆهەواڵ‌و بەهاواریانەوە.. چونکە هێشتا خۆری مابوو ئەترساین کۆپتەر بێت‌و رەمیمان لێبکات لەبەر ئەوە چاوەڕیْ بووین کەخۆرئاوا بیْ‌و ئەوجا بچین بزانین ئەو خەڵکەچی بەسەر هاتووە..

کەتاریك داهات خەبەریْ گۆپتەپەمان زانی کەکیمیایی لێی داوە ئیتر بەجاریْ تۆقین‌و هێز لەبەدەنماندا نەما وتیان قومبەلەکە بۆنی هاتووەو

ئەوەی بۆنی کردوە کوشتویەتی.. بایەکەیش بەناو خەڵکەکەدا بۆنەکەی بڵاو کردۆتەوە..

جاران کەتەیارە ڕەمی ئەکرد مەگەر پارچەی قومبەلەکە بەرت بکەوتایا ئەویش زۆرجار خەڵك پێوە ئەبوو بەڵام ئەیئەکوشت و بریندار ئەبوو.. بەڵام ئەمجارە ئەڵێن تێکەڵ بەهەناسە کەتنەبێت و ئەو کوژێ.. ئێمە قەت شتی‌وامان نەدیبوو نەشمان بیستبوو کەحکومەتێ لەشەڕێکدا قومبەلەی وای هەبوو بێ و تەقاندبێتی و لەگەڵ هەوادا بێت و بتکوژێ.. وتیان کیمیایی داوەلەوژوورەو لەقەرەداخ و لەهەڵەبجە، بەڵام ئەو وتنانەو ئەو بیستنە وەك ئەوەنەبوو لەوبەری ئاواییەکەی خۆمانەوەو بەبەرچاومانەوە بیتەقێنێ و ڕەنگە بەیانی و دووەی بیکاتە سەر ئێمەیشدا.. وەك مردن وابوو هەموو ئەزانین کەئەمرین بەڵام تائەو کاتەی لێمان نزیك نەبێتەوە لێی ناترسین..

ئەم قومبەلەیەیش وابوو.. شەو ئاگامان لێی بوو لەتەکیەوە لایتی سەیارە زۆر بەرەو ناوچەکە ئەهات ئیتر زانیمان جەیش حەرەکەتی کردووە.. لەترسا هەرشەو چوینەوە ئاوای و کەوتینە ماڵ شاردنەوەو نان و کەل‌وپەلمان لەگەڵ خۆمان هەڵگردو هەربەوشەوە کەوتینە ڕێ هەموو ئاوای بوینە دووبەشەوە بەشێکمان چووینە (چەم بابوڕشە) لەنێوان چوقلیجەو جەلەمۆردو بەشەکەی تری ئاوای چوینە (هەزارکانی) لەنێوان دارەقوتەو جەلەمۆرد.. لەو دوو چەمەدا خۆمان شاردەوە لەژێر ئەودارو کونە تەیارانەدا کەزوتر دروستمان کردبوون بۆخۆشاردنەوە.. ئەو هەموو ژن و منداڵەی ئاوای هەمووی خەریکە لەترسا هاروشێت بن، گشتی لەوچەمەو دارانە خۆیان پەناداوە.. زیڕەو هاواریان ئەگاتە نازانم بڵێم کوێ.. بەچی منداڵێك ژێر ئەکەیتەوە، ئەو ترسی ئەوەی لێنیشتبێ تەیارە دێت و ڕەمی لێ‌ئەکات..

تاخۆرئاوای سبەینێ لەوچەمەدا ماینەوە.. هەردەنگی تۆپ‌وگوڕەی تەیارە دێت و ئەزانین ئەمە ڕۆژەکەیە کە ، ئەترساین و کەس بەفریامان ناکەوێ و بەڵام خۆمان لەوچەمەدا شاردۆتەوە بەڵکو ئەمە خوایە بەسەرماندا

تیّ پەڕن و نەمانبینن و دیّیەکە بڕوخیّنن و بگەڕێنەوەو خۆمان و ئەوژن و منداڵە بەسەزمانانە رزگارمان بێت..

تەنها دەسەڵاتی پاڕانەوەمان مابوو.. تەنها داڵەمان قاپی خوابوو.. ئەمبینی وامنداڵەکانیش لەترسا و هەست بەمەترسیەکە ئەکەن.. ئەوانیش والەخوا ئەپاڕانەوەو فرمێسکیان بەرئەدایەوە.. قاژەی جەرگم ئەهات.. گاوریان پیّموسوڵمان نەبوو، بەلأم دەسەلأتم چیبوو..!!

کەخۆرئاوا بوو هەندیّ بەیەکدا هاتین و ئەبیّ تەگبیرێك بکەین و بەلایەکدا بچین وانەڵێن ئەمڕۆ جەیش هاتۆتە ناوچەکەو هەموو ئەو دێهاتانەی ناوچەکەی تاگۆپتەپە روخاندووەو هەرکەسی دەست کەویّ ئەیخاتە سەیارەوەو ئەیبات، ئەڵێن چەندیّ جەیش و جاش لەخوارەوە ئەگەڕێن ئەوەنە کۆپتەریش بەئاسمانەوە چاودێری ئەکەن و خەڵکیان کردوە بەژێر خۆڵەوەو خانوویان روخاندووەتە سەر بریندارەکانی (گۆپتەپە)دا..

یەك دوو زەلام پەیابوون ناسیاو بوون وتیان ئەڵێن (میرزای سمایل دارکێش) کەموستەشار بوو خەڵکی خەرابەی کۆیە بوو وتویەتی باهەرچی زەلامیان هەیە بێن و خۆیان بگەیەننە لای من و تەسلیم من بن ئەیانپارێزم و ئەیانکەمە چەکداری خۆم وعایلەکانیشیان بابێن ئەیانبەم موجەمەعیان بۆئەکەم.. ئێمەیش ئەو دووزەلامەی هاتبوون جیّی باوەڕبوون و ناسراو بوون، قەناعەتمان بەقسەکانیان کردو ناوی هەندیّ پێشمەرگەی دێیەکانی خۆمانیان ووت کەئەوانیش تەسلیم بەوبوون و پاراستویانێتی ئیتر متمانەمان لادروست بوو بەڵکو ئەمە خوایە ئەوپیاوە ئەو چاکەیەمان لەگەڵ بکات و رزگارمان کات لەم رۆژە رەشە، لەم لێقەومانە..

زووتر زۆر رقمان لەجاش بوو بشمانتیان کوشتایا ئامادە نەبووین چەکی جاشایەتی لەشان بکەین.. بەلأم ئەمڕۆ لەتەنگانەدا بووین و بۆکڕینەوەی روحی خۆمان رازی بووین و ئەشمان ووت خوا ئەکا ئەو پیاوە ئەو چاکەیەمان لەگەڵ ئەکات.. ئێمەیش بۆئەوەی چاکەکەی بدەینەوە شەرتیّ هەتا ئەمرین ئەبیّ چەکی بۆهەلگرین..

بەو دووزەلامەی هاتبوون رەزامەندی خۆمان نیشان داو لەسەر وەعدی ئەو کەوتینە رێ.. ئەقڵەکەمان ئەوەندە فەقیربوو باوەڕمان وابوو مستەشارێك بتوانێ داڵدەی هەموومان بداتو بمانپارێزێ.. ئێمە چووزانین ئەمە فێڵو تەڵەکەیەو هەرچی جاشیش هەیە دەسەڵاتی یەك عەسکەری نی یە.. لەچەمەکە هاتینە دەرەوە هەموومانیان گردو بەشەکەی تری ئاوایشیان بەو شێوەیە هاوردو ئەو دووزەلامەیش مستەشارەکە هەڵی خەڵەتانبوون و ناردبوونی بەدوای ئێمەدا، ئەوانیش وەك ئێمە گیران و لەئێمەیش خراپتریان بەسەر هات..

هەر لەچەمەکە دەرمانیان کردو بردمانیانە (چوقلیجە) سەیرمان کرد خەڵکی ئەوێش هەمووی گیراوە.. ئێمە زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی ئاوای بووین و بەخوا کابرایەك هەبوو لەدێیەکەمان ناوی (حامید مولود)بوو گۆجیش بوو شێتیش بوو پێیان ئەوت (حامیدە گۆج) ئەویش گیراو دوای کەبردمانیانە (نوگرە) حەوت رۆژمانی لەخواردن گردو لەبرسا مرد..

ژنێکی تر هەبوو لەدێیەکەمان گەڵێ دەمێك بوو نەخۆش بوو (بەگیسی وەلی) ناوبوو.. بەکۆڵ هەڵیان ئەگردو دایان ئەنایەوە ئەویش هەرگیراو تانوگرە هەر بەکۆڵ کوڕەکەیەوە بوو ئەویش لە(نوگرە) مرد..

من خۆمو دایکمو ژنو منداڵەکانمو برایەکم بەدوانزە سەرخێزانەوەو برایەکی گەنجیشم لەگەڵ خەڵکی ئاوایدا بەوشێوەیە گیراین و هەرلە(چوقلیجە) خستمانیانە ناو سەیارەی (زیل) عەسکەریەوەو بردمانیان بۆ(تەق تەق) لە(دەواجینەکەی تەق تەق) سجنمانیان کرد. بۆبەیانی جەیشەکە گەیشتبووە گوندەکەمان و بەشۆفڵ تەختیان کردبوو، سێ زەلامیش لەئاوایدا مابوونەوەو خۆیان شاردبۆوە گیرابوون و هەرسێکیانیان کەلەپچە کردبوو سواری کۆپتەریانیان کردبوو برد بوویانیان و تائێستاش هەواڵیان نی یە.. ئەوانیش (١-خەلیل حاجی رەشید سلێمان ٢-حەیدەر محمد سلێمان ٣-میرزا ئەحمەد یاسین)بوون.. وەك باقی خەڵکی ئاوای ئەوانیش بێ سەرو شوێنن..

شەوێك لەدەواجنەکەی تەق تەق هێشتمانیانەوە عەسکەریەکی زۆری لێبوو. کەتەماشای هێزەکەت ئەکرد ئیتر ئەتزانی کەئەم حکومەتە نیازی چی‌یەو ئەتزانی کەئەم جارە دارو بەردی ئەم کوردستانە بەسەریەکەوە ناهێڵن.. ئەتزانی هێزەکە لەوەیا نی‌یە کەبەری پێبگیرێت، وارۆژێ دووان پێشمەرگە مقاوەمەتی کرد، قواتەکە لەحساب ناهاتو تەواو دڵنیا بووم کەهەموو ئەم میللەتە بەم دەردەی ئێمە ئەچێت..

بۆبەیانی ئێمەیان خستە سەیارەوە ئەو قافڵەی سەیارانە ئەتووت دەنك تەزبیحە بەدوای یەکەوە ئەمسەرو ئەوسەری دیار نەبوو بەرێمانیان خستو حیمایەکی زۆر لەپێش‌وپاش سەیارەکان‌و هەرسەیارەیەکیش عەسکەرێك‌و دووان بەتفەنگەوە بەدیارمانەوە وەستا بوون.. سەعات ٦ ی ئێوارە گەیاندمانیانە (تۆبزاوا).. تۆبزاواچی هەرچی کورد هەیە لەوێ بوو.. بڕوابکە ئەتووت رۆژی حەشرەو قیامەت هەستاوە دەرزیت هەڵدایا بەزەوی نەدەکەوت.. ئەم وەجبە سەیارە خۆی ئەکردە ناو مەعەسکەرەکەدا وەجبەیەك دەرچوو.. ئەم وەجبە دائەگیرا. وەجبەیەك بارئەکرا.. مەعەسکەرەکەیش گەلێ گەورە بوو حەوشەیەکی گەورەی هەبوو چواردەوری تەلبەند بوو جێگای ئەم هەموو (شێخ بزێنی‌یەی تیائەبوومەوە).. کۆمەڵێ قاعەی درێژ درێژی لێبوو هەمووی پڕکرابوون لەخەڵك..

حەوشەکەیشی پڕی خەڵك بوو.. خەڵکی هەموو ناوچەکانی کوردستانت دەبینی.. هەر بەجل‌و بەرگ‌و جامەدانی یەکانیان دەمزانی خەڵکی چی‌ناوچەیەکن..

لەچەند شوێنێکەوە بەرێز خەڵك رێکەخراو ناویان دەنوسرا.. ئەوی دەفتەر نفوسی پێ بوایا لەسەر دەفتەری نفوسەکەی‌و ئەوی پی‌ی نەبوایا بەکەیفی خۆیان تەمەنیان بۆدادەناو بەپی‌ی ئەو ناونوسینە لێکتر جیادەکراینەوە.. زەلامی گەنج بەجیاو پیرە مێردو پیرێژن بەجیاو ژن‌ومناڵی وورده بەجیاو کچە جوان‌و جەهێلەکانیش بەجیا.. ئەوخەڵکە دەکران بەچوار فیرقەوە.. بەچوار بەش‌و هەرلەویا خەڵکی ئاوای ئێمەیش هەموو

لەیەكتر جیاكراینەوە.. چەندێ هاوارمان كردو هەوڵماندا سودی نەبوو.. خێزانی وابوو بەرهەر چوار بەشەكەی دەكەوتن.. بەبەرچاو خۆتەوە كورەگەنجەكەتیان پاڵ دەنایە ناو گەنجان و كچە جهێلەكەت بۆناو كچان و ژن و منداری بۆناو ژن و مندالان و بۆخۆشت بۆناو پیرو پەككەوتەكان پەكلێش دەكرای..

وای لەو كاتەی تۆبزاوا كەچەند زەحمەتە تۆ جەرگەكەت، ناموسەكەت، بەزۆری لێزەوت بكەن و لەیەكتر جیاتان بكەنەوەو هیچ دەسەڵاتێكیشت نەبێ.. یاخوا ئەوەی بەسەر ئێمەدا هات گاورو جولەكەیش بەسەری نەیات.. یاخوا دوژمنیش ئەوەی بەسەر نەیات.. ئەتووت مەرو بەرخ لەیەك دائەبڕن ئاوا دایك و جەرگەكەیان لەیەك جیائەكردەوە.. زیرەو هاوارو ونزولەی ئەو خەڵكە گەیشتە كەشكەلانی فەلەك.. بەڵام كەس بەفریای ئەم كوردە داماوە نەكەوت..

من خۆم ئێستاش ئەو دیمەنە لەبەرچاومە كەچۆن منداڵەكانمانیان لێم جیاكردەوە چۆن پەلی یەكترمان رائەكێشا و ئەتووت دەمارێك لەناو دڵمەوە رائەكێشن كەعەسكەرەكان بەزۆر پەلیان رادەكێشت..

بەو حاڵە ئەو هەموو خەڵكەیان لەیەكتری جیاكردەوەو هەركەسەو لەگەڵ سنفی خۆیدا بۆئەو قاعانە بەرێمانیان كرد كەبۆمان دەست نیشان كرابوو.. بەڵام سەرم لەوە دەرناچوو زۆریان پەلەبوو نازانم پەلەی ئەوەیان بوو خەڵك تربەرێگاوە بوون.. نازانم یان ئەیانویست زووبمان بەن و كەس نەزانێ و بمانكوژن..

هەر ئەو شەوە خراینە قاعەكانەوە.. بەڵام تابەیانی لەتاو ئازاری دابڕان و لەیەكتر جیاكردنەوەمان ئاگامان لەدونیا نەبوو ئاگامان لەهۆش خۆمان نەبوو تابەیانی هەرئەمان لورانەوە لەتاوا.. خۆزگە بۆمەرگیش بوایا هەرپێكەوە ئەبووین.. جیاكردنەوەمان هەر سەعاتێكی مردنێ بوو..

تەنها یەك شەو لەتۆبزاوا ئێمەیان هێشتەوەو بۆبەیانی سەیارەیان هێناو ئێمەیان باركردو گواستمانیانەوە، سەیارەی مونشەئەیان هاورد بارمانیان

کـرد.. بـەڵام لـەتاوا ئاگامـان لـەخۆمان نـەمابوو بـەخوا نەئـەزانم چـەند سەیارەبووین‌و نەئەزانم سەیارەی چەند کەسیان تێ‌کرد، نەئەزانم کەی بوو خستمانیانە ڕێ..

بـەڵام ئـەوەندە ئـەزانم لـەدەرك قاعەکـە سـواری سـەیارەمانیان کـردو کەوتەڕێ‌و ناموسەکەمان‌و جەرگەکانمان لەوێ جێهێشت.. (دامانە دەست خوا)

ئینسان تاناخۆشی زیاتر ببینێ ئەوەی پێشتری لائاسان ئەبێتەوە.. ئێمە کەگیراین زۆر ناخۆش بوو بەڵام هاوردمانیان بەرەو کەرکوك لامان ناخۆشتر بوو ئـەمانووت دورمان ئەخەنـەوە لەناوچەکـەی خۆمـان‌و دیـارە نیازیـان خراپە.. کەلەتۆبزاوا لەیەکتر جیامانیان کردەوە ئاگر کەوتە هەناومانەوەو خۆزگـەمان ئەخواسـت هـەتامردن سجن بـێن بـەڵام بەیەکـەوە بوینایـا...، کەلەتۆبزاوایش گواستمانیانەوە ئـەمووت خۆزگـە دەسـاڵی تریش سجنبم بەڵام هەر لـەتۆبزاوا بوینایـاو ئـەوان لەقاعەیـەکی تـرو مـن لەقاعەیـەکی‌تر، خۆلەپەنجەرەکانەوە چاومان بەیەکەوە بوو..

ئێستایش وائەمانبەن خوا ئەزانێ بۆکوێمان ئەبەن‌و چی‌خراپتر ئەبینین.. ڕۆی تۆبزاوامـان جێهێشـت‌و هـەر ڕێگای کردو هەر نەبڕایەوە.. تاهـەنگاوێ زیـاتر لـەتۆبزاوا دور ئەکەوتـەوە ئـازارێ زیـاتر ئەکەوتـە ناوجەرگمـەوە.. شەومان بەسەردا هات‌و ڕێگا هەرتەواو نەبوو.. نازانم ئەتووت بۆئەو پەڕی دونیامـان ئـەبەن.. کەوتینـە هیلاکـەت لـەتینواو بەفـەتارات چوویـن لەبرسـا، ڕێگا هەر ئەوسەری نەبوو..

هەر شەو بوو ڕوناکی دەرکەوت وەك چراخان ئەدرەوشایەوە لەدورەوە.. ئیتر نـازانم هی‌ئـەوە بـوو دونیـا هـەمووی تـاریك بـوو تەنها ئـەو گلۆپانـە ئەسوتان یان هەر خۆیان واشەوقیان گەورەبوو..!

لـەدورەوە ئەدرەوشـانەوە.. لـەتاریکی‌دا هـەموو ڕونـاکی یـەك جوانـە.. گـەرچی ئەوە سجن بوو قەڵایەکی گەورەبوو پڕبـوو لـەکورد.. (نوگـرە بـوو نوگرە) قەڵای نوگرە بوو.. بەڵام ئەو شەوە ڕوناکی‌یەکی گەلێ جوان بوو..

بردمانیانە ئەویێ قەڵاکە هەندێ لەشوێنی بەرز دروست کرابوو، وەک بان گرد وابوو.. بەسەیارەکانەوە سەرکەوتنە سەرگردەکە.. قاپی قەڵاکە ئەوەندە گەورە بوو ئەو سەیارە گەورەو درێژانەی ئەخوارد هەموو سەیارەکان چوونە ژورەوە.. حەوشەیەکی گەلێ گەورەی هەبوو.. وابزانم دووقات بوو لەسەریەک دروست کرابوو کەئەچویتە ناو حەوشەکەی ئیتر لەئاسمان زیاتر هیچ شوێنێکی ترت لێوە دیار نەبوو..

تابەیانی لەناو ئەو حەوشەیە هێشتمانیانەوە.. کەخوا رۆژی کردەوە ئەوجا بینیمان کەئەو قەڵایەش پڕیەتی لەخەڵک.. نازانم ئەمانەیان کەی و لەکوێوە گەیاند بووە ئەوێ.. ئێمەیشیان بەپێی ناونوسین، دابەش کردە سەر قاعەکاندا.. رەنگە بڵێم هەر قاعەی ٢٠٠ کەس زیاتری تیابوو.. نازانم بڵێم چەند قاعەبوو.. بەڵام چەنێ لەقاتی خوارەوە بوو ئەوەنەیش لەسەرەوە دروست کرابوو بەگەورەی قەڵاکەیش ژێری ژێر زەوی بوو.. ئەوەنە حەوشەکەی گەورەبوو لەمبەری قەڵاکەوە بۆئەوبەری خەڵکت نەئەناسیەوە.. لەیەکەوە دوور بوون و قەڵاکە بەخڕی دروست کرابوو چوار دەوری هەمووی قاعەبوو رویان کردبووە یەکتری و لەوە ئەچوو ئەم قەڵایە هەربۆ سجن ئاوا کرابێ یان کەدروستیان کردوە رەنگە هەر ئەوکاتە بۆکورد دروستیان کردبێ و بەتەمای ئەو رۆژە بووبێتن.. ئەگینا ئەو قەڵایە بەوە نەبوایا بەهیچ پڕنەئەبووەوەو بەکەڵکی هیچی‌تر نەدەهات..

ئەو کاتە هەژدە بۆبیستی مانگی رەمەزان بوو لەجیاتی ئەوەی بەزەییان پێماندا بێتەوەو سور ئەزانن ئێمە هەموو موسوڵمانین و لەهەموو تەمەنماندا سەرمان چوبێ نوێژمان نەچووەو لەوەتەی خۆمان ناسیوەتەوە بەرۆژو بووین و رۆژمان لێنەخواردوە.. کەچی هیچ حورمەتی ئەو مانگە پیرۆزەیان نەگردو هیچ بەزەییەک و هیچ رەحمێکی خوا لەدڵیاندا نەبوو.. بەئەندازەیەکی خراپ ئەمانیان چەوساندەوە..

باس‌و بەسەرهاتی (نوگرە) تەواو نابێ.. تابڵێی بۆمان خراپ بوون.. تابڵێی زاڵم بوون لەگەڵماندا.. نان نەبوو ئاو نەبوو هەر مردین لەبرسا، کوێر بووین لەتینوا.. لەگەرما پیشاین..

رۆژی یەکجار خواردنیان ئەداپێمان ئەویش سەمونێکی عەسکەری زۆر رەق بوو لەگەڵ هەندێ ئاوی گەرم‌و تاڵ ئێمە بەرژیانمان ئاوی واتاڵمان نەدی بوو.. ئاوەکەیش رۆژانە بەتەنکەر بۆمان ئەهات‌و لەحەوشەکە ئەیانکردە ناو تانکی‌یەوەو ئیتر ئەبوو چەند سەعاتێك نۆرە بگری تائاوت بەرئەکەوێت.. هەر بۆئەوەی زیاتر ئازارمان بدەن‌و بمان چەوسێننەوە. لەکاتی نۆرە ئاوەکەدا ئەهاتن بەسۆندەوە ئەکەوتنە ناو ئەو خەڵکەو لێیان ئەدا.. سۆندەکانی دەستیان نوکەکەی ئاسنی تیابوو بەرهەر شوێنێکت بکەوتایا ئەتووت فیشەکە ئەوەندەی ئازاری هەبوو.. خوا ئاگادارە خۆم جارێکی سۆندەیەکیان داوەتە بان پشتم‌و لاقە برغەم داو ئەوە لەوکاتەوە تائێستا هەر شوێنەکەی ئەوەندەی جێ مشتێك ئەبێت رەشەوە بووە،،

رۆژێك هەرلەو سەرەگرتنەدا بۆئاو یەك سۆندەی لەوەی دەستیان دالەژنێکی خەڵکی ئاوای خۆمان بەتەنیشت منەوە راوەستابوو بۆئاو.. جێ وەجێ کوشتی.. ژنەکە ناوی (فاتم محمد لاوە) خێزانی (خالید حەمەخان)بوو هەردوای ئەوەی دایان لەقەبرغەی ناو زگی بڕی‌و کوشتی..

پیرە ژنی واهەبوو سەرسپی یان پیرەمێردی وای‌تیابوو دوو عومری منی هەبوو، لەتری ئەدا ئەڕۆیە رێوە.. کەلێیان ئەدا تاسەعاتێ دوای ئەوەش لەو عەرزەدا ئەکەوت‌و ئەکوڕوزایەوە، کەس لەترسا نەیئەوێرا بچێتە دیاری.. چونکە بەدەنگ هەرکەسێکەوە بچوایای تەعزیبتیان ئەدا.. بەخوا بەچاو خۆم دیوومە هەندێ عاموود لەناو حەوشەی قەلاَکەبوو زەلامیان سەرەو خوار پیا هەڵواسیوە تامردووە.. کەس نەیئەوێرا بچێتە دیاری.. یان ئەیانبرد لەبەر خۆرەکە ئەیانبەستەوە هەتا لەگەرما ئەتاسا.. کورە شتی وایان ئەکرد گاور نەیکردوە..

شتی وات ئەبینی قەت رووی نەداوە.. ژن و مێردێك هەردووکیان خەڵك ئاوای ئێمە بوون، خۆیان بەتەمەنبوون و پێنج منداڵیان پێبوو.. خۆیان و شانسیان لەتۆبزاوا لەبەر ئەوەی هەردوکیان پیربوون منداڵەکانیشیان لەگەڵ خۆیان نوسی و لە(نوگرە) بوون.. یەکەم جار باوکە کەیان مرد دوای دایکەکەشیان مرد.. باوکیان ناوی (غەفور ئەحمەد مصطفی)بوو دایکیان ناوی (تێلی واحید محمد)بوو ئەو پێنج منداڵە بێ دایك و باوکە لەوێ مابونەوە خەریك بوو جەرگم دەرچێ بۆیان زەلیل بوون ئەوەندە رەزیل بوون گاوریان پێ موسوڵمان ئەبوو کەچی ئەو زاڵمانە بەزەیان پێیاندا ناهاتەوە کەسێك نەبوو هەڵپەی قومێ ناویان بۆبکات.. لەوێ کەس بەکەس نەبوو کەس بەفریای کەس ناکەوت رۆژە رەشێ بوو..

من دایکم لەگەڵمان بوو لەوێ بەخوا لەبرسا وردە وردە وشك بۆوەو مرد.. کاتێ مردو کەتەرمەکەیمان بردە دەرەوە لەقەڵاکە گەرچی کەخەڵك ئەمرد هەندێ زەلامی خۆمان بەگوپوتین تربوون لەئێمە هەر ئەوان ئەیانبردە دەرەوە.. کەدایکم مرد خۆیشم لەگەڵیاندا چوومە دەرەوە ئەوکاتە زانیم کەمردووەکانمان ئەدرێتە سەگ.. من لاشەی دایك خۆم بینی بەدەم سەگەوە.. ئیتر ئازارو پەت پەتی هەیە لەدونیادا لەوە ناخۆشتر..!!

کێ ئەمرد لاشەکەی ئەبووە خۆراکی سەگ.. هیچ نەبوو چاڵی پێبکەیت.. هەروا قلێ لمت ئەکردە سەر لاشەکەیدا لەولاوە سەگە رەش لمەکەی لائەداو لاشەکەی هەڵئەدڕی..! سەگەکانیش هی(عوربان)بوون کۆمەڵێ رەشماڵ بوون لەولای (نوگرە)وە دیاربوون سەگەکان هی ئەوان بوون... جگەلەو رەشماڵانە هیچیترت نەئەبینی لەدورەوە (سەلمان) دیار بوو ئەویش قەڵاکەی دیار بوو لەناو سەلمانیش قەڵایەکی تریش وەك ئەوەی (نوگرە) هەبوو ئەیانووت ئەویش پڕیەتی لەسجن، سایەق تەنکەرەکان وایان ئەووت کەئاویان بۆمان ئەهێنا ئەوان ئەیانووت قەڵایەکی تریش وەك ئێرە هەیە خەڵکی تریش وەك ئێوەی تیا سجنە.. مەگەر خوابزانێ لەچەند شوێن

سجنی هەبووە، ئەگینا ئەو هەموو خەڵکەی تۆبزاوا لەکوێ جێگایان نەبووەوە ئەگەر کۆمەڵە قەڵایەکی وای نەبووبێ..!

زۆر سەیر بوو هەرجارە ناجارێك هەندێك سەیارە ئەهاتو وەجبەی تریان ئەهێنا.. چەنێکمان لێ ئەمرد ئەوەندەی تریان بۆئەهێنا.. هەبوو تازە گیرابوو هەبوو لەسجنی ترەوە نەقڵیان ئەکرد بۆلای ئێمە..!

جارێکی پێمانیان وت دووسێ رۆژیتر جەژنی قوربانە.. دڵمان خۆش بوو بەڵکو بەبۆنەی جەژنەوە عافواتێ بداتو بەرمان بدەن یان هیچ نەبێ ئەو دووسێ رۆژەی جەژن لەگەڵماندا باشتربن و بەڵکو هیچ نەبێ هەرخواردنێکی باشمان بدەنێ..!!

کەچی ئەو دووسێ رۆژەی جەژن هەرکوشتمانیان لەتینواو لەبرسا بای ئەوە سەمونو ئاوەکەیان ناهێنا هەروەك جاران بمانەنێ نیوەی ئەو خەڵکەی خستە هیلاکەت.. زۆر کەس لەوسێ رۆژەدا لەتونیدا خنکانو لەبرسا مردن..

رۆژێك عەسکەریەکان هاتنە ناو حەوشەکەوە کردیانە تەقەکردن.. وتمان بەڵکو ئەمە خوایە غافوات بێتو بەرمان بدەن وائەم عەسکەرانە تەقە ئەکەن..، یان شێك بووبێ گشتمان نەجاتمان بێ.. کەچی وتیان شەڕی ئێرانو عێراق وەستاوەو تەقەکانیان بۆئەوە بووە.. شەڕ وەستان بەئێمە چی. ئێمە چاوەڕێی دەرویەکی خێر بووین ئەو هەموو رەزالەتەی دیبوومان هەموو شتێکی لەبیرمان بردبۆوەو تەنها خەمی خۆمانمان بوو.. کوڕو منداڵەکانو ناموسەکەیشمان لەبیر چوبۆوە، مەگەر ئەو کاتانەی کەوەجبەیەکیان ئەهاورد ئەکەوتنەوە یادمانو ئەمانووت بەڵکو خوایە لەناو ئەم وەجبەیەدابنو ئەوانیش بهێنن بۆلای ئێمە باهەموومان پێکەوە بمرینو سەگ بمان خوات..

بەڵام هەر وەجبەیەکیان ئەهاورد هەمووی ئەختیار بوونو دیاربوو ئەم قەڵایە بۆپیرەکان بووەو خوا ئەزانێ گەنجەکانیان چیلێ کردووە..

ڕۆژێك وەجبەیەکیان هێنا پاكو تەمیس تر بوون لەئێمەو عایلە بوون پێکەوە.. لەوە ئەچوو تازە گیرابێتن..

کەقسەمان لەگەڵیان کرد، سەیرمان کرد هەڵەبجەیی بوون کاتی خۆی کەحکومەت بەکیمیایی داویێتی لەشارەکەیان ئەمانە رایان کردۆتە ئێران ئێستا بەحساب عافواتی بۆیان دەرکردبوو، سەیارەی ئێرانی هێنابویانی تاحدوودو حکومەت سەیارەی ناردبوە پیریانەوە هێنابوویانیەوەو پێیوتبوون ئەتانبەین بۆ موجەمەعو تەعویزتان ئەدەینەوەو لەدایرەکان داتان ئەمەزرێنین..کەچی هەر یەکسەر هاوردبویانیان بۆلای ئێمە بۆ(نوگرە).. مانگی پایز بوو ئەمان هاتن ماوەیەك دوای ئەوەی کەوتە تەقەکراو وتیان شەڕ عێراقو ئێران وەستاوە، مانگێ دوای ئەوە ئەبوو..

ئەو هەڵەبجەیانە کەهاتن کەلو پەلو خواردنیان پێبوو ئەوان وەك ئێمە نەگیرابوون بەشێوەی ئێمە نەیانیان هێنابوو هەر بەسەیارە لەئێرانەوە کەهاتبوونەوە چیان پێبوو بوو هەموویان هێنابوو بۆ(نوگرە)..

زۆر بەکەڵکمان هاتنو قاپوقاچاغیان پێبوو چێشتیان کردو چێشتیان داپێمانو نانیان دابەئەو خەڵکە.. بەخوا خێرێکیان دەست کەوتووە بەوەی کەچێشتیان داپێمان بەسەد زیارەتی (حەج) ئەوەندە خێرت دەست ناکەوێ.. ئێمە رەنگو تامو بۆنی خواردنی ترمان لەبیر چووبوەوەو ئەوەندە ئاوی تاڵو سەموونی بێخوێو رەقیان دابوو پێمان..!!

دوای ئەوەی هەڵەبجەییەکانیان هاورد یەك دووجاریش ئەهاتن بەناو خەڵکەکەدا ئەکەوتنە گەڕانو هەرکەسێ خۆیان ئەقڵیان بیگرتایا ناوەکەیان ئەنوسیو وابزانم دوو وەجبەیان بەوشێوەیە لێمان گواستەوەو کەس نەیئەزانی بۆکوێیان ئەبەن.. بەڵام دوای کەخۆمان هاتینەوە زانیمان کەئەو دوو وەجبەیەشیان بەردا بوو..!

ئێمەیش ئەوانەی وادواجار بەرمانیان داو ئیتر لەدوای ئێمە کەسی تری بەرنەدا، ئێمە لەمانگی یانزە بەربووین شەش مانگو پانزە رۆژ لە(نوگرە) بووم..

رۆژێك هاتن لەناو قاعەکانی ئێمەیش هەندێ ناویان نوسیو رۆیشتن، دووسێ رۆژی پێچوو هاتنەوە.. ئەو ناوانەی نوسیبویان بانگمانیان کردە حەوشەکەو کاتێکمان زانی هەندێ سەیارە پەیا بوونو هاتنە ناو حەوشەکەوە.. سواری ئەو سەیارانەمانیان کردو بێئەوەی بزانین بۆکوێیە کەوتنە رێ.. بەڵام بەخوا بۆناو جەهەنەمیش بوایا هەر لە(نوگرە) خۆشتر بوو..

هاوردمانیانە مەعەسکەرێك لەسەماوە، ماوەی پێنج رۆژ خزمەتمانیان کرد.. حەمامو تەراشو خواردنی باش.. ئیتر نەمان زانی دنیا گۆڕابوو چیبوو.. دوای زابتێك ووتی زووتر دوو وەجبەیان بەرداوە شێوەیان زۆر ترسناك بووە.. ئێوە تێر ئەکەینو قەڵەوتان ئەکەینەوەو ئەتانبەینەوە.. گاڵتەی پێمان ئەکرد.. ئەیووت وەك حەیوان چۆن دائەبەستن ئێوەیش ئاوا دائەبەستین هەتا قەڵەو ئەبن.. بۆخۆتان ئازاین زوو قەڵەو بنو برۆنەوە..!!

دوای ئەو پێنج رۆژە خستمانیانە ناو سەیارەوەو هاوردمانیانەوە بۆ تۆبزاوا.. ئاخ تۆبزاوا بۆئەو شوێنەی لەگەڵ جەرگەکانماندا جیاکراینەوە.. شەو بوو گەیشتینە ئەوێ.. تابەیانی لەوێدا هێشتمانیانەوە زۆر چاوم گێڕدا ئەمووت بەڵکو خوابکات منداڵەکانم لێرەبن.. بەیانی لەگەڵ خۆرکەوتندا خستمانیانەوە ناو سەیارەو بەرەو سلێمانی هاوردمانیانو پاشان هاوردمانیانە قایم قامیەتی چەمچەماڵو لەوێ بەکەفالەت بەرەڵامانیان کرد..

کەسوکار هەمووی تیاچووەو کەس نەماوە ماڵە ئاسیاوێك لە(تەکیە) گرتمانیانە خۆیان هەتا راپەرینو دوای ئەوەی رامان کردە ئێرانداو هاتینەوە.. من یەکسەر هاتمەوە بۆدێیەکەی خۆمانو لەوکاتەوە تائێستا لێرە ئەژیم..

بەڵام بەخوا هەر بەروح زیندوم.. هەموو رۆژێكو لەهەموو شوێنێکی ئەم ئاواییەدا شوێنی منداڵەکان ئەبینمەوە، بەدەست خۆم نییە (تۆبزاوا) ئەکەوێتەوە بەرچاوەو وەك ئەو دەقەیەی لەیەك جیاکراینەوە ئازارم ئەدات.. زۆر زەحمەتە ژنو منداڵو براو برازاو بووكو خوارزا، بیستو چوار کەسم

بێسەرو شوێنە.. بیستو چوار کەس هەر بەدەم ئاسانە.. هەریەکەیان بۆخۆی جۆرێک ئازاری خۆی هەیەو وەک برینێک وایە لەجەرگمداو هەموو رۆژێ ئەکولێتەوە..

هەرچەندە من خۆم مەرگی زۆر کەسم بینیو ئەزانم ئەوەی لەوێ بێ چۆن ژیاو چۆن مرد.. بەڵام قەت ناتوانم بێ ئومێدیش بمو هەر ئەڵێم بەڵکو خوابکات ئەمە دنیایەو خەبەرێ خێریان بێتو بێنەوە.. هەمیشە چاوم هابەرێو گوێ قوڵاغم بۆ هەواڵێک کەباسی ئەنفال بکات..

بەخوا هەر ئێمە بەرگەی ئەو ئازارە ئەگرینو شێت نابین ئەم دێیەی تۆ ئەیبینی چوار سەدو یەک کەسمان ئەنفالەو زۆربەی هەرە زۆریشی ژنو منداڵ بوون..

دێیان رووخاند ماڵیان سوتاند، زەلامیان بردو بەبەرچاوی خۆمانەوە دەستو چاویان بەستنەوەو خرانە سەیارەی سەرداپۆشراوەوە.. بەهەمووی بەقەدەر ئەوە نەبوو کەمناڵە کۆرپەکان لەناو سجن لەباوەشمان برفێنن و بیان بەن.. ئەوە لەئیشی بنیادەم ناچوو..

# ئینجی رەحمان عوسمان

لەدایك بووی ساڵی ١٩٢٢، گوندی حەمك

ناوچەی جەباری سەربە ناحیەی قادر کەرەم.. رۆڵە من گەلێ گەورەم لەعومردا لەزەمان مەلیکەوە لەبیرمە، کەس وەك ئەم زاڵمە نەبووە.. دەردە

سەریم زۆر دیوە لەژیانا بەلام هیچی وەك ئەنفال نەبووە.

ماوەیەك بوو دەنگو باس وابلاو بووبوەوە ئەیان ووت حکومەت ئەو ناوچانەی ئەو زۆرەی هەموو روخاندوە خەلکەکەی گرتووە.. ناشوکری خوا نەبێ ئێمە هیچ شوێنێکمان نەبینی بوو ئەمان ئەزانی ژوێرو خوار کوێیە.. بەلام ئەیانووت لای سلێمانیو قەراغی هەمووی وێران کردووەو ئەڵێن ئێمەش وەودەرنە نەبات..

چەند رۆژێك كۆپتەر وەك دالاش بەئاسماندا ئەهات و ئەچوو. خەڵكەكە ئەیانووت چواردەوری ناوچەكەی هەمووی گرتوە.. بەكۆپتەریش جێش و جاش ئەباتە سەر گردە بەرزەكان و سەررێگاكانی.. ئیتر رێگای هاتوچۆكردن بۆشار نەمابوو خەڵك لەشارەكان بەوحاڵەیان ئەزانی و كەس نەیئەوێرا بێتە ناوچەكەو لەدێیەكانیشەوە رێی دەرچونمان نەبوو تابەرەو شارەكان یان بەرەو ناوچەی تر برۆین. من لەتاریخ و ماریخ نازانم هەروا پانزە بۆ بیست رۆژێك ئەبوو نەوروزمان كردبوو كەلێمان قەومیا.. كەس نەئەپەرژایە سەر كەس، برابەفریای برا نەئەكەوت.. هەركەسەو هەوڵی ئەوەی ئەدا خۆی لەم لافاوەرزگار بكات.

ئێمەماڵی دوو كوڕو كچێكمان لەگەڵدا بوون (احمد حمە علی) كوڕم خۆی و خێزانەكەی و ٩ منالْ بوون ماڵی (فكری) كچیشم ٦ منالی پێبوو... شەو لەدێیەكەی خۆمان دەرچووین بەرەو ئەو هەردەو هەڵەتانە خۆمان شاردەوە.. چونكە خەڵكەكە ئەیزانی كەجێش دەوری ناوچەكەی گرتوەو دێ بەدێ هەمووی ئەڕوخێنێ و خەڵكەكەشی ئەگرێت و ئەیبات..

شەوكەچووینە هەردەكە من خۆم و ماڵ و منالەكانمان كەوتینەرێ بەرەو لەیلان هەربەپێ بەو بناركەن و كەڵۆزانەدا رۆیشتین، بەشكوو ئەمە خوایە رزگارمان بێت و بگەینە شار. شەو هەرێمان كردوو نەوەستاین بەلام خەریكە زیرە بكەین هەروا زرمەی تۆپ دێو گورەی سەیارەیە بەورێگاو بانانەدا دێت و دەچێت..

ئێمە ئەوەمان دابووە چاو كەئەمشەو بەدزیەوە خۆمان لەوچوار چێوەی جێش و جاشە رزگار كەین و بگەینە نزیك لەیلان تالەوێوە بچینە كەركوك. چونكە ماڵ كچێكم لەكەركوك بوو.. بۆبەیانی جاش بینیمانی گرتمانیان.. پێش ئێمەش و دوای ئێمەش كۆمەڵێ ماڵ و منالی تریان گرتبوو كەلەدێیەكانەوە خۆیان دزی بووەو وەك ئێمە بەهیوا بوون رزگاریان بێت و نەگیرێن.. هەر لەكەركوكەوە بۆ لەیلان و قادر كەرەم و بەرەو ئەو گەرمیانەو ئەیان ووت لەكفری و كەلار و چەمچەماڵیشەوە وەك بازنگ تەوقی ناوچەكەی

کردەوە.. بۆ هەرلایەك بچویتایە هەرئەچویتە بەردەم ئەو جێش و جاشێلە.. ئێمە کەگرتمانیان عەسکەریان تیانەبوو هەمووی جاش بوون.. جاش (دەوریْ خراوی گێڕا رۆڵە) ئەیانتوانی نەمان گرن و نەجاتمان بێت.. بەڵام ئەتووت بۆ ماڵ خوای ئەکەن..

دامانیانە پێش و بردمانیان بەرەو لەیلان لەهەردەیەکدا خڕمانیان کردەوەو پەیتاپەیتا خەڵکی تریان لەوشیوو دۆڵانە ئەگردو ئەیان هێنا..

هەر لەوێ کەوتنە ناومان هەرچی نێرینە هەبوو جیایان کردەوەو ئەوانیان برد بۆ مەعەسکەری لەیلان.. رۆژێکی گەڵ ناخۆش بوو هەموو جەرگەکانمانیان بەبەر چاومانەوەبرد.. لای خۆی ئەوانە کورد بوون نۆر تکامان لێیان کرد یان خۆشمانیان لەگەڵدا بەرن یان ئەوانیش هەر لەگەڵ ئێمەدا بهێڵنەوە.. بەڵام فایدەی نەبوو.. جاشێك ئەیووت ئەیانبەین عافواتمان بۆیان وەرگرتووەو ئەیانهێنینەوە.. یەکێ تر ئەیووت ئەیانبەن تەسلیم حکومەتیان ئەکەن ئەڵێن ئەمانە هەمووی (ئێرانین).. هەریەکی قسەیەکی ئەکرد.. زەلامەکانیان بردو ئێمەشیان هێشتەوە، ئیتر نازانم چاوەڕێی چیان بوو وائێمەیان هێشتەوە..

وەرە بەبەرچاو خۆتەوە نازیزترین خەڵکت بەرن و هیچ دەسەڵاتێکت نەبێت.. بەڵام رۆژە رەش بوو شعورمان لەلای خۆمان نەمابوو.. ئەگینا حەق بوو هەرلەوێ هەموومان خۆمان بکوشتایە..! من لەگەڵ سێ ژنیتر (ئاسکەو وەزیرەو نەسرین) خۆمان لەو خەڵکە جیاکردەوەو فرسەتمان بینی بەرەو کەرکوك کەوتینە رێ.. زوتر زەلامەکانیان بردو خۆشمان ئەو قەوم و قیلەیەی ترمان بەجێ هێشت.. بەخوا لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا قاژەیەك ئەکەوتە جەرگمەوە.. بەڵام چی ئەکەیت رووح شیرینە.. بەهەر ترس و لەرزو هیلاکەتێك بوو گەیشتینە کەرکوك، لەگەڕەکی (شۆریجە) من ماڵی کچێکم ناوی (گورجی) بوو لەگەرەکی شۆریجە بوو ژنی جەبار بوو، من چوومە ماڵی کچەکەم و ئەو ژنانەی لەگەڵم دابوون چوونە ماڵە هارسێکانیان. وتمان باهەموومان پێکەوە نەبین و تاناشکرا نەبین و قوڕنەکەین بەسەر ئەم

ماڵانەشدا.. چونکە حکومـەت هەڕەشـەی ئـەوەی ئـەکرد کـەس نـابێ هیـچ کەسێ بگرێتە خۆی.

رۆژی یەکەم لەماڵ کچەکـەم بـووم و هیـچ دەنگ و باسـێ نـەبوو، کـەمێ هیلاکی رێگەمان دەرچوو ئەوکاتە هەستم ئەکرد چی کارەساتێکمان بەسەر هـاتووە.. کـەمێک کەوتبومـەوە هۆش خۆم ئەوسا ئـەمزانی ئەمە چیکۆست کەوتنێکە.. کوڕو کوڕەزاو براو هەرچی زەلامـمان هەیە رۆیی و ئەو هـەموو ژن و منداڵانـەش مەگـەر خوابزانـێ بـەو دەشـتەوەو لـەناو ئـەو هـەموو تـۆپ و تەیارەیەدا چیان لێ دێت..

زاواکەیشم دەنگ و باسـی ناوشـاری هـاوردەوەو ئەیووت حکومـەت هـەر جێش ئەبات بەرەو ناوچەکەو هەروا کۆێتەر ئەڕوات بەرەو قادر کەرەم و قەرە حەسەن و دێتەوە.. دەنگ و بـاس گـەلێ خراپـەو ئـەڵێن جێش ئەگاتـە هـەر دێیەک ئەیسوتێنێ و بەشۆفڵ تـەختی ئەکات و خەڵکەکەیشی بەژن و منداڵ و زەلامەوە هەمووی ئەگرێت.. ئەیووت ئەڵێن لەهەندێ شوێن پێشمەرگە شەڕ ئەکات بەڵام بـەچی ئـەچێ هـەرزوو هـەمویان ئەکوژرێن قوەتەکەی حکومـەت لەکێشا نەبوو..

بەهـەرحاڵێک بوو ئەو رۆژەم بردەسـەر شـەوەکەی تایبەتی خـەو نەهاتـە چاوم هـەر گریـام و لالأمەوە هـەر تـەزبیحاتم کـردوو پاڕامەوە بەشـکو ئەمـە خوایە ئەم وەزعە کۆتـای بێـت و رزگارمـان کـەیت.. خوا بکات زەلامـەکانمان سـەلامەت بن و ئـەو ژن و منداڵـەی ئـاوایش نـەجاتیان بووبێ.. خوایـە بینـێ لەدڵی ئەم زاڵمەو قەرارێ دەرکات.. ئەم لافاوە راگرێ.. تایبەتی هەزارو یەک داڵغەم لێدا..

بۆ بەیانی نـازانم ئیخبـاری کـرا بوویـن.. نـازانم ئەم حکومەتـە غـەیبی هـەبوو، چیبوو.. لەدەرگایاندا کـاتێ منداڵـەکان دەرگایـان کـردەوە کۆمـەڵێ عەسـکەری جـل مغـاوێری خۆیـان کـردە ژووردا هـەر زوەوە تـۆق بـووم، خوایەگیان من لـەترس ئەمانە ئەو هەموو ژن و منداڵەی خاوایی و ئەوکەس و کارەم جێ هێشت.. ئەم زاڵمانە لەکوێوە پەیابوون.. من ئەمی ئەوەندە لەخوا

پاڕابوومەوە.. دڵم خۆش بوو ئەم ووت ئەم شەو ئاهوو نزولەم گەیشتۆتە قاپی خواو ئەوانیش رزگاریان ئەبێ.. چوزانم خۆیشم بەو دەردەی ئەوان ئەچم و خراپتریشم بەسەردێ..

هاتنە ژوورەوە.. داوای وەرەقەی (أحسا)یان کردو داوای هەویەی ماڵ و منداڵ و کەوتنە گەڕان بەناو ماڵەکەداو منیان لەگەڵ خۆیانا بردە دەرەوە.. چەندێ کچەکەم هاواری کردو پاڕایەوە ئەمە دایکمەو نەخۆشەو ساڵێکە لای منە.. فایدەی نەبوو.. پیاوەکەیشی لەماڵ نەبوو من و کچەکەشمیان گردو ئەو سێ ژنەش کەلەماڵە هاوسێکانیان دابوون ئەوانیشیان هاوردو لەهەر ماڵێك یەکێکی خاوەن ماڵە کەشیان گرد.. بردمانیانە مەقەڕێك ئێستاش ناوەکەی لەخەیاڵم ماوە وابزانم ناوی (مەیسە لوون) بوو...

لەوێ کچەکەی من و خاوەن ماڵەکانیان لەئێمە جیاکردەوەو ئێمەیان خستە سەیارەوە مەگەر هەر خوا بزانێ بۆکوێ کچەکەم و ئەو سێ ماڵەی تریش لەو مەقەڕەیا خستیانیانە سجنەوە.. ئێمە دوایی کەبەر بووین و گەڕاینەوە زانیمان کەئەوانیان یەك مانگ لەئەمن کەرکوك سجن کردووە لەسەر ئەوەی داڵدەی ئێمەیان داوە گوایە ئێمە ئەنفالین..!

بەسەیارە بردمانیان بەرەو خوار کەرکوك.. نازانم چی نەگبەتی یەك بوو تووشی ئێمە بوو، سەد خۆزگەمان ئەخواست کەهەر لەگەڵ ئەو قەوم و قیلەی ئاوایدا بمانیان گرتایا بەس نەبێ گشتمان پێکەوە بووین... ئاخر ئێستا ئێمە ئەگەر بمانخەنە ئاوەوە.. ئاگرەوە.. کێ بەهەواڵمان ئەزانێ.. نازانم چەنێکی پێچوو.. کردمانیانە ناو مەعسکەرێکەوە، دارهەڵدەی بەزەوی ناکەوێت.. هەرچی کورد هەبوو لەوێ بوو.. خێرا خێرا بەقاڵە خەڵك تریان ئەهاوردو دایان ئەگرد.. ئێمەشیان داگرد... بەوخوایە ولەوسەعاتە رێیەدا ئەوەندە ترسابووین.. لەوێ وامان ئەزانی بەردراوین. خۆنەگەر بشمان کوژن لەگەڵ قەومەکەی خۆمان داین و دنیایە ژن و منداڵ و زەلامی لێیە... نێ تۆ بڵێی ئەم عالەمەش هەر بکوژن.. بۆچیمان کردووە.. هەر دامانیان گرد لەسەیارەکان بەناو ئەو خەڵکەدا کەوتینە چاو گێڕان بەڵکو ئەمە خوایە..

زەلامەکان ئێمەیش لێرەبن.. یان بڵێی ژن و منداڵ ئاوای ئێمەیشیان گرتبیٚ و هێنابێتیانە ئێرانە.. زۆر چاوم گێڕا.. براکەس لەکەسەوە دیارنەبوو.. ئەمسەرو ئەوسەری نەبوو.. چەنێ خەڵك لەو ساحەیەیا کۆمەڵ کرابوون بەئەوەنە خرابوونە قاعەوە..قاعەی دنیای تیا دروست کرابوو بەدوای یەکەوە ریزکرا بوون ئەتوورت قافڵەی سەیارەیە.. هەمووی هەر پڕی خەڵك بوو.. کویێ ئەگەڕێی.. لەکێ پرسیار ئەکەیت.. واهەر پەیتا پەیتا خەڵکی تریان ئەهاورد.. دایانیان ئەگردو کۆمەڵ کۆمەڵ ریز ئەکران و ناو ئەنوسراو ئەخرانە قاعەوە.. ئێمەش کەوتینە ناو کۆمەڵێکەوە کەسیانمان ناناسیو خەڵکی ناوچەی ئێمەش نەبوون.. ترنجانمانیانە قاعەوە.. ئەوەنەیان تیٚ کرد بوو.. ریێ نەبوو بجوڵێینەوە..

لەناو ئەو قاعەیە کەلەخەڵکەکەمان ئەپرسی لەویێ زانیمان ئێرە (تۆبزاوە)یە.. ئەیانووت زۆربەی ئەو خەڵکەی کەگیراوە هاوردویانە بۆ ئێرە. ئیتر کێچ کەوتبوە کەوڵم چۆن سۆراغی کورەکانم بکەم چۆن بزانم لێرەن، لێرەنین.. چۆن بزانم ژن و منالی ئاوای چیان بەسەر هات.. قاعەکە پەنجەرەی زۆری تیا بوو، چووبومە ناوپەنجەرەیەك و چاوم ئەگێڕا.. بەخوا هەر کەسێك بکەوتایەتە بەرچاوم جل و بەرگەکەیشی لەوەی کورەکانی منی بکردایا.. وەخت بوو ئاگر لەهەناوم بەربێت...

پێنج رۆژ بەو دەردەسەریە لەوقاعەیەدا ماینەوە.. پێنج رۆژ لەو پەنجەرەیەوە چاوم ئەگێڕا بۆ کورەکانم بۆ کچ و کچەزا بۆ کوڕەزا بۆ قەومانی ئاوایی.. پێنج رۆژ بەبەر چاومەوە بەزیل عەسکەری بەگلاّبە بەکۆستەر خەڵکیان هاوردو خەڵکیان برد.. پێنج رۆژ بەبەر چاومەوە پۆل پۆل زەلامیان ریز ئەکردو دەست و چاویان ئەبەستنەوەو لەسەیارەی (سەرداپۆشراو) باریانیان ئەکرد، مەگەر خواو سەدامو سایەق سەیارەکان زانیبێتیان بۆ کوێیان ئەبەن.. پێنج شەوو پێنج رۆژ لەو پەنجەرەیەوە چاوم بڕی بووە قاپی خوا.. بەخوا مەگەر خوا بۆ خۆی بزانیێ چیان بەسەر ئەو خەڵکەدا

هاورد.. خەڵك والەگاورو جولەکەیش ناکات.. نازانم خۆلای خۆی ئەمانە موسوڵمان بوون‌و ئێمەش موسوڵمان بووین، بۆ وایان پێمان ئەکرد...

لەو پێنج رۆژەدا لەناو ئەو قاعانە مردنمان بەچاو خۆمان بینی.. بەئەنقەست تینومانیان ئەکرد، برسیمانیان ئەکرد.. سوکایەتی دنیایان پێمان ئەکرد..

ئێوارانێ هاتن لەناو قاعەکەماندا هەرچی زەلام‌و مێرد منداڵ هەبوو بردیان وەك ئەو هەموو زەلامەی قاعەکانی تر... من هەر چەندە لەمەردەکەی نزیك لەیلان کورەکانمانیان جیاکردەوەو بردیان‌و حەوت رۆژ بوو زوخاوم بۆیان هەڵئەرشت.. بەڵام کەبەبەرچاومەوە ئەو هەموو زەلامانەیان پەلکێش ئەکردو قیژەی ژن‌و منداڵ بۆ باوك‌و برای ئازاری خستەوە جەرگم‌و وێنەی کورەکانم ئەهاتەوە بەرچاوم کەجاشەکان بەزۆر لەئێمەیان جیاکردەوەو بردیانیان.. کەمنداڵم ئەبینی قاچی باوکی ئەگرتو ئەی قیژاند (باوکە مەرۆ جێمان مەهێڵە).. سەرباری ئەو دەردەسەری‌و بەشمەینەتی‌و پەت پەتی یەی بەسەر خۆمدا هاتبوو.. قازەی جەرگم بۆ ئەوان ئەهات‌و بەزەیم پێیاندا ئەهاتەوە.. نازانم ئەو زاڵمانە چی ئۆمەتێك بوون وارەحم خوا لەدڵیاندا نەبوو.. بەزۆرو بەپەل راکێشان ئەو هەموو گەنجە جوان‌و جاحێڵەیان برد.. !

وەدوای ئەوان شەوێك هاتن لەقاعەکە هەرچی منداڵی تیا بوو کەوتنە جیاکردنەوەی ئەوانیش‌و یەکە یەکە ئەیانخستنە دەرەوەی قاعەکە.. (ئۆهخوایە ئەوەی ئەو شەوە من دیم‌و بەسەر ئێمەدا هات، بەسەر گاورو جولەکەشدا نەیات) خەڵك والە دوژمن خۆیشی ناکات.. نازانم کوێراییان دایا چۆن دڵیان ئەهات والەو منداڵە کۆرپانە بکەن..

هەرچەندە من منداڵم پێ نەبوو بەڵام بەقەدەر هەموو ئەو ژنانەی منداڵەکانیان لەباوەشیان ئەرفان، ئازار کەوتبووە جەرگمەوە.. تۆ وەرە بیهێنەرە پێش چاو خۆت لەچوار شەوو چوار رۆژدا ماڵت تاڵان‌و ئاواییەکەت بسوتێنن، خۆت بگرن مێردو براو کورو کچت هەموو پەلبەست بکەن.. بەبەرچاو خۆتەوە هەرچی نێرینەت هەیە ببیەن‌و نەزانی چیان

بەسەر دێت‌و خۆت تینوو برسی بکەن‌و سجنت کەن‌و لەناو سجنیشدا بێن منداڵە وردەکان جیاکەنەوەو بیان بەن.. خۆزگە وا ئیمڕۆ ئەوەندە (ڕەسم گر) زۆر بووە.. ئەوکاتە ڕەسمی ئەو خەڵکەو ئەو قاعەیە ئەگیرا.. بزانم لەهەموو دنیایا کەس وای بەسەر هاتووە.. ناڵێم خۆزگە بەچاو خۆتان ئەتانبینی‌و یاخوا دوژمنیشم ڕۆژی وانەبینێ.. بەڵام خۆزگە ئێمە بمانتوانیایا وەك خۆی بۆتانی بگێڕینەوە.. بەخوا باس ناکرێ‌نا، کەس ناتوانێ وەك خۆی بۆتان بگێڕێتەوە..

منداڵ پەلێکی بەدەستی دایکی‌یەوەو پەلەکەی تری بەدەست عەسکەری‌یەوە پەلکێش ئەکرا.. بەخوا بەچاو خۆم بینیومە کەمناڵەکەیان بەکێش ئەکردو دایکەکەی پەلی گرتبوو بەری نادا.. عەسکەرەکان بەقۆناغە تفەنگ ئەیاندایە سەرو ملی دایکەکەدا تابەو شێوەیە مناڵەکەیان لەژێر دەستی دەرئەکردو پەلکێشیان ئەکرد... منداڵ چی هەمووی تۆقی. لەتاوا ئەیان زیڕاندو هاواریان بوو بەخوا وەك چۆلەکە بەدەست ئەو عسکەرە زاڵمانەوە هەڵدەلەرزین..

تائەوەیان لەگەڵمان ئەکردبوو من هەر ئومێدم هەبوو بەرمان ئەدەن‌و ترسەکەم کەمتر بوو.. دێیان رووخاند ماڵیان سوتاند، زەلامیان بردو بەبەرچاوی خۆمانەوە دەست‌و چاویان بەستنەوەو خرانە سەیارەی سەرداپۆشراوەوە.. بەهەمووی بەقەدەر ئەوە نەبوو کەمناڵە کۆرپەکان لەناو سجن لەباوەشمان بڕفێنن‌و بیان بەن.. ئەوە لەئێشی بنیادەم ناچوو.. ئەمانە وەحشی بوون.. ئەگەر وەحشی نەبوونایا چۆن دڵیان ئەهات والەو پەپولانە بکەن.

ئەو شەوەمان بەشێوەیەك ڕۆژ کردەوە مەگەر دۆزەخ وابێ وەك باسی ئەکەن.. تابەیانی هەموومان هەرهارو شێت بووین ژن واهەبوو تابەیانی رەنگە ١٠ جار بورابێتەوەو هاتبێتەوە هۆش خۆی.. دیار بوو ئەو قاعەیەی مناڵەکانیان تێ‌کردبوو ولێمانەوە نزیك بوو چونکە تابەیانی گوێمان لەزیڕەو هاواری مناڵەکانیش بوو.. ئەوشەوە بڕوام وایە زریکەی منداڵ‌و ئاهوو

نزولەی دایک گەیشتبێتە لای خواو (خوا) شەو ئابێتی لەدڵی (سەدام) کەقەرارەکە بگۆڕێت..

چونکە بەیانی زوو منداڵەکانیان هاوردەوەو کردیانەوە ناو قاعەکەو.. منداڵ گشتی ئەوەندە گریابوو ئەوەندە هاواری کردبوو، ورووگێژ بوو بوون.. لەو دەقەیەی منداڵەکانیان هاوردەوە ئەوەندە دڵمان پێ خۆش بوو وەک ئەوەی هیچ رووی نەدابێ.. ئەم کوردە ئەوەندە دڵمان ساقە کەمنداڵەکانمان بینیەوە ئەو هەموو مەینەتیی‌و پەت پەتیەی ترمان لەبیر چوەوە..

قەدەرێ دوای ئەوە ئەمجارە هاتن کەوتنە ناو قاعەکە هەرچی بەتەمەن هەیە جیامانیان کردەوەو یەکەیەکە ئیشارەتی بۆ ئەکردی‌و ئەبوو بەدەم بانگکردنەکەیەوە بچیت‌و ئەتیان کردە دەرەوە.. ئیتر پیرەژنی واهەبوو کۆمەڵێ منداڵی پێبوو.. دوێنێ منداڵەکانیان بردو بەو دەردەمانیان برد.. ئەمرۆش خۆمان.. ئەمجارەش ئەتبینی منداڵ پەلاماری ژنەکانی ئەداو ئەیانقیژان کە جێیان نەهێڵن بەڵام فایدەی نەبوو.. ئێمەیشیان دەرکردە دەرەوەی قاعەکان. وتم رەنگە وەک منداڵەکان هەربۆ عەزاب وامان لێ بکەن شەوێک بێت‌و بەیانی بمانگەڕێننەوە قاعەکە..

کەچی کەهاوردمانیانە دەرەوە سەیرم کرد کۆمەڵێ سەیارە ریزکرابوون گشتی سەیارەی (سەوزی سەرداپۆشراو بوون) کەئەچویتە ناویەوە هەمووی کورسی کورسی بوو بەدوای یەکداو شوشەکانی رەش بوون دنیات لێوە دیار نەئەما.. پڕیان کردو دەرگاکەشیان پێوەئەداو سەیارەکە کەمێک ئەجولاو ئەچووە پێشەوە. دیار بوو سەیارە سەیارە پڕیان ئەکردو چاوەڕێی بوون گشتی پڕبێت‌و بەڕێمان بخەن...

سەیارەی هەشت ریز کورسی تیا بوو هەرریزی چوار کەس، دوانی بەم بەرەوەو دوانی بەو بەرەوە... لەبەیانیی‌یەوە خستمانیانە ریێ.. هەموو هیلاک‌و تینوو برسی.. هەریەکەمان کوڕو کچ‌و کۆمەڵێ منداڵمان لێدا بڕاوە.. ئەبێ خوایە گیان خۆمان بۆ کوێ بەرن.. تۆ بڵێی بمانخەنە بەحرەوە نەجاتمان بێت..

هەریەکەو لەلای خۆیەوە ئەمانلورانەوەو ئەگریاین و فرمێسکمان هەڵئەڕشت.. ئاخر خوایە گیان ئەمانە بۆوامان لێ ئەکەن.. هەرکەس لەماڵەکەی خۆماندا بەکوێرەوەری ئەژیاین و زۆر شوکر بەقاپی خوا بووین.. هەقی کەس بەلامانەوە نەبوو. لەپای چیبەم دەردەمان ئەبەن..

سەیارە هەر ئەڕۆی و ڕێگەنابڕایەوە.. کونێکی نەبوو هەر نەفەسێ بدەین هەرخنکاین. خەریك بوو لەگەرما بتەقین.. لەتینوا کوێر بین.. ڕۆڵە عیبیشە بیگێڕمەوە ئەوەندە بەڕێگادا ڕۆیشتین و گەرمامان بوو تینوومان بوو هەبوو میزی خۆی ئەکردە ناو پێڵاوەکەیەوەو ئەیخواردەوە تالەتینوانا نەخنکێین..! پەت پەتی یەك بەسەر ئێمەدا هات نەبوونا.. بەیانی کەخستمانیانە ڕێ دوای خۆر کەوتن بوو لەشوێنێك سەیارەکان راوەستان و دامانیان گرد سەیرمان کرد واخۆر لەئاوا بووندایە.. ئیتر ئەوەنە هەر بەڕێوە بوو بووین بزانە چەند سەعاتە ڕێ بوو..

کەلەسەیارەکە دامانیان گرد هەرچەندە هەتا چاوبڕ کات هەر سەحرا بوو هەر لم بوو، چۆڵەوانی بوو تەنها قەڵایەکی گەورەی لێ بوو کەئێمەیان لەبەردەمی داگرد.. لەناو سەیارەکە ئەوەندەمان گەرما بوو بوو ئەوەندە بۆنی پیس و هەڵاوی ناو سەیارەکە بەسەرماندا هاتبوو.. ئەم سەحرایە بەلامانەوە زۆر خۆشتر بوو.. من چوزانم (ئەم، ناوجەرگەی جەهەنەمە)...

هەروا سەیارە بوو ئەهات و لەریزدا ئەوەستا قافڵەیە گەڵێ زۆر بووین.. یەکەیەکە دامانیان دەگرد و لەریزێکدا ئەمانیان وەستان.. لەبەر دەرگای قەڵاکە ئەفتەر بەدەست ناوتی ئەنووسی و ئەچوویتە ژوورەوە.. خەڵکەکە ئەوەندە زۆر بوو شەو تەواو تاریك داهاتبوو هێشتا سەرەمان بەر نەکەوتبوو بچینە ژوورەوە.

کەچووینە ئەودیو دەرگای قەڵاکەوە کەدەرگایەکی گەورەی هەبوو قەڵاکە زۆر دیوارەکانی بەرز بوون و خڕ دروست کرابوو.. دیووی دەرەوەی هەر دیوارێکی ڕێك بوو.. بەڵام لەژوورەوە دنیایەکی تر بوو.. هەمووی قاعە قاعە

ترت بکە باڵەوانیش نەمرن و نەبنە خۆراکی سەگ تاخوا دەروویەکمان لێ ئەکاتەوە)..

حاجی ساڵح ئەوەندە جەنازەی بردبووە دەشتەوەو دیبووی بەدەم سەگەوە لای ئاسای بوو.. من هەر هاوڕێ شێت بووم لەتاوا، بەخوا ئێستاش کزەی والەجەرگمداو ئێستاش گوێم لەحەپەی سەگ دەبێ ئەوەڕی ئەو ڕۆژانەم بیرئەکەوێتەوە.. ئاخ چۆن لەبیرمان ئەچێتەوە..!!.

هەر سەعاتێکمان مردنێ بوو.. ئەوان بۆیە بەگوللە نەمانیان نەکوشت تارەزالەتی زیاتر بچێژین.. بەخوا (جار جارێ زابتێ رەش بەراز ئەهات ناوی حەجاج)بوو.. کارێکی بەو عالەمە ئەکرد مەگەر هەر خوابۆ خۆی بزانێ..!؟ ڕۆژوابوو ئەهات بەناو قاعەدا ئەسوڕایەوە، ئەوەی کەوازۆر رەزیل بوایاو ئینسان بەزەی پیابهاتایەتەوە.. ئەو ئەوەی ئەبردە حەوشەی قەڵاکەو پەت پەتی دنیای پێ ئەکرد.. جاروابوو ئیختیار پەککەوتە واگیان ئەدا، ئەیبردە ئەو حەوشەیەو لەبەر ئەو خۆرە گەرمەو لەسەر ئەو چەمەنتۆیە رای ئەکشان و ئەیبەستە عەمودێکەوە.. تاگیانی دەرئەچوو..! کورە نازانم بڵێم چییان پێمان نەکرد بەخوا ئەوەی خوا پێ ناخۆش بوو کردیان. بەخوا بەیەکەوە سێ ئەختیاری بەو شێوەیە کوشت.. لەبەر خۆرەکەو لەگەرما ووشک ئەبوونەوە.. یەکیانم ئەناسی ناوی عبدالله بوو خەڵك تەپەسەوز بوو یەکێ تریشیان خەڵك قەڵاچەرمەڵە بوو، ئەوەکەی تریان نازانم خەڵکی چی ناوچەیەك بوو.. بەوشێوەیە هەرسێکیانی کوشت.. بەمردوێتیش هەر سوکایەتیان پێمان ئەکرد.. لاشەکەت بخەنە بەردەستی سەگ و لەجیاتی کفن و دفن.. بدەنە دەم سەگەوە، ئاخر لەچی زەمانێکدا بووە.. لەسەدام بەولاوە.. بەخوا ئەوانەی کەجەنازەکانیان ئەبردە دەرەوە ئەیانووت هەمووی هەر لەمەو هیچ نییە چاڵی پێبکەیت هەردای ئەپۆشیت و سەگەکان بەبەرچاو خۆمانەوە لەمەکەی سەری لائەدەن و لاشەکەی ئەخۆن.. بەڵام کەئەو دەرمانەیان کردبووە ناو تەنکەرە ئاوەکەوەو لەوشەو رۆژەدا ئەوەندەی مرد هەر لەژمارە ناهات.. وتیان حەفارەیان هێناوەو چاڵی درێژ درێژیان کردوە.

قوتویەك ئاو گەرمو تاڵیان ئەدا پێمانو سەعاتێ دوای ئەوە ئەهاتن ئەکەونە ناو ئەو خەڵکە ئەوەی سەموونو ئاوەکەی هەڵگرتبوو ئەوە ئەیانزانی بەرۆژوە.. لێمانیان ئەسەندەوە.

کورە ئیتر پەت پەتی دنیا بەسەرماندا هات گەڕو گول بووین.. ئەسپێو رشك خواردمانی گشت چرچو لۆچەوە بووین بەخوا ئەوەی مابوو تەنها پێستەکەی بوو بەسەر ئێسقانەکەیا رەش هەڵگەرا بوو..

هەر رۆژێ کۆمەڵێکی لێ ئەمردو بۆ خۆی نەجاتی ئەبوو.. من یەکەم جار خۆزگەم بەمردوەکان ئەخوارد ئەمووت بەجەنازەیش بێت ئەیبەنەوە بۆ وەتەن.. بەلام رۆڵە دوای زانیمان جەنازەی مردوەکانمانیان داوەتە سەگ.. هەر لەدەرەوەی قەڵاکە کۆمەڵێ سەگی رەشی گەورەیان هاورد بوو نازانم هیچی وڵاتێك بوون.. دایانیان نابوو لاشەی مردوەکانمانیان ئەدا پێیانو ئەوانیش ئەیانخوارد.. چ گاور سانێتییەك بوو بەخوا لەزەمان گاورو جولەکەیش شتیوا رووی نەدابوو.. ئەوەی ئەم زاڵمە نەرحەق بەکورد کردی کەس بەکەسی نەکردووە..

رۆڵە گشت جلو بەرگ لەبەرمانا لەچڵکنیو پیسیا وەك خێوەتی لێ هاتبوو ئەوەندە لەبەر ئەوگەرماو خۆرە، دامانیان ئەنا جلەکان بەرمان هەمووی رزیو گشت لەشمان کەوتبووە ئەوەناوە.. هەر حەیامان چوو خوا حەیایان بەرێت لەدنیاو لەقیامەتدا..

نازانم شوێن لەوە خراپتریشیان هەبوو چی بوو هەرجار نەجارێ ئەهاتن قافڵەیەکیان لامان بارئەکردو ئەیان برد کەس نەیئەزانی بۆ کوێ ئەبران.. بەخوا مانگێك ئەبوو لەوێ بووین من ئەوسا زانیم ئەمە ناوی (قەڵای نوگرە سەلمان) ئیتر نازانم لێرە بەولاوە خەڵکەکەیان بۆ کوێی تر ئەبرد.. قەڵای تریان هەبوو.. نازانم..!

پەیتا پەیتا خەڵك تریشیان ئەهاورد.. قەڵاکە ژێر زەویشی هەبوو بەلام نازانم قاپییەکەی لەکوێوە بوو لەوە ئەچوو لەژێر زەوییە کەیش خەڵك تری لێبوو بێت..

پێنج مانگو بیست رۆژ بەو حاڵەوە ماینەوە نیوەی ئەو خەڵکە مرد نازانم بۆ ئێمە نەجاتمان نەبوو..! دوای ئەوەی پێنج مانگو بیست رۆژە هاتن بەناوخەڵکەکەدا کەوتنە گەڕانو سەیرمانیان ئەکرد.. ئێ ئێمە هەمووما ن رەنگمان چوو بووەوە سەر یەك، وەك یەك کەسمان رەنگ بەشەریمان لەرووداا نەمابوو وەك یەك رەقو ووشك بوو بووینەوە.. ئیتر نازانم بۆچی بەناوماندا ئەگەڕانو سەیریان ئەکرد.. هەریەکێ ئەقڵیان بیگرتایە ناویان ئەنووسی.. ناوەکەی منیشیان نووسیو نەمان زانی بۆچی بوو خەریك بوو بتۆقین. خواخوامان بوو زووتر رۆحمان دەرچێتو بمرینو نەجاتمان بێت.. بەڵام لەناو نووسینەکە ئەترساین ئەمانووت رەنگە بۆ شوێن خراپترمان بەرن.

چەند رۆژێکی پێچوو هاتنەوە ئەوەی ناوەکەیان نووسی بوو یەکەیەکە بانگمانیان ئەکرد.. چەند کەس هەبوو ناویشیان نووسی بوو لەدوای ئەوە مرد بوو..

جیامانیان کردەوەو هاوردمانیانە دەرەوەی قەڵاکە. هەندێ سەیارە بەریز وەستا بوون، خستمانیانە ناو ئەو سەیارانەوە.. وەك ئەو سەیارانە وابوون کەبردمانی بۆ ئەوێ هەموویان بانیان قەپات بوو یەك قاپیەکی هەبوو کەئەچوویتە ناویەوە ئیتر (عەشتەبای خوات نادی) شوشەکانی رەش بوون. هەروەك ئەو سەیارەیە وابوو یەکەم جار بردمانیان بۆ ئەوێ...

خوایە ئەم ئەگبەتی‌یە چی‌یە گرتوومانێتی ئاخر چیمان کرد بوو.. پرو پیرێژن وەك من هێزی چی‌تیا مابوو هەتا وامان لێ بکەن..

بەوخوایە درۆنی‌یە بڵێم چەندێ بەرێوە بووین کەبردمانیان رەنگە دوو ئەوەندەی تر هەر بەرێکاوە رۆیشتنو ئەمان ئەزانی بۆ کوێ ئەچێ.. ئەوەندەی تر دڵمان سەغڵەت نەبوو.. ئەوەندی تر تینوو بووینو گەرمامان بوو..

لەشوێنێك سەیارەکان وەستانو دەرك سەیارەیەکەیان لێمان کردەوە شەماڵێ ئەوەنە خۆش خۆی کردە ناو سەیارەکەیا.. مەگەر ئەو خوایە بۆ

خۆی بزانێ چەندێ بۆنی خۆش بوو.. بەبۆنی خاکەکەو بایەکەدا زانیم کوردستانە..! بەخوا هێشتا لەسەیارەکە دامانیان نەگرت بوو هەر بەبۆنی خاکدا زانیم ئەمەوەتە..

کەدامانیان گرد شەو بوو نەمان ئەزانی کوێیە.. بەڵام هەر لەناو حەرەس‌و عەسکەریەکان ئەو مەعەسکەرەی لێی دامانیان گرد گوێم لێ بوو بەکوردی قسەیان ئەکرد.. ئیتر لەخۆشیدا خەریك بوو باڵ بگرم بیشمان کوڕن خوڵەوڵات خۆماندابن..

هەر بەو شەوە سەرو وەرەقەیەکیان داپێمان‌و خستمانیانە سەیارەی (کۆستەرەوە) وتیان ئەتانبەینەوە بۆ چەمچەماڵ.. من وام ئەزانی ئەو شوێنە کەرکوکە بەیەکێ لەکوردەکانم ووت ئەمە کەرکوکە ئەمووت ئەگەر کەرکوك بێت من ماڵ کچەکەم لێرەیە.. وتی ئێرە (عەربەتە). هەر بەوشەوە. خستمانیانە رێ بەرەو چەمچەماڵ.. ئەمجارە سەیارەکان شوشەکانی رۆشن بوون ئیتر بەدڵ خۆم سەیری دەشتەوەم کرد.. دنیا وشك بوو پایز بوو بەڵام وام ئەزانی بەناو چەمو دارستاندا ئەڕۆم ئەوەندە ناو هەواکەی خۆش بوو خۆ ئێمە چەند مانگ بوو فەوتاین لەوجەهەنەمە..

شەوکاتێ هاوردمانیانەوە چەمچەماڵ‌و لەم شوێنی شوڕشە بەرەڵامانیان کرد.. دنیایە خەڵك هاتبووە پیریمانەوە لەخۆشیان حەپەسابووم بەو خوایە زمانم بەسترا بوو کەلیمە قسەم بۆ نەئەکرا.. ئەو خەڵکە ئەهات‌و ئەچوو پرسیاری ئەکرد.. بانگ یەکیان ئەکرد.. زمانم بۆ هەڵ ناهێنرایەوە.. کەسم نەئەناسی‌یەوە.. یەکێ لەکچەکانم هاتبووە پیریمانەوە ئەو ئەگیرابوو ئەویش سوێندی ئەخوارد کەبەکراسەکەمدا منی ناسیوەتەوە چونکە رەنگ‌و روومان هەموو گۆڕابوو بەخوا لەئۆمەت ئەم زەمانە ناچووین منداڵ لەشێوەمان ئەترسا..

ئیتر هاوردمیانەوە ناو ئەم خزمانە لەشۆڕش.. لەوێ زانیم کەکچەکەی کەرکوکم وامن لەماڵە کەیا گیراوم (مانگێ) لە(ئەمنی کەرامەی کەرکوك) سجن بووەو مێردەکەیشم دوای ئەوەی منداڵەکان‌و من گیرا بووین دڵی تەقی

بوو مرد بوو... کۆمەڵێ خزم و کەسم تیا چوو بوو هەر منداڵەکان خۆم وزاواو ئامۆزای منداڵەکانمە کۆمەڵێ بوون..

١-ئەحمەد محەمەد عەلی ١٩٤٣ خۆی و شوکر کوڕی کەموالید ١٩٦٨ بوو.

٢-عەبدوڵلاّ محەمەد حەمە عەلی ١٩٤٩.

٣-ساڵەح حەسەن محەمەد عەلی ١٩٥١.

٤-عەبدوڵلاّ حەسەن محەمەد عەلی ١٩٥٥.

٥-ئیسماعیل حەسەن محەمەد عەلی ١٩٦٠.

ئیتر لەوکاتەیشەوە هام لەم خانوەیا بەخوا شەو هەتا بەیانی بەوڕینەوە بانگ کوڕەکانم ئەکەم و ئەڵێم بەڵکوو ئەمە خوایە ئەگەر لەخەویشدا یەک جار وەڵامم بدەنەوە.




مديرية الاحوال المدنية العامة

کاتێکمان زانی وتیان واجەیش لەهەموو لایەکەوە حەرەکەتی دەست پێکردووەو ئەڵێن ئەگەنە هەردێیەك لەگەڵ زەوی‌یەکەدا تەختی دەکەن و خەڵکەکەیش جەیشەکە ئەیبات و کەس نازانێ مەسیرمان بەچی ئەگات..!

# جەلال محەمەد محێدین[7]

لەدایك بووی ساڵی ١٩٢٧ گوندی (قەیتول)

قەیتول دێیەکی گەلێ کۆنە لەناوچەکەدا باووباپیرانمان و چەندین پشتمان هەرلێرە ژیاون.. بژێوی ژیانی خەڵکی گوندەکەشمان بەمەڕداری و بەروبوومی کشتوکاڵی بووە..

منیش سەردەمی گەنجێتیم بەشوانکارەی بردۆتە سەرو لەساڵی ١٩٦١ ژنم هێناوە.. ئەو ساڵەی واشۆڕشەکە هەڵگیرساو شەڕەکەی دەربەندی بازیان بوو.. هەروا دوو ساڵی پێچوو بوو نەچووبوو.. جەیش و عارەب هاتن دایانە سەر ئاواییەکەماندا و تاڵانیان کرد.. گەلێ دێیان سوتان بەڵام باش بوو دێیەکەی ئێمەیان نەسوتان.. تەنها ماوەیەك دەربەدەر بووین و گەڕاینەوە..

ئیتر ئەوەنە ساڵەی شەڕو دەربەدەری بوو دێیەکەی ئێمە لەبەر ئەوەی لەناوەڕاستی کۆمەڵێ لادێیتردا بوو هەمووشیان هەر ناوچەی ئازاد بوون.. دەستی حکومەت و جەیش‌و جاش بەئاسانی ناگەیشتە (قەیتول) مەگەر جار جارێ تەیارە لێی دایا، یان لەدورەوە تۆپ باران بکرایا..

کەشەڕی ئێران عێراقیش بوو گەنجێکی زۆری شارەکانیش بۆ ڕزگاربوونیان لەشەڕو بەکوشت چونیان هاتبوونە گوندەکەی ئێمەو لەمردن ڕزگاریان بوو.. ماڵەکانیان هاوردبووە دێیەکەمان‌و ئاوایەکی گەورەی لێدەرچوو وەك شار وابووین‌و هیچ کێشەو گیرو گرفتێکمان نەبوو بێخەم ئەژیاین‌و هەمووی خەریکی کەسابەتی خۆمان بووین..

بەم دوا دوایەو دەور ساڵێ بەر لەئەنفالەکە ئیتر حکومەت ڕزقەکەمانی بڕی‌و نەوت‌و غازو هەموو ئازوقەیەکی قەدەغەکردبوو بۆلادێکان.. ئەوە هەندێ سەغڵەتمانی کردو گرانی خستەوەو ژیانمانی قورس کردبوو.. پاشان ڕێگای هات‌وچۆی شاریشی بڕی‌و لەڕێگاو بانەکان کۆێتەر ڕەمی دەکرد.. وردە وردە وەزعەکەمانیان تێك داو نەیان هێشت بۆخۆمان بژین..

دەنگ‌و باس لەناو خەڵکدا بڵاو بووەوە وتیان حکومەت جەیش‌و جاشێکی زۆری بردوە بۆئەو سەرەو هەرچی پێشمەرگەی ناوچەکانی ئێمەش هەبوو هەمووی ڕۆی.. ماوەیەکی زۆریان پێچوو کەگەڕانەوە بەشپرزەی‌و پەرتەوازەی.. وتیان حکومەت بەکیمیایی لێمانی داوەو لەدێهاتەکانیشی داوە.. ئاگری ناوەتە گوندەکانەوەو هەرچی خەڵکی دەست بکەوێ ئەیگرێت،.. هەربەدوای ئەم هەواڵەدا وتیان واجەیشەکە نزیك کەوتۆتەوەو قەراخ‌و هەموو ئەو دێیانەی نزیکیانی کاول کردوە.. نەیانووت دەست لەژن‌و منالێ ناپارێزێ‌و منالی شیرەخۆرەو مام جەلال یەك حسابیان بۆکراوە..

توشی سەرگەردانی‌یەکی خراپ هاتین‌و نەمان ئەزانی چی‌بکەین.. چیمان کردوەو گوناهمان چی‌یە واوامان بەسەر دێنن.. ئەبێ ئەم حکومەتە بۆچی ڕقی لەدێهات بێت‌و واهەمووی ئەڕوخێنێ.. نەمان ئەزانی چی‌بکەین، بڕۆین

مل بنەین بەرەو شارەکان و دەستبەرداری ئەم هەموو خاک و ئاوەبین و رەوکەین.. ئەی کێ ئەڵێ لەشار نامان گرێت و عەزابی دنیامان ناداتێ.. هەر لەناوای ئەمێنینەوە.. واجەیش لەقەراخەو ماوەیەکیتر ناوچەکانی ئێمەیش رادەماڵێ..

وتی وتیو هەواڵی ناخۆش رۆژانە دەیان جار بەر گوێمان دەکەوت، هەر رۆژێ جۆرێ هەواڵت دەبیست.. بڕوامان بەهیچ نەمابوو.. وەزعەکە تەواو تێک چوو بوو رۆژانە تەیارەو کۆپتەر ئەهاتنە سەر گوندەکان و رەمیان ئەکرد.. هەروا زرمەی تۆپ ئەهات.. نەئەمانزانی لەکوێوە تیێ ئەگرن و نەمانئەزانی بەرکوێ دەکەوێت.. دوای چەند رۆژێک کەبەو حاڵەوە نەشەومان مابوو نەرۆژ.. سەری دنیامان لێهاتبووەوە یەک، لەترسا ئاوایمان چۆڵ ئەکردو ئەچووینە ئەو هەردەو کەڵوەزانە خۆمان ئەشاردەوەو شەوان ئەگەڕاینەوە بۆناوای.. ئیتر تەواو ژیانمان لێتێک چوو، تائەو کاتەی تەواو تەوق کرابووین و لەهەموو لایەکەوە جەیش و جاشیان بۆمان دەرکردبوو لەئاسمانیشەوە تەیارەو کۆپتەر وەک واشە ئەهاتن و ئەچوون.. ئەیانووت لەقادرکەرەمو ئەوجول و کفری و کەلارو سەنگاوو بەری قەراخ و چەمچەماڵ و کەرکوک و لەیلانەوە وەک پشتوێن جەیشیان بەدەورماندا کۆکردۆتەوەو خەڵکەکە هەمووی ئەگرن.. ئەڵێن کیمیایش ئەتەقێنن بەسەر خەڵکداو لەناوچەکانی تری داوە.. هەربەو هەواڵانە هێز لەئەژنۆمان بڕابوو، سەرمان لێشێواو نەمان ئەزانی چیبکەین.. کاتێکمان زانی وتیان واجەیش لەهەموو لایەکەوە حەرەکەتی دەست پیکردووەو ئەڵێن ئەگەنە هەردێیەک لەگەڵ زەوییەکەدا تەختی دەکەن و خەڵکەکەیش جەیشەکە ئەیبات و کەس نازانێ مەسیرمان بەچی ئەگات.. رووح شیرینەو لەترسا خۆمان پێ ڕانەگیرا لەناوای ئەو هەموو ماڵ و موڵکەمان جێهێشت و کەوتینە رێ بەرەو چەمچەماڵ.. سەیرمان کرد هەرچەمو شیوێک واکۆمەڵێ خێزانی پەرتەوازەی بەکوڵ و بارەوە بەرەو سەرجادە دێن ئەوەی سەیارەی بوو تەرەکتەری بوو ماڵ و منالی تێئەکردو هەمووی لەترسا بەرەوجادە ئەهاتن.. ئێمەیش بەرەو

چەمچەماڵ ئەهاتین تووشی کۆمەڵێ خەڵکی تریووین‌و هەموو وەك یەك لێقەوماو بووین.. بەیەکەوە ملی‌ڕێگەمان گرتە بەرو لەسەر هەموو گردەبەرزو ڕێگاوبانەکان جەیش‌و جاش دامەزرابوون‌و هەروا قوات بوو ئەڕۆی بەرەو قولآیی گەرمیان.. سەیرمان لێهات واحکومەت ئەمانبینێ‌و دەنگ ناکات‌و پشت بەخوا بەسەلامەتی رزگارمان ئەبێت‌و ئەگەینە چەمچەماڵ.. ئەمانئەزانی بۆکوێ بچین هەردێینەوە ناو داوەکەی ئەوان‌و بەئاسانی ئەمانگرن، وامان ئەزانی کەبەرەو شارەکان هاتووین هەقیان نی‌یە بەسەرمانەوەو ئەوان تەنها ئەرکیان ئەوەیە لادێکان بسوتێنن.. چوزانین لەبەردەمان‌و بەبازنەیی بەدەوری هەموو ناوچەکەدا عەسکەری گرتویەتی‌و خۆیان چەند شوێنێکیان داناوە بۆ شوێنی کۆکردنەوەی خەڵك‌و بەئاسانی ئەچینە ناو ئەو شوێنەوە.. کاتێ گەیشتینە (قەرەتامۆر) تەماشامان کرد ئەو خەڵکەی کەبەهەر جۆرێك بووبێت خۆی لەدێیەکانەوە رزگار کردوەو بەئومێدی ئەوەی بگاتە شار، واهەمووی لەو هەردەیەدا خڕکراوەتەوە.. وتیان بارق خۆی لەپێشەوە راوەستاوەو ئەم چەند رۆژە کێ لەلادێکانەوە رای کردوە هەموویان گرتۆتەوە..

لەو دەشتەی قەرەتامۆر کۆمانیان کردەوەو دوو رۆژ هەروا بەلێشاو خەڵکی‌تر هات‌و کەوتە ناو ئێمەوەو بەزیل‌و تەرەکتەری دێیەکان خەڵکی تریان هێناو لای ئێمە خڕیان کردەوە.. منداڵ‌و ژن‌و پیرو پەککەوتەو شەل‌و شێت‌و ئەوەی لەناوچەکەدا بوو هاووردیان.. حەشاماتێك بوو هەر مەپرسە.. پەیتا پەیتا خەڵکی تریان ئەهێناو لای ئێمە هەڵیان ئەڕشت.. هەر لەوێداو خەڵکەکەی خۆمان ئەیانووت شەش بۆحەوت هەزار کەس ئەبووین تەنها ئەوەی لەقەرەتامۆر کۆکرابووینەوە.. لەئیرادەی خواوە سەرمایەکیش بوو هەر مەپرسە.. گەرچی وەرزەکەی بەهارێکی تەڕو خۆش بوو، کاتیش نزیك جۆزەرەو بوو بووەوە.. بەڵام ئەو سێ شەوەی لەقەرەتامۆر رامانیان گرد ئەتووت چلەی زستانە، تابەیانی لەسەرما هەڵەدەلەرزین، ئیتر نازانم

هی‌برسێتی‌و ترسەکەیش بوو وایەکجار سەرمامان بوو یان ئەو دووسێ شەوە هەردونیا ساردی کردبوو..!

ئەو سێ ڕۆژە لەقەرەتامۆرماینەوە کەوتینە هیلاکەت بۆنان‌و ئاو ئەو عالەمە چی بەشی ئەکرد.. ئەو زاڵمانەیش هیچیان نەدا پێمان خەڵکەکە خۆی هەریەکی شتێکمان پی‌بوو ئەوەی لەپەڕۆو پاتاڵ‌و کوڵ‌و باردا شتێ نانمان پێبوو هەر لەوێ خواردمان.. خەڵکەکە هەر لەوێ کەوتە هیلاکەت.. بەخوا نازانم دوان بوو یان سیان ژن لەوێ منالی بوو هەر بەبەرچاوی ئەو خەڵکەوە.. وەزعێکی خراپ‌و ناخۆشمان بەسەرهات.. دوای ئەو سێ‌ڕۆژە سەیارەیەکی زۆری عەسکەری‌و مەدەنیان هێنا بۆمان.. لەئیفای عەسکەری‌و مونشەئەوە تالۆری‌و کۆستەرو قەمەرەی بچوکیش‌و بەتەرەکتەرەکانی خۆیشمان زیاتر لەسەد تەرەکتەریان لەدێیەکانەوە هێنا بوو.. ئەم قافڵە زۆرە بەریزو بەدوای یەکتری‌دا خستمانیانە ڕێ‌و هەرسەیارەیەک عەسکەرێک بەتفەنگەوەو لەپێش‌و پاش قافڵەکەو لەنێوان سەیارەکانیشدا سەیارەی پڕلە عەسکەر لەگەڵماندا بوون وەک حیمایەی خەڵکەکەو هەڵی کۆپتەریش بەبان سەرمانەوە ئەهات‌و ئەچوو.. کەگەیاندمانیانە ناو ئۆردوگای شۆڕش خەڵک هاتبووە سەر جادەکەو هەندێ تایەیان دانابوو لەسەر ڕێگای سەیارەکان‌و ئاگریان تێ‌بەرداو منال لەقەراخ جادەکانەوە بەردی ئەگرتە سەیارەی عەسکەریەکان.. کەگەیشتینە ناو چەمچەماڵ بەیەکجار خەڵکی چەمچەماڵ پەلاماری سەیارەکانمانیان داو پێشیان لەقافڵەکە گرتو کەوتنە خەڵک داگرتن.. بووە هات‌و هاوارێک هەر مەپرسە، لەهەموو لایەکەوە بەرد بارانی عەسکەریەکان کراو منال‌و زەلام چەمچەماڵ پێشی سەیارەکانیان دەگرت‌و بەزۆر خەڵکیان دائەگرد..

ئێمە ئەو سێ ڕۆژەی لەقەرەتامۆر بووین پێمانیان ووت ئەتانبەین لەشاردا موجەمەعتان بۆ ئەکەین‌و تەعویزتان ئەدەینەوە.. خوا خوامان بوو ئەو خەڵکەی واپێشی سەیارەکانیان لێمان گرتبوو وازبهێنن..

چونكە ئەمانووت هەقەكەمان ئەفەوتێ.. هیچ تاوانێكمان نەكردبوو تابترسین یان بڵێین حكومەت لەتۆڵەی ئەوەدا سجنمان ئەكات.. ئێمە هەموو خەڵكی كاسبكارو فەقیرو هەژاری لادێكان بووین چیمان لەچیا بوو تاسجنمان كەن.. لەو هاتو هەرایەدا بووە تەقەو كۆپتەر كەوتە رەمی كردن بەسەر خەڵكەكەی چەمچەماڵداو (بارق) خۆی گەیشتە ئەوێو قواتێكی زۆریان گەیاندە سەر ئەو جادانەو خەڵكەكەیان لەئێمە دورخستەوە، گەرچی بەشێكی زۆریش لەقافڵەكانی ئێمە دابەزینو لەگەڵ ئەو خەڵكەی چەمچەماڵدا بڵاوەیان لێكرد.. ئێمەیان بەحیمایەیەكی زۆرەوە گەیاندە ناو لیواكەی چەمچەماڵ.. لەوێ تیایا چی حەشاماتێك هەستاوە.. ئەتووت رۆژی حەشرە.. دنیایەك خەڵكی لێبوو.. عەسكەریش چواردەوری لیواكەیان گرتبوو خستمانیانە ناو لیواكەوە گەلێ قەرەباڵغ بوو.. ئەو هەموو خەڵكەیان دەركردە ناو حەوشەی لیواكەوەو گشتی سەری كردبوو بەیەكداو هەر كۆمەڵێ خەڵكو چەند عەسكەرێك تفەنگەكانیان بەدەستیانەوە بوو بەدیار سەرمانەوە راوەستابوون.. ئەوەندە لەناو لیواكەی چەمچەماڵ نەمانیان هێشتەوە.. لەوە ئەچوو بترسن لەوەی كەخەڵكی چەمچەماڵ پەلاماری لیواكە بدەن بۆئەوەی ئێمە دەرباز بكەن.. چونكە هەر دەنگی تەقە ئەهات لەناو شاردا.. بەو شەوە سەیارەیان ریز كردو كەوتنە بارەكردنمان.. هەر سەیارەیەكیان بار ئەكرد ئەچووە دەرەوەی لیواكەو لەریزی یەكتری دەوەستان.. رەنگە بڵێم دوو سێ سەعاتی پێچوو تائێمە باركراین.. خەڵكەكە ئەوەندە زۆر بوو لەدەلاوە بار دەكراو هەر تەواو نابوو.. گەلێ شپرزە بوون بەپەلە پەل بارمانیان كردو خستمانیانە رێ زۆربەی سەیارەكان بەرەو كەركوك چوونو هەندێ سەیارەیان بەرەو سلێمانی بەرێ كرد.. ئێمە لەناو ئەو سەیارانە بووین كەبۆ سلێمانی چوون.. بردمانیانە تەواری سلێمانیو ناومانیان نوسیو تێكەڵ كۆمەڵێ خەڵكی ترمانیان كردو بەرەو كەركوك گەڕاندمانیانەوە.. بەشێك لەسەیارەكانیان بردە ناو كەركوكەوەو ئێمەیشیان راستەو راست برد بەرەو تۆبزاوا..

گەرچی هەرشەو بوو گەیشتین بەڵام لەبەر لایتی سەیارە ناو مەعەسکەرەکەی (تۆبزاوا) بوو بووە چراخان.. لەوێ تەماشامان کرد چیهەرایەکەو چی خەڵك خڕکراوەتەوە بڵێم بەقەدەر دووشار وەك سلێمانی خەڵکیان گرتبوو درۆنییە.. هەمووی هەر رەشی ئەکردەوە، کۆمەڵ کۆمەڵ خەڵکیان دانابوو گشتی عەسکەر بەدیاریانەوە وەستابوو.. ئێمەشیان بردە ناو مەعەسکەرەکەوەو لەسەیارەکان دامانیان گرد هەریەکسەر کۆمەڵێ عەسکەری رەشیمل قەوی وەك گورگ پەلامارمانیانداو بەجیا بردمانیانە لایەکەوەو نەیانهێشت تێکەڵ بەو خەڵکەی تریبین.. وەك ئەوەی لەناو رانە مەڕدا بگەڕێنو بەرخ لەبەردەمی مەڕ هەڵگرن.. ئاوا کەوتبوونە ناو ئەو خەڵکەو گەنجیان جیاکردەوە.. گەنجەکان لەترسا خۆیان ئەکردە نێوان ئەختیارەکانەوە بەڵکو نەجاتیان بێتو دایان نەبڕن.. بەڵام بێسود بوو چونکە ئەوەی هەر لەحەوشەکە جیایان کردەوەو بران بۆ قاعەی تایبەتی گەنجەکان ئەوە برا.. ئەوەی بەهەر شێوەیەك بوو خۆی کردبووە نێوان پیرەمێردو ژنو منداڵەکانەوە، دواتر یەکە یەکەی ئەو خەڵکە ریز ئەکرانو تەحقیقیان لێدەکرا، ئەوەی کەگەنج بوو لەپێشدا هەر دەردەکەوتو کەناوەکەیان دەنوسی لەریزەکە دەریان دەرکردو دەیان خستە ناو گەنجەکانەوەو بەریز ئەیانیان برد بۆقاعەی گەنجەکان..

هەر لەناو نوسینەدا کچی گەنجیشیان گشتی جیاکردەوەو ئەوانیشیان ئەبردە قاعەی جیاوازەوەو ئیتر مەگەر هەر خوا بزانێ چیان لەوان کرد..

ئەوجا ئەختیارەکانیش بەجیاو ژنو منداڵیش بەجیا بۆناو قاعەی تایبەت دەنێردران.. هەربەوشەوە کەنازانم فەجریدا بوو یان نا بەڵام هێشتا زۆری مابوو بۆئەوەی رۆژ ببێتەوە ئاوا لەیەکتر جیامانیان کردەوەو ئەو هەموو ناموسەمان کەوتە ژێر دەست زاڵمەوەو ئیتر خۆمان ئاگامان لێیان بڕا.. ئەو زاڵمانەیش خۆیانو خوای خۆیان چیان بەو کچێلە کردبێ..!

بەجیاجیا کراینە ناو قاعەو سنفی خۆمانەوە، ئەو رۆژە تائێوارە هەر خەریك بوو هارو شێت بین بۆکچەکان بۆ ئەو هەموو ژنو منداڵە بۆ گەنجەکان

بۆ خۆمان.. ئەمانووت ئاخر چیمان کردوە وابەو دەردەمانیان برد.. گوناهمان چی بووە لەدنیایا هەموو خەڵکی رەش و رووت و کاسب ماڵ خۆمان بووین، بەڵام ئەو زاڵمە ئەوانەی نازانی گرنگ ئەوە بوو ئێمە کورد بووین و لای ئەوان گوناهبار بووین..!

دەمەو مەغریب لەقاعەکان ژن و مناڵ زریکەو هاوار بەرزەوە بوو وەک ئەوەی ئاگریان لێیان بەردابێ قیژەیان رامانی ئەچەڵەکان و لەزیرەو هاواری مناڵ موچورکە ئەکەوتە گیانمانەوە.. خوایە گیان ئەبێ چی بوو بێ هەموومان تەپماندا بووە سەر پەنجەرەکان لای قاعەکانی ژن و مناڵەکانەوەو سەیرمان کرد بزانین چی یە..

یاخوا ئەوەی ئێمە بینیمان گاور نەیبینێ!! لەبەر دەرکی هەر قاعەیەک کۆمەڵێ عەسکەری وەستا بوون و بەپەل راکێشان مناڵیان لەقاعەکان ئەهاوردە دەشتەوە.. مناڵ تەکانی ئەدا بچێتەوە ناو قاعەکان و عەسکەریەکان ئەیانیان دایە بەر قۆناغە تفەنگ.. ئاگامان لێبوو ژن هەبوو تەکانی ئەداو بەدەم دەستی مناڵەکەی و پەل راکێشانی عەسکەریەکانەوە ئەهاتە دەرەوەی قاعەکەوەو مناڵەکەیان لەبەر دەست لائەداو خۆیان بەپاڵ ئەکردە ناو قاعەکەوە.. (چی گاورسانیەک بوو هەر مەپرسە..).. ئەوەی ئەوان کردیان قەت نەبوومە، هیچ زاڵمێ لەدنیایا شتی وای نەکردوە..

کەمناڵەکانیان وەک کارو بەرخ دایەپێش و بەدەم تێهەڵدانەوە بردیانیان بەرەو قاعەیەکی دورتر.. هەمووی هەر هاوارو زیرەی بوو، ئاوریان ئەدایەوە بۆلای ئەو قاعانەی وادایکیانی تیا سجن بوو ئەیانقیژان و بانگیان ئەکرد.. بەڵام کێ بەفریایان ئەکەوێ.. ئەم زاڵمە خوایش لەهەقی نەدەهات..!

لەناو قاعەی ژنەکانیشدا کەزووتر لەگەڵ مناڵەکاندا پێکەوە بوون و مناڵەکانیان لێیان سەند.. بووە شیوەن و واوەیلاو قژرنینەوە یەک دەنگیان ئاسمانی کاس ئەکرد..

وتمان تەواو ئەمە رۆژە رەشەکەیە.. تامناڵەکانیان بەو دەردە نەبرد باشتر بووین.. بەڵام کەئەوەمان بینی ئیتر دڵنیا بووین ئەم زاڵمە نیازی گەڵێ خراپە

بەرامبەرمان، ئەگینا کێ دڵی دێت واڵەمناڵ بکات ئەگەر رەحمی خوای لەدڵدا بێ.. ئەمانە ئینسان نەبوون رەحمیان نەبوو، ئەتووت ئاژەڵی کێووین هیچ درندەیەك ئەوەندە زاڵم نییە..! لەچاو ئەو زوڵمەی ئەمانە لەئێمەیان کرد..

ئیتر لەقیژەو هاوار زیاتر گوێت لەهیچ نەدەبوو چەند وەجبەیە سەیارە هاتن و چوون و لەحەوشەکەو لەبەردەم قاعەکان خەڵکیان هەڵرشت.. ئێمە تەنها گوێمان لەقیژەو هاواری ژن و مناڵەکان بوو.. تەنها دیمەنی ئەو جیاکردنەوەیە لەبەر چاومان بوو هیچی ترمان نەئەبینی.. چەند سەعاتێکی پێچوو، قەناعەتمان وایە نزوللەی ئەو مناڵانەو قیژەو هاواری دایکەکانیان و سوێی جەرگی ئێمە هەر ئەو سەعاتە گەیشتبێتە لای خواو خوا نای لەدڵیان مناڵەکان بگەڕێننەوە بۆلای دایکیان.. ئاگامان لێبوو بەزیرەو هاوار مناڵەکانیان هاوردەوە بۆناو ژنەکان و کڕبوونەوە.. ئەتووت قاڕەو باڕی بەرخ و مەڕو بزنە هاوار بۆیەکتری دەکەن تائەو کاتەی ئەگەنە یەکتری و هەر بەرخەو سەر ئەکاتە ژێر گوانی دایکی‌داو ئیتر قرەنامێنێ.. بەو خوایە ئەو کاتەی توزبزاوا ئاوهابوو..!

هەر لەپەنجەرەکانەوە رۆژی دوای ئاگامان لێبوو کەقاعەی گەنجەکانیان هاوردە حەوشەکەو ریزیانیان کرد.. جلەکانیان لەبەریان دائەکەن تەنها کراس و بیجامە یان کراس و شەرواڵێکیان لەبەریان هێشتەوەو بەپشتوێن و جامانەکەی خۆیان دەست و چاویانیان بەستەوەو سواری سەیارەی سەرداپۆشراویانیان کردو سەیارەکان ئەڕۆیشتن ئیتر لەو کاتەوە تائێستا کەسێ نییە هەواڵیان بزانێ..

ئەو دوو شەوو دوو رۆژەی لەتوزبزاوا هێشتمانیانەوە، پەیتا پەیتا خەڵکی تریان دەهێناو وەك ئێمە دەبرانە بەردەم قاوشەکانی ناو نوسین و بۆ چوار بەش جیادەکرانەوە.. کەئێمە رۆیشتین چەندێ خەڵکی لێبوو لەو دوو رۆژو دوو شەوەدا ئەوەندەی‌تر خەڵکیان بۆهێناو بەش بەش دەکران و

دەخرانە ناو ئەو قاعەزۆرانەوەو پەیتا پەیتایش لێی دەگوازرایەوە.. چونکە ئەگەر لێیان نەگواستایەتەوە جێگا نابووەوە..

بەڵام چەندێکیان بۆدەهێنا ئەوەنەشیان دەبرد.. بەوەجبەی جیاجیا دەبران و زۆر بەشیان بەشەو دەگوازرانەوە..

دوای نوێژی بەیانی بوو وەجبەیەك سەیارەی‌تر هاتنە ناو حەوشەکەوەو هاتنە بەردەم قاعەکانی ئەختیارەکان راوەستان و ولایتەکانیان کوژاندەوە.. زرەیان لەدەرکی قاعەکانمان هەستان و ئێمەشیان لەقاعەکان کردە دەرەوە، گەلێ زۆر بووین.. من دایکم بەگۆچان رێی ئەکرد لەگەڵ خۆماندا‌گیرا بوو پێکەوە بووین، بەڵام لەو دەرکردنە دەرەوەو بارکردنەماندا هەموویان لەیەك دابڕی و لەگەڵ دایکمدا لەیەکتر دابڕاین.. خوا ئاگادارە لەناخەوە وەك ئەو منداڵانەی دوێنێ بۆدایکم ئەگریام و ئاگام لێبوو ئەویش چۆن هەڵئەلەرزی بۆمن.. بەڵام ئێمە هەموومان زەلیل و بێ‌دەسەڵات بووین و هیچمان بۆ ناکرا، هەرچیان بووتایا ئەبوو وابکەین.. کەپەلمانیان رادەکێشا دەبوو بەدەم دەستیانەوە بچین،

بەپاڵ و بەدەم لێدانەوە وەجبە وەجبە سواری ئەو سەیارانەمانیان کرد کەهاوردبوویان بۆگواستنەوەمان، سەیارەکان بچوك و سەرداپۆشراو بوون و کەکردمانیانە ناوییەوە ئیتر وەك ئەوەی چاومانیان بەستبێتەوە ئاگامان لەهیچ نەما، چونکە سەیارەکان جامەکانیان تاریك بوو تەنانەت کونێکی تیا نەبوو بۆ(هەوا گۆڕکێ)، هەر خنکاین.. پیشاین لەناو ئەو سەیارانەدا.. چونکە ئەوان کەخستمانیانە ناو سەیارەکەوەو ئیتر سەیارەکە ئەچووە ریزی ئەو سەیارانەی ترەوە واپڕکرا بوون نازانم بڵێم چەند سەعاتی پێ‌چوو تاهەموو سەیارەکانیان پڕکرد ئەو ماوە زۆرە ئێمە هەر لەناو سەیارەکاندا بووین و دەرگامان لەسەر داخرابوو.. کاتێ بەڕێ کەوتن ئێمە هیچ شوێنێکمان لێوە دیار نەبوو تابزانین بۆکوێ ئەچێت و روومان لەکوێیە.. ئەمانزانی بۆشوێنێ خراپمان ئەبەن، چونکە ئەگەر بۆشوێنێ خراپ نەبوایا بۆچی ئەمانیان خستە ناو سەیارەی سەرگیراوەوە ئیتر تەواو نائومێد بووین

کەجارێکی‌تر چاومان بەدونیای رۆشن بکەوێتەوە.. هەمووی سیٚ‌رۆژ پێشتر بوو لەگەڵ کەس‌و کارولە وولاّتی خۆماندا بووین وابەخێرای گرتمانیان‌و هاوردمانیانە تۆبزاواو یەکەیەکە لەیەکتر جیامانیان کردەوەو کەس نازانیٚ چیمان بەسەر دێنن.. وائێمەشیان بەو شێوەیە خستە ریٚ قەناعەتی تەواوم وابوو کەئەمانبەن ئەمان خەنە ناو (بەحرەوە).. نیٚ ئەو خەڵکە ئەوەندە زۆر بوو مەگەر (شەت) بتوانیٚ بیگرێتە خۆی، ئەگینا لەهیچ شوێنیٚ جێگای نابووەوە.. ئیتر هەزار داڵغەمان لیٚ‌ئەداو هەموو رۆژانی ژیانی رابردوومان ئەهاتەوە بەرچاو.. خۆزگەم ئەخاوست کەهەر ئەمانکوژن هەموومان پێکەوە بووینایاو ئەم ئازاری لەیەکتر جیاکردنەوەیەمان نەبینیایا.. هەر خۆم دڵی خۆمم ئەدایەوەو ئەمووت ئاوا باشترە ئەگەر بشمان کوژن باچاومان لەمەرگی یەکتر نەبیٚ.. زۆر زەحمەتە تۆبەبەرچاوی خۆتەوە جەرگەکەت بکوژن‌و بەرگەبگری..

هەر رێگامان کردو هەر نەبرایەوە، هەر تینومان بوو، قورگمان ووشك بوو لاڵ‌و پاڵ کەوتین‌و نەگەیشتینە هیچ شوێنیٚ.. کیٚ ئەڵیٚ نەگەیشتبووینە زۆر شوێن‌و گەڵیٚ شارو دێهاتمان تیٚ نەپەڕاند بوو بەڵام ئێمە هیچمان لێوە دیار نەبوو مەگەر سەیارەکان بووەستایاو دامانیان بگرتایەتە خوارەوە ئەو کاتە بمانزانیایا ئەمە شوێنی مردنەکەی ئێمەیە.. دیار بوو کەهەر ئەرۆیشتن‌و لایان نادداو نەئەگەیشتن.. بۆشوێنی مردنی ئێمە ئەگەڕان..!

تەواو بڕستمان لیٚبڕاو چەند کەس هەر لەتینوا بورایەوە.. سەیارەکان لەشوێنێك راوەستان‌و قەدەرێکی زۆریش رامانیان گردو دەرگایان لێمان نەکردەوە.. پاش ماوەیەك دەرگای سەیارەکەمان کرایەوەو هەندیٚ عەسکەری کلاّو سورو بەرگ سەوز وەستا بوون‌و ئیشارەتیان بۆمان کرد (دابەزن).. هێزمان تیا نەمابوو لەترمان ئەدا، یەکەیەکە دابەزینە خوارەوە.. تەماشامان کرد سەحرایەکە ئەمسەرو ئەو سەری نەبوو تاچاو بڕی ئەکرد هەر دەشتایی بوو.. ئێمەیان لەنزیك قەڵایەکی زۆر گەورە داگرتبوو جگەلەو

قەڵایەو لەعەسکەرەکان‌و سەیارەکان کەخۆمانیان هێناو جگە لەدەم‌و چاوی شلەژاوی خۆمان هیچی تری لێنەبوو.. هیچ دیار نەبوو..

لەناو ئەو خەڵکەی تردا کەلەسەیارەکانی‌تر بوون تەماشام کرد وادایکم لەوێیە.. باوەشمان کرد بەیەکتری‌داو ئەو دیمەنەی تۆبزاوا جارێکی‌تر ئەهاتەوە بەرچاوم کەمناڵەکانیان گەڕانەوە بۆلای دایکیان‌و هات‌و هاواری قاعەکان بێدەنگ بوونەوە.. منیش کەباوەشم کرد بەدایکمدا وەك ئەوەی ئاو بکەن بەسەر ئاگردا، لەناخەوە ئاوا ئارام بوومەوە.. ئەمجارە لەدڵی خۆمدا ئەمووت مەگەر بمکوژن رازی نابم لەدایکم جیام بکەنەوە.. ریزمانیان کرد لەبەردەم قەڵاکە.. بینایەکی گەلێ گەورە بوو لەژیانمدا بینای واگەورەم نەدی بوو هەمووی بەبەردی سپی دروست کرابوو بیناکە خڕبوو وەك قەڵاو دیوارەکەی دەرەوەی گەلێ بەرز بوو سێ‌وچوار سەیارە بنێتە سەریەکەوە ناگەیشتە سەری دیوارەکە.. دەرگایەکی گەورە گەورەیشی هەبوو سەیارەکانی ئەخوارد بەلام دیار بوو بۆیە سەیارەکانیان نەبردە ژوورەوەو لەدەرەوە دامانیان گرد تاچاو بەو سەحرایەدا بگێڕین‌و دڵنیابین کەئەو شوێنی مەرگ‌و ژیانمانە.. ئەویش لەوە ئەچوو هەر بۆ تەعزیبی نەفسی ئێمە بوو بێت تابەخەفەتەوە بمرین کەبۆچی ئێمەیان گەیاندۆتە ئەم بیابانە.. لەوڵاتی ئێمە نەبیاباني واهەبوو نەخاکەکەمان وابوو ئەمە هەمووی وەك (لم)وا بوو..

زووتر ئەیانووت ئەچیت بۆحەج هەمووی بیابانەو خاکەکەی لمەو هیچی لێ ناڕوێ.. ئەمووت رەنگە ئێرە نزیك (ماڵەکەی خوا بێت)..

کەبردمانیان بەرەو ناو قەڵاکە.. خەڵکمان لەگەڵ بوو خوێنەوار بوو لەدەرگاکە بەگەورەی شتێ نوسرابوو ئەیانووت نوسراوە (قلعة الويل).. وەیل وەك ئەڵێن ناو جەرگەی جەهەنەمە بەخوا برا ناوەکەی پڕ بەپێستی خۆی بوو ئەو شوێنەیش ناوجەرگەی جەهەنم بوو..

بردمانیانە ناو قەڵاکەوە حەوشەیەکی زۆر گەورە بوو بەچوار دەوری‌دا هەمووی غورفە غورفە لەسەریەك دروست کرابوون‌و دووقات بوو لەسەریەك

گەلێ بەرز بوو وەك ئەوە وابوو لەناو مەنجەڵی ساوەر کوڵێندا بین و تەنها ئاسمانت لێوە دیار بوو..

کەئێمەیان بردە ئەوێ هەندێ خەڵکی تری لێبوو بەلاّم غورفەی چۆڵ زۆر بوو پیاویان بەجیا کردە غورفەی جیاوازەوە لەلایەکی قەلاّکەو ژنەکانیشیان بردە لاکەی تری.. من ئەمجارە سوێندم خواردبوو نەهێڵم لەگەڵ دایکمدا لەیەکتر جیامان بکەنەوە.. وەك منداڵ خۆم نوساندبوو پێوەی و زۆر هاوارم کردو رجام کرد، لەگەڵ ئەو زاڵمانەدا سوودی نەبوو گەلێ پاڕامەوە بالەگەڵ دایکم پێکەوە بین و دایکم نەخۆشە.. دامیانە بەر قۆناغە تفەنگ و لەیەکترمانیان دابڕی..

ئێمە گەلێ هیلاکی ئاو بووین، ئاوێکیان داپێمکان وەك ژەهر وابوو چەند کەس هەریەکسەر رشایەوە ناو زگ ئەو خەڵکەی گشت هێنایە خوارەوە.. بەگاڵتە ناوی ئەم قەلاّیەیان نەنابوو (وەیل) مەلاکانیش زووتر ئەیانووت لەناو جەهەنم کەتینووت ئەبێ ئاوێکت ئەدەنێ وەك (گوژاڵك) تاڵە.. بەڕاستی ئەو قەلاّیە لەهەموو رویەکەوە وەك جەهەنم وابوو.. مەگەر تەنها عەسکەری‌یەکان لەمەلایکەکان جیاوازبن ئەگینا ئیتر هەموو شتەکانی لەیەك ئەچوون..

هەریەك رۆژ دوای ئەوەی ئێمە گەیشتین، کۆمەڵێ سەیارە خۆیان کردە ناو حەوشەی قەلاّکەوەو دەرگایان لێیان کردەوە تەماشامان کرد هەمووی خەڵکی وەك ئێمە بوون و گواسترا بوونەوە بۆلای ئێمە.. ئەوانیشیان کردە غورفەکانەوە.. ئیتر لەوەودوا رۆژانە وەجبەی تریان هێناو تاوای لێهات ئەو قەلاّگەورەیە کەدووقات لەسەریەك دروست کرابوو هەمووی غورفە غورفەی درێژ بوو هەموو پڕکراو حەوشەکەیشی جمەی ئەهات.. پەیتا پەیتا خەڵکی تریشیان ئەهاورد.. تاوای لێهات نەئاوو نەئەو سەمونە رەقەی کەئەیان داپێمان بەرگەی نەدەگرت و بەهەزار حاڵ بەرت ئەکەوت.. زاڵم بوون هەر بەئەنقەست وایان ئەکرد تاعەزابی زیاتر بچێژین.. ئەم حکومەتە توانی ئەو

هەموو دێهاتە بڕوخێنێ‌و ئەو هەموو خەڵکە بگرێ‌و بیگەیەنێتە ئەوێ قابیلە نەینەتوانی بای ئەوەی کەتەنها بەشی خواردنەوەمان بکات ئاومان بداتێ..؟

بەڵام هەر بۆ چەوساندنەوەی ئێمە وایان ئەکردو ئاویان کەم ئەهێناو بەشمانی ناکرد.. ئەبوو بەشەرەپاڵ‌و بگرەو بەردەیە لەسەر نۆرە ئاو هەر مەپرسە.. بەخوا ئەختیارو پەککەوتەی واهەبوو ئەکەوتە ژێر پێ‌ی خۆمانەوە، لەناو خۆت کێ ئاگای لەکێ مابوو کێ رەحمی مابوو، ئاخر وات ئەکردایا لەتینوا ئەخنکای.. ئەهاتن بەسۆندەو قامچی‌یەوە ئەکەوتنە ناومان تاشانیان هیلاک ئەبوو لەوخەڵکەیان ئەدا.. چەند کەس هەر بەو لێدانە مرد نەجاتی بوو..!

وەزعمان ئەبوو رۆژی یەك سەمونی رەق‌و بەو حاڵەیش چۆڕێ ئاوت بەردەکەوت.. بەبەرچاوی خۆمانەوە بەتەنکەری گەورە ئاویشیان بۆخۆیان ئەهێناو بەسۆندەو بەبەرچاوی ئێمەوە ئەیانکردە قەد دیوارەکاندا‌و ئەیانڕژان.. قاژەی جەرگمان ئەهات بەڵام دەسەڵاتمان چی‌بوو.. ئێمە تەنها خوامان هەبوو خوایش بەسەبر بوو ئەیئەدایە ناو چاویاندا..

قەڵاکە لەمسەری‌و ئەوسەری چەند غورفەیەکی جیاوازی هەبوو لایەکیان شورتە بوون‌و لایەکیان ئەمن بوو..

بەسەیارە قاڵبە بەفریان بۆئەهات بۆ هەردوو لایان بۆشورتەکان‌و ئەمنەکان میوەیان بۆهات، مریشکیان بۆئەهات.. جاری وابوو گۆشتیان ئەبرژان‌و بۆنەکەی هەر خەریك بوو شێتمان بکات.. لەوە ئەچوو ئەو زاڵمانە کەبەبەرچاوی ئێمەوە وایان دەکرد، بۆئەوە بوویێ خەفەتی زیاتر بدەنە ئێمە..!

ئەیانویست بەعەزابی زیاترەوە بمانکوژن.. بۆیە ئەوەی کەرۆژێ زووتر بمردایا خەفەتێ کەمتری هەبوو.. خۆزگەمان بەمەرگ ئەخواردو لەتاو ئەو رازالەتەی خۆمان ئاگامان لەکەس نەمابوو نەبیری وەتەن‌و کەس‌و کارو ئازیزەکانمان بوو نەئەوەشمان لەبیر مابوو کەناموسەکەمان کەوتە دەستی دوژمنەوە.. هەر فریا دەکەوتین خەفەت لەخۆمان بخۆین..!

بـەڵام كـاتێ زانیمـان كەمردوەكانیشـیان ئەدەنـە دەم سـەگەوە، ئیـتر لەمردنیش ئەترساین‌و هیچ قاپی‌یەك ئەما پەنای بۆبەرین..

كەخەڵك ئەمرد ئـەوان هـەقیان نـەبوو تەنـها دوو چـەكدار وەك حـەرەس لەگەڵماندا ئـەهاتن‌و ئـەبوو خۆمـان بیبەینـە دەرەوە.. هـەروا تـۆزێ قوممـان ئەكردە بـان لاشـەكەداو بەبەرچاوی خۆمانـەوە سـەگەكان ئەهاتنـە دیـاری‌و هەڵیان ئەدری.. خوا ئاگادارە سەگم بینـی كـەچووە دیـار لاشـەیەك پێش هەموو شوێنێكی ناو زگی هەڵئەدری‌و جەرگ‌و ریخۆڵەكەی ئەخوارد.. خۆم چەندجار سەری سەگم لەناو زگی مردوەكانی خۆماندا بینیوە.. هارو شێت بووین لـەتاوا.. یەكـەم جـار دڵمـان بـەوە خـۆش بـوو مـادام بیابانـەو هـەر سەحرایەكی لماویە.. زووتر حاجی‌یەكانمان ئەیانووت نزیك مەكەو مەدینە ئاوایا.. ئەمانووت ئینشائەڵا هەر رۆژێكمان بە (حەجێك) بۆ ئەژمێردرێت‌و لای خوا ئەم عەزابەمان بەعیبادەت بۆحساب ئەبێ.. بەڵام ئەگەر بەعیبادەت حساب بوایـا خـوا یـەك شـەقی تێیـان هەڵئـەداو ئەینەهێشـت ئـەم هـەموو سوكایەتیەمان پی‌بكەن.. هەمووی بەلایەك ئەوە بەلایەك كەلەجیاتی ئـەوەی بەدەستوری ئیسلام (كفن‌و دفنمان بكەن) كەچی جەنازەكانمانیان ئەدایـە سـەگ.. نازانم ئـەو هـەموو سـەگە رەشـە گەورانـە لـەكوێوە هـاتبوون ئـەوەندە بەرز بوون زەلام سواری بوایا قاچی ناگەیشتە زەوی..!

كابرایەكیش جارنەجارێ پـەیدا ئەبوو نـاوی (حەجاج) بـوو مەگـەر ئـەو ئەوەندەی ئەو سەگە رەشانە رەزا گرانە بووبێ.. ئەو حەجاجە زۆر ئەمانی چەوساندەوە.. هـەر جارێ ئەهات چوار پێنج زەلامـی ئەبرد سـەرەو خـوار هەڵیانی ئەواسی بەو عەمودانەی ناو حەوشەی قەڵاكەوە لەبەر ئەو گـەرمایا ئەیانیهێشتەوە تاگیانیان دەرئەچوو.. نازانم چی‌كـەیفی بـەوە دەهـات بـەو شـێوەیە خـەڵك بكـوژێ.. نـازانم چی‌بـوو بـەڵام هـەرچی جونـدی‌و ئـەمن‌و زابتەكانیش لێی ئەترسان.. دیار بوو گەورەی گشتیان بوو..

رەزالەتمان گەلێ بینی.. بەخوا ئەو ئاووسەمونەیش كەئەیان داپێمان گەر ئینسان زۆر ناعیلاج نەبوایا نەیئەخوارد.. ئەو سەمونە نازانم ئـەتووت وردە

شوشەی تیایە ئەوەندە زبر بوو ناو دەمو ناو ریخۆڵەی ئەو خەڵکەی گشت کردبووە زام.. ئەو خەڵکەی گشت خلاس کرد..

لەوێ بەو حاڵەی خۆمانەوە هێشتا هەر شوکر بووم بەڵام دایکم بینی گەلێ رەزیل کەوت و زۆر نەخۆش کەوت لەتاوا زمانی لەدەمی دەر ئەکردە دەرەوە هەمووی بوو بووە زام خوێنی لێ‌ئەچۆڕا.. چاوی چوو بووە قوڵدا لەژیانمدا کەسم نەبینیوە ئاوا رەزیل بێت.. زۆر ئازاری دام زۆر پاڕامەوەو زۆر شەو تابەیانی نەخەوتم و هەر سوجدەم بۆخوا برد کەبەو حاڵەوە نەیکوژێ.. ئاخرییەکەی بەرگەی نەگرت و دایکم بەبەرچاوی خۆمەوەو بەو دەردە مرد.. کەلاشەکەیمان بردە دەشتەوە لەژەلامەکان ئەپاڕامەوە کەباچاڵێکی قوڵی بۆبکەین بەڵکو سەگ دەری نەکات.. بەڵام عەسکەرەکان بەدیارمانەوە وەستابوون و سەعاتیان دەگرتەوەو پێنج دەقە زیاتر نەیان ئەمێشت خەریکی شاردنەوەی لاشەیەك بین و بەزۆر هەڵمانیان ئەسان.. عەسکەرەکان چەندێ پەلەیان بوو سەگە رەشەکانیش دانیان جیڕ ئەکردەوەو لەعەسکەرەکان زیاتر پەلەیان بوو تالابچین و بێن بیخۆن.. من سەگم بینی هاتنە سەر لاشەکەی دایکم و خواردیان.. نازانم ئەبێ لەدونیادا لەوە ناخۆشی زیاتر هەبێ کەئێمە دیمان..

ئەو هەموو خەڵکە ئەمردو بەبەرچاومانەوە سەگ ئەیخوارد هیچی وەك ئەوەی دایکم کاری لێم نەکردو وەك شێتم لێهاتبوو لەوەودوا ئۆقرەم لێبڕابوو.. شەو هەتا بەیان ئەهاتم و ئەچووم چەندین جار لەسەرئەوە لێمیان ئەدا..

شەوێك بەدزی حەرەسەکەوە لەقاتی دووەم چوومە سەر قاڵدرمەکەو ملێکم کێشا تاچاو بڕکات هەر تاریکی بوو لەدور لەدور هەندێ ئاگر دیاربوو وەك شار وابوو.. دوای کەلەناو خەڵکەکە باسم کردو هەبوو پرسیاری لەشورتەکان ئەکردو عەرەبی ئەزانی قسەیان لەگەڵیان ئەکرد.. وتبوویان ئەوە (سەلمانە).. هەر ئەو شورتانە بۆمانیان باس ئەکرد کەچەند قەڵایەکی

تریش هەیەو هەمووی هەر پڕی سجنەو وتبوویان لەعەرعەریش زۆری لێیەو ئەڵێن ئەوانە گەنجن..!

ئیتر بەردەوام چەند خەڵکمان لێئەمرد دوای ماوەیەك وەجبەیەکیان ئەهێناو شوێنەکانی ئەوانیان پڕدەکردەوە.. دوو بۆسیێ مانگ ئەبوو لەوێ بووین وەجبەیەکیان هاورد هەمووی ژنو منالێ بوونو هەندێ غورفەیان بۆیان چۆڵ کردو بەجیا سجنیان کردو نەیان ئەهێشت تێکەڵ ئیمەبن.. وابزانم ئەیانووت ئەمانەیان لەدوبزەوە هێنابوو.. ئەوانیش زۆریان لێئەمرد.. بەتایبەت ئەو هەموو منالەی ئەتووت پەپولەن لەکوێ بەرگەی ئەو گەرماو برسێتیو ئاوەتاڵەیان ئەگرد..

کەئەوانیان هاورد ئێمە وەزعمان خراپتر بوو.. هەریەکەمان ژنو منالی خۆمان بیر ئەکەوتەوەو بەردەوام چاومان بەغورفەکانی ئەوانەوە بوو.. کێ ئەلێ ژنو منالی ئێمەشی تیا نەبوو.. وەك ئەوەی جەرگی خۆمان بێت ئاوها عەزابیان ئەخستە جەرگمانەوەو ئەم حکومەتەیش لەوە نەچوو هەر بۆئەوە هاوردبێتیانی بۆلای ئێمە.. تاژنو منالەکانمان بیرکەوێتەوەو خەمو خەفەتمان زیاتر بکات.. ئەتووت سوێندیان خواردووە تەنها بەخەفەتو مەراقەوە بمانکوژن..

دووجاریش ئەکەوتنە ناو ئێمەو هەندێ ناویان ئەنووسیو دوو وەجبەیان لێمان بارکردو کەس نەیزانی بۆکوێیان ئەبەن..

هەندێ شێتی لێبوو هەر لەدێیەکان گیرا بوون لەوێ بوو بوونە مەخسەرەی ئەو جەلادانە.. جاری وابوو دوو دوو ئەیانیان بەستە یەکتریەوەو لەناو حەوشەکە ئەیانیان دایە شەڕدا.. یان تەنەکەیان بەپەتێك ئەبەستە پێیانەوەو بەناو قاوشەکاندا ئەیانیان سوڕاندەوە تاتەقەقەو خڕەخڕی تەنەکەکە ئێمە بێزار بکات..

باسی (وەیل) تەواو نابێ.. گاورسانێتی بوو.. بەخوا رەنگە دووسەد هەر کوێری لێبوو بێ گشتی لەدێهاتەکانی خۆیان گیرابوون چەند هەر کەم ئەندام گۆجو شەلو نەخۆشی پەککەوتەیان هێنا بوو.. هەندێکی لێبوو وابزانم یان

وتیان گۆیتەپەین یان بالیسانیین باش لەبیرم نەماوە هەموویان سەریان پەنما بوو گیانیان بوو بووە زام ئەیانووت بەکیمیایی لێیانیان داوە گەلێ وەزعیان خراپ بوو تاشەش مانگ ماین و نەمردین، ڕۆژێک هاتن کەوتنە ناومان و ناویان نوسی و ئەمجارە منیش بەر ئەو ناونوسینە کەوتم.. خۆیشم لەبەر چاو کەوتبوو ئەوەندە ڕەزیل بووین خوا خوام بوو بمان بەن و بمان کەنە ناو (شەتەوە) ئێ‌خۆ باشترە لەوەی سەگ بمانخوات بابینە خۆراکی ماسی..

هەرکاتێ ناویان ئەنووسی و وەجبەیەکیان ئەبرد لەناو خەڵکەکەی خۆماندا ووتی ووتی ئەوە دروست ئەبوو کەئەیانبەن بۆکوشتن.. ئەوەندە بێزار بووم لەژیان خۆزگەم بەمردن دەخواست..

دوای ناونوسینەکە هەندێ سەیارەیان هێناو بردمانیانە دیارسەیارەکان، بارمانیان کردو دەور عەسر بوو خستمانیانە ڕێ.. شەو گەیشتینە شوێنێ شار بوو پرسیمان کوێیە وتیان (سەماوە)یە.. ڕۆژێک لەوێ هێشتمانیانەوەو شەوەکەی دواتر بارمانیان کردەوەو گەڕاندمانیانەوە بۆ (تۆبزاوا) بۆئەو شوێنەی یەکەمجار لەیەکترمانیان جیاکردەوە.. ئای چی عەزابێکمان چەشت کەگەڕاندمانیانەوە بۆ (تۆبزاوا).. تەنها ئەو شەوە لەوێ ماینەوە.. گەر دوو سێ ڕۆژێ پێ‌بچوایا گشتمان شێت دەبووین لەتاوا، زیڕەی منداڵەکان و دەنگی ئافرەتەکانمان ئەهاتەوە گوێ.. گەنجەکان ئەهاتنەوە پێش چاومان کەباڵبەستیان کردبوو، هەر هاربووین.

بەیانی دەمەو بەیان بارمانیان کردەوە.. بەڵام لەقاعەکانی لای سەرەوە خەڵکی تیامابوو هاتبوونە ناو پەنجەرەکانەوەو سەیری ئێمەیان ئەکرد.... بەڵام نەیانهێشت نزیکیان بکەوینەوە تاقسەیان لەگەڵ بکەین..

هاوردمانیانە محافەزەی سلێمانی و لەوێ بەپێی ناوچە جیامانیان کردەوەو ناومانیان نوسی و هەریەکی وەرەقەیەکیان بۆمان کردو ئێمەیان گەڕاندەوە بۆ چەمچەماڵ و لەقایمقامیەتی چەمچەماڵ بەکەفالەت بەرمانیاندا..

کەبەربووم کەسم نەمابوو گشتی گیرابوو هەر رۆژە هەر لەماڵە خزمێك بوو.. هەروا پانزە بیست رۆژێك ئەبوو بەربووم لەقادرکەرەمیەکان لەماڵە ناسیاوێك بووم (حەملە) کراو لەو ماڵەدا منیان گردو کۆمەڵێ خەڵکی تریشیان گرتبوو بەبیانووی ئەوەی ناوتان لە(احسا)کەدا نییە.. بردمانیانەوە بەرەو سلێمانی، گیان بەوەبوو وەرە قەکەم پێ بوو کەخۆیان دابوویان پێم لەجیاتی (احسا).. دوای چوار شەو لەتێهەڵدان و تەعزیبی جۆراو جۆر منیان بەو وەرەقەیە بەرداو وابزانم خەڵکەکەی تر ئەوەی کەلەگەڵ منا داگیرا بوون سێ مانگ و بیست رۆژ مانەوە دوای بەریانیاندا.. ئیتر لەوکاتەوە تاساڵی ١٩٩٥ هەر لەئۆردووگای شۆڕشدا ئەژیام و لەو کاتەشەوە چوومەتەوە بۆ (قەیتول).. بەڵام زۆر زەحمەتە ئەنفال لەبیر بچێتەوە.. رۆژانە بیرمان دەکەوێتەوە.. شوێنی ماڵ و منداڵ و دیمەنی ناوای دیمەنەکانی پێش ئەنفال و ئەنفال دێنێتەوە یادمان و عەزابی پێ ئەچێژین.. هەمیشە چاو لەرێین بەڵکو خوایە خەبەرێ ئەوەی مابێ و لەبرسا نەمردبێ رزگاری بێت تائەم حکومەتە بمێنێ ئێمە هەر چاوەڕێین کەروخاو ئەسەرێکیان نەبوو دیارە هەر زوو هەموویانی کوشتووە..


عبدالرحمن حسن حسين
رئيس الدائرة



منداڵەکە لەودیوو دەرگاکەوە ئەپاڕایەوە دایە توخوا قاپییەکە بکەرەوە، وای ئەزانی دایکی قاپییەکە لەوناکاتەوە.. هەردایکەدایکەی بوو.. ئەو عەسکەرییە زاڵمانە رەحم خوا لەدڵیاندا نەبوو بەزەییان بەو منداڵەدا نەهاتەوە تابەیانی ئەو دەرگایەیان نەکردۆتەوە

# رێژاو بابا یابە

لەدایك بووی ساڵی ١٩٥٣- گوندی سێ خڕانی ناوچەی تیلەکۆ

ئێمە چوار خوشك‌و دوبرابووین، زەوی‌و زاری کشتوکاڵیمان هەبوو

ئاژەڵیشمان هەبوو ژیانمان باش بوو بەخۆشی ژیانمان دەگوزەراند.. بەتایبەت من منداڵ بووم هیچ ئەرکێکی وا نەخرابووە سەر من تاماندوبم پێوەی.. هەستم ناکرد ئەو سەردەمەی منداڵیم ژیانمان قورسی‌و ناخۆشی تیا بووبێ.. تەمەنم گەیشتبووە دەوری دەساڵ، هەراش بووم باشم لەبیرە ترس‌و دڵە راوکێیەك پەیا بوو بوو لەناو خەڵکی ئاوای‌دا ئەیان ووت تاڵانمان ئەکەن..
من تائەوکاتە وشەی تاڵانیم نەبیستبوو نەشم ئەزانی چییە.

بەدایکم ئەووت تالأنی چی‌یە؟ ئەیووت عارەب ئەڵێن داوێتی بەسەر ئەو دێیانەداو هەرچیان هەیە بردویەتی دێن مەڕومالأتەکەمان ئەبەن، ماڵەکەمان ئەبەن... رەنگە بڵێم بۆیەکەمجار هەستم بەترس کردبێ ئەو کاتەبووەو لەتالأنیەوە ترسام.. هەر ئەوترسەیش لەمناڵیەوە لەگەڵمایە ئێستاش باسی فەرهوودو تالأنی بکەن موچڕکە بەلەشمدا دێت..

بەخوا هەر دوو سێ ڕۆژ بوو قسەکە بڵاو بوو بووەوە هاتن (عارەب پاپەتی) دایانە سەرماندا خۆمان لەترسا ئاوایمان جێ هێڵاو چووینە ئەو چەمانە خۆمان شاردەوە.. هەرچی لەئاوای‌دا بوو بردیان‌و لەدەشت‌و دەریش هەرچی مەڕو مالأت هەبوو بردیان‌و ئاگریان نابەئاواییەوە.. خوا ئاگادارە خانویەکیان بەساغی نەهێشتەوە ئەتووت هەق باوکیان لەسەرمانە.. ئیتر بارمان کردە کانی (عوبێد ئاو) زەنگە بان ئاوەسپی.. خەڵك هیچی نەما بەچی ماڵ دروست ئەکەیتەوە ئەوەی هەت بوو لەمەڕو مالأت‌و ئەشیایی ناو ماڵ (بەجل‌و جۆرەکانیشمانەوە) گشتیان برد.. ئێ بەهەموو ئاوایی پارەی بارێ دارمان نەبوو دارەڕای یەك خانووی پێ بکەیتەوە.. خەڵك ئەو کاتە ئەوەندەی هەبوو بیخوات.. ئێمە چووینە (کانی عوبێدە) هەندێ لەماڵەکانی تر چوونە دێیەکانی ترئیتر هەریەکەو رووی کردە ئەو دێیانەی کەنەسووتا بوون.. چونکە حکومەت گۆڕا هەمووی هەر شەش مانگ بوو ئەو حکومەتە دەوامی کرد، ئیتر خوای ئێمە کردی روخانیان پێیانیان ئەوت (حکومەت بەعسیەکان.. ئەها ئێستایش خەڵك ئەڵێ ساڵ بەعسیی‌یەکە، ئەوانە بوون)..

ئیتر نازانم چەند ساڵ دوای ئەوە بوو.. بەخوا هەرسێ چوار ساڵ بوو لەکات شەڕی جەلالی‌و مەلای‌یەکەدا بوو کورە زۆر مناڵ بووم، تۆش وەك برام وای بەقورئان باڵق نەبوو بووم دامیانە شوو بە (علی مجید غەنی) کەئەو خەڵك کانی عوبێد بوو ئەو پێنج شەش ساڵ لەخۆم گەورەتر بوو.. لەدێ‌ی کانی عوبێدیش هەر ژیانمان بەئاژەڵداری‌و کشتوکاڵ کردنەوە ئەبردەسەر.. دێهات هەمووی وابوو.. ئیتر تاساڵی ١٩٧٤ بەبێ کێشە خەریکی ماڵداری

بووین و من ئەوكاتە دوو منداڵم هەبوو حسێن و ئاوازو دووگیانیش بووم..
شەڕ لەنێوان حكومەت و مەلامستەفا هەڵگیرسابووەوە.. تۆپ بارانی دێهاتەكان ئەكرا دێیەكەی ئێمە لەترسا چۆڵی كردو بۆ نەگبەتی تۆپێ دابووی لەخانووەكەی ئێمە روخاند بووی.. دوای ماوەیەك گەڕاینەوە ئاوای و سەر لەنوێو بەهەزار هیلاكەت خانوومان چاككردەوە..

دوای ئەوە بوو شۆڕش تێك چوو. ماوەیەك دونیا ئارام بووەوە بەڵام ئەوەندەی پێ نەچوو حكومەت كەوتە گواستنەوەی ناوچەكانی ئەو سنورانە.. من ئەوانەم نازانی بەڵام زەلامەكان زۆر ئەترسان ئەیانووت حكومەت نیازی خراپە.. دێهاتەكانی ئەو سنورە رانەگوێزێو ئەیانهێنێ موجەمەعیان بۆ ئەكات.. جاری وابوو ئەوەندە ئیشو كارمان زۆر بوو ماندو ئەبووین.. ئەمووت كورە ئەو دێهاتانە نەجاتیان بووە بۆ خۆیان ئەچنە موجەمەع خۆبەس نەبێ ئیتر دروێنەو ئیشی دەشت و دەریان نامێنێ. خۆئێمە فەوتاین بەدەشت و دەرەوە، ژیان قورس بوو ئەوكاتە فەلاحەت كردن و مەڕداری گران بوو..

ئیتر هەر ئەوە بوو خەڵكەكە ئەترسان و هێنیش لەدێیەكانی ئێمە نەبوو.. وردە وردە پێشمەرگە پەیدا بوونەوە، خەڵكەكە ترسەكەی رەویەوە ئەیانووت ئەگەر پێشمەرگە هەبێ حكومەت ناتوانێ دێهاتەكان بڕوخێنێو خەڵكەكەی بگوازێتەوە بۆمجەمەع ئەگەر جەیش و جاش بێن و بیسوتێنن و بیشێوخێنن.. خەڵكەكە ئاوەدانی ئەكاتەوە.. ئەوە بوو دوای شەڕی ئێران و عێراق هەڵگیرسا. حكومەت ئالآیە شەڕی ئێرانەوە ئێمەی لەبیر چووەوە.. هەرچەندە دوعای شەڕ خراپە.. بەڵام خۆزگە هەر شەڕی بوایا لەگەڵ ئێران ئەگەر ترس حكومەتێكی تری هەبوایا ئاپەڕژایە سەر ئەوەی ئێمە ماڵ وێران بكات..

ئەو شەش حەوت ساڵەی شەڕی بوو لەگەڵ ئێراندا ئێمە حەساینەوە.. هەرچەندە زوو زوویش جەیش و جاشی ئەهاوردە سەرمان بەڵام پێشمەرگەیش گەڵێ زۆر بووبوو حكومەت لەحەقی نەئەهات و ترسمان

نەبوو.. ئەوەی لێی ئەترساین کۆپتەر بوو کە رەمی لەدێیەکان ئەکردو جاری وەبوو سەیارە لەشارەوە ئەگەڕایەوە لەرێگەو بانەکان ئەیسوتان و شوانی ئەکوشت و هەندێ جار دەغڵ و دانیشمانی ئەسوتان.. بەڵام هەر ژیانەکەمان خۆش بوو ترسەکەمان کەمتر بوو بۆ خۆمان حور بووین بەخوا دێیەکانمان وەك بەهەشتی لێ هاتبوو.. بەڵام برا نەیان هێشت، هەواڵەی خوابن ژیانیان لێمان کردە دۆزەخ..

رێی هاتوچۆی شاریان لێمان بڕی.. حکومەت حەساری خستە سەرمان گرانیان خستەوە.. ئەوەی ئەچوو بەرەو شار ئەیان گرد.. نەخۆشی یەك شتێ ببوایا ئەمان ئەوێرا بیبەین بۆ شار، دێیەکانمانی کردبووە ناوچەی موحەرەمە).. لەمەعەسکەرەکانی شارەکانەوە رۆژانە تۆپ بارانی ناوچەکەی ئەکرد.. نازانم دنیا بۆ والەپڕ گۆڕا.. وتیان حکومەت قواتی زۆری بردوە بۆسەرو بۆ سەر سەرکردایەتی و بارەگاکانی پێشمەرگە..پێشمەرگەی ناوچەکەی ئێمەشیان برد بۆ ئەو ژورە بۆ بەرگری کردن.. مانگێ زیاتریان پێ چوو کاتێ گەڕانەوە بەوەزعێکی زۆر خراپەوە هاتنەوە تێك شکا بوون، حکومەت کیمیای تەقانبوو دێیەکانیان گشتی روخاندبوو. خەڵکەکەی زۆربەی گیرابوو.. کەپێشمەرگەکان هاتنەوە ئەمانەیان گێڕایەوە ئەیان ووت ئەمجارە دەست لەژن و منالیش ناپارێزێ و بەشۆفڵ خانووی روخاندوە بەسەر ژن و منالدا.. ئەیانووت کیمیایی تەقاندووەو خەڵکی زۆری کوشتووە.. ئەیانووت قواتەکەی زۆرەو لەکێشدا نی یەو بەرگری ناکرێ.. ئەیانووت رۆژە رەشەو رۆژ ئەو رۆژەیە خۆت رزگارکەی.. ئەشیانووت ئێمە رێگە لەکەس ناگرین ئەڕوات خۆی ئەدات بەدەستەوە یان لەدێهاتەکان ئەمێنێتەوە..

ئێمە مەرگ و ژیانمان بەسترابووە پێشمەرگەو شۆڕشەکەوە.. ئەگەر ئەوان تێك نەشکایان و سەرکردایەتی نەگیرایا یاحکومەت نەینەتوانی دێهاتەکان بڕوخێنێ.. پێشمەرگە ئەمانی پاراست.. بەڵام ئەوان شکستیان خوارد بوو، بۆ ئێمە رۆژە رەش بوو.. ئەمان ئەزانی چی بکەین.. ئەچیت بەرەو شارەکان

ئەتگرن.. ناچیو لەدێیەکەدا ئەمێنیتەوە ڕۆژانە تۆپ بارانت ئەکاتو ئەڵێن پەلاماری هەموو ناوچەکە ئەداتو نەک هەر دێیەکان ئەسوتێنێو تاڵانی ئەکات هەموو خەڵکەکەشی ئەگرێتو کەس نازانێ بۆ کوێی ئەبات.. وەرە ژیانێکی چەند زەحمەتە دوارۆژی خۆتت لێوە دیار نەبێتو لەبەردەم دوو ڕێگادا بیت هەردووکی چارەنوسێکی نادیاربێ..!! هیچ ئومێدێکمان بەژیان نەمابوو هەموو ژیانمان بووە ترسو دڵەڕاوکێ ئێستا نائێستا تۆپێك دێتو ئەداتە سەر خانووەکەتداو ماڵو منداڵت هەموو ئەکوژێ.. مردن خۆش بوو لەوە ئەترسای بریندار‌بیو بەو حاڵەوە چی ئەکەیت..

لەپایزی پێش ئەنفالەکەدا تەیارە هاتە سەر دێیەکەمانو زۆر بەخەستی بۆردومانمانی کرد (٥١) هاوڵاتی ئاوای بریندارکردمو کوژران.. من خۆم خەسوم بریندار بوو.. وەرە لەدێیەکی کەلاوەدا ڕێگای شارت نەبێ داودەرمانێ نەبێ، (٥١) کەس بەر ڕەمی تەیارە بکەون.. کۆمەڵێکی زوو نەجاتی بوو مردن.. بەڵام ئەوانەی کەبریندار بوون زۆر ڕەزالەتیان بینی.. بەخوا شەش مانگ دوای ئەوە ئەنفالەکە بوو.. هەبوو ئەو شەش مانگە هەر بەبرینداری مایەوەو دوای بەو برینداریەشیەوە ئەنفال کرا..

ئیتر ئەو شەش مانگەی دوای ئەو کارەساتەی بەسەر گوندەکەمان هات تائەنفال ئێمە هەر ڕۆژێکمان مردنێ بوو.. بەشەو نانمان دروست ئەکردو شەبەق ئەبوو بچینە ئەو جەوەڵە.. لەبن ئەو کەلوەزو کونە تەیارانەدا کەزووتر خۆمان دروستمان کردبوو خۆمان ئەشاردەوە تائێوارە.. حاڵمان نەبوو وەرە شەش مانگ شەواو شەو وەرە دەرەوە.. من کۆمەڵێ منداڵیشم هەبوو (حسین لەدایکبووی ١٩٧٠بوو، ئاواز ١٩٧٣، جیهان ١٩٧٥، سیروان ١٩٧٨، پشتیوان ١٩٨٠، ئارام ١٩٨٢، هاوکار ١٩٨٤)و ئەو کاتەش حامیلە بووم.. وەرە بەحەوت منداڵەوە شەو لەوکەلوەزو هەردانەوە بگەڕێرەوە ئاوایو تادەمەو بەیان نان دروست بکەو هەرشەبەق بگەڕێرەوە بۆ هەردەکان.. ژیانێکی زۆر ڕەزالەتمان بینی یاخوا قەت کەس نەیبینیو دوبارە نەبێتەوە..

(باوك مناڵەکانم) کەوتە شوێن پێشمەرگەو ئێمەی بەجێ هێشت.. ئەیووت پیاو ئەبێ لەم ڕۆژەسەختەدا بەرگری لەمیللەتەکەی بکات.. ئەو زووتر چەکدار نەبوو لەوکاتەدا چەکی هەڵگردو ڕۆیی.. ئەو ڕۆژەی ڕۆیشت مناڵەکان پێیان ناخۆش بوو ئەیانووت (باوکە زووبێرەوە) باوکیان ڕۆیی.. ئیتر من بەکۆمەڵێ مناڵی سەرگەردانەوە نەم ئەزانی چی بکەم.. ئەیانووت حکومەت قواتێکی زۆر زۆری لەدەوری ناوچەکە کۆکردۆتەوەو لەهەموولاوە پەلامارمان ئەدات (کێومالّی ئەکات) لەخوارەوە بەجاش‌و جەیش‌و لەئاسمانیشەوە بەکۆپتەر.. هێشتا هجومەکەی دەستی پێ‌نەکردبوو بۆ سەرمان تۆپ باران‌و ڕەمی کردنی تەیارەی بەدەقەوەستانی نەبوو.. ئەشەو ئەڕۆژ ئەتووت شەستەی بارانە ئاوها گوللە تۆپ ئەیدابەو تونددو چەم‌و کێوانەدا.. توشی سەرگەردانی‌یەك بووین هەر مەپرسە ئاخر نازانی لەڕۆژێ‌وادا پەنابۆ کوێ بەری‌و ڕۆلەکوێ بکەین هەمووڵایەك هەردوژمنتە.. زەوی‌و ئاسمان‌و دارو بەردیشمان لێبوو بوو بەئاگر..

ناچار بەخۆم‌و مناڵەکانەوە بەرەو ماڵی باوکم کەوتمە ڕێ‌و چوومەوە لای ئەوان.. گەر هەرچیەکمان لێهات لەگەڵ ماڵ باوکم دابم باشترە.. ئەمە ڕۆژە ڕەشە..!! ماڵ باوکم لە(سێ خڕان)بوو..

ماڵ باوکم تەرەکتەرێکیان هەبوو لەئاواییەکەدا چوار تەرەکتەری تریشی تیا بوو هەرچی ژن‌و مناڵ ئەو ئاوای‌یەیە سواری ئەو پێنج تەرەکتەرە بووین‌و چووین دوو ڕۆژ لە(کاکە برا) ماینەوە، دوای ڕامان کردە (ملە سورە)و دووشەویش لەوێ ماینەوە.. بەڵام ئاگر ئەباری.. وتمان بەدزیەوە خۆمان ئەگەیەنینە نزیك (شار).. خۆمان ئەکەینە کەلار داولەو ماڵانە خۆمان ئەشارینەوە تابزانین خواچی ئەکات.. زووتر ئەیانووت جەیش‌و جاش لەهەموو قوڵەکانەوە پەلاماریان داوەو چواردەوری گشت ناوچەکەیان گرتووە.. بەڵام ئێمە چوزانین ئەمان وەك ڕیزی مێروولە بەدوای یەکەوە بەدەوری ناوچەکەوەن‌و ڕێگا نادەن کەس دەربازی بێت.. بەپێی خۆمان

چوینە ناویانەوە.. هەموو ئەو ژنو منداڵەی لەناو ئەو پێنج تەرەکتەرە بووین کەوتینە ناو کەمینی جاشو جێشەوەو گرتمانیان..

ئەو شەوە هەرلەو دەشتەدا هێشتمانیانەوەو چواردەورمانیان گرتبوو.. لەبەین هەر مەترێکدا دوو چەکدار بەتفەنگەوە بەدیارمانەوە بوون.. تفەنگەکانیشیان گرتبووە دەسیانەوە.. تابەیانی ئەوانیش وەك ئێمە نەخەوتنو ئێمە وەك ئاژەڵی بریندار لاڵو پاڵ کەوتبووینو ئەوانیش وەك دار بەدیارمانەوە وەستابوون..

هەندێ جار مرۆڤ ئەوەندە ئەترسێ دوای ناتوانێ باسی ئەو ترسە بکەی نازانی چۆن باسی کەی چونکە هەموو ترسێك وەك یەك نییە.. ئێمە ئەو شەوە ترسەکەمان جیاواز بوو من لەهەموو ژیانمدا بەقەدەر ئەو شەوە نەترساوم بڕوابکە پێمانیان بووتایە هەستنو راکەن ئازادتان ئەکەین، بڕوا ناکەم هیچ کەسێکی هێز لەئەژنۆیا بووبێت تابتوانێ بڕوات.. منداڵەکان لەخۆمان خراپتر.. ئێمە لەناو تەرەکتەرەکان هەندێ کەلو پەلو خواردنو ئاومان پێبوو، بەلام ئەوان تەرەکتەرەکانیان لەدور خۆمان دانابوو رێگەشیان نەئەدا بچین بۆئەوەی ئەشتیاکان بهێنین.. ئەو شەوە منداڵکان هەر زیرەیان کرد.. کزەبایەکی ساردی ئەهات ئەم گەرمیانە بەشەو فێنکە.. ئەو کاتەیش هێشتا سەرەتای بەهاربوو شەوی ساردبوو.. ئەوەندە زاڵم بوون نەیان ئەهێشت بچین هەر سەرویەتانیو دۆشەکە شڕەناو کەلو پەلەکانی خۆمان داگرین.. بەلام تارۆژ بووەوە جاشەکان هەر خەریك بوون ئەم دیوو ئەو دیویان ئەکردو موشەموشی ئەوەیان بوو شتێکیان دەست کەوێ.. هەرچی پەڕۆو پاتاڵمان هەبوو هەڵیان رشتبوو بەدوای پارەو ئاڵتونو شتیبەنرخدا ئەگەڕان..

کەرۆژ بووەوە کۆمەڵێ زیلی عەسکەریان هاوردو ئێمەیان خستە ناو زیلەکانەوەو تەرەکتەرەکانیشیان خستە دوامان.. شەو جاشەکان ئەوەندە ئەو کەلو پەلەیان ئەمدیوو ئەودیوو کردبوو تەرەکتەرەکان لەوە ئەچوو هەریەپڕ کەلو پەلەوە لەئاوای یەوە بەدوای ئەو زیلانەوە بوو بێتو

لەوەنەئەچوو نەفەرێکی تیا بووبێ.. وایان دابووە سەریەکدا، ئەتووت پڕی کەل‌و پەلی ناومالە..

بەوشێوەیە خستمانیانە ڕێو بردمانیانە قۆرە تـوو.. کەچووینـە ئـەوێ سەیرمان کرد خەڵکێکی تری زۆری لێیە.. ئەوانیش هەمووی هـەر لـەرێو باندا گیرابوون.. خەڵکی ناوچە جیاجیاکانی گەرمیان بـوون.. دیـاربوو قۆرەتوو دانرابوو بۆشوێنی کۆکردنەوەی ئەو خەڵکە چونکە هەموو سەر رێگاو چواردەوری بەعەسکەرێو قواتی زۆر دەورە درابوو.. ئەوەی لەوچەند شەوو رۆژەشدا لەرێو بانەکان گرتبوویان هەموویان هاورد بوو بۆ ئەوێ.. جارێ ئەوەی لەوێ خڕکرابووەوە تەنها ئەو خەڵکە بوون کەبەرەو شارەکان هـاتبوون تاخۆیـان لەمـەرگ رزگارکـەن‌و بەحسـاب بـەرەو نـاو حکومـەت هاتبوونـەوە چونکـە دیعایـەش زۆر ئـەکرا کەحکومـەت سـێ رۆژ عـافواتی دەرکـردوەو ئـەوەی لـەو سـێ رۆژەدا بمێنێتـەوە لێی ئـەبورێو ئـەوەی لەلادێکاندا بمێنێتـەوە ئەدات بەسەریاندا.. ئەوانەی کەئەوکاتە لـەقۆرەتوو خڕمانیان کردبۆوە هێشتا ئەوانەیان نەهێنابوو کەلەدێهات‌و ئەو چەم‌و هەردانەدا گرتبوویـان تەنها ئەوانە بووین کە خۆمان هـاتبووین‌و لەرێگەو بانەکانی نزیك شارەکان دەستگیر کرابووین..

سێ‌شەوو سێ‌رۆژ ئێمەیان لە(قۆرەتـوو) هێشـتەوە لەوسـێ شەووسـێ رۆژەدا بـەردەوام بـەئیڤای عەسـکەرێو بەگلابـەو بەتەرەکتـەری دێهاتـەکان خەڵکیان خڕکـردەوە.. بڕوا بکـە ئـەوەندەیان خـەڵك هێنـا لـەو سـێ‌رۆژەدا دەشت‌و دەر نەیئەگرد قەد بڕوام ناکرد ئەم گەرمیانە ئەوەندە خەڵکی تیابێ بەشارەکانیشەوە..

بەخوا بەقـەدەر یـەك قەلایـەك هـەر کەل‌وپـەلیان خڕکردبـۆوەو لـەولای مەعەسکەرەکەوە.. بەخوا من ئـەڵێم سـەد تۆبڵێی هەزار بەس تەرەکتـەریان بەدوای‌یەکدا ریز کردبوو..

ئەوسێ رۆژوو سێ‌شەوە هەر لەتینوان‌و لەبرسا خـەریك بوو بمرین بەو هـەموو خەڵکە سـێ تەرەکتـەریان هێنـابوو ئاویـان بۆمـان ئـەهێناو بـەزیلی

عەسکەری ئەگەڕان و سەموونیان بەناو خەڵکەکەدا فڕێ ئەدا.. بەڵام گیانمان بەخواو بەخەڵکی کەلار بوو.. ڕۆژانە لە ماڵەکانی کەلار نانیان کۆکردەوەو بۆمانیان ئەهاورد..

زیلی عەسکەری و سەیارەی کۆستەریان هاورد وەك داروبەرد کەوتنە بارکردن ئەو خەڵکە.. خوایە ئەبێ بۆکوێمان بەرن، من باوك منداڵەکان لێمان دابڕاوە.. حسێن کوڕ گەورەکەیشم لەگەڵ ڕانەکەیا بوو هەر نازانم کەوتە کوێوە لەم هەموو ئاگر بارانەدا چی وەسەرهات.. واخۆیشمان ئەبەن و مەگەر هەرخوا بزانێ بۆکوێیەو چیمان لێئەکەن..

خستمانیانە ناو ئەو سەیارانەوە.. ئێمە بەر وەجبەی زیلەکان کەوتین و بردمانیان بۆ تۆپزاوا، ئێمە چەندێ بووین بەو خوایە ڕەنگە دووئەوەندی ترخەڵکی لێبووبێ.. مەعەسکەرەکە هەمووی دەوری گیرا بوو زۆر گەورەبوو لەناویدا قاعەی زۆر درێژ درێژی تیابوو.. کەوتنە ناونوس کردنمان و هەر قاعەی (٥٠٠) کەسیان تێکرد.. ئێمە تابەرمان کەوت ناومان بنوسن و بمانخەنە قاعەوە گەیشتە شەو.. خواناگادارە ژنێك لەریزەکەدا خۆی و دوو منداڵی بەرئەو (٥٠٠) کەسەی قاعەکەی ئێمە کەوتن منداڵێ هەروا حەوت هەشت ساڵانیشی ناوی دەرنەچوو بۆقاعەکە.. ژنەکە چەندێ پاڕایەوەو پەلاماری منداڵەکەیدا ئەو عەسکەرە زاڵمانە نەیان هێشت و بەزۆرو بەپاڵ خستیانە ناوقاعەکەوەو منداڵکەیشی لەدەرەوە بوو.. ئێرانەی ئەو خوایەو یەك بارانێك دایکرد هەر زۆرزۆر بەتین بوو.. خەڵکی زۆر لەناو ئەو حەوشەی مەعەسکەرە بوون و تابەیانی باران داوێتی لێیان.. ئەو منداڵەی ئەو ژنە تابەیانی لەبەر ئەو بارانە بوو تابەیانی ئەیدا لەدەرگای قاعەکەمان و بۆدایکی ئەیزیڕان.. ئەو ژنەیش هەر هاروشێت بوو لەتاوا ئەم لەم دیووی قاعەکەوەو منداڵەکەیش لەو دیووی قاعەکەوە.. تابەیانی هەر لورەیان هاتووە.. ئەو ژنە جاروابوو سەر خۆی ئەدابەو دیوارانەدا.. سەرباری ئەو وەزعەی خۆمان کەگشتمان وەك ئەومان بەسەرهاتبوو هەریەکەو بەشێوەیەك لەئازیزو جەرگەکانی خۆمان دابڕبووین بەڵام ئەوەی ئەو ژنە عەزابی خۆمانی

لەمیرمان بردبۆیەوە زۆر بەزەیمان بەودا ئەهاتەوە.. بەو خوایە تابەیانی گشتمان وەك ئەو ژنە جەرگمان بۆئەو منالە ئەسوتا.. منالەکە لەودیوو دەرگاکەوە ئەپاڕایەوە دایە توخوا قاپیەکە بکەرەوە، وای ئەزانی دایکی قاپیەکە لەوناکاتەوە.. هەردایکەدایکەی بوو.. ئەو عەسکەرییە زاڵمانە رەحم خوا لەدڵیاندا نەبوو بەزەییان بەو منالەدا ناهاتەوە تابەیانی ئەو دەرگایەیان نەکردۆتەوەو (حیلکە حیلك) پێ‌ئەکەنین‌و ئەهاتن‌و ئەچوون گاڵتەیان پێی ئەکردو منالەکەیان ئەترسان.. بەیانیش کاتێ قاپیەکەیان کردەوە ئەو منالەو دایکەکەی واباوەشیان کرد بەیەکدا موچوڕکەیەکی خۆشی سەرتاپای لەشی داگرتبووم بەوخوایە لەناخەوە لە خۆشیدان بۆیان ئەگریام..

هەر ئەو رۆژە ئێمەیان لەتۆبزاوا هێشتەوە، جێ‌وڕێ نەبوو لەسەعاتێکدا سەد سەیارە خۆی ئەکردە ناو مەعەسکەرەکەداو ژن‌و منالی دائەگرد.. ناومانیان نوسیاوەو ئەمجارە خستیانمانە ناو سەیارەی (قەپاتەوە) هەندێ رۆیی لەوە ناچوو زۆر بووبێ.. لەشوێنێك وەستاو دەرك سەیارەکەیان کردەوە دامانیان بەزاند قافڵەیەکی گەلێ زۆر بووین هەموو سەیارەکان وەکو یەك وابوون ئەتووت یەك سەیارەیەو ئاوێنە بەرامبەری دانراوە نازانم ئەم هەموو سەیارەیەیان لەکوێ بوو هەمووی یەك رەنگ‌ویەك شێوە.. ئەویش مەعەسکەربوو قاعەی درێژ درێژی هەبوو (دوبز)بوو.. عەسکەری زۆری لێبوو. لەوێش بەناونوسین خستمانیانە ناو ئەو قاعێلەوە پێش ئێمەیش خەڵك تری تیابوو پەیتا پەیتایش خەڵکی تریان ئەهاورد..، من هەر چاوم ئەگێڕا ئەمزانی بەخوا مێردەکەیشم‌و کوڕەکەیشم کەلەگەڵ رانەمەڕەکەیا بوو ئێمە جێمان هێشت هەر گیراون.. ئەمووت بەڵکو لەناو ئەو خەڵکەبن.. لەتۆبزاوا زەلامی گەنجی زۆرلێبوو بەلاَم لە(دوبز) زەلامی گەنجم نەدی..

ئەوهەموو خەڵکەیان ئەهاورد هەر تاقیبم ئەکرد.. گەنجێکم نەدی تەنها پیرەمێرد نەبێ.. ئیتر بێ‌ئومێد بووم لەوەی تازە یەکتر ببینینەوە.. بەلاَم دڵەوئۆقرەی ناگرد بەعەزرەتەوە بووم تەنها خەبەرێکیانم دەست بکەوێ..

ئیتر سێ مانگ لە(دوبز) هێشتمانیانەوە.. لەچاو ئەو شەورۆژەی (تۆبزاوا) زۆر باشتربوو بەڵام زۆر نەخۆشی لەناوماندا بڵاوبووەوە (مۆرانە) لێمانیدا (هەر گەڕوگول) بویمان لەچڵکنیدا..

منالٚ گشتی تووشی (سورێنجە- سورێژە)بوو.. زۆری کوشت.. کەهەر کەسێکیش ئەمرد ئەبوو ئێمە لەپەنجەرەکەوە خەبەربدەین بڵێین خەڵکمان لێ مردووە.. ئیتر خۆیان ئەهاتن جەنازەکەیان ئەخستە سەر عارەبانەی دەستیو ئەیانبرد.. ئەمان ئەزانی چیلێ ئەکەن..

ئێمە کەبردمانیان مانگی رەمەزان بوو.. هەمان بوو بەرۆژو بوو، نوێژی ئەکرد.. بەلاّم لەوەئەچوو پێیان ناخۆش بووبێت نوێژو رۆژوو بگرین.. چونکە رێگامانیان نادا دەست نوێژ هەڵگرینو بای ئەوە خواردنیشیان نادابێمان کەپشتی پێ ببەستیو بتوانی بەرۆژووبی.. هەروا چۆڕێ شۆربا یان سەموونێ رەق چی پێئەکەیت.. ئەویش ئەبوو سەعاتێ لەریزدا بوەستی تابەرت ئەکەوت.. وەك تەعزیبیش ئامرێکی لێبوو گەلێ زاڵم بوو ئەهات ئەکەوتە ناومان لەکاتی نان وەرگرتنەکەدا ئەیدایە (قولەقاپماندا) بەخوا رۆژی قۆناغە تفەنگێکیدایە قولەقاپی ژنێکدا چەرم هەموو پای داماڵیو تادوو مانگ دوای ئەوەیش خوێنی لێئەتکا..

لەرۆژی جەژنی رەمەزاندا دڵمان خۆش بوو بەڵکو ئەمە خوایە بنێی لەدڵ ئەم زاڵمەو جەژنەیەو بەزەی پێمان دابێتەوە هیچ نەبێ ئەم دوورۆژەی جەژن هەرلەناو قاعەکان بمانکەنە دەرەوەو لەحەوشەی مەعەسکەرەکەدابینو ژەمە خواردنێکی باشمان بدەنێ.. کەچی ئەو رۆژە لەهەموو رۆژەکان خراپتر بوون هەریەکەم رۆژی جەژن (٥) قاعەیان لێمان بارکرد.. کەلەسەرووی قاعەکانی ئێمەوە بوونو سەرپاك باریانیان کردو ئیتر کەس نەیزانی بۆکوێیان برد.. شورتەیەکی لێبوو پیاوێکی بەرەحم بوو پرقورگی بوو بوو لەگریان پێمانی ووت ئەیانبەن گشتیان ئەکەن بەژێر خۆڵەوە.. یان دەرمانو کیمیاییان پێتاقی ئەکەنەوە..

تائێمەیان لە(دوبز) گواستەوە سێجار وەجبەی تریان برد.. ئیتر جارێ ئەیانووت ئەیانبەن بۆ(تکریت)وجارێ ئەیانووت بۆ(سەماوە). جارێکیش وتیان بۆ(سەلمان)ە..

هەندێ جاریش ئەهاتن بەکۆمەڵێ قەمەرەوە عارەب دزداشە لەبەرداثەبەزین و ئەکەوتنە ناو ئەو قاعانە ئەگەڕان بەناو ژنەکاندا.. ئەیانووت ئەمانیش هەرکەسێکیان بەدڵ بێت و جوان بێت ئەیبەن بۆخۆیان.. خوا هەڵناگرێ لەقاعەکەی ئێمە کەسیان نەبرد..

توخوا تالەبیرم نەچووە بائەوەت بۆبگێڕمەوە کەوەجبەکانیان ئەبرد بەژمارە ئەیانبرد بڵێین وەجبەی (٥٠٠) کەس بوون.. کەبەناو خوێندنەوە بانگیان ئەکردو وەجبەکانیان بەڕێ ئەخست..خەڵك هەبوو لەوێ لەیەکتر دابڕا.. ناوی خوشکێکی بەر ئەو وەجبەیە ئەکەوت کەئەیانبردو ناوی ئەمی بەرنەئەکەوت.. ژنێ لەگەڵ ئێمەدا بوو لەگەڵ دووبراژنیدا بوو، ژنەکە ناوی (جەهان)بوو لەو وەجبانەدا براژنەکانی بەرکەوتن و ناوی خۆی تیانەبوو چەندێ هەوڵیدا کەخۆیشی لەگەڵ براژنەکەی دابچێت نەیان هێشت.. لەوەودوا زۆر بەزەیم پێیدا ئەهاتەوە زۆر کزومات بوو، سێمانگی بەو حاڵەو بەهیلاکەت بردەسەرو رێك دوو رۆژ بەرلە جەژنی قوربان بوو ئەو شورتەیەی کەووتم پیاوێکی باش بوو وەستا بوو بەدیارمانەوە سەیرمانی ئەکرد لەپڕ چەکەکەی کەبەدەستیەوە بوو کەوتە خوارەوە.. زۆرداما چوومە تەنیشتییەوە پرسیارم لێکرد دەنگی عافواتێ شتێ نییە.. فرمێسك بەچاوەکانیدا هاتەخوارەوە ووتی بەیانی ئێوەش ئەبەن.. ئیتر نەیتوانی قسەبکات.. قورگی پڕبوو بوو لەگریان.. منیش دەستم کرد بەگریان.. ئەو شورتەیە دیاربوو هۆگری ئەوژیانە تاڵەی ئێمە بوو بوو حەزی ناکرد بمانگوازنەوە رەنگە ئەو شتیزانی بێت بۆیە وابەزەیی پێماندا ئەهاتەوە.. چوومەوە ناو ژنەکان دەستم کرد بەگریان و ووتم بەیانی ئەمانگوازنەوە، ئێمە هەموو قاعەکە زۆر سەغڵەت بووین ئەو (جەهان) ناوەی کەوتم لەبراژنەکانی دابڕابوو گەشکە گرتی و دیاربوو پیی خۆش بوو لەوەنەچوو

هەر بەئومێد بووبێت بگاتەوە لای براژنەکانی و دیاربوو هەر دڵی لایان بوو.. براژنەکانی گەنج بوون و یەکیان تازە بووک بوو گیرابوو..!!

بەیانی زوو سەیارەیان هاورد کۆمەڵێ سەیارەی (قەپات)بوو. دنیایش گەرم بوو (تاوسان)بوو هەر خنکاین لەناو ئەو سەیارە سەر داپۆشراوەدا.. (٥٠٠) کەس بووین هەر سەیارەی وابزانم (٣٠) کەسی ئەگردو خستمانیانە رێ و چووە شوێنێ وتیان سەماوەیە بردمانیانەناو مەعەسکەرێکەوە قاعەکانی وەك ئەوانەی (تۆپزاوا و دوبز) نەبوو هەمووی قاعەی بەرز بەرزبوون، هەمووی پڕی خەڵك بوو جێی نەبوو زابتێك هات و لەگەڵ یەکێك لەسایەقەکانی قافڵەکەی ئێمەدا قسەی کردو کەوتینەوە رێ. دیار بوو وتبووی جێمان نی‌یە..!!

هەر رۆیی و نازانم چەندێکی پێچوو بەڵام بەخوا بەهەمووی سیانزە چواردە سەعات بەرێوە بووین.. کەلە جێگایەکی‌تردا سەیارەکان وەستان و دەرگایان لێمان کردەوە.. قەڵایەکی بەرزو گەورەبوو جێگای دنیایە سەیارە ئەبۆوە لەحەوشەکەدا.. لەوێ دامانیان گرد. وتیان ئەمە (قەڵای سەلمانە) هەمووی غورفە غورفەی لەبان یەك دروستکراو بوو.. گشت غورفەکانی پڕی خەڵك بوو تاقەتیان نەبوو سەیریشمان بکەن..

دیاربوو زووزوو وەجبەی تریان هێنابوو یان بردبوو ئەوان سایان لێ‌خستبوو.. بەلایانەوە ئەوەنە گرنگ نەبوو کەوەجبەی تریان هێنا.. دەدەقە بۆچارەکێ لەحەوش رامانیان گردو لەوێش جێگا نەبوو خستمانیانەوە ناو سەیارەکان و کەمێك رۆیی و لەقەڵایەکی تری وەك ئەوەدا دامانیان گرتەوەو وتیان ئەمەیان (نوگرە)یە.. ئەمیش بەرزبوو سێ‌قات بوو هەمووی قاعە قاعەی گەورە لەسەریەك دروست کرابوون.. هەرقاعەی (٢٠٠) کەسیان تێ‌کرد.. خەڵکی تری زۆرێ بوو بەڵام جێگای ئێمەشی لێ‌ئەبۆوە..

کەچووین ئەو ژنەی لەگەڵمانابوو (جەهان) براژنەکانی خۆی لەوێ بینیەوە.. ئێمە هەر ئەمان زانی کەکچێکی تریشمان لەگەڵ بوو، لەتۆپزاوا لەدایك و باوکی جیاکرابۆوە.. لەوێ لەگەڵ دایك و باوکی‌دا کەئەوان پیربوون

بەیەك گەیشتنەوە.. خۆزگاوابوو بوو کەگەیشتینە (نوگرە) بەیانیش مەلابانگی ئەدا خستمانیانە ڕێ، ئیتر ئەوەندە هەر بەرێگاوە بووین.. ئیتر بزانە (نوگرە) لەکوێیە بەخوا لەبن دنیابوو..!!

قەڵاکەش زۆر گەورەبوو قاعەکانی هەشت هەشت بەم بەرو بەو بەرەوە رویان لەیەکتری بوو هەرقاتی (١٦) قاعەبوو.. بێجگە لەو غورفە درێژانەی ئەم سەرو ئەوسەری قەڵاکە، کەئەوانیش پڕی ژن و منال بوون.. (رابیعە)ی خوشکم کەلە ئاوای (سێخران) گیرابوو.. ئەویش لەوێ بوو.. ئەوان یەکەم قافڵە بوون هەرلە تۆبزاوەوە برابوون بۆ(نوگرە)و سوێندی ئەخوارد ئەیووت ئەو رۆژەی ئێمەیان هاوردە ئێرە.. دیار بوو پێش ئێمە سجنی تری لێبووەو بۆئێمە چۆڵ کرابوو.. چونکە تەماتەو خەیارم لەلەقاعەکاندا بینی وەو خواردومە..

ئیتر ئێمە بەسەرهاتی خۆمانمان لەو سێمانگەدا بۆئەوان ئەگێڕایەوەو ئەوان باسی وەزعی خۆیان بۆمان کرد.. ژیانی ئێمەبەو هەموو رەزالەتی و تینوێتی و برسێتی و نەخۆشیەوە لەچاو ئەواندا وەك ئەوە وابوو لەبەهەشتدا بین..

ئەوان باسی رەزالەتی و پەت پەکتی خۆیان ئەکرد چۆن خەڵك لەتینوا کوێر بووە..! لەبرسا مردووە.. لەگەرما پساوە.. ئەیانووت شەوو رۆژی وابوو (١٠٠) کەس لەو قەڵایە مردووەو مردووەکانیان لەدەرەوەی قەڵاکە داوەتە دەم سەگەوە.. ئیتر بەسەرهاتی ئەوان تەواو نابێ..! وەك جەهەنم وابوو...

ئێمە یەکەم رۆژمان لەوێ جەژنی قوربان بوو، کەچووینە ئەوێ ئەوەندەی تریووین بەبارگرانی و هیلاکەت بۆئەوان.. هەر ئەوەندە ئاوەیان ئەهێنا کەزووتر بردبوویان ئێ ئێمەیش (٥٠٠) کەسین..

چی لە(٥٠٠) کەس ئەکەی بەچی ئاوی ئەوەی.. هەتا هەریەکەو قوتویەکی دۆشاوی تەماتەی بەتاڵیان بۆمان هێناو تەنکەرێکی تریان هێنایە ناو حەوشەی قەڵاکە تەواو ئەوانیشمان خستبووە رەزالەتەوە..!

دونیا خۆی چەندێ گەرم بوو ئەوێ دوو ئەوەندە گەرم بوو ئاوەکەی گەرمتر.. ئاوەکەی ئەوەندە تاڵ بوو ئەتووت دەرمانیان تێکردووە.. ئاوزگ ئەو خەڵکەی گشت هاوردە خوارەوە گشتی توش رشانەوەو سکچوون کرد..

رۆژی هەرنەفەری یەك سەموونی رەقیشیان ئەداپێمان بۆئەو بیست و چوار سەعاتەت تانیوەڕۆکەی تردێتەوە.. لەکاتی گەرماکەی نیوەڕۆدا ئەیان هاوردو هەرکەس ئەبوو بچێ سەموونەکەی خۆی وەرگرێ.. هەتا نۆرەشت ئەهات هەر ئەوەنەبوو کەگیانت دەرچێ.. یان کەتەنکەرەکە ئاوی ئەهێناو ئەیانکردە ناو تەنکی‌یەکەی حەوشەی قەڵاکەوەو ئەبوو هەر کەس بچێت قوتووە ئاوەکەی خۆی وەرگرێ.. سەد کەڕەت ئەتیاندایە بەر قامچی تائەو قوتووە ئاوەت وەرنەگرد.. ئاویش چی‌ئاو.. کەتۆزێکی بەردەستت ئەکەوت یەك لەپێ خوێ ئەکەوتە سەر دەستت، وەك خوێـاو وابوو..! رەزالەتێك لە(نوگرە) بینیمان یاخوا دوژمنیشت نەیبینێ.. وەزعێك ئەباسی تەواو ئەبێ نەئەتوانرێ بگێڕرێتەوە..

ئەوە بەراست بیم ئەبوو من ئەوکاتەی کەگیرا بووم حامیلە بوومو لەدویز لەناو قاعەکان‌و بەچی دەردەسەریەك منداڵم بوو.. کوڕبوو بەبەرد ناوکیمان بڕی.. ناویم ئائازاد هەر بەئومێدی ئەوەی کەرۆژێك بێت‌و ئازادبین.. لە(نوگرە) ئەو کوڕەم کەهەر لەسجن لەدایك بوو لەوێ مرد.. هەر چەندە ناوی ئازاد بوو بەڵام ئازادیی نەبینی.. هەر لەناوقاعەکەدا ژیا، ئێستاش ئاهوونزولەی وا لەجەرگمدایە کەبەچی شێوەیەك کەوتە هیلاکەت‌و مرد.. وشك بووەوە تەنها ئێسکەکەی مابوو بەرگەی ئەو برسێتی‌و گەرمایەی نەگرد..

وابزانم دوومانگ ئەبوو بردمانیانە (نوگرە) رۆژێك هاتن‌و کەوتنە ناو ئەختیارەکان.. ئەوەی‌زۆر پەکی کەوتبوو کەئەیان زانی هەروا چەند رۆژێکی‌ترنەتوانێ لە(نوگرە) بژی‌و دواتر ئەبێتەخۆراکی سەگەڕەش.. ناویانیان نوسی‌و لەگشت قاعەکانەوە بایی قافڵیەکیان نایەیەکەوەو وتیان

(صدام) عافواتی دەرکردوە ئەمانە بەرئەدەن.. ئەوانیان بردو ئێمە بڕوامان نەکرد بەردرابێتن..

چونکە بەدرۆهەر وەجبەیەکیان لەتۆبزاواو دوبزەوە ئەگواستەوە ئەیانووت بۆ بەردانەو کەچی درۆیان ئەکرد.. بەڵام کەدوای خۆمان هاتینەوە. سەیرمانکرد راستبووکە کاتێ خۆی ئەو وەجبەیەیان بەردا بوو..

هەر چەندرۆژێ دوای ئەوەی ئەوانیان بردو وتیان عافواتەو بەریانیان ئەدەن.. کۆمەڵێ سەیارەخۆیان کردەوە بەناو قەڵاکەداو وتمان دیارە گەڕاندویانەتەوە.. کاتێ دایانیان بەزاند لەسەیارەکان ئەمانە هەمووی ژنومنداڵو زەلام بوون.. زۆر جیاواز بوون لەوان هەر بەڕەنگیاندا دیاربوو لەچاو ئێمەوە ئەتووت ئێستا گیراون..

هاوردیانیانو تێکەڵ ئێمەیانیان کرد.. سەیرمان کرد (هەڵەبجەیین).. بەلامانەوە سەیر بوو.. ئێ هێشتائێمە لەدێهاتەکانی خۆمان بووین ئەیانووت حکومەت کیمیایی داوە لەهەڵەبجە.. دوای ئەم پێنج شەش مانگە ئەم خەڵکەی لەکوێوە هاوردوە..

کاتێ کەوتنە گێڕانەوەی بەسەرهاتی خۆیان سەیرمان کرد ئەمان لەئێمە خراوتریان وەسەرهاتووە.. کاتێ کیمیای یەکە دابووی لەهەڵەبجە ئەمان رایانکردبووە (ئێران)داو ئەم ماوەزۆرە لەئۆردوگاکانی (ئێران)دا بوون.. حکومەت عافواتی بۆیان دەرکردبوو کەلە(ئێران) بگەڕێنەوە.. تەعویزیان ئەداتەوەو خانوویان ئەداتێو خەسارەکانیان بۆ ئەبژێرێتەوە.. ئەمانیش لە(ئێرانەوە) بەپێی عافواتەکەوە هاتبوونو گەڕابوونەوە بۆعێراق.. ئەیانووت لەئۆردووگاکەوە بەسەیارەی ئێرانیهاوردمانیان بۆحدود سەیارەی عێراقیش هاتۆتە پیرمانەوە.. ئەیانووت شەڕی عێراقو ئێران تەواو بووەو رێککەوتوون.. ئەوان خەبەرو بەسەرهاتی ئەم وڵاتەیان پێبوو.. ئەیانووت لەهەموو کوردستاندا یەك دێیەك چی یە بەپێوە نەماوەو حکومەت هەمووی روخاندوەو خەڵکەکەی (ئەنفال) کردووە.

من لە(نوگرە) لەدەم هەڵەبجەییەکانم بیست کەئێمە پێمان ئەوترێ (ئەنفال)..

هەرچەند رۆژێ دوای ئەوەی هەڵەبجەییەکانیان هاوردبوو.. ئەوەبوو تەنکەرەی ئاویان ئەهێنا بۆمان، یەکێکیان دەرمانیان تێکردبوو کەنەخۆشی لەناوماندا بڵاوبکاتەوە.. ئەوەی لەئاوی ئەو تەنکەرەیانی خواردبوو تووشی سکچوون‌و رشانەوە بووتا مرد.. دیعایەیەکیشیان بڵاو کردەوە وتیان ئەم نەخۆشیە بەبۆنەی هەڵەبجەیەکانەوەیەو ئەم جۆرەنەخۆشیەیان لە(ئێران) گرتووە.. عەسکەرەکان ئەهاتن لەناوماندا وایان ئەوت‌و خەڵك هەبوو عەرەبی ئەزانی ئەیکردە کوردی بۆمان.. بەو شێوەیە ژمارەیەکی زۆری مرد.. بڕوا بکە لەپڕ بەتەنیشتەوە ئەڕشایەوەو ئەمرد.. رۆژێ دوان دوای ئەوەش هاتن بەدرۆ کۆمەڵێکیان هێنابوو وتیان ئەمانە دکتۆرن نەخۆشی کولێرا لەناوتاندا بڵاوبووەتەوە (موغەزیتان) بۆمەڵئەواسین بۆئەوەی تووشی نەبن.. ئەو منداڵەی تۆزێ قوت‌و قەڵەو جوان بوایاو هێشتا وەك ئەوەکان وشك نەبووبۆوە (موغەزیەکەیان لەومنداڵە ئەدا)..

ئەیانووت باتووشی (کولێرا) نەبێت.. کە(موغەزیەکەیان)بۆ ئەکرد ئەویش یەکسەر ئەڕشایەوەو ئەمرد.. من خۆم کوڕێکم بەناوی (هاوکار) کەچوار ساڵان بوو بەو شێوەیەو خوائاگادارە هیچ عەیبی نەبوو کەسۆنەی موغەزیەکەیان بۆبەست‌و دایان لەدەستی هەربەسەر دەستی خۆمەوە رشانیەوەو مرد.. دیاربوو هەر دەرمان زەهریان تێکردبوو بەهەموو شێوەیەك ئەیانوویست بمانکوژن بەڵام بەعەزابەوە.. من کە (هاوکار) کوڕم مرد، (حاجی صالح خەڵك تەپە چەرموو)بوو، ئەو جەنازەکانی ئەبردە دەرەوە لەگەڵ چەند زەلامێکی تردا کەبەگوڕتر بوون..

کەجەنازەی کوڕەکەی خۆمی بردە دەرەوەو هاتەوە من هەر ئەگریام (وتی بۆنەگری، کێ‌ئەڵێ مەسیری خۆت‌و ئەم منداڵانەی ترت خراپتر نابێ.. بەخوا لاشەی کوڕەکەت هەربەسەر دەستمەوە بوو یەکێ لەوسەگە رەشانە پەلاماری داو قۆڵێکی بردە دەماو لەدەسمی سەن.. ئیتر بۆنەگری خزمەت منداڵەکانی

ترت بکە باشەوانیش نەمرن‌و نەبنە خۆراکی سەگ تاخوا دەرویەکمان لێ ئەکاتەوە)..

حاجی سالح ئەوەنە جەنازەی بردبووە دەشتەوەو دیبووی بەدەم سەگەوە لای‌ئاسای بوو.. من هەر هاوڕێ شێت بووم لەتاوا، بەخوا ئێستاش کزەی والەجەرگمداو ئێستاش گوێم لەحەپەی سەگ دەبێ ئەوەڕی ئەو رۆژانەم بیرئەکەوێتەوە.. ئاخ چۆن لەبیرمان ئەچێتەوە..!!.

هەر سەعاتێکمان مردنێ بوو.. ئەوان بۆیە بەگوللە نەمانیان ئەکوشت تارەزالەتی زیاتر بچێژین.. بەخوا (جار جارێ زابتێ رەش بەراز ئەهات ناوی حەجاج)بوو.. کارێکی بەو عالەمە ئەکرد مەگەر هەر خوابۆ خۆی بزانێ..!؟ رۆژاوابوو ئەهات بەناو قاعەدا ئەسوڕایەوە، ئەوەی کەوازۆر رەزیل بوایاو ئینسان بەزەی پیابهاتایەتەوە.. ئەو ئەوەی ئەبردە حەوشەی قەڵاکەو پەت پەتی دنیای پێ‌ئەکرد.. جاروابوو ئیختیار پەککەوتە واگیان ئەدا، ئەیبردە ئەو حەوشەیەو لەبەر ئەو خۆرە گەرمەو لەسەر ئەو چەمەنتۆیە رای‌ئەکشان‌و ئەیبەستە عەمودێکەوە.. تاگیانی دەرئەچوو..! کورە نازانم بڵێم چییان پێمان نەکرد بەخوا ئەوەی خوا پێ‌ناخۆش بوو کردیان. بەخوا بەیەکەوە سێ ئەختیاری بەو شێوەیە کوشت.. لەبەر خۆرەکەو لەگەرما ووشک ئەبوونەوە.. یەکیانم ئەناسی ناوی عبدالله بوو خەڵك تەپەسەوز بوو یەکێ تریشیان خەڵك قەلاچەرمەڵە بوو، ئەوەکەی تریان نازانم خەڵکی چی‌ناوچەیەك بوو.. بەوشێوەیە هەرسێکیانی کوشت.. بەمردوێتیش هەر سوکایەتیان پێمان ئەکرد.. لاشەکەت بخەنە بەردەستی سەگ‌و لەجیاتی کفن‌و دفن.. بدەنە دەم سەگەوە، ئاخر لەچی زەمانێکدا بووە.. لەسەدام بەولاوە.. بەخوا ئەوانەی کەجەنازەکانیان ئەبردە دەرەوە ئەیانوت هەمووی هەر لەمەو هیچ نییە چاڵی پێبکەیت هەردای ئەپۆشیت‌و سەگەکان بەبەرچاو خۆمانەوە لەمەکەی سەری لائەدەن‌و لاشەکەی ئەخۆن.. بەلام کەئەو دەرمانەیان کردبووە ناو تەنکەرە ئاوەکەوەو لەوشەو رۆژەدا ئەوەنەی مرد هەر لەژمارە ناهات.. وتیان حەفارەیان هێناوەو چاڵی درێژ درێژیان کردوە.

وەك ئەیانووت ئەم سەرو ئەوسەری دیار نەبوو.. هەموویان پڕکردبوو لەو جەنازانەو لمەکەیان کردبووە سەریا.. ئەوەی بەر ئەو وەجبەیە کەوت شانسی هەبوو بەس ئەبێ نەبوونە خۆراکی سەگ.. خۆکێ ئەڵێ سەگ ئەوانیشی نەرنەکردووە.. ئەوەیان مەگەر خوابزانێ..؟

ماوەی ٤مانگ بەو شێوەیە لە(نوگرە) ماینەوە.. بەڵام زۆر زۆری لێ مردو ئەوەی مابوینەوە هەربایی وەجبەیەك سەیارە ئەبووین.. ئیتر لەوە ئەچوو زانیبێتیان ئێمە هەرماوین و بەرگەی هەموو ئازارو مەینەتیەك ئەگرین.. دوای ئەو چوار مانگەی (نوگرە)و(سێ مانگ لەدوبز بووین) بەهەمووی حەوت مانگ بوو.. دوای ئەو حەوت مانگە رۆژێك هەندێ سەیارەیان هێناو خستمانیانە ناو ئەو سەیارانەوە.. هەر سەرداپۆشراو بوون.. رەنگیان بۆربوو جامەكانیان تاریك بوو.. سوارمانیان كردو بردمانیان بۆ(سەماوە).. هەربۆ ئەو مەعەسكەرەی كەچوار مانگ لەوەوبەر بردمانیان و جێ نەبوو لەوێ گلمان بدەنەوە.. كەگەڕاندمانیانەوە بۆسەماوە هەرسجنی تیا مابوو.. لەقاتی سەرەوەو لەپەنجەرەی غورفەكانەوە كۆمەڵێ كچی گەنج و جوان و جاهێڵ سەریان دەركردبووە دەرەوەو دەستاین بۆمان هەڵئەبڕی.. وەك ئەوەی پێمان بڵێن ئێمەیش ماوین..

ماوەی حەوت رۆژ لەسەماوە هێشتمانیانەوە.. حەمامیان بۆمان گەرم كردو سابون و تایتیان بۆمان هاوردو وتیان ئەبێ خۆتان بشۆن و ئەو زەلامەی سەرو ریشی زۆربوو تەراشیان بۆیان كردو ئەو حەوت رۆژە زۆر خزمەتیان كرد ئەیانووت.. بۆئەوەی كەچوونەوە نەڵێن خزمەت نەكراوین.. بڕوامان پێیان ناكرد كەوتیان بەرتان ئەدەین.. لەئەخیر رۆژی سەماوەدا كامێرایانهێناورەسمیان ئەگرد.. بەزۆر ژنە گەنجەكانیان ئەبردو ئەیانووت ئەبێ هەڵپەڕن و مۆسیقایان هاوردبوو وەك سینەما بەزۆر هەڵمانیان ئەپەڕان و رەسمیان ئەگرد، هەر كردمانیانە سینەما.. چوار ژنیان ئەوەستان و عابایەكی ژنانەیان هێنابوو بەزۆر ژنێكی تریان ئەخستە ناو عاباكەوەو ئەبوو ئەو چوار ژنەی تر جۆلانی پێبكەن و رەسمیان ئەگرد..

ئيتر نازانم بۆچيان بوو.. انشاء الله ئەگەر ئەم زاڵمە روخا ئەو فليمانەتان دەست ئەكەوێت و سەيرى كەن بزانن چۆن كردمانيانە مەخسەرە.. كێ ئەڵێ بۆئەوەيان نەبورە بڵێن سجنەكان ئاوها دڵيان خۆش بووەو لەسجندا هەڵپەرِيوون.. يان بۆ ئەوەيان بوو حەيايى كوردى پێبەرن..

وەرز گۆرابوو پايز بوو ئەوكاتەو سەرمايش بوو سوار سەيارەى بان گيراومانيان كردو هاوردمانيانەوە بۆتۆبزاوا.. لەقاعەيەكى چۆڵ دامانيان گرد.. زۆر تينوومان بوو.. بەژنێكم ووت بەخوائەمە ئەو شوێنەيە كەيەكەم جار هاوردمانيانە ئێرەو بۆرِيەكى ئاو لاى ئەو قاعەيەى ترە بابچين هەنێ ئاو بێنين.. چووين و لەپەنجەرەكەيشەوە سەيرمان كرد ئەو قاعەيە پرِى خەڵك بوو هەمووى خەوتبوو.. يەك دووجار بانگم كرد.. ژنێكيان بەخەبەرهات و لەپەنجەرەكەوە كەوتينە قسەكردن لەگەڵياو پێم ووت كەئێمە لە(نوگرە)وە هاتووينەوەو ئەڵێن بەرمان ئەدەن.. باس و بەسەرهاتى خۆمانم بۆباس كرد بەكورتى و لەوم پرسى ئێوە لەكەيەوە لێرەن و خەڵك كوێن.. قسەكەم تەواو نەكرد.. بۆنەگبەتى عەسكەرێك لەقسەكانمان بەئاگا هاتبوو هات و بەجنوێدان ئێمەى دايەپێش و نەيهێشت بزانم ئەوان خەڵكى كوێن و لەكەيەوە لەوێن.. ئێمەى بردەوە قاعەكەى خۆمان و چوو بەئامرەكەى ووت كەئێمە چووينەتە ديار ئەو سجنانەىترو قسەمان لەگەڵياندا كردووە..

ئامرەكە هات و بەتورەى و دواى كۆمەڵێ جنوێدان گشتمانى لەقاعەكە دەركردەوەو خستمانيەوە ناو سەيارەكان و دەرگاى سەيارەكەيان لێمان داخستەوە.. تابەيانى لەناو سەيارەكان بووين و ئيتر تەواو ترسام و ووتم بەخوا باوكم تازە بەرنابين و ئەوەتا ئەو قاعەيە پرِى خەڵكە.. ژنەكانى تريش گشتيان خەتاى منيان ئەگرد.. نەيانووت ئاخر ئەگەر تۆنەچوويتايەتە ئەوێ بۆوايان پێمان ئەكرد..

سەعات پێنجى بەيانى سەيارەكان كەوتنەرێ و هاوردمانيانەوە لەعەربەت دامانيان بەزاند لە(قاطعي جێش شەعبىيەكە) ئەوەى هەڵەبجە بوو جيامانيان كردەوەو ئەوەى كەلارى بوو بەجياو سەرلەنوێ ناومانيان

نوسیەوەو.. خستمانیانە ناو سەیارەی کۆستەرەوەو ئەوانیان برد بەرەو هەڵەبجەی تازەو ئێمەیش بەرەو گەرمیان.. هاوردمانیانەوە لەم (صمودە) مەقەڕێکی لێبوو لەوێ بەکەفالەت بەرمانیاندا..

کەهاتمەوە ناو ئەو خزمو کەس و کارەی کەئەنفال نەکرابوون لەوێ زانیم کە حوسێنی کوڕەگەورەم کەلەگەڵ ژنەمەڕەکە بوو گیراوەو تائێستا هەربێ سەرو شوێنەو مێردەکەشم هەر بەو شێوەیە تیاچووە..



کەمنیان لەریزەکە دەرکردو خستمیانە ریزی ئەختیارەکانەوە دوان لەمناڵەکان توند خۆیان نوساندبوو بەپێمەوەو چمکی شەرواڵەکەمیان رادەکێشاو ئەیانووت (باوە مەڕۆ، جێمان مەهێڵە)..

# شەمزین عەلی رەشید

لەدایك بووی ساڵی ١٩٣٢ گوندی- سەرچنار- ناوچەی شێخ بزێنی

مێژووی دێیەکەمان زۆر کۆنەو لەبیرەوەری باووباپیری ئێمەشدا هەر ئاوەدان بووەو چەندین پشتمان لێرە ژیاون.. سەرچاوەی بژێوی ژیانی خەڵکەکەیش مەرداری و دەغڵودان و زەرعات کردن بووە..

شوێنی دێیەکەمان لەبناری خاڵخاڵانەو ئەکەوێتە ناوەڕاستی (سلێمانی- کەرکوك و کۆیە- چەمچەماڵەوە) ناوچەیەکی دڵگیرەو خەڵکەکەیشی گەرچی نەوەی چەند بنەماڵەیەك بووین، بەڵام

ئەوەندە پشت بوو هەر پێکەوە ژیابووین لێرە، هەمووی وەك خزمو کەس‌وکاری یەکتریمان لێهاتبوو..

خەڵکەکەی هەمووی حاڵی باش بوو دەوڵەمەند بووین‌و گشتمان مەڕومالاتی باشمان هەبوو.. من لەساڵی ١٩٥٤ ژنم هێناو هەردوای ئەوە لەماڵە باب جیابوومەوەو کەوتمە سەر ژیان‌و حاڵی خۆمو بەماوەیەکی کەم بوومە ماڵێکی تەواو،دێیەکەمان بەبەرو بووم بوو.. لەساڵی ١٩٦٣ (ساڵی بەعسیەکە) عارەب پاپەتی هاتن دایانە سەر ناوچەکەداو تالانیان ئەکرد.. بەخوا ئەم دێیەی تۆ ئەیبینی (گسکیان لێدا) هەرچی هەبوو بردیان‌و فەرهوودیان کرد.. جل‌وجۆڕی ژنیشیان برد.. ئاڵتون‌و پارەو هەرچی کەل‌وپەلی ناوماڵ‌و مەڕومالات بوو بردیان‌و دوایی ئاگریشیان لەئاوایی بەردا.. ئێ ئەبوایا لەدوای ئەوە ئەم دێیە وێرانەیە هەر ئاوەدان نەکرایەتەوەو نەبونیایەتەوە ماڵ. بەڵام چونکە ناوچەکەو فەلاحەت‌و زەرعاتمان باش بوو هەروا چەند ساڵێ دوای ئەوە وامالمان دروست کردەوە، وەك ئەوەی هیچمان بەسەر نەهاتبێ..!!

ئەو چەند ساڵەی دواتریش کەحەرەس قەومی هەبوو لەگەڵ جەیشدا ئەهاتنە سەر دێیەکان.. ئێمە لەو بەڵایە بەدور بووین.. دێیەکەمان دورە دەست بوو کەمتر ئەهاتنە ناوچەکەی ئێمە، بۆیە بێخەم بووین..

دوای ئەوەی شۆڕشەکە تێك چوو تائەو ماوەیەی شۆڕش دروست بووەوە جاش‌وجەیش ئەهاتنە سەرمان بۆ راوروت‌و تالانی‌و حکومەت زەختی لێمان ئەکرد کەئەبێ ببینە چەکداڕ.. خواکردی ئەوەنەی پێنەچوو پێشمەرگە دایەوە شاخدا ئیتر حکومەت ئەو زەختەی لەسەر ئێمە نەما چونکە دێیەکەمان شوێنەکەی باش‌و دورەدەست بوو، هەربۆیە بەم دوایە ماڵی زۆر لەپێشمەرگەکان هاتبوونە دێیەکەی ئێمەو بۆئەوانیش هەر ئەمین بوو..!

حکومەت رێگەی نادا ئازووقەمان لەشارەکانەوە بۆبێت ئەوە هەندێ ژیانمانی ناخۆش کردبوو هەرچەندە ئێمە بەروبومی خۆمان هەبوو بەڵام

شەکرو چاو ڕۆنەکە ئەبوو لەشارەوە بەدەستی بخەین بۆئەوەیان کەمێك کەوتبوونە هیلاکەت.. ئەگینا پێویستمان بەشار نەبوو.. ئاوو کارەباو مەکتەبو هەموو شتێکمان هەبوو، بۆخۆمان حکومەتێك بووین.. ئەوەندە ساڵەی شەڕی ئێرانو عێراق بوو ئێمە وەك ئەوەی لەم وڵاتە نەبین سەغڵەتیمان نەبینی.. قلە قلە کۆپتەرو تەیارە ئەهاتنە سەر ناوچەکە بەڵام لەترسی ئەوەی پێشمەرگە نەیانخاتە خوارەوە ئەوەندە بەرز ئەبوونەوە مەترسیان نەدەما..

بەڵام ترسی گەورەمان ئەوەبوو ئاگامان لەوەزعی ناوچەکانیتر هەبوو ئەمان زانی دێهاتە نزیکەو جادەکانی روخاندووەو ناوچە سنوورییەکانی روخاندووەو لەهەر دێیەکدا شەڕێ یان لەنزیکی هەر دێیەکدا لەسەر جادەکان تەقەببێ حکومەت ئەڵێن قوات ئەبات و دێیەکە ئەروخێنێ، ئەمانەمان ئەبیستو خەمی ئەو خەڵکەمان بوو..

تامەترسیەکە گەیشتە ئەوەی کەهەرچی پێشمەرگە هەبوو لەناوچەکەمان هەمووی رۆی بۆئەو سەرە.. ئەو کاتە تەواو هەستم بەمەترسییەکە کرد دیارە وەزعەکە گەلێ خراپە ئەگینا پێشمەرگە ئەم ناوچەیەی چۆڵ ناکرد.. بەهۆی رادیۆوە ئاگامان لەدەنگو باسەکان هەبوو کەحکومەت هێزێکی زۆر گەورەی بردۆتە سەر ناوچەکانی سەرکردایەتی لەشارباژێڕ.. لەمەڵەدنو سەرگەڵوو بەرگەڵوو.. ماوەیەك مقاوەمەی باش کرا.. بەڵام براچەكو تفاقی حکومەت لەکێشا نەبوو.!! پێشمەرگەکان گەڕانەوە.. پێوەیان دیاربوو کەخراپ تێك شکاون.. باسی وەزعەکەیان گێڕایەوە موچوڕکە بەلەشتدا دەهات.. زەبرو زەنگی ئەمجارەی حکومەت گەلێ بێئەندازە بووە.. ئەیانووت بەهەموو چەکێك لەمەدەنی داوە لەگوندنشینەکانو دەستی لەکەس نەپاراستووە.. وتیان (کیمیایی تەقاندووە)و شارێکی لەشارەزوور بەیەکجار کاول کردووە.. وتیان بەشۆفڵ خانووەکان ئەروخێنێو هەرچی رەزو باخ هەیە سوتاندویەتیو چاوگەی ئاووکانیاوەکان پڕدەکاتەوەو ئەشکەوتەکانی تەقاندوەتەوە.. ئەمانەو زۆری تریش..

ئیتر بەیەکجاری ترس و دڵەراوکێ تێنی پێگرتین.. سەیری ئەو ئاوای یە جوانەو مەڕومالاَت و ملك ومالّی خەڵکەکەم ئەکرد، راکەڕاك و تالاّنی یەکەی سالّ بەعسیەکەم ئەهاتەوە بەرچاو..

زۆر کەمی پێچوو هەروا چەند رۆژێك بوو هەواڵی ئەوە بلاّو بوو بووەوە کەدەوروبەری شارباژێر وێران کراوە.. کەچی وتیان وا هەموو ناوچەی قەرەداغیش کاول کرا.. وەك ئاگری بەر رەشەبا وابوو، روی بکردایەتە هەر شوێنێ (جێوە جێ) هەمووی ئەسوتان.. لەوێش وتیان کیمیایی داوە لەقەراخ و خەڵکی زۆری کوشتووە.. ئیتر هیچ چارەیەك نەماو کورد واتەنی (دۆم بەدانیشتن ماڵی وێرانە) دەبوو مشورێکی خۆمان بخۆین و بزانین چیبکەین..

ئەو ماڵە پێشمەرگانەی لەدێیەکە بوون، کەوتنە ئەوەی باربکەن.. دیار بوو ئەوان لەئێمە باشتر ئەیانزانی تازە کارلە کارترازاوە.. هەندێ لەناو خۆماندا مشاوەرەمان کردو توشی سەرگەردانی و سەر لێشێوانی هاتبووین.. وتمان رەنگە حکومەت ئەو جەیشە زۆرەی بردبووی بۆسەر سەرکردایەتی کەئەیگەڕێنێتەوە بەسەر هەرناوچەیەکدا بچن وێرانی دەکەن و دڵخۆمان بەوە ئەدایەوە والەناوچەی قەراخ و گەرمیانەوە گەڕاونەتەوەو هەرچییەك ببێت بۆئەو ناوچەیەیەو زەرەری بۆناوچەکەی ئێمە نابێت..!!

خەڵك شپرزەی پێوە دیارە، هەندێ خەڵکی ناوچەی قەراخ و بەشێك پێشمەرگەیان پەڕیبونەوە بۆبەری خاڵخالاّن هاتنە ناوچەکەی ئێمەو ئەوەی ئەوان ئەیان گێڕایەوە، ئاگێردرێتەوە.. کەخەڵکی دێیەکانیان و ژن و منالّ چیبەسەر هاتووە.. ئەو کیمیایی یە ئەو خەڵکەی چۆن سوتاندووە، هەندێکی کوێر کردووە! ئیتر مەرگە ساتێك باسیان نەکرد، ئێمە زووتر شتی وامان نەبیستبوو..

هەروا چەند رۆژێکی پێچوو پێشمەرگەو خەڵکی پەڕەوازەی گەرمیانیش گەیشتنە لامان و باس و بەسەرهاتی خۆیان گێڕایەوەو باسی زۆری هێزەکانیان کرد کەچۆن تەوقی هەموو ناوچەکەیان کردووەو چۆن سەرلوتە

شاخ و قوتەو سەر ڕێوبانەکانیان گرتووەو زۆر بەزەحمەت مەگەر دەربازت بێت و ئەشیان ووت چەند لەسەر زەوی جەیش و جاش مەترسیان هەبوو دەئەوەندە کۆپتەر لەئاسمانەوە بووەتە بەڵا بۆگیان ئەو خەڵکە.. هەرچەندە قەناعەتی تەواومان لای خۆمان دروست کردبوو کەئیتر لەگەرمیانەوە جەیشەکە ئەگەڕێتەوە ناو عارەبسان و نایەنە سەر ئێمە.. بەڵام کەئەو خەڵکەی گەرمیان و قەراخ بەو شێوەیە باسی وەزعی ناوچەکانیان کرد.. خەریك بوو بتۆقین.. بیرم لەوە ئەکردەوە باشە ئەگەر بمانەوێ رابکەین و نەکەویتە بەردەستی ئەم زاڵمە.. بۆکوێ بچین.؟. ڕێگای شارەکان ئەگریتە بەر، ئەوە بەپێی خۆت ئەچیتە ناو ئاگرەکەوە.. لەدێدا ئەمێنیتەوە هەر وەی.. سەری خۆت و ماڵ ومناڵ هەڵئەگری و ئەیدەیتە ئەو کێوانەدا بەدوو رۆژ کۆپتەر لەهەر کوێیەك بیت ئەتدۆزێتەوە.. ئاخر خۆ زەلام سەڵتەیش نەبووین بۆخۆت لەو هەردەو هەڵەتانەیا خۆت بشاریتەوە.. تالافاوەکە ئەروات.. بەو هەموو ژن و مناڵەوە روو لەکوێ ئەکەیت.. من لەساڵی ١٩٧٤یش ژنێکی ترم هێنابوو بەرەی دووژن و کوڕو کوڕەزاو براو برازاو ئەو هەموو قەومەی ئاوایی روو لەکوێ بکەین؟..

ووتی ووتی لەدێیەکەدا پەیدا بوو بوو کە بڕۆین و رووبکەینە ئەو موجەمەع و شارانەی نزیکن و بەدزیەوە شەو خۆمان بگەیەنینە ئەوێ بزانین خواچی ئەکات..؟ هەرکەسە لەئاستی خۆیەوە کەوتبووە کۆکردنەوەی ماڵ و خۆئامادەکردن.. پێشمەرگەکان ئەمە مەرگ و ژیانەو ئێمە بەرگری ئەکەین و ئەتانپارێزین.. جگە لەپێشمەرگەکانی ناوچەکەی خۆمان بەشێك پێشمەرگەی قەراخ و گەرمیانیش هاتبوونە ناوچەکەو هێزی پشتگیری و سەربازی فیرارو خەڵك زۆر بوو بۆخۆیشی تفەنگی هەبوو، هەمووی هەر وتیان تامردن بەرگری دەکەین و نایەڵین جەیش بێتە ناوچەکە.. ئێ زووتر زۆرجار حکومەت پەلاماری دێهاتەکانی ئەداو بەخوا جاری وابوو دێیەك (دە) پێشمەرگەی تیابوو حکومەت دوو رۆژ پەلاماری ئەدا بۆی ناگیرا.. ئەم هەموو پێشمەرگەیە شەڕ بکەن حکومەت بەشەش مانگ ناتوانێ بێتە

سەرمان.. بەم قسانەماینەوە، خۆئەگەر وانەبوایا زوو ئەمانتوانی خۆمان بگەیەنینە تەق تەق و کۆیەو چەمچەماڵ و تەکیەو دووکان لەهەموو لایەکەوە موجەمەعێك، شارێك نزیك هەبوو کەخۆمانی پێ بگەیەنین.. بەڵام دەنگ و باس گەرمە، ئەڵێن ئەو قواتەی بردبوویە گەرمیان و ئەوەنەی تریشی هێناوەو لەهەر چوارلاوە پەلاماری قەڵاسێوکەو شێخ بزێنی و شوان ئەدات.. سەعات بەسەعات خەبەری خراپتر ئەهات.. قواتەکە واگەیشتۆتە فلانە شوێن.. کیمیایی ئەتەقێنێ.. عەرز عەرز ئەناتە دێیەکانەوە. نازانم بڵێم چیان ناوەت.. ئەو خەڵکەیان بەجارێ تۆقاندبوو هەر بەهات هاتێ هەموو رای ئەکرد، ئیتر بەرگەی چی و پاراستنی چی.؟. قورکرابووە سەرماندا و وەك نێچیر بۆراوچی کەوتبووینە تەختی..

ئێوارە بەر لەخۆر ئاوابوون کەمانگی رەمەزان بوو لەئاوایی لای مزگەوتەکە دانیشتبووین هەموو خەمبارو بێ تاقەت و ترس و بێزاری لەسیمای هەریەك لەو زەلامانەی ئاوایی دا بەدی ئەکرا.. کاتێکمان زانی دەنگی تەیارە پەیا بوو.. لەترسا بلاوەمان لێکرد وتمان ئەوەك قەرەباڵغی ببینێ و رەمی بکات.. بەبان ئاوای دا رەت بوون قافڵەیە تەیارە بوون وابزانم هەشت دانەبوو بەدوای یەکەوە ریزیان بەستا بوو.. تێپەرین لەئاوای ئێمەو چوونە سەر ئاسمانی گۆپتەپەو عەسکەرو هەیدەر بەگ.. هەندێ خولانەوەو زرمەیان لێبەرزەوە بوو.. قاژەو شریقەی هات.. چەند جارێك لەسەریەك زرمەیان هات و رەمی خۆیان کرد.. دووکەڵ بەرز بووەو رەنگیان جۆراو جۆر بوو سپی و زەردباو رەش و شین..

لەدورەوە دوکەڵەکان دیاربوون تێکەڵبەیەك دەبوون ئەوەندە دیمەنێ جوانی هەبوو ئەگەر دوکەڵی رەمی کردن نەبوایا پیاو قەستی ئەکرد هەر تەماشای بکات ئەوەندە بەجوانی بایان ئەخوارد بەناویەکدا.. بەڵام وەك ئەوەی ئەو دووکەڵە لەناو جەرگی خۆتەوە هەستێ ئاوا لام ناخۆش بوو ئەمزانی ئەوە نیشانەی خوێن و نەگبەتی خەڵکی گۆپتەپە بوو.. وتم بەخوا ئێستا داری بەسەر بەردیەوە نەهێشتووە.. بەڵام زۆربەی خەڵکەکە لەو قەراخ

چەمو دارانە هەواریان دروست کردبوو بەوە ئەمووت ئینشائەڵا خەسارەی گیانی نەداوەو خەڵکەکە لەچەمن و هەر لەخانووی چۆڵی داوە..

من چوزانم ئەمە کیمیاییەو بەهەوادا ئەچێتە هەموو کون و کەلەبەرێکەوەو پێش ئەوەی لەئاوایی بدات داوێتی لەزێیەکەو لەقەراخ چەمەکەو ئەوجا لەئاوای داوەو قوڕی کردوە بەسەر ئەو عالەمەیاو گۆپتەپەی خلاس کردووە.. لەترسی کۆپتەر نەمان ئەتوانی بچین بەهاواری گۆپتەپەوە.. شەو خەڵك چوون و هاتنەوە خەبەریان هاوردەوە گۆپتەپە چیبەسەر هاتووەو کیمیایی کردوە بەسەریانداو ئیبادەیان کردووە ئەوانەی چوون و هاتنەوە وەك شێتیان لێهاتبوو لەتاوا وڕوکاس بوو بوون.. حەپەسابوون.. ترسابوون.. ئەیانووت هەروا خەڵکەو لەبن ئەو دارو دیوارانەدا لاڵ وپاڵ کەوتووە.. حەیوان و قەل و مریشك و تەیرو توریش وەك گەڵای دار هەڵوەری بێت لەوناوە کەوتوون و وشك بونەتەوە..

بەجارێ تۆقین و هێز لەبەدەنماندا نەما، وتمان بەخوا سبەینێ لەگەڵ فەجردا دێنە سەرمان و والەئێمەش دەکەن.. هەرکەسە لەئاستی خۆیەوە کەوتینە پێچانەوەی خواردن و هەندێ جل و جۆرو بڕیارماندا بەشەو هەڵێین.. واهێشتا ئێمە ئاوایمان چۆڵ نەکرد بوو لایتی سەیارەمان لەتەکیەوە بینی وەك قافڵە بەدوای یەکدا هاتن ئیتر زانیمان ئەوە هەمووی جەیشەو واکەوتنە ڕێ و دێنە سەرمان.. چونکە زووتر لەهەر شوێنێکەوە بەلاچەی روناکی دەرکەوتایا حکومەت دەیدایە بەرتۆپ.. چ جای ئەوەی ئەتووت چراخانە وەك ئەوە وابوو شارێك ڕێبکات و ئەو سەیارانەی لەتەکێوە ئەهاتن ئاوابوو..

بەپەلە هەریەکەو بای کۆڵێك شتمان دابە کۆڵمانداو بەرەو چەمەکەی (توتەقەڵ) کەلەنێوان جەلەمۆردو توتەقەڵ و سەرچنار دابوو کەوتینە ڕێ.. هەندێ تەرەکتەرمان هەبوو لەئاوایدا ئەوانیش پڕکران لەئەشیاو بەرەو چەمەکە چووین.. چەمێکی گەورە بوو (چڕبوو) خۆمان لەوێ شاردەوە.. ئەو هەموو ژن و منداڵەی ئاوای لەبن ئەو دارو بەردو بنکەڵوەزو ژێر ئەو کونە

تەیارانەدا کەزووتر سەربازە فیرارەکان بۆخۆیان دروستیان کردبوو.. لەو شوێنانە خۆمان ماتکرد.. بەلآم هەرزرمەی تۆپ دێت.. کەرۆژیش بووەوە ئیتر گورەی کۆپتەر لەگوێمان نەبڕایەوەو وەجبەلەدوای وەجبە ئەهاتن‌و ئەچوون‌و دەنگی رەمی کردنیان ئەهات.. زۆر ئەترساین‌و لەحاڵەتێکی زۆر خراپدا بووین.. لەو جۆرە حاڵەتانەدا ئینسان خۆی لەناو تەق‌و تۆقەکە بوایا خۆشتر بوو.. ئێمە خۆمان لەو شوێنە بووینایا واکۆپتەرەکان رەمیان لێئەکرد ئەوەندەی ئەوە ناخۆش نەبوو کەدەنگ‌و باسی ناوچەکەمان نازانی‌و تەنها گوێمان لەدەنگی تۆپ‌و گورەی کۆپتەرو رەمی کردنەکەی بوو..

نازانم ئەو رۆژە چۆن لەئێمە رۆیی ئازاری ترسەکەمان لەئازاری مردن زیاتر بوو.. تەواو خۆرئاوا نەبوو بوو لەچەمەکە هاتینە دەرەوە دڵمان خەریك بوو شەق بەرێت خەبەرمان لەناوچەکە نەمابوو.. ئەبێ ئەمرۆ حکومەت چی‌کردبێ.. ئەبێ ئەو سەیارانەی شەو چی‌بوو بێن‌و گەیشتبێتنە کوێ.. ئەبێ کوژراو بریندارەکانی گۆپتەپەیان چی‌لێ کردبێت.. هەواڵمان بۆهات وتیان جەیش ئەمدیومانی تائاغجەلەرو تەکیە گرتووەو نێوانی ئێمەو تەق تەق جەیشی لێنی‌یە جاشیان داناوەو گوایە وتویانە گەر خەڵکەکە بێن ئەیانپەڕێنینەوە بۆتەق تەق و بەری هەولێر، جاشەکان جەماعەتی موستەشار (بورهان شوانی) بوون..

خەڵکی گوندی توتەقەڵیش هەر لەچەمەکەی تەنیشتمانەوە بوون تێکەڵ بەیەك بووین‌و چووینە گوندی (گرد خەبەر) بەکەرو بارو بەپێ‌و بەکۆڵ‌و بارەوەو تەرەکتەرەکانیشمان پێ‌یە.. بەخەڵکی (گردخەبەر)مان گووت گوایە (بورهان شوانی) جوابی ناردوە کەبێن‌و لێرەوە بیپەڕێنەوە هاوکاریان دەکەم.. ئەوان وتیان ئێمە شتی وامان نەبیستووەو وانی‌یە گەر ئەم هەواڵە وابوایا خێرە بەسەر ئێمەدا دێت بۆ ئێوەو ئێمە نایبیستین..!

هەواڵ وا بووبێ‌و وانەبووبێ ئێمە هیچ ڕێگا چارەیەکی ترمان لەبەردەمدا نەماوە تەنها ئەوە نەبێ کەئەم شەو خۆمان بگەیەنینە تەق تەق.. ئەگینا بەیانی جەیش ئەگات پێمان‌و (واروویخمان) دەرئەکات..

خەڵکی ئەو سێ‌دێیە هەموومان پێکەوە کەوتینە ڕێ ئەوەی نەخۆش‌و کەم ئەندام‌و بێ‌توانا بوو سواری تەرەکتەرەکانمان کرد، نۆتەرەکتەری ئەو سێ دێیەمان پێ‌یەو باقی‌یەکەیشی بەپێ‌و گشتمان بەقافڵەیەك ملمان ناو کەوتینە ڕێ بەرەو تەق تەق، وانزیکەی سەعات ٢ی شەوە.. شەوی چوار لەسەر پێنجی مانگی پێنج بەو ڕێگایەدا هەڵنیشتین کەبچین بەرەو تەق تەق کەگەیشتینە نزیك گوندی (قامیشە) لەراست (قودرەتە) هێشتا هەردونیا تاریك بوو فەجری نەدابوو.. کاتێکمان زانی بانگیان لێمان کرد (راوەستن).. بەکوردی بانگیان کرد.. زانیمان کەجاشن نەك عەسکەری..

ئێمە نۆ تەرەکتەر بەو تاریکە شەوەو ئەو قافڵە زۆرەی ژن‌ومناڵ ئەو سێ دێ‌یە.. غەڵبە غەڵب‌و دەنگی تەرەکتەرەکان بەو شەوە ساردە ڕۆژە ڕێیەك ئەڕۆیی.. قابیلە چۆن نازانن ئەوە خەڵکەو ئەیەوێ دزەبکات.؟. چۆن پێشمان ناگرن..؟

کەلێمان هاتنە پێشەوە تەماشامان کرد جاش بوون‌و جەماعەتی (بورهان شوانی) بوون.. تەرەکتەرەکانمان کوژاندەوە.. پێمانیان ووت بۆکوێ ئەچن بەم نیوە شەوە..؟ وتمان ئەچین بۆناو حکومەت..! گەرچی جاشیش هەر چەکداری حکومەت بوون‌و هاوکاری بوون بەڵام چونکە هاوزمان خۆمان بوون کەمترلێیان ئەترساین..

جاشەکان وتیان بەوخوایە هەمووتان ئەگرن، ئەم هەموو ژن‌ومناڵە بۆکوێ ئەبەن.. خەڵکەکە هەمووی حەپەسا.. ئومێدمان بەوە هەبوو شەوەو خۆمان بگەیەنینە نزیك تەق تەق‌و دەمەو بەیان خۆمان بکەینە ئەو ماڵانەدا هەمووی ناسیاو بوو.. کەچی جاشەکان ئومێدبڕمانیان کرد.. پێمانیان ئەوت بگەڕێنەوە لەو هەردەو هەڵەتانەی خۆتان، خۆتان بشارنەوە.. ئێمە لەترسا ئەژنۆمان شکابوو کەسمان نەمان ئەتوانی بگەڕێینەوە، دیار بوو جاشەکان

ئاگایان لەو وەزعەی (گۆپتەپە) نەبوو ئەگەر ئەوەیان بزانیایا چۆن پێمانیان ئەوت بگەرێنەوە بۆدێیەکان خۆتان..؟

ئێمە هەر سووربووین لەسەر ئەوەی بچین بەرەو ناو حکومەت باشترەو دلوامان لەجاشەکان کرد ئێوە ئەگەر راست ئەکەن‌و خەمی ئێمەتانە.. ئێمە تەنها (٩) زەلامەمان لەگەڵە موالیدی عەسکەرین‌و سەربازی فیرارن.. ئێوە ئەو نۆکەسەمان بۆبگرنە خۆتان.. باقی‌یەکەی لەسەر خۆمان قابیلە حکومەت چی‌لەم هەموو ژن‌ومناڵە ئەکات..؟ خوا هەڵناگرێ زۆر پیاوانە ئەو نۆ زەلامەیان لێمان وەرگرت‌و هەر بەبەرچاوی خۆمانەوە ناردیانیانە ناو ئەو جاشانەی لەسەر گردێ بەرز حەرەس بوون، بەئێمەشیان ووت کەیفی خۆتانە ئەڕۆن ئەگەڕێنەوە بەڵام بەقسەی ئێمە بکەن ناچن بۆناو حکومەت..

قسەی جاشەکان دڵمانی خستە مشکیلەوە، بچین، بگەڕێینەوە.. هەندێ مشاوەرەمان لەناو خۆماندا کردو واقەرارماندا تابەیانی لێرە بمێنینەوە، کەڕۆژ هەڵهات ئەوسا تەگبیرێکی خۆمان بکەین.. بەیانی لەگەڵ بەیاندا جەیشەکە هاتە سەرماندا‌و چواردەورمانیان گردو خڕمانیان کردەوەو بردمانیانە دیار ئاوای (قامیشە) زابتێك هات بەئەقڵم (تورکمان)بوو.. یەکەیەکە (ژن، پیاو، مناڵ) دەیانبردە ئەو عەردەو لەبەردەم زابتەکەدا گیانی ئەگەڕان‌و چی‌پێبوایا لێیان دەسەند.. ژن‌و مناڵ خەرێك بوو زیرەبکەین..

بڕوابکە مستیلەیان لەپەنجەی ژنەکانمان داکەن.. دوگمەو دۆلاب، گۆبەرۆك بەسوخمەیا دورابوو بەچاوی خۆم بینیم کەدەزووی سوخمەی ژنەکەیان هەڵوەشان‌و بردیان.. رووت‌وقوتمانیان کردەوەو هیچیان بەو خەڵکە نە هێشت..

ئەو نۆزەلامە نەبێ کەدامانە دەستی جاشەکان ئیتر سەرپاك خەڵکی ئەو سێ‌دێیە ئەوەی پێکەوە بووین هەموومانیان بەو نۆتەرەکتەرەو کۆمەڵێ سەیارەی عەسکەری خۆیان کەئەوەیان تەنها عەسکەری تیابوو بردمانیان بۆ تەق تەق.. تەرەکتەرەکان زووتر پڕکرا بوون لەئەشیاو خۆمان بەپێ

دەڕۆیشتین.. ئەوان هەرچی شت هەبوو فڕێیان دایە خوارەوەو هەموو ئەو خەڵکەیان کردە ئەو نۆ تەرەکتەرەوە..

لەتەق تەق بردمانیانە (دەواجنەکە)و هەندێکیشمانیان بردە خانوویەکی زراعە هەرلەو نزیکە بوو، لەوێ سجنمانیان کرد عەسکەریەکی زۆر دەورمانی گرتبوو، ئیستخبارات و ئەمنیش هاتن کەوتنە ناونوس کردنمان.. عایلە عایلە بەجیا ناومانیان دەنوسی و پێمانیان ئەوت ئەتانبەین لەکەرکوک موجەمەعتان بۆئەکرێت..

ئەمووت باشە ئەگەر موجەمەعمان بۆئەکرێت ئەی بۆچی بەسجنی ئەمان بەن.. ئەی وابەسجنی ئەمانبەن ئەگەر موجەمەعمان بۆئەکەن بۆتالآنمانیان کرد، ئەوان گوارەی گوێی ژنەکانیشیان داکەند.. هەرخۆم دڵی خۆمم ئەدایەوە بەڵکو راست بکەن و بمانخەنە موجەمەعەوەو ئەو زابتە بۆخۆی ئاڵتون و پارەکانی بردبێ و ئەمری حکومەت نەبووبێ..

بەوەیا ئەمووت رەنگە راست بکەن و لەکەرکوک نیشتەجێمان بکەن چونکە بیستبوومان و بینیبویشمان کەعەرەبی زۆریان هێنا بوو بۆکەرکوک و گەڕەك گەڕەك بۆیانیان دروست ئەکرد.. تۆبڵێی ئێمەیش بەرن بۆکەرکوک و ئاوا گەرەکمان بۆبکەن.. ئەگەر وایە خوابکات هەموو خەڵك دێیەکە لەگەرەکێك بین و هاوسێ بین باشترە.. خەمم بوو ئەمووت ئەمانکەن بەهاوسێی ماڵەعەرەبێك.. ئێمەو ئەوان تەبیعەتمان زۆر لەیەك جیاوازە.. یان ماڵێ شاری هاوسێمان بێت ناخۆشەو رەنگە تارادێت لەگەڵماندا تەواو بێزار بێت، ئێمە فێری ژیانی لادێ بووین و بەشێك لەوژن و مناڵە شاریان هەرنەدی بوو..

دڵی منالەکانم ئەدایەوە.. خێزان و کوڕوکچم و کورەزا بە دوانزە کەسم لەگەڵ بوو.. ئەترسان و منالْ ئەگریا ئەمووت مەگرین ئەوەتا ئەڵێن ئەتانبەینە کەرکوک و لەوێ نیشتەجێمان ئەکەن و ماڵ دونیا قیمەتی نیەو خوا نەکا سەر سەلامەت ئەبێ لەجێی ماڵ ئەبێتەوە..

تامەغریب لەوێ هێشتمانیانەوەو هەر لەبەر خۆمەوە لێکم ئەدایەوە ئەبێ چیمان لێبکەن.. زۆر دڵم لای ئەو هەموو ژن و منداڵانە بوو باشە ئەوان چی گوناهێکیان هەیە تابەو دەردە ببرێن ئاخر منداڵی ساوا هێشتا نەژیاوە تابڵێین باجی ژیان ئەداتەوە.. ئەو منداڵانەی خۆمم ئەبینی قاژەی جەرگم ئەهات بۆیان، هەردوو خێزانەکەم بچوکەکەیان ٦منداڵی هەبوو ئەوی تریشیان و کوڕێکم و بوکێکم بەسێ منداڵەوەو کچێکم بەمنداڵێکەوەو زاواکەم و هەموو خزمم و کەسم بوون جاکێ مابوو بگیرێت..

دەمەو مەغریب سەیارەی عەسکەریان هاوردو بەپێی ئەو ناونوسینە خێزان خێزان ناویان ئەخوێندەوەو خستمانیانە سەیارەکانەوە.. تاهەموو سەیارەکانیان پڕکردو کۆمەڵێ سەیارەی عەسکەری لەپێش و پاش قافڵەکەوەو هەر سەیارەی عەسکەرێك و دووانیش بەدیارمانەوە حیمایەبوون.. بۆمناڵێ نەیوێرا ورتەیەك لەدەمی دەرچێ وەك سەگ هار پیاهەڵئەپژان و تێیان ئەسرەوان.. ڕۆیشت بەرەو کەرکوك و کەرکوکی تێپەڕان و لایان نەدا، گەرچی زووتریش قەناعەتی تەواوم بەقسەکانیان نەبوو، بەڵام کەلەکەرکوك لایان نەداو تێپەڕین ئیتر تەواو ئومێد بڕبووم و تێگەیشتم وەزعەکەمان گەلێ خراپەو بۆناو عارەبسانمان ئەنێرن..

چاوەڕوانی ئەوەوئەکرد ئەمە نەفی کردنی ئەم میللەتە بێت و لەشارێکی گەرمی دوور ژیانێکی پڕغوربەت بەسەربەرین، چاوەڕوانی ئەوەشم ئەکرد ئەمە حکومەتە بمان خاتە سجنەوەو ماوەیەك بمانهێڵێتەوەو دوای بەرمان بدات و بکەوینە سەرجادە بەسواڵ و سەدەقەی خەڵك بژین..! بەڵام قەد چاوەڕوانی ئەوەم نەئەکردو بەخەیاڵیش نەمنەتوانی بیهێنمە پێش چاوی خۆم کەلەگەڵ ژن و منداڵەکاندا لەیەکتریمان جیابکەنەوەو کچە جوان و جاهێلەکانمان بەجیا سجن بکەن و دوای بیان گوازنەوەو قەت چاومان پێیان نەکەوێتەوە.. سەدجۆر داڵغەم لێئەدا کەرەنگە وامان لێبکەن بەڵام ئەوەی کەبینیمان و بەسەرمانیاندا هێنا قەت بڕوام ناکرد لەدنیادا زاڵمێك هەبێت

زەمیری ڕێگای بدات ئاوا بەسەر ئەو خەڵکەدا بهێنێ.. خەڵك چەند زاڵم بێت دەستی تێ ناچێت والەدوژمنیشی بکات وائەوان بەسەر ئێمەیان هێنا..

شەو بوو گەیشتینە مەعەسکەرێك لە(تۆبزاوا) لەوێ تەماشام کرد چی حەشاماتێك هەستاوە، ئەو مەعەسکەرە کەجێگای دروست کردنی شارێکی تیائەبووەوە پڕکرابوو لەژن و منال و ڕەنگە بڵێم کەسی تری ناگرد..

هەر لەدەرگای مەعەسکەرەکە ئەتیان کردە ژوورەوە لەسەیارەکان داتیان ئەبەزان.. ئەوەندەی خەڵك لێبوو ڕەشی ئەکردەوە (دەرزیت هەڵدایا بەزەوی نەدەکەوت) ئەتووت ڕۆژی حەشرەو قیامەت هەستاوە لەپەنجالاوە خەڵکیان ڕیز ئەکردو خێرا خێرا بارئەکران لەسەیارەو لەوێش ئەئەمان و ئەیانیان برد..

هەریەکەم سەعات بردمانیانە بەردەم قاوشێك کۆمەڵێ کاتب دانیشتبوون و ناویان ئەنوسی، عارەب بوون و هەریەکی کوردێکیش لەتەنیشتیەوە بوو پرسیارەکانی کابرای کاتبی ئەکردە کوردی و وەڵامەکانی ئێمەی بۆئەو ئەکردەوە عەرەبی و لەسەر دەفتەر نفوسەکەت و هەندێ جاریش هەربە تەقدیر خۆیان تەمەنیان بۆئەو خەڵکە دائەناو بەپێی تەمەن جیامانیان کردەوەو هەموو خەڵکەکەیان کرد بەچوار سنفەوە.. کوڕی گەنج بەجیا ئەنوسراو قاعەیان جیابوو، کچی گەنج بەجیاو پیرێژن و پیرەمێردەکان پێکەوەو ژن و منالیش پێکەوەو بەچوار فیرقە خەڵکیان دابەش ئەکردە سەر ئەو قاعانەدا، نازانم بڵێم چەند قاعەی لێبوو.. زۆر زۆر بوون و هەریەکەیان ڕەنگە بەلای کەمەوە (٥٠٠) کەسی گرتبێ..!

من خۆم هەرئەو شەوە لەهەموو عایلەکەم جیاکرامەوەو ئەوانیش هەریەکەو بەپێی ئەو سنفەی دانرابوو جیاکرانەوە.. کەمنیان لەڕیزەکە دەرکردو خستمیانە ڕیزی ئەختیارەکانەوە دوان لەمنالەکان توند خۆیان نوساندبوو بەپێمەوەو چمکی شەرواڵەکەمیان ڕادەکێشاو ئەیانووت (باوە مەڕۆ، جێمان مەهێڵە)..

ئێستاش و تائەو رۆژەی لوتم ئەدا لەبەردی ئەلحەد ئەو دەنگەی منداڵەکانم لەگوێمدا ئەزرنگێتەوەو ئەو دیمەنەم لەبەرچاو لاناچێ..

ئێمە رەزیل و بێدەسەلات بووین و ویستم بچەمێمەوە ماچێکی منداڵەکانم بکەم و دەستە بچوکەکانیان لەشەرواڵەکەم بکەمەوەو بڵێم بچنە لای دایکتان.. کەسەرم چەمانەوە عەسکەرێکیان قۆناغە تفەنگێکی دایە ناوشانمداو بەرچاوم تاریک بوو منداڵەکانم زیڕانیان.. کردیە پەلمداو رامیکێشایە لای ئەختیارەکانەوە، دەسەلات نەبوو نەبێ قبوڵی کەی.. منداڵەکانیان بردو ئێمەشیان برد چاوم پێیانەوە بوو ئەوانیان کردە چیقاعەیەکەوەو بەئومێدی ئەوە بووم لەپەنجەرەی قاعەکەوە چاوم پێیانەوە بێت..

ئێمەشیان خستە قاعەیەکەوە هاوشانی قاعەکەی ئەوان و دووشەو دوو رۆژ هێشتمانیانەوە. ئەم دوو شەوو دوو رۆژە من هەر دەستم بەشیشی پەنجەرەکەوە بوو لەپەنجەرەی قاعەکەی ئەوانم ئەڕوانی و چەند جارێك بەدیانم کردو ئاگر لەجەرگم بەرئەبوو ئەوەتا ئاگری جەرگی بەدەشتەوە نی‌یە ئەگینا تینی ئەو ئاگرە زۆر بەگڕترە..

ئەو دووشەو دووڕۆژە وریکاس بووم تەنها چاوم بەقاعەکەی منداڵەکانەوە بوو ئیتر نازانم چۆن هەستاین و چۆن دانیشتین.. چیان داپێمان و چیان پێمان ووت..

هەریەکەم رۆژ کەلەوێ بووین ئاگامان لێبوو کەچۆن گەنجەکانیان باڵبەست ئەکردو ئەیانیان خستەناو سەیارەی بچوك بچوکەوە وەك (نسعاف) وابوون.. ئەیانیان بردو ئیتر هەتا ئێستا هەر ئەو بردنە بوو.. ئینجا کامی وانەبوو ئەو هەموو ژن و منداڵ و کچەعازەبەی کەلە(تۆبزاوا) لەئێمە جیاکرانەوە، بۆتائێستا کەس هەواڵێکیان ئەزانێ.. مەگەر خواو سەدام بزانن..!

دوای ئەو دووشەو رۆژە.. دەرکی قاعەیان لەئێمەیش کردەوەو بەریز بەدوای یەکدا بۆناو کۆمەڵێ سەیارە بەرێمانیان کرد.. بەو برسێتی و

تینویێتی‌یە خستمانیانە ناو ئەو سەیارانەوە هەرپیشاین لەگەرما خنکاین لەتینوا قورگمان وشك بووبوو بەڵام هیچ دەسەڵاتێکت نی‌یەو ئەبیّ قایل بی‌مەگەر مەرگ بێت‌و ئەو رزگارت کات لەدەستیان.. تازە مەسیری تۆ لای ئەوان بوو..

لەتۆبزاوا دەرمانیان کردو بیّئەوەی ئاگامان لەیەکتری بیّ‌و یان ئەوان چاویان پێوەبێت بەیەکجاری لەماڵ‌و منالّ دابراین.. ئێستا چەند بەئاسانی ئەیگێرینەوە.. بەخوا تەنها خوا خۆی هێشتمانیەوەو بەرگەی ئەو دابرانەمان گرد.. هەر رۆیی‌و لەتۆبزاوا دورکەوتینەوە.. هەر رۆیی‌و تادور ئەکەوتەوە وەك ئەوەی لەناو دڵمەوە شتیّ راکێشی‌و بەستراببێتە دەرگای قاعەکەو منالەکانمەوە ئاوابوو، ئازاری ئاگێردرێتەوە.. کەخستمانیانە ریّ دوای خۆر کەوتنی بەیانی بوو واخۆریش ئاوابوو هەر نەگەیشتین.. هەر رۆیی‌و رێگاکە کۆتایی نەبوو.. شەوبوو جگەلە لایتی سەیارەکانی خۆمان هیچی‌تر دیار نەبوو وردە وردە هەستم کرد سەیارەکان لەقیرلایان داوەو بەسەر خۆڵدا ئەرۆن.. سەیارەکان وەستان‌و هەندیّ لەعەسکەریەکان کەوتنە گەران.. لەناو خۆیاندا ورتە ورتیان بوو ئەهاتن‌و ئەچوون‌و تەماشای ئێمەیان ئەکرد.. قەناعەتم وابووکە بزانە لەچەمو شیوێك ئەگەرێن‌و هەمووومان ئەکوژن‌و فرێمان ئەدەنە ناوێوە..

یەك لەسەیارەی حیمایەکان رۆیی‌و قەدەرێکی پیّ‌چوو گەرایەوە ئەمانیش بەدوای‌دا کەوتنەوە ریّ.. دیار بوو رێگەیان بزر کردبوو.. گەرانەوە سەرجادەی قیرو قەدەرێکی‌تر رۆیشت.. هەندیّ گلۆپ دەرکەوتن لەدورەوە ئەدرەوشانەوە، بردمانمیان بەرەو گلۆپەکان.. تۆزیّ لەشوێنێکی بەرز بوو.. دیوارێکی بەرز دیار بوو زۆر بەرز بوو سەیارەکان بەرەو ئەویّ چوون‌و دەرگایەکی گەورەی هەبوو یەکە یەکە هەموو سەیارەکان چوونە ژورەوە.. لەناوەوە بینایەکی گەلیّ گەورە بوو وەك قەلاّ دروست کرابوو.. حەوشەیەکی گەورەی هەبوو.. نەیانهێشت لەناو سەیارەکان دابەزین، ئەو شەوە تابەیانی لەناو سەیارەکان ماینەوە.. بەڵام هەموو هیلاك‌و تینوین‌و

واخەریكە گیانمان دەرئەچێ.. درۆنی‌یە ئەگەر بڵێم خەڵك هەبوو ئەو شەوە میزەكەی خۆی كردە ناو پێلاوەكەیەوەو لەتینوا خواردیەوە تانەخنكێت..

بەیانی كەخوا رۆژی كردەوە.. ئەو كاتە سەیرمان كرد ئەمە چی‌شوێنێكە.. ئەتووت لەناو مەنجەڵ داین لەئاسمان زیاتر هیچ شوێنێ دیار نەبوو..

بیناكە لەناوەوە هەمووی غورفەی درێژ درێژ بوو رویان كردبوو لەحەوشەكەی‌و بەدەوری یەكەوەو دروقات لەسەر یەك دروست كرابوو..

هەمووی پڕی خەڵك بوو.. ئێمەیشیان كردە ئەو قاوشانەوە.. هیلاكی ئاوین، ئاوێكیان داپێمان وەك ژەهر مار وابوو هەبوو یەكسەر ئەرشایەوە ئاوەكە ئەوەندە تاڵ بوو.. هەبوو مانگێ ئەبوو لەوێ بوو ئەو زۆر بەپەرۆشەوە هەواڵی وەزعی كوردستانی لەئێمە ئەپرسی‌و زۆر خەمی بوو كەباسی وەزعەكەو خۆمانمان بۆكرد لەسیمایا ئەتبینی كەبارەكەی قورس تردەبوو..

ئێمەش پرسیاری وەزعی ئەوانمان لەناو سجنەكە كرد پێش هەمووی وتمان ئێرە كوێ‌یە وتیان (نوگرە)یە باسی ئەو برسێتی‌و تینوێتی‌یەی كرد كەلە(نوگرە) چەشتویانەو رۆژانە چۆن خەڵكیان لێ‌مردوەو مردوەكان خراونەتە بەرسەگ..

هەر هاروشێت بووم لەتاوا، هەمووی چەند سەعاتێك بوو گەیشتبووین بەقەدەر مەینەتی‌و عەزابی هەموو ماڵ روخان‌و گرتن‌و جیاكردنەوەی جەرگەكانمان، لەو سەعاتەی نوگرەدا دڵم تەنگ بوو خەم‌و خەفەتم خوارد..

شوێنەكەیشی هەردیار بوو كاتێ دروست كراوە بۆسجن ئێرە هەڵبژێردراوەو بەدروست كردنەكەشی‌یەوە دیار بوو كەبۆ سجنی كەسانێكە بیانەوێ بەخەفەتەوە بمرێت.. لەئاسمانێكی لێڵ زیاتر هیچ دیارنەبوو.. ئیتر خۆو شانس بوو قاعەی وای بوو چوار سەد كەسیان تێ‌كردبوو هەبوو سێ‌سەدو هەبوو كەمتریش.. ئێمە لەقاعەیەكدا بووین زۆری تیابوو هەمووی وەك لاشە بەسەریەكدا ئەكەوتین ئەبوو بەنۆرە قاچ راكێشی‌و بەنۆرە بخەوین لەبەر ئەوە

جێگامان نابووەوە، ئەوەیش هەر جۆرێك لەتەعزیب بوو ئەگینا قاعە هەبوو کەسی تیانەبوو..!

ئیتر وەزعێکی خراپمان بەسەر هات.. حاڵەتی زۆر خراپمان بینی.. خەڵکمان بینی زۆر رەزیل بوون بەخوا هەبوو وای لێهاتبوو خۆی پیس دەکرد.. هەبوو بۆگەنی کردبوو، کرم دای لێی هەتا مرد.. باس و بەسەرهاتی (نوگرە) ناگێردرێتەوە.. کابرایەکی لێبوو هەردوو قاچی لەئەژنۆیەوە نەبوو ئاخر نازانم ئەوە چی‌تاوان و گوناهێکی هەبوو بەقنگە خشکێ هات و چۆی ئەکرد.. کابرایەکی تری لێبوو ناوی (حسێن عەبدوڵلا)بوو خەڵکی گوندی (چوقلیجە)بوو ناوچەی شێخ بزێنی چەند ساڵ پێش ئەنفال توشی (شەلەل)بوو لەماڵەوە کەوتبوو ئەویشیان گەیاند بووە (نوگرە) حکومەت هیچ جیاوازی لەنێوان ساغ و شێت و کەم ئەندام و گەورەو بچوکدا نەکردبوو هەرچی دەست کەوتبوو هێنابووی..

لەوێش گشتمان وەك یەك هیلاك بووین برسی و تینوو بووین، رەزالەتمان بینی.. بەهەزار حاڵ چۆڕێ ئاوت بەردەکەوت بای ئەوە نەبوو تاسبەی ئاوی ترت بۆدەهێنن بەشت بکات.. ئەمرۆ خەریك بوو کوێربی لەتینووا ئەوەندە ئاوەت دەست دەکەوت کەتاسبەینێ بەهەمان شێوە تینوو بییتەوە..

نانیش نەبوو بەخوا تام و بۆی خواردنمان لەبیر چوو بووەوە.. تەنها رۆژی سەمونێکی رەقیان ئەداپێمان وەك بەرد رەق بوو.. جاری وابوو ئاوەکەیشمان پێوەخەسار ئەکرد ئەچووین ئەمانکردە ناو ئەو قوتووە ئاوەوە تابخوسێت.. ئاوهاش هەر ئیستفادەی نەبوو ناچار ئەمان کوتاو وەك ئارد ئەمانخوارد..

زۆر کەس لەتینواو لەبرسا مردن.. ئەگەر ئاوا بێحورمەتیان بەرامبەر بەتەرمەکانمان نەکردایاو نەیانخستایەتە بەردەمی سەگ.. مردنمان بەرزگار بوون ئەزانی.. بەڵام خەمی گەورەمان سەرباری ئەو حاڵە.. مردن بوو چونکە گەورەترین عەزاب بۆئێمە ئەوەبوو کەلاشەکەمان سەگ بیخوات و بەردەوام ئەپاڕاینەوە خوایە قەبرمان بەنسیب بکەی..

دەور دوو مانگ لەوێ سجن بووین رۆژێك لیژنەیەك هات و كەوتنە ناو خەڵكەكەو ئەوەی كەوەزعی زۆر خراپ بوو زۆر نەخۆش و پەككەوتەو لەگیانەلاّدا بوون، ناوی ئەوانەیان نوسی و خستیانیانە سەیارەوەو بردیانیان.. لەخۆمانەوە هەریەكی قسەیەكمان ئەكرد.. یەكێ ئەیووت بەخوا ئینشائەڵاّ بەریان ئەدەن و ئەیانبەنەوە، خۆتەگەر ئێمە بشمرین ئەوان هەواڵێكمان ئەبەنەوەو ئەڵێن واهان لەناو عارەبسان.. یەكێ ئەیووت ئەیانخەنە ناو (شەتەوە). یەكێ ئەیووت ئەمانە زۆر نەخۆشن و ئەیانبەن تەلەبەو مەلەبە لەسەریان دەرس ئەخوێنن.. هەریەكەو قسەیەكی ئەكرد..

دوای ئەوەی ئەو وەجبەیەیان لێمان برد وەجبەیەكیان هێنایە جێگایان وتیان لە(دوبز)ەوە هاوردمانیان ژن و منالّ بوون و بەجیا سجن بوون نەیان ئەهێشت تێكەڵ یەكتری بین..

رۆژانە خەڵكمان لێئەمردو هەندێ چۆڵ ئەبوو لەپڕ وەجبەیەكی تریان ئەهێناو قاعەكەیان پڕئەكردەوە.. هەبوو ئەیووت دوومانگە سجنم نازانم لەكوێ بوومە تەنها ئەزانم مەعەسكەر بووەو ئیتر هیچی تری لێنازانم.. ئەوانەیان ئەهێنا بۆلامان.. هەموویان بەوشێوەیەو لەشوێنی وادا سجن بوون كەدوورە شارەكان بووەو یان لەقەلاّ یاخود لەمەعەسكەرەكاندا بوون..

ئیتر بەو شێوەیەو بەهەزار دەردەسەری و رەزالەت ماینەوە تادەمەو پایز بوو چوار مانگ ئەبوو ئێمە گیرابووین وەجبەیەكیان هێنا دیاربوو ئەمانە لەرێوە گیرابوون هێنرا بوون بۆ(نوگرە) چونكە بەرەنگو روو جل و بەرگەكانیاندا دیار بوو كەتازە گیراون و كەل و پەل و قاپ و قاچاخ و ئەشیای ماڵ و بەتانی و شتیان پێ بوو.. قسەمان لەگەڵیاندا كرد، وتیان هەڵەبجەین و واشەش مانگە لەئێران بووین و هەر لەكاتی كیمیاییەكەوە رامان كردە ئێراندا، بەلاّم لەئۆردوگاكانی ئێران بووین حكومەت عافواتی دابوو بەسەیارەی ئێرانی هاوردمانیان تاحدودو لەوێش سەیارەی عێراقی وەرمانیان گردو پێمانیان ووت ئەتانبەین لەهەڵبجەی تازە زەوی و خانووتان ئەدەینێ و لەدایرەكانیش هەمووتان دائەمەزرێنین.. كەچی واهاوردمانیان بۆئێرە.. كەتەماشای ئێمەیان دەكردو بەرەنگو رووماندا دیار بوو چیعەزابێكمان چەشتووەو ئێمەش باسی ژیانی (نوگرە)مان بۆیان كرد

بەجاریْ تۆقین و ئەوجا خۆزگەیان ئەخواست هەر لەهەڵەبجە بەکیمیاییەکە ئەجاتیان بوایا.. زۆر خەڵکی باش بوون، کەل‌وپەلی خواردنیان پێبوو بەزەییان بەئێمەدا ئەهاتەوە.. کەمێك خواردنیان داپێمان درۆنی‌یە بڵێم بەژیانم خواردنی واخۆشم نەخواردبوو ئیتر نازانم هی‌ئەوە بوو ماوەی چوار مانگ بوو لەسەمون زیاتر هیچمان نەخواردبوو چی‌بوو..!

هەروا سیْ‌و چوار رۆژبوو هەڵەبجەیەکانیان هاورد بوو رۆژی دوو تەنکەر ئاویان بۆمان هێنا، لەوە ئەچوو یەکێکیان دەرمانیان تێ‌کردبیْ چونکە ئەو قاعانەی لەوتەنکەرە ئاویان خواردەوە توشی نەخۆشی‌یەکی سەیر بوون.. ئیلنجیان ئەداو ئەپرشانەوەو ئەمردن‌و چاویان پەنجەیەك زیاتر ئەچووە قوڵ‌داو رەشای تیانامـاو هەر سپینەکەی ئەمایەوە.. خۆم بینیومەو لەتەنیشت خۆمەوە خەڵك هەبوو ئەپرشایەوەو بەو شێوەیە مرد.. لەیەك شەودا سی‌کەس بەو شێوەیە مردن‌و لەناوماندا قسەیەکیان بڵاوکردەوە، وتیان ئەم نەخۆشی‌یە بەبۆنەی هەڵەبجەیەکانەوەیەو لەئێرانەوە هاوردیانە.. نازانم بەرقێیان کرد چی‌بوو قایمقامەکەی (سەلمان) هات بۆلامان هاتە ناو حەوشەکەی (قەلاْکەی نوگرە)و لەگەڵ زابتەکاندا هەندیْ هاتن‌و چوون، قایمقامەکە گەڕایەوە دوای ئەوە دوو سەیارە هاتن دکتۆر بوون لەقەزای (سەلمان)ەوە هاتبوون هەندیْ (موغەزییان) بۆمان کرد.. بەلاْم لەوە ئەچوو موغەزییەکەیش هەر دەرمانی تێ‌کرابێت چونکە هەبوو هیچ عەیبی نەبوو کەموغەزیەکەیان بۆکرد ئەویش ئیلنجی ئەداو ئەپرشایەوەو ئەمرد.. ئیتر بەوەیا بۆمان دەرکەوت کەتەنکەری ئاوەکەیش دەرمانیان تیْ کردووەو موغەزیەکانیش هەر دەرمانیان تیْ کردبوو.. چونکە ئەویش زۆری کوشت، تامانگی یانزەماینەوەو نازانم چۆن خوا نەمانی کوشت.. رۆژێك هاتن‌و کەوتنە ناومان هەندیْ ناوی تریان نوسی‌و منیش بەر ئەو ناونوسینە کەوتم ئەمان ئەزانی بۆچی‌یە.. ئەوانەی ناویان نوسرا بوو بانگمانیان کردە حەوشەکەوەو سواری سەیارەمانیان کردو هێنامانیانەوە بۆ(سەماوە) پێنج رۆژ زۆر خزمەتمانیان کرد.. لەخەستەخانەیەکی چۆڵ دامانیان نابوو.. پێمانیان ئەوت ئەوانەی پێش ئێوە بەردراون، شێوەی ئینسانیان لەروبڕابوو خەڵك لێیان ترساوە.. ئێوە خزمەت ئەکەین‌و حەمامتان بۆ

ئەکەین ئەو سانەتانبەینەوە.. سەرو ریشمانیان تاشی‌و حەمامیان بۆمان کردو جۆرەها خواردنیان داپێمان..

دوای ئەو پێنج رۆژە هاوردمانیانەوە بۆ(تۆبزاوا) خستمانیانە ناو قاعەیەکەوە.. هەستم ئەکرد قاعەکانی سەرەوە خەڵکی تیابوو جلی‌کوردی لەبەریان بوو.. دور بوون لەئێمەوە ئیشیان پێیان ئەکرد. کەئەکەوتنە بەرچاوم وەك ئەوە وابوو کەبراکەی خۆم بێت شێوەی زۆر لەو ئەچوو.. شەوێك لەتۆبزاوا هێشتمانیانەوە ئەو هەموو دیمەنە ئەهاتنەوە بەرچاوم کەشەش مانگ لەوەو پێش بینیبوم لەوە ئەچوو ئەم زاڵمە هەر بۆئەوە هاوردبێتمانیانەوە تۆبزاوا تاخەفەت‌و مەراقی زیاتر بخۆین‌و کوڕوکچەکانمان بیربکەوێتەوە..

یەکە یەکە مناڵەکانم ئەهاتەوە بەرچاو دەنگی ئەو دوو کوڕە بچوکەم کەشەروالکەمیان گرتبوو ئەیانووت باوە جێمان مەهێڵە ئەهاتەوە بەرگوێم.. پشتم شوێنی قۆناغە تفەنگەکە ئەیبریسکانەوە.. ئازار بەناخمدا ئەچووە خوارەوە، باش بوو بەیانی خستمانیانە ناو سەیارەکان‌و بەرەو کەرکوك‌و لەوێوە بەرەو چەمچەماڵ هاوردمانیان‌و لایان نەداو بەرەو سلێمانی رۆیشت.. لەوێ سەرلەنوێ ناومانیان نوسی‌و وەرەقەیەکیان بۆمان کردو گەڕاندمانیانەوە بۆچەمچەماڵ‌و لەقایمقامیەتی چەمچەماڵ بەکەفالەت بەرمانیاندا..

تاراپەڕینەکە هەر لەم ماڵ‌و ئەو ماڵدا دانراودەمیان ئەداو هەر رۆژە لەماڵە ناسیاوێك بووم چونکە خۆم کەسم نەمابوو.. کەراپەڕینەکە بوو دوای خەڵکەکە رای کرد بۆئێران.. من رام نەکرد بۆئێران هاتمەوە بۆئەم دێیەو دەستم کردەوە بەدروستکردنەوەی کولبەیەك‌و تاماوەیەکی زۆر کەس لەم ناوچەیە نەبوو بەتاقی تەنیا ئەژیام، دواتر خەڵکەکەیش لێی هاتەوەو لەوکاتەوە هەر لێرە ئەژیم.. بەڵام بڕوا بکە رۆژانە دڵم سەغڵەت ئەبێ.. رۆژانە ئەنفالەکەم بیرئەکەوێتەوە..

بەردەوامیش چاوم بەو رێگایەوەیە بەڵکو هەواڵێك لەو ئازیزانەوە بێت‌و خوابکات تائێستا مابن..





وەك گورگ چۆن بنیشێتە ناو مەڕ، ئاوا کەوتنە ناومان و منداڵەکانیان لێمان سەند.. هەرشێت بووین لەتاوا.. ئاخر زاڵمی بکاتە ئەو شێوەیە بێن لەناو سجندا دات بنێ و لەناو سجنیش منداڵەکەت لەباوەشت بفڕێنن..

# نەسرین مەجید کەریم

لە دایکبوی ساڵی ١٩٥٢ گوندی عەلی مستەفا- ناوچەی قادر کەرەم

چونکە فکری منداڵی تیژە، ئێستاش هەر لە بیرمەو قەتیش لەبیرم ناچێتەوە، کەمن ئەو کاتە ١٠بۆ ١١ساڵان بووم، دایكو باوكم ئەترسان و

لەناوایدا باس ئەکرا کە ئەڵێن (عارەب) داوێتی بەسەر ناوایەکانی ئەو ناوچەیەداو (فەرهوود)ی کردووە.. گەرچی ئەوەندە کەلوپەل ناومالیشمان نەبوو.. خەڵك ئەو جا فەقیر بوو.. هەرئەوەندەی هەبوو پێی بژی و پێی بخوات و پێی بخەوێ. مەڕوماڵات کەم بوو.. بەڵام هەموو شتێکیش هەر ئەوە بوو.. ئەگەر کەمیش بوبێ. بۆ ئەو کاتە زۆر زۆر بوو..

دایانە سەر ئاوایەکەی ئێمەشدا، خەڵك لەترسا رامان کردو دێیەکەمان چۆڵ کرد.. عارەبی پێ پەتی هاتن هەرچی هەبوو ئەیان برد، مەڕومالاَت کەڵو پەلی ناومالّ.. قەلّومریشك.. هێزە رۆن.. هەرچی هەبوو بردیانو ئاگریان ئەنا بەماڵەکانیشەوە. (گسکیان لێدا) تالاَنمانیان کرد.. ئەو چەند رۆژەی کەهاتن بۆ تالاَنیو وەك رەوە کوللە رویان لەهەرشوێنێ بکردایە.. خەڵك بۆ شوێنێکی تر رایان دەکرد.. زستانیش بوو پەت پەتی بەفراو وەسەرمان داهات. وەخوا مالّ هەوی ئەو کاتە منالّیان لە سەرما رەق بویەوە. لەبرسا مرد.. لەژێر کەلّوەزدا فەوتیا.. ئەو کاتەش وەزعێ خراو وەسەر ئەم کوردەداهات.. ئێستاش خەڵك وە سالّ (بەعسییەکە) یان سالّ (راکە راکەکە) ناوی ئەوەن.. موچوڕکە وەلەشما دێت..!

سەرلەنوێ بەهەزار هیلاکەت دەبێ مالّ دروست بکەیتەوە.. دێیەکانی ئێمەش واریداتمان لەسەر مەڕداریو فەلاحەت بوو.. ئەو وەختە وەك ئێستاش نەبوو، فەلاحەت هیلاکی بوو بەگاجووت دەغڵو دانمان ئەکردو بەدەس ئەمان دوریەوە.. بۆیە ژیانی گەنجێتی ئەو سەردە مەی ئێمە هەمووی هەر دەردە سەری بوو.. ئەو کاتەش شووم کردبە (غازیعەزیز بابا) کەخەڵکی گوندی سۆران- ناوچەی جەباری بوو.. ئەو گوندەش وەك ئاوای خۆمان وابوو.. ژیانیش لەوێ هەروەك ژیانی لای خۆمانو رەنگە بڵێم قورس تریش بوو..

سەرباری ئەو ژیانە پڕ چەرمە سەریەمان بەردەوام لەترسو دڵە راوکێدا ئەژیاینو ترسی ئەوەمان هەبوو حکومەت پەلامارمان بدات.. چونکە زوو زوو یان بەجەیش ئەیدایە سەرناوچەکاندا یان (تەیارە) تازە پەیا بووبوو ئەهاتو رەمی ئەکرد..

من کاتێ شووم کرد ئەو کاتە ماوەیەك بوو دنیا کەمێ ئارامەوە بووبوو. من نازانم ئەیان ووت حکومەتو مەلا موستەفا رێکەوتنە کەئیتر شەڕنەکەنو حکومەت حەقبداتە کوردو ئیتر نە عارەببداتە سەرماندا فەرهودمان بکاتو نەتەیارەش رەمی بکات.. بەلاَم ئەوەندەی پێ نەچوو، وەزعەکە خراپ بوەوە،

ئەو كاتە ئەیان ووت رەیسی عێراق باشە بەڵام صەدام دەرهەق بەكورد زۆر خراپە.. ئیتر نازانم ئەو صەدامەی ئەو جایش هەرئەم زاڵمەی ئێستا بوو یان ئەویش هەر ناوی صەدام بوو.. رێكەوتنەكە تێك چوو. جارێكی تر راكەراكێ دروست بوو.. هەمیسان جەیش پەلاماری دێیەكانی دایەوە.. ئەو جارەش ئاوایمان چۆڵ كردەوە.. من تازە (حامیلە) بووم وزگم بەنۆبەرەكەم پربوو.. ئیتر بزانە ئەوەكەیە.. ئەم كوردە لەو كاتەوە بەشی هەرراكە راكەو پەت پەتی بووە.. بەخوا رۆژێ خۆشمان بووبێ دەرۆژ بەترس,و مەینەتیەوە ژیانمان بردۆتە سەر.. من لەوەتەی خۆم ناسی بوەوە هەر ئەترساین لەحكومەت و جەیش، ئێستا ئەڵێن لەووڵاتانە حكومەت و جەیش خزمەتی خەڵكەكەی خۆیان ئەكەن و ناوو كارەباو خەستەخانە ئەبەن بۆ دێیەكانیان.. ناشوكری خوانەبێ ئەوەی ئیمەش تەیارەو جەیش و جاشی بۆمان ئەنارد.. ئیتر براكە من ساڵ وماڵ نازانم شەڕ ئێران و عێراق هەڵگیرسا بوو قلەقلە پێشمەرگە پەیدا بوو.. ئیتر بەبۆنەی پێشمەرگەوە تۆزێ حەساینەوە چونكە تا پێشمەرگە پەیدا نەبوو بوو هەرجارنەجارێ جاش ئەهاتن و ئاوایان ئەروتانەوە.. یاجەیش ئەهات نازانم بڵێم چیان پێمان ئاكرد.

دوای مامە ریشە پەیدابوو ئیتر ئیسراحەتمان كرد، نەجەیش نەجاش بەخوا عەلی كۆێتەریش نەیەوێرا بێتە سەرمان.. تۆزێ ژیانمان باش بوو كەوتینەوە سەرخۆمان.. كەوتینەوە ماڵ داری.. ئەم مەكینەو دەراسەو شتانە پەیدا بوو. كەوتینە خۆشییەكەوە مەگەرتازە هەر ئاخی بۆ مەڵكێشین..

من نازانم بۆچی حكومەت حەزی نەئەكرد، ئێمە لەماڵ خۆماندا بەخۆشی بژین.. نازانم ئەم زاڵمە خوا خەلقی كردبوو بۆ ئەوەی نەیەڵێ كورد بحەسێتەوە چی.. ئیتر وەزعەكە گۆڕا..(ریشە) كوژرا.. حوكومەت پەلاماری دێ كانیدا.. كۆێپانەر شوانی ئەكوشت.. خەلك ئەچوو بۆ شار لەسەر جادەئەیان گرد.. جەیش و جاش بە مدەرەعەو دەبابەوە ئەهاتنە سەرمان

خۆیان كردە ئاوایدا جەماعەت (حەسیب و عدنان) بوون، ئەوان هەردووكیان مستە شاروبوون و هەردوكیان خەڵكی ناوچەكەی خۆمان بوون ئەوان بەرلەجەیشەكە ئەهاتنە دێیەكان و قسەیان لەگەڵ خەڵكدا ئەكرد كەخۆیان بدەن بەدەستەوە لەبەرئەوەی كەخۆیان خەڵكی مەنتیقەكەی خۆمان بوون و ئێمەش بۆئەو رۆژە لێ قەوماو بوین رۆژە رەشمان بوو خواخوامان بوو كەسێك قسەیەكی خێرمان بۆبكات.. ئەو دوومستەشارە كوڕی ئاوایەكانی خۆمان بوون قەناعەتمان پێیان هەبوو كە دیفاعمان لێ بكەن عەدنان زوتر لەگوندی گۆلەمەو سلقی ئەفرۆشت و بووبوە مستەشارو حەسیبیش خەڵك محمود پەریزا بوو) كەهاتنە ئاوایی پێمانیان وت بچن زەلامەكانتان بهێننەوە ئێمە (عافواتمان) بۆیان وەرگرتووە ئەیانبەین (٥) رۆژ لەلەیلان ئەبن و ئەیانهێنینەوە.

ئێمەش لەسەر سیقەی ئەوان هەریەكەو چوین لەو كونە تەیارەو كەلۆزانەی كەزەلامەكان خۆیان لێ حەشار دابوو هێنایانمانەوەو تەسلیم بەمستەشارەكانمان كرد.. كەچووین بەشوێنیان دا ئەیانووت نایەینەوە خۆمان نادەین بەدەستەوە بابمان كوژن.. بەڵام كەوتمان هێشتا جەیش نەهاتۆتە ئاوای و حساوەكە وایەو حسیب و عەدنان هاتوون ئیتر گشت زەلام ئاوای هاتەوەو بەو دەردەچوون.

كاتێ لەدێیەكەش دەرچووین بەرەو سەرجادەی محمود پەریزا هەموو خەڵك ئاوای بووین بەژن و منال و زەلام و مەڕو ماڵات ئاوایشمان دابووەپێش.. یەك عەسكەرێ چی‌یە لەگەڵ مان نەبوو تەنها جاشەكان نەبێ.. بەڵام كۆپتەر بەئاسمانەوە وەك (رەوەكوللە) دێت و دەچێت كاتێ گەیشتینە سەرجادە تەماشامان كرد لە (بەین قۆچەلی و محمود پەریزا) دونیایە عەسكەری لێیەو سەرجادەوبان هەمرو قوتەبەرزەكان و ئەوردەشت و دەرەیان هەمووی گرتووە.. خەڵك ئاوای‌یەكانی تریش لەویا خڕكراونەتەوە... هەروا خەڵك بوو دابوویانە پێش و ئەیانهاورد.. هەبوو وەكەروبار، هەبوو وەتەرەكتەر، هەبوو وەسەیارەو وەپێ گشت ئەو

خەڵکەیان خڕکردەوە.. ئەتووت ڕۆژی حەشرە.. خەڵکەکە واق وڕمابوو ئەمان ئەزانی چییەو بۆوامان لێ ئەکەن.. ناشکوری خوانەبی بووە بارانێکیش هەر مەپرسە.. وشکایی لەبەدەنمان نەما.. نازانم چۆن باسی کەم کەئەو خەڵکەچی بەسەر هات لەژێر ئەو لێزمەی بارانەدا کۆمەڵێ سەیارەی ئیفای عەسکەرییان هێنابوو.. هەموو زەلامەکانیان تێکردو بەحیمایەوە خستیانە ڕێ.. ئەمان ئەوێرا دەم هەڵبێنینەوە ئەمانوت ئەمان کوژن.. یەکەیەکە پیاوەکانیان برد.. منداڵ زیڕە زیڕی تێکەوت ئەگریان بەدوای باوکیاندا.. ئەوانیان برد تاسەعات (٤) ئێمەشیان لەو هەربەیە هێشتەوە بارانیش بوو سەعات (٤) زیل عەسکەریان هاوردو بەقۆناغە تفەنگ کەوتنە سەرو گوێ لاکمان‌و بەزۆر بارمانیان کرد.. زیلەکان بەرزبوون نەپەیژە هەبوو نەهیچ لەتاو ئەوەی لێدانی زۆرت بەرنەکەوێ خۆمان هەڵئەگڕان بەقەدیەوەو سوار ئەبووین.. جوندیەکان پەلی منداڵیان ئەگردو بۆ ناو ئیفاکان هەڵیان ئەدا.. پڕیان کرد.. بەوشێوەیە بارمانیان کرد لەڕیز سەیارەکان ئەوەستا تاهەموو ئەو خەڵکەیان بارکرد.. نازانم بڵێم چەنێ بوو.. هەرسەیارەی عەسکەرێکیان دوان لەدەرگاکەوە بەتفەنگەوە حیمایەمان بوون.. ئەتووت گورگن بۆ منداڵێ‌ئەیوێرا سەربەرز بکاتەوە. تێیان ئەسرەوان.. خەریك بوو بتۆقین ئەبێ بۆ کوێمان بەرن.. سەر ئەو جادانە هەمووی عەسکەر گرتبووی.. لەئاسمانیشەوە کۆپتەر بەسەرماندا ئەهات‌و ئەچوو حیمایەمانی ئەکرد.. قافڵەیەکی نۆر نۆر بوین چەنێکی ژن‌و منداڵی تیابوو ئەوەنە سەیارەش مەڕو ماڵات‌و ئەوەی لەماڵەکانماندا بەکەڵك ئەهات بەتاڵانی‌هاوردبوویان.. بەخوا هەربۆ ئەوەی ناموسی کورد بەرن ئیفای عەسکەری هەبوو چەندین شەرواڵی ژنیان پێوە هەڵواسی بوو.. لەناو ئەو سەیارانەدا خەریك بوو زراومان بچێت نەمان ئەزانی بۆچی وامان لێ‌ئەکەن‌و بۆ کوێمان ئەبەن.. ئەم حکومەتە چەند جارێکی‌تر ماڵ وێرانی کردبووین‌و ئاوایەکانمانی سوتانبوو چەند راکە راکێکی ترمان بەسەرا هاتبوو. بەڵام ئەمجارە جیاواز بوو لەهەموو جارەکان. زەلامەکانمانیان بردوو ئاوایان

سوتان‌و ماڵیان تاڵان کردو خۆشمان ئەبەن..! مەگەر خوا سەر لەم زاڵمە دەرکات وەتەمای چی‌بوو..

ئێوارەبەر لەخۆرئاوابوون گەیاندمانیانە چەمچەماڵ هەرلەبان مەقانەوە مدەرەعەو سەیارەی عەسکەری سەرداپۆشراو نازانم ئەیانوت حەرەس جموری بوو چی‌بوو ئەو سەر رێگایانەیان گشتگرتبوو.. کۆپتەریش چوار ئەرۆی چوار ئەهات.. کەگەیشتینە چەمچەماڵ بردمانیانە ناولیواکەی چەمچەماڵەوە.. حەشامات دوونیا لەوێ بوو بەخوا درۆنی‌یە ئەگەر بڵێم وەك شارە مێرووله خەڵك‌و سەیارە بەدوای یەکەوە بوون.. وەجبەیەك خەڵکیان دائەگرت، لەولاوە ئەت بینی خەڵکیان بار ئەکردو.. لەزیل داتیان ئەگردو ئەتیان کردە سەیارەی کۆستەرەوە..

کەئێمەیان گەیاندە چەمچەماڵ لەدەرك لیواکە توشی قافڵەیەکی تری سەیارە بووین هەمووی کۆستەر بوو پڕبوو لەزەلام لەلیواکەی چەمچەماڵەوە بەرەو کەرکوك ئەبران.. ئێمە زەلامەکانی ئاوای خۆمان تیاناسییەوە.. ئەوان ٤سەعات بەرلەخۆمان بەئیڤای عەسکەری بارکریان‌و جاشەکان ئەیان ووت ئەیانبەنە لەیلان‌و دوای (٥) رۆژ ئەیان هێننەوە بۆ چەمچەماڵ‌و خۆشیان ئەبەن لەچەمچەماڵ حکومەت ئەرزو خانووتان ئەداتێ‌و لەدایرەکان خەڵکەکە تاعین ئەکەن.. کەچی زەلامی ئاوای خۆمان بینی والەناو لیواکەی چەمچەماڵەوە بەرەو کەرکوك ئەبرێن.. ئیتر زانیمان کەجاشەکان هەرچەندە کورد بوون‌و خەڵکی ناوچەی خۆشمان بوون، بەڵام خیانەتیان لەگەڵماندا کرد.. ئێمە ئەگەر لەسەر وەعدی ئەوان نەبوایە ئەو هەموو گەنجە جوانەمان لەکونەتەیارەو هەردەکان نەئەهێنایەوە.. بەخوا شوێنی واهەبوو بۆ خۆحەشاردان بەهەموو ئەو حکومەتە نادۆزرایەوە، ئێمە چوزانین ئەوان درۆمان لەگەڵ ئەکەن..

هەربەدوای ئەواندا خۆشمانیان خستە سەیارەی کۆستەرەوە بەڵام تادوو سەعات هەرپڕیان ئەکردو ئەیان هێنایە ریزەوە ئەوەندە زۆر بوو.. بەقافڵە خستمانیانە رێ نازانم سەعات چەند بوو، بەڵام سەعات (١/١٥ )یەك‌و

چارەکی شەو گەیاندمانیانە مەعەسکەرێکی گەورە هەمووی قاعەقاعە بوو لەوێ چی حەشاماتێك بوو هەرچی بنیادەمی خوا هەیە لەوێ بوو.. دامانیان بەزاند وتیان ئەمە (تۆپزاوا)یە..

هەربەوشەوە ناومانیان نووسی کەرەنگە بڵێم لەسەد شوێن ناویان ئەنوسی، خەڵکەکە ئەوەنە زۆر بوو ئاوایش هێشتا سەعاتێ لەریز رامانیان گرد تابەرمان کەوت ناومانیان نووسی و تەحقیقیان ئەکرد. پرسیاری ژمارەی خێزان و ئیشی پیاوەکەتوو دێیەکە چەند ماڵ بوو، کێت پێشمەرگە بووەو کێت فیرار بووەو کۆمەڵێ پرسیاری تریش، بەڵام پێشمەرگەو فیرارت هەبوایە یان ناهەرهەمووی وەك یەك بوو وەك یەك گیرا بووین و یەك چارەنووسمان هەبوو..

لەوناونوسینە کەکابرایەکی عەرەب دانیشتبوو ئەیپرسی و کوردێکیش تەرجوومانی بوو، کەسیان جیانەکردەوەو دوای ناونوسینەکە ئەوەی کەخێزان بوو پێکەوە بوون بردمانیان بۆ ناوقاعەکان، بەڵام قاعەی چی. بەوخوایە هەرقاعەیەکی دێیەکی ئەگرت ئەمەندە درێژ بوو. بەڵام هەمووی پری خەڵك بوو.. ئێمەشیان ترجانە ئەو قاعەیەوە هەمووی بەسەر یەکدا کەوتبوو.. رێگەت نەبوو پابنێیتە سەرزەوی هەرچۆنێ پێت دانایە بەرلاشەی خەڵك دەکەوت.. بەڵام ئەوزاڵمانە گوێیان لەوە نەبوو هەربەپاڵ ئێمەشیان فرێدیە ناویانەوە.. بەونیوەشەوە هەمووی هیلاك. هێز لەبەردەنمان نەمابوو لەترسا قورگمان ووشك بووبوو خەریك بوو کوێر ئەبووین بۆ قومێ ئاو.. برسێتیش تینی بۆ هاوردبووین، ئێمە خۆمان باشتر بووین بەڵام منداڵ چی لەترساو لەتینواو لەبرسا زیرەوزارێ تێکەوتبوو.. ئەو شەوەمان تابەیانی بەلورە لور بەرێ کرد.. بڕواناکەم کەس خەوچوبێتەچاوی.. بەیانی رۆژ بووە ئەو جالەپەنجەرەی قاعەکانەوە سەیرمان ئەکرد چ حەشاماتێ لەوێیە، نازانم ئەم هەموو خەڵکەیان لەکوێ وەهاورد بوو. من تائەو رۆژە بڕوام ناکرد کورد ئەوەندە زۆر بێت.. ئەو ساحەگەورەیە هەمووی رەشی ئەکردەوە، نازانم بڵێم چەند ریز قاعەیش بەدوای یەکدا دروست کرابوون.. پەیتا پەیتا بەزیل

عەسکەری‌و بەکۆستەرومونشەئە خەڵکی تریان ئەهاوردو هەڵیان ئەرشت.. ناتوانم ئەو وەزعە، ئەودیمەنە بخەمە پێش چاوتان کەچۆن کۆمەڵ کۆمەڵ خەڵکیان ئەهێناو وەك رەشەوڵاخ ئەیان بردو بەقامچی ریزیانیان ئەکردو ئەیانخستنە قاعەوە.. ئەتبینی‌وا جوندیەك لەپڕ بەقۆناغە تفەنگ ئەکەوتە سەرو گوێلاکی خەڵك، یان ئەتدی والەگەنجەکانیان ئەدا، کورە هەزار شت.. مناڵت ئەدی بەپەل راکێشان بەدەست جوندیەوە.. ئەتبینی واژنێ پەلامار قاچ عەسکەرێك ئەدات کەمناڵەکەی جیانەکاتەوە.. عەسکەرەکە شەقی لەژنەکە ئەدا.. یاقۆناغە تفەنگي ئەدایە سەر ژنەکەوئەکەوت.. ئەبورایەوەو ئەویش پەلی مناڵەکەی رادەکێشاو ئەیخستە ناو کۆمەڵێکی ترەوە..! زۆر شتت ئەدی کەقەد ناتوانیت وەك خۆی بیگێڕیتەوە..

ئەوڕۆژەی یەکەم تائێوارە دەیان حاڵەتی لەوجۆرەو خراپتر بەبەر چاومانەوە دووبارە ئەبونەوە.. ریزێ سەیارە خۆیان ئەکرد بەژوراو خەڵکیان دائەگرت.. قافڵەیەك سەیارە ئەهات خەڵکی بارئەکرد.. وەك گەراجی لێ هاتبوو.. نازانم لەپای چی وایان بەم خەڵکە ئەکرد.. هەرلەپەنجەرەکەوە ئەماندی‌وا لەشوێنێ گەنج ئەخەنە سەیارەوەو ئەیبەن. لەشوێنێ بەس کەنیشکەکەیە.. شوێنی تەنها پیرەمێرد.. ئیتر رۆژە رەشێ بوو قەد لەدونیا نەبووە نا.. ئێمە لەناو قاعەکانەوە خۆزگەمان بەوانەی دەرەوە ئەبرد.. بەس نەبێ ئەوان لەدەرەوەن.. ئەشمان بینی ئەوانەی دەرەوەوالێیان ئەکرێتە قاعەوەو لێیان بار ئەکرێ. هەرچەندە کەس نەی ئەزانی بۆکوێیان ئەبەن.. بەڵام ئەشمان زانی کەبۆ بەردان نی‌یە.. چونکە ئەگەر بۆبەردانە ئەی بۆچی گرتومانیانن.. ئێمە ئەمان زانی ئەم حکومەتە زاڵمە. ئەو ئەیەوێت میللەتەکە گشتی بفەوتێنێ، ئەمان ووت بەخوا رەنگەبیان بەن‌و بیانخەنە شەتەوە.. بەڵام هەرخۆزگەمان بەوان ئەخوارد گەر بۆ مردنیش بێ خۆلەپێش ئێمەوە ئەمرن.. ئێمە وادوو رۆژ بوو گیرابووین، چۆڕێ ئاو بەسەر زمانمانا نەچوو بوو تیکەیە نانیان ئەدا پێمان خەریك بوو مناڵ هاروشێت بێ لەتینوان‌و لەبرسان، خۆشمان لەمناڵ خراپترمان بەسەر هاتبوو.. تاعەسرێ درەنگ

هاتن هەریەکی هەندێ نان و شۆربایاندا پێمان ئەوەندەمان برسی بوو واپەلاماری نانەکەمان ئەدا ئەتوت لەژیانمانا خواردنی وامان نەخواردوە.. کەمێ هۆشمان هاتەوە.. منال تۆزێ هێوەر بوونەوە.. بەڵام والەپەنجەرەوە ئاگامان لێیە چی بەو خەڵکە ئەکەن.. پەنجەرەکان یەکی بەبالآی زەلامێ درێژو باریك بوون و قاعەکان پەنجەرەی زۆری تیا بوو.. ئیتر لەوێوە هەر سەیری ئەو خەڵکەی دەرەوەمان ئەکرد.. ئێمە چونکە زەلامەکانمان لێمان جیاکرا بوونەوە. لەناو ئەو خەڵکەی دەشتەوە هەر چاومان ئەگێرا بەڵکو ئەمە خوایە لەناو ئەو عالەمەیا زەلامەکان ئاوای ئێمەشی تیابێت و بیان بینینەوە.. هەرچەندە خۆئەگەر بشمان بینینایە نەئێمەئەمان توانی بچین بۆلای ئەوان و نەئەوانیش ئەیان توانی بێن بۆلای ئێمە.. بەڵام هەرسەبورییەکی گەورەبوو ئەگەر چاومان بەیەك بکەوتایەتەوە

ئەو رۆژەمان بەو حاڵەوە بەرێ کرد، شەوهاتن لەقاعەکەی ئێمە زەلامە گەنجەکانیان هەمووی دەرکردو خستیانیانە دەرەوەو نازانم بۆ کوێ بردیانن چونکە شەوبوو.. یاخوا ئەوەی ئەو شەوە بەسەر ئێمە هات بەسەر گاوریشدا نەیات.. کەزەلامەکانیان ئەبرد منال چۆن پەل باوکی رائەکێشاو ئەیقیژان باوە جێمان مەهێڵە.. زریکەی منالو قیژەی ژن ئاسمانی کەرکرد.. بەڵام لەولێقەومانەدا کێ فریات ئەکەوێ..!

شەو دوای ئەوەش هاتن کەوتنە ناومان هەرچی منالی تیابوو بردیان.. وەك گورگ چۆن بنیشێتە ناو مەڕ، ئاوا کەوتنە ناومان و منالەکانیان لێمان سەند.. هەرشێت بووین لەتاوا.. ئاخر زاڵمی بگاتە ئەو شێوەیە بێن لەناو سجندا دات بنێ و لەناو سجنیش منالەکەت لەباوەشت بفڕێنن.. ئەمە چ گاورسانیەك بوو.. مەگەر لەدنیا بەس سەدام کردبێتی..!

زریکەی منال و هاواریان دنیای ئەلەرزان.. بەخوا لەتاوا وەك چۆلەکەی سەربڕاو هەڵئەبەزینەوە کەمناڵەکانیان لێمان سەند.. منال خۆی ئەنووسانە ژێر دەست و پامانەوە.. بەڵام ئەو زاڵمانە رەحم خوا لەدڵیانا نەبوو.. خەڵك

ئاوا لەحەیوانیش ناکات.. بەخوا ئەوەندە بەرق و بەقێزەوە پەل منداڵیان ئەگرت و فڕێیان ئەدا(قەت ئاوا مشکە تۆپیومان فڕێ نەداوە).

ئەوەندە بەبێ ئەهەمیەت سەیرمانیان ئەکرد.. منداڵەکانیان برد.. بەڵام هەر گوێ مان لەزریکەو هاواریان بوو.. تابەیانی لەتاوا خۆمان ئەدا بەدیوارەکاندا هەرهارو شێت بووین.. حەزمان ئەکرد بمرین و عەزابی زیاتر نەبینین.. بەخوا ژنی وامان لابوو لەتاو جەرگەکەی درۆنی یە گەر بڵێم تابەیانی دەجار بوراوەتەوە.. من خۆم(٥) منداڵم پێبوو لێمانین سەندو خۆشم(حامیلە بووم و مانگ خۆم بوو).لەتاو ئازاری منداڵەکان و ئازاری گیانم خەریک بوو رۆحم دەرچێت.. ئەو شەوە تابەیانی، نوزاینەوە.. پاڕاینەوە.. نازانم خوانابووی لەدڵیان، نازانم قەرارەکە گۆڕا.. نازانم یان هەربۆ تەعزیبدانمان بوو شەو منداڵەکانیان لێمان جیاکردەوە.. بەیانی منداڵە کانیان هاوردەوەو کردیانەوە ناوقاعەکانەوە.. منداڵ چی منداڵ.. گشتی وەك مریشك ئاوە رووت کراو وابوو ئەوەندە هەڵلەرزی بوون.. چاویان ئەتووت خوێنت تێ کردوە.. بەحاڵ هەناسەیان دەرئەچوو ئەوەندە نووزابوونەوە.. هەڵئە لەرزین.. تومەس شەو بەتەنکەر لەقاعەکە ئاویان کردووە بەسەریاندا..نازانم خوا چۆن ئەوەی قبوول کرد.. منداڵ ئاوها گووناهی چییەبەوەدەردەی بەریت.. نیوەی هەرشێت بوو لەتاوا.. توشی نەخۆشی پەرکەم هات..

ئەو رۆژە تائێوارە هەرنوزانەوەو ژێر نەبوونەوە..خۆرئاواجارێکی تر ئەوبەرازانە دەرك قاعەیان لێمان کردەوە، خەریك بوو زراومان بچێت. بانگمانیان کردە دەرەوە یەك دوو ریز سەیارەیان وەستانبوو. هەرلەدەرك قاعەکە کەوتنە جیا کردنەوەمان. دوو شەو پێشتر زەلامە گەنجەکانیان برد بوو، لەوێش پیرێژن و پیرەمێردەکانیان لەئێمە جیاکردەوەو خستمانیانە ناوکۆمەڵێ سەیارەی سەرداپۆشراوەوە (موقەپەت) بوون.. بردمانیان.. لەوێ چەند دایك و کچ، باوك و منداڵ.. ژن و پیاو لەیەك دابڕان.. ئێمەشیان خستە ناو قافڵەیەکی ترەوەو بەرێمانیان کرد.. زۆرمان پێنەچوو رەنگە هەر سەعاتە رێیە شتێ زیاتر بوایە.. راوەستان و لەمەعەسکەرێکی تردا

دامانیان گرد ئەویش وەك تۆپزاوا تەلبەندو ساحەیەکی گەلێ گەورەو کۆمەڵێ قاعەبوو نازانم حکومەت زووتر ئەم قاعانەی بۆچی دروست کردبوو.. لەوەئەچێ هەربۆ کورد دروستی کردبێ.. دامانیان بەزاندو ریزمانیان کردو جارێکی ترکەوتنەوە ناونوسینمان.. لەناوماندا هەبوو (وتووریا) بوو پرسیاری لەعەسکەرەکان ئەکرد.. زانیمان کەئەم شوێنە (دوبز)ە.

کردمانیانە ناو ئەو قاعانەوە، هەرقاعەی رەنگە بلّم (٣٠٠) ژن ئەبووین بێجگە لەمناڵ.. جیگامان زۆر سەغڵەت بوو هەموو وەك مەڕو بزن بەسەر یەکدا کەوتبوین.. تائەو کاتەش مناڵەکان لەترسی ئەو شەوەی جیاکرابوونەوەو ئاو کرابووە ژێریان، هەربەرەنیسکیان ئەداو هەڵئەلەرزین.. وەرە بیهێنەرە بەرچاو خۆت لەماوەی(٥) رۆژدا ماڵت بسوتێنن‌و پیاوەکەت لەخۆت جیا بکەنەوەو کەنیشکە گەنجەکان بەبەرچاو خۆمانەوە بەرن‌و خۆشت بەوشێوەیە بخەنە قاعەیەکەوە وەك جەنازە بەسەر یەکدا کەوتبووین.. ئیتروەرە بەرگەی ئەو هەموو ئازارە بگرە.. بەخوا ئەڵێن (پشیلە حەوت رۆحە) بەڵام وانی‌یە ئێمە حەت رۆح بووین کەنەمردین..

هەریەکەم رۆژهاتن لەقاعەکەی خۆماندا دوو کەسیان دانا کەسەرو کاری نان خواردنمان بکات، دیار بوو ئەمانە دووبز بەرەحم تربوون لەوانەی تۆبزاوە.. رۆژانە خواردنیان بۆمان ئەهێناو رۆژێ دووجار رێگایان ئەدا بچینە سەرئاو.. هەندێ وەزعمان لەپێشوتر باشتر بوو.. بەڵام باشییەکەی وەك ئەوە وابوو تۆ تینووت بێت‌و کەوتبێتیتە هیلاکەت کەجامێ ئاوی گەرمیشت دەست کەوێت هەربەلای تۆوە زۆرە.. ئەوەی ئێمەش وابوو.. چونکە (٣٠٠) خێزان لەقاعەیەکدا هەریەکی بەکۆمەڵێ مناڵەوەو رۆژی دووجار دوو لەتەسەموون‌و تۆزێ شۆربات بدەنێ.. بەڵام باشیەکەی ئەوە بوو لەچاو تۆبزاوادا باش بووین.. ئەگینا هەر رۆژێکمان مردنێ بوو.. من تەواو کەوتبوومە هیلاکەت گەیشتبوومە حاڵەتی مناڵ بوون‌و ژان ئەمیگرت‌و ئەبورامەوە وەرە لەناو ئەو هەموو ژن‌و مناڵەدا کەجێ نەبوو

لەشوێنەکەی خۆت پێراکێشی منداڵت ببێ.. بێ هیچ پەڕۆو پاتاڵێ، کورە هەر پارچە پەڕۆیەك نەبوو بیخەیتە ژێر خۆت. نازانم بڵێم چی وەزعێك بوو.. یەك دوو ڕۆژ بەو حاڵەوە مامەوە بەڵام بەڕۆح زیندوو بووم گیانم ئەدا..(١١) پانزە ڕۆژ بوو بردبومانیانە (دوبز) منداڵم بوو.. هەر پانزە ڕۆژ بوو لەئاوای خۆمان نەمابووین چونکە(٤) ڕۆژ لەتۆپزاوا هێشتمانیانەوە..

کەمنداڵەکەم بوو هیچ نەبوو(بە بەرد) ناوکیمان بڕی.. ئەوەنە زاڵم بوون کەرتەمووسێکیان نەئەدا پێمان سوور ئەیانزانی چەند ژنی دووگیانی تیایەو منداڵی ئەبێت.. ئەوەنەش بێ شەرەف بوون عەسکەرەکان ئەهاتن لەپەنجەرەکانەوە سەیرمانیان ئەکردو گاڵتەیان پێمان ئەکرد..

منداڵەکەم کوڕبوو هەریەکەم ڕۆژ ووتم خوای کرد نەمردین‌و ماین ناوی ئەنێم (هەژار). ئیتر خۆم بەو نەخۆشیەوەو بەووەزعە خراپەوە نازانم بڵێم چۆن ژیاین.. باس ناکرێ نابەخوا کەس ناتوانێ وەك خۆی بۆتان بگێڕێتەوە.. یەك ساڵ دانیشن باستان بۆبکەم بەسەر هات‌و پەت پەتی ئەنفال تەواو نابێ... ئەزانی چی نەخۆشیەکی خراپ لەناو ئەو خەڵکەدا بڵاو بووەوە.. هەموومان هەر گەڕوگوول بووین.. منداڵ گشتی گیانی ئەبوە زام.. تووشی ڕشانەوەو سکچوون بوون.. هەموو ووشك بوونەوەو هەرئێسقانەکەیان مابوو..

ڕۆژوا هەبوو (١٠) منداڵ ئەمرد لەوقاعەیەی ئێمە لەپەنجەرەکەوە بەحەرەسەکانمان ئەووت‌و ئەهاتن ئەیان برد.. ئیتر نەمان ئەزانی چیان لێ ئەکەن.. ئازارو پەت پەتی ناوزیندان گێڕانەوەی تەواو نابێ.. ژن هەبوو ئەمرد دوو منداڵی کۆرپەی لەدوای خۆی جێ ئەما لەوقاعەیەدا ئەتووت پەرەسێلکەن ئەوەندە گوناهبوون.. کەس نەبوو هەر(میزێکیان) پێ بکات.. تابەودەردەوە ئەوانیش ئەمردن.. دەیان نمونەی لەوەخراپترمان بینی...

کەگیرا بووین مانگی ڕەمەزان بوو بەو حاڵەمانەوە زۆرکەس ڕۆژوی ئەگرد، ئەوەندە زاڵم بوون لەگەڵمان لەرەمەزاندا خواردنیان کەم ئەدا پێمان.. یان ئەهاتنە دیار پەنجەرەکەوبەگلاس چایان بەبەر چاو ئەو هەموو ژن‌و

منداڵەوە ئەخواردەوە یان پسکیتیان ئەخواردو (کامی کامیان) بەمنداڵەکان ئەکرد.. بەخوا کەبۆنی ئەو چایە ئەهاتە سەرماندا قاژەی جەرگمان ئەهات بۆچای.. دەوەرە هەرچی حەزو خۆزگەت هەیە لەچایەکدا کۆی کەرەوەو ئەوانیش نەتدەنێ..

ئیتر وەك ئەوە وابوو نۆرەمان گرتبێ بۆ مردنو کەی بەرمان دەکەوێت بمرینو نەمان ئەزانی بۆگیراوین، نەمان ئەزانی بۆچی لێرەین، بۆ نامان کوژن، ئەی بۆبەرمان نادەن.. رۆژێکمان بەساڵێ لێ ئەڕۆیی..

زوو زوو ئەهاتن قافڵەیەکی سەیارەیان ئەهاوردو ئەکەوتنە خەڵك بارکردن. کەس نەی ئەزانی بۆکوێیان ئەبەن.. لەتۆیزاوا کەگەنجەکانیان جیاکردەوەو دەستوو چاویان ئەبەستنەوەو بردیانن خەڵکەکە ئەیان ووت ئەیان بەن بۆ موصلێ.. کەپیرێژنو پیرەمێردەکانیان جیاکردەوەو بردیانیان ئەیان ووت بۆ نووگرەو سەلمانە.. کەکچە جوانو جاهێڵەکانیان جیاکردەوەو بردیانیان خەڵکەکە ئەیان ووت ئەیانبەن ئەیاندەن بە(عەرەب).. بەڵام ئێمەیان هاوردە (دوبز)و دوای ئەهاتن لەوێش خەڵکیان ئەگواستەوە.. یەك دوو جار ووتیان ئەیانبەن بۆ(تکریت). ئیتر مەگەر خوا بزانێ.. لەقاعەکەی تەنیشت ئێمەوە کەهەندێ ناسیاوی تیابوو بردیانن. کەس نەیزانی بۆکوێ بران.. ژنەکەی (مام عبدالله) خەڵکی (مامشە) بوو ناوی (نەبات) بوو، ناسیاوێکی ترمان ژنی (مام رەسوڵ) کەخەڵکی (کانی سارد)ەو ژنەکەی ناوی (عەسلێ) بوو. لەناو ئەو خەڵکە بوون کەلای ئێمەوە بران ئیتر هەتا ئێستا هیچ سۆراغێکیان نی یە..

بەخوا ئەو چەند مانگەی ئێمە لەوێ بووین هەرلێیان بەکێش ئەکردو تەواو نابوو ئەوەندە زۆر بوو... یەکێ لەوانەی کەخواردنی ئەدا پێمان پیاوێکی گەلێ باش بوو. زۆر بەرەحم بوو تۆزێ (تورکمان نسبەت) بوو کوردیەکەشی تەواو نەبوو ماڵیان لەکەرکوك بوو ئەو ئەهات بۆ لامان هاڵو هەواڵی کوردستانی بۆ ئەهێنایین.. پرسیار زەلامەکانیان لێ ئەکرد. دیار بوو یان ئەترسا. یان نەی ئەزانی چونکە سەری ئەلەقانو ئەیووت نازانم لەکوێنو بۆ کوێبراون.. ناوی (هادی) بوو چاوی تەواو نەبوو پێیان ئەوت

هادیە کوێن) ئەیووت مەزرەعەم هەیە لەلەیلان و بەزۆر کراوم بەجەیشی شەعبی..

بەوحاڵەوە تا پێنج مانگ و بیست رۆژ ماینەوە و رۆژێک سەعات(٩) هەندێک سەیارەی (موقەپەت) هاتن لەبەر دەم قاعەکەی ئێمەدا وەستان و دەرگای قاعەکەیان کردەوەو پێمانیان ووت بەریز وەرن سواری ئەم سەیارانەبن.. ئێمە یەکەم جار کەخراینە ئەو قاعەیەوە گەلێ زۆر بووین بەڵام دوای ئەو پێنج مانگە زۆری لێ مردبوو.. یەکە یەکە خستمانیانە ناو ئەو سەیارانەوە یەکی دەرگایەکی لەناوەڕاستەوە هەبوو کەسوار بووین ئیتر هیچ شوێنێکی لێوە دیار نەبوو.. هەرسەیارەی دەوری (٣٠) کەسی ئەگرد.. دوای ئەوەی بارکراین سەیارەکان کەوتنە رێ. مەگەر خوابزانێ بۆ کوێمان ئەبەن.. سەدجۆر داڵغەمان لێداو ئەمان ووت رەنگە بمانخەنە ناو ئاوەوە.. یان بەشۆفڵ خۆڵ بکەن بەسەرماندا بەزیندوێتی.. دڵخۆشیمان بەوەئەدایەوە بەڵکو ئەمە خوایە بمانبەن بۆلای زەلامەکانمان و بەیەکتر بگەینەوە.. دەسا ئەگەر هەرلە سجنیش بین قەیناکە بەڵام پێکەوە بین.. ئەمووت ئەگەر وابێ ئێستا لەرێوە ئەم مناڵەم کەلەسجن لەدایک بوو ئەنێمە باوەشی باوکی باتێر تێر لەباوەشی بگرێت بێ نازی ئەم چەند مانگەی بکێشێ.. کورە هەزار خەیاڵمان ئەکردو سەیارەکانیش هەر رێگا ئەکەن بێ ئەوەی ئێمە بزانین بۆ کوێ ئەچێ.. بێ ئەوەی هیچ هەرەشەمان لێ بکەن کەنابێ کەس قسەبکات.. هەرکەسەو لەجێی خۆیەوە (حەپەسا بووین) کەس لەگەڵ کەس ووڕتەی نەئەهات تەنانەت مناڵیش چرکەی لەخۆی بڕی بوو.. تەنها یەک عەسکەری بەرگ مغاویری تفەنگ بەدەست لەناو دەرگای سەیارەکە بەپێوە بەرامبەرمان راوەستا بوو.. لەوە ئەچوو ئەویش نەزانێ بۆ کوێمان ئەبەن ئەویش وەک ئێمە بێدەنگ بوو، کێ ئەڵێ ئەویش لەوکاتەیا خەیاڵی لای ژن و مناڵ و دایک و کەسووکاری نەبوو.. لەناکاو سەیارەکەمان وەستا.. ئەو وەستانە هەموومانی بەئاگا هێنایەوەو گشتمان لەیەکتر رادەماین. وەک ئەوەی ئیتر ئەوە دوادیدارمانەو باتائەتوانین تەماشای یەکتری بکەین و وێنەی یەکتر بەرینە زاکیرەمانەوە.. دیار بوو سەربازەکەی حەرەسەکەمان ئەویش وەستانەکەی بەلاوە نائاسای بوو چونکە دەرگاکەی کردەوەو تەماشایەکی

دەرەوەی کرد.. وەك ئەوەی کەمەرگیز روناکیمان نەبینی بێت هەموومان چاومان بڕی‌یە درزی دەرگاکەو لەدەرەوەمان روانی.. کورسیەکەی من بەرامبەر دەرگاکە بوو لەوماوە کورتەی کەسەربازەکە دەرگاکەی کردەوە. زانیمان کەلەناو شارێکداین‌و خەڵك زۆر دێت‌و دەچن‌و زانیمان کەوڵاتی خۆمانە ژن‌و منداڵ‌و زەلام جل‌و بەرگی کوردیان لەبەر بوو.. کابرایەك بەتەنیشت دەرگای سەیارەکەدا تێپەڕی (پانکەیەکی ئەرزی) بەدەستەوە بوو. کەتەماشام کرد ناسیمەوە (حەمید حاجی مصطفی خەڵکی گوندی عەلی مستەفا بوو) ئەیانمان ناسی.. خۆم پێ نەگیراو وەك ئەوەی کەبمەوێ بانگی بکەم بڵێم ئەوەتا ئێمە ماوین هاوارم کرد (حەمید.. حەمید.. حەمید) لەخۆشیداو لەتاوا قوڕگم پڕبوو لەگریان موچڕکە سەرتاپای لەشمی داگرت.. ئەو قیژەو هاوارەی من بێ‌دەنگی ناو سەیارەکەی شکاندو لەقیژەی ئەوەش دەچوو بانگ بکەم وەرن رزگارمان کەن.. سەربازەکە زۆر بەتوندی دەرگای سەیارەکەی داخستەوەو بەورتەیەکی تورەییەوە ئێمەی بێدەنگ کردەوە.. بەڵام سەراپای گیانم کەوتبووە لەرزین.. خوایە ئێرە ئەبێ کوێ بێت.. خۆزگە (حەمید) گوێی لەبانگەکەی من بووایەو هەواڵی بدایەتە هەموو دۆست‌و ناسیاو (نەسرین مەجید کریم)م بینی لەناو سەیارەی سجندا بوو.. ئایا خەڵك باوەڕی بە(حەمیدیش) ئەکرد..!

ئیتر سەیارەکان کەوتنە رێ.. زیاتر لەسەعاتێك رێیان کردوو من هەر لەبیر کردنەوەدا بووم کەئەو شارە کوێ بوو وا(حەمید)ی لێ بوو.. ئەی بۆ کوێمان ئەبەن.. ئەگەر بەرمان دەن ئەی بۆ لەوێ بەرمانیان نەدا.. خوا ئەزانێ چیمان لێ ئەکەن.. خۆزگە ئەگەر ئەشمان کوژن (حەمید) گوێی لەبانگ کردنەکەی من بووایەو بیزانیایە وائەمان بەن ئەمان کوژن..

دوای ئەو ماوەیە رۆشتن جارێکی تر سەیارەکە وەستایەوە.. ئەم جارە نەك هەرمن هەموومان خۆمان حازر کردبوو کەمەر دەرگاکە بکاتەوە چاو بگێڕین‌و بزانین کێی ترئەبینین.. یان هاوار بکەین تاخەڵك گوێی لەدەنگمانبی‌و بزانن ئێمەش کوردین..

ئەمجارە سەربازەکە دەرگاکەی وەك جاری پێشوو نەکردەوە تاتەماشای دەرەوە بکات.. دەرگاکەی کردەوەو دابەزییە خوارەوەو دەرگاکەشی دانەخستەوەو بەئێمەشی ووت دابەزن..

کەدامانیان گرد لەشوێنێك بوو سەیری دەورو بەرمان کرد بەدەشت و دەرو گردەکان زانیمان ناوچەی خۆمانە خەڵك لەدوورەوە ئەهات و ئەچوو.. سەیارەکان نەفەری جامانە لەسەری تیابوو ئیتر دڵنیا بووین کەناوکوردەو ئەمان ووت لێرە بمان کوژن پێمان خۆشتر بوو لەقاعەکانی (دوبز)

لەوێ زانیمان کە (٥) سەیارە بووین و وتیان ئێرە (عەربەتە) ناومانیان نووسی و هەریەکی وەرەقەیەکیان بۆمان کرد لەجیاتی (ئیحسا)و خستمانیانە ناو سەیارەی کۆستەرەوە وتیان بەرتان ئەدەین.. بەڵام نەمان ئەزانی لەکوێ بەرمان ئەدەن و لەکوێ بەرمان بدەن باشە چونکە ئێمە کەگیراین ئیتر ئاگامان لەهیچ نەماو نازانین (قەوم و قیلە) کەوتونەتە کوێوە.. هاوردمانیان لە(باینجان) بەرەڵامانیان کردو خەڵك باینجان بردمانیانە ماڵەکانی خۆیان و شەو لەوێ ماینەوە.. ئەوان بۆمانیان گێڕایەوە کەچی رووی داوە بەئێمە ئەڵێن (ئەنفال) تائەوکاتە نەمان بیستوە نەشمان ئەزانی ئەنفال یەعنی چی و بۆچی پێمان ئەڵێن ئەنفال..

بەیانی زوو دەنگو باس بڵاو بوەوە کەوەجبەیەك ئەنفالیان هێناوەتەوە بۆباینجان خەڵکی زۆر لەچەمچەماڵەوە هاتبوون بۆسوراغ کردن و ئیتر ناسیاومان بینی و هاوردمایانەوە بۆ شۆڕش.. کەهاتینەوەو ئەوەی (حەمید حاجی مستەفا)م گێڕایەوە بەوەیا زانیم کەئەوەی دوێنێ (چەمچەماڵ) بووە. چونکە ئەو لەوێ بوو.. کەبەربووین دڵمان خۆش بوو بەڵکوئەمە خوایە کەس و کارو زەلامەکانیشمان بەربووبێتن.. کەچی هیچ ئەسەرێکیان نەبوو.. من برایەکم ناوی لوقمان مەجید کریم لەدایك بوو١٩٦٦ بوو ئەنفال کرابوو.. مێردەکەم و دوو شووبرام صالح عەزیزو علی عەزیزو کۆمەڵێ خزمی ترم تائێستا هیچ هەواڵێکیان نییە.. حاجی صالح یش خۆی نەخۆشی شەکرەی هەبوو.. گورچیلەیەکی نەبوو.. عەمەلیات کرابوو (٢٢) تەقەڵ وەلازگیەوە بوو.. ئەو زاڵمانە بردیان و ئەویش بەو نەخۆشیەوە ئەنفال کرا..



خۆم چەندیتجار لاشەی مردوەکانم بینیوە بەدەم سەگەکانەوە.. هەقە کورد قەت ئەو ڕۆژانەی لەبیرنەچێتەوە..! کەئەم زاڵمە چی‌بەم کوردە داماوە کرد..!؟

# ئەمین جەلال ئەمین

لەدایك بووی ساڵی ١٩٣٤ گوندی هەیدەر بەگ- ئاغجەلەر

من هەرلەم گوندەی خۆمان لەدایك بووم‌و چەند پشتمان لێرە بڕاوەتەوەو ژیانمان بەمەڕداری‌و کشتوکاڵ کردنەوە بردۆتەسەرو سەرچاوەی بژێوی ژیانمان بووە..

گەنجێتی خۆمم لەبیرە بەردەوام بەدەشت‌و دەرو شوان کارەی‌یەوە خەریك بووم.. بەڵام ئەو ژیانەمان زۆر لاخۆش بوو لەگەڵی ڕاهاتبووین..

کاتێ ژنیشم هێنا، ماڵم جیابووەو هەرلەگوندەکەی خۆمانداو وەك باوباپیران‌و ئەوانەی پێش خۆمان منیش شانم دایەبەر جوتیاری‌و سەپانی‌و شوانکارەیی.. ئەوکاتە بوو تازە مەلیك ڕوخابوو..

ئیتر ئەوەنەی پێنەچوو (کۆمەڵە کۆمەڵە) پەیابوو، نەیانووت نەچین لەدەربەندی بازیان پێش لەجەیشی عێراق نەگرین نازانم حکومەت بەتەمای

چیبوو بـەڵام خـەڵك لەناوچەكانی تریشەوە هاتبووە لای ئێمـەو بەدیهاتـەكاندا ئەگەڕانو داوایان ئەكرد هەرماڵی زەلامێك بنێرێتو بچنە دەربەندەكە.. ئەوكاتە بوو شەڕەكەی دەربەند هەڵگیرساو ئیتر شۆڕش دروست بوو.. لەكاتەوە دێیەكـەی ئێمە بەهۆی نزیكی لەچەمی ڕێزانەوە بەردەوام شوێنی چەكداری شۆڕش بـوو. لەتەنیشت دێی عەسكەرەوەین..

كاتێ ئەوساڵەی عارەب هـاتو دایانە سەر ناوچەكەیا دێیەكـەی ئێمـەیان هـەمووی تـاڵان كـردو دوای ئاگریـان نایـە ئاواییـەوەو هـەموو ماڵـەكانیان سوتان. ئەوكاتە من تازە ماڵ بووەو هەرچیمان بوو فەرهودیان كرد.. خوای كـورد نەیهێشت ئەوەنـە حكـوم بكـەن زوو شـەقیان تـێ هـەڵدراو میللـەت ئەجاتی بوو لەدەستیان..

لەدوای ئـەوەوە شەڕوشـۆڕ ناوچەكـەمانی زوو زوو ئەگرتـەوەو هـەندێجار تـەیارەو هـەندێجار جـەیشو حـەرەس قـەومی ئەهاتنـە سـەرمان بـەڵام (سامانلێخستبوو) لەگـەڵ ئـەو وەزعـەدا ئـەهاتنو كەوتینـەوە ئیشوكـاری خۆمانو بێكێشەو بێقرە ژیانی خۆمان ئەگوزەراندو دێیەكـەیش هـەمووی هەر قەومو قیلەی یەكتربووینو زۆرمان بەسەریەكەوە هەبوو.. تا ‌ ارانەوەی شۆڕش بێخەم بووین بەڵام ئەو سـاڵەی شۆڕشـەكە نـەماو شـەڕ كەوتـەوە ناوچەكە جارێكیتر لێمان قەومایەوە.. كەشۆڕشەكەیش لەناو چوو، جاش زۆربوو بوو حكومـەت ئـەیكردە سەرمان تاڵانمانیـان ئـەكردو زۆر ئـەمانیان چەوساندەوە..

بەڵام باش بوو ئەوەنـەی نـەخایاند كەپێشـمەرگە پـەیا بـووەوە ئیـتر ئێمـە ترسمان نەما، ئومێدمان لادروست بووەوە.. دوایی كەشەڕی عێراقو ئێران هەڵگیرسا، عێراق سەرقاڵ بوو بەشەڕەوە نەئەپەرژایە سەر ئێمە.. ئەو ماوەیە كورد حەسایەوە.. خـەڵك لەشارەكان ئەترسا باریـان ئـەكرد بـۆ دێیـەكانو گەنجـەكان لەترسـی ئـەوەی كەئـەیانیان گـردو ئـەیانیان نـارد بۆشـەڕەكان

ئەوانیش بۆخۆیان ئەهاتنە ئەم ناوچانەی کەدور بوون لەحکومەتەوە.. ئێمە هەرچەندێ لەئاغجەلەرەوە نزیک بووین بەلاّم چەمی ڕێزان کەمەڵبەندی شۆڕشەکەبوو زۆر لێمانەوە نزیک بوو بەهۆی ئەوەوە حکومەت نەینەوێرا بەئاسانی بێتە سەرمان.. زۆرجار جاش ئەهات و جێش ئەهات و کۆپتەریش ئەهات بەلاّم پێشمەرگە بەرەنگاریان ئەبونەوەو حکومەت ئەشکا.. لەبەر ئەوە ئێمە ترسی حکومەتمان نەمابوو..

دێیەکەیشمان تەواو قەرەباڵەغ بوو بوو، بەتایبەت ئەو ماوەیەی ڕێکەوتن هەبوو لەنێوان شۆڕش و حکومەتدا دوای ئەوەی ئەو ڕێکەوتنە تێک چوو.. حکومەت وەک سەگی هار کەوتە گیانی ئەو خەڵکە مەدەنییە.. پەلاماری دێهاتەکانیان ئەدا.. تەیارە ئەهات ڕەمی لەژن و منالیش ئەکرد.. جارێک هاتن حکومەت قواتێکی زۆری هێنا بوو لەساڵی ١٩٨٥ ئەها گۆپتەپەی روخان.. ئەوساڵە دێیەکەی ئێمەیشیان سوتان و خەڵکەکەیان سەرگەردان کرد..

ماوەیەک بەنیاز نەبووین خانوو ماڵ دروست بکەینەوە، چونکە وەزعەکە تادەهات بەرەو خراپتر دەچوو.. ئەمجارە حکومەت جیاوازی لەنێوان پێشمەرگەو ژن و منالیشدا ناکات.. بەلاّم خۆناشتوانی هەربەو دەشت و دەرەوە بیت.. ناچار هەریەکی یەک دوو کولبەیەکمان دروست کردەوە، بەلاّم ڕۆژ بەڕۆژ ژیانمان بەرەو خراپی دەڕۆیی و بارمان گرانتر دەبوو حکومەت ئازوقەکەمانی بری و لەشارەکانەوە ڕێگای نادا خواردن بێت بۆدێهاتەکان..

خۆیشمان نەمانئەتوانی زۆر هاتوچۆی شارەکان بکەین.. لەرێگەو بانەکان ئەتیان گرد، یان کۆپتەر بهاتایە لەو سەر ڕێگاو بانانە توشت بوایا ڕەمی ئەکرد..

ماوەیەکی پێچوو ترس و دڵەراوکێ هەموو ناوچەکەی گرتەوە.. کەس بەتەمای ژیانی خۆی نەبوو.. ئەیانووت عەلی حسن مەجید هاتۆتە کەرکوک و

قواتێکی زۆریشی هێناوەو پەلاماری هەموو دێهاتەکان ئەدات.. چی پێشمەرگەی ناوچەکە بوو هەمووی کەوتنەڕێ بەرەو سەرکردایەتی.. ئێمە زۆر ئەترساین‌و یەخەیانمان ئەگرد بۆبەجێمان دەهێڵن؟.. ئەی کێ بەرگریمان لێبکات؟.. ئەوان ئەیانووت کەهەڕەشە بۆئەم ناوچانە نی‌یەو دڵمانیان ئەدایەوە کەهیچ مەترسی یەك بۆسەر دێیەکانی ئەم ناوچەیە نی‌یەو حکومەت پەلاماری سەرکردایەتی ئەدات.. ئەوان ڕۆیشتن‌و هەواڵمان ئەزانی کە شەڕەکان دەستی پێکردوەو ڕۆژانە دەیان وەجبە کۆپتەرمان ئەبینی ئەچوون‌و ئەگەڕانەوەو بەشەویش کەدونیا کپ دەبوو گوێمان لەزرمەی تۆپ دەبوو..

هەندێجار کەپێشمەرگەیەکیش دەگەڕایەوە هەواڵی دەهێنایەوە کەحکومەت بەهەموو جۆرە چەکێکەوە پەلاماری ناوچەکەی داوەو دەستی لەژن‌و منداڵ نەپاراستوەو ژیانی گوندنشینەکان لەمەترسی دایە.. ئیتر ئێمە زیاتر ئەترساین.. چونکە گوندەکانی ئەوسەرە هەمووی ناوچەی شاخاوی سەخت بوون کەژیانی ئەوان کەوتبێتە مەترسی‌یەوە.. ئەوە دێهاتەکانی ئێمە هەربەئاسانی داگیر ئەکرێت.. ماوەیەکی کەمی پێچوو رادیۆی عێراق بڵاوی کردەوە کە(بارەگاکانی سەرکردایەتی‌و هەموو ناوچەکە گیراوەو هێزەکانیان لەخۆئامادەکردندان بۆقۆناغێکی تازەتر بۆتێك شکاندنی شۆڕش).. پێشمەرگەکانی ئەم ناوچەیش کەچوو بوون بۆشەڕی بەرگری گەڕانەوە بەتێك شکاوی‌و شپرزەیی.. ئیتر زانیمان ئەوە کۆتایی هەموو شتێکە.. باسیان ئەکرد کەحکومەت چەکی کیمیایی بەکارهێناوەو خەڵکی زۆری کوشتوەو ئەیانووت (هەڵەبجە) هەمووی وێران کراوە.. هەرچی خەڵکی شارەکەیە بەکیمیایی مردوون.. تائەو کاتە ئەوەی ئێمە بیستبوومان هەر ئەوە بووە بەتەیارەو تۆپ لەخەڵك دراوە.. کەچی ئێستا وابەکیمیایی لێمان ئەدەن، خوایەگیان ڕوولەکوێ بکەین؟.. هیچ دەسەڵاتێکیشمان نەبوو تەنها

ئومێدمان قاپی خوابوو.. ئیتر زانیمان کەپێشمەرگەیش ناتوانێ بەرگەی حکومەت بگرێو ناتوانن خۆیان بپارێزن ئیتر بەچی دیفاع لەئێمەیش بکەن..!!

هەندێ لەو پێشمەرگەو فەرماندانەی ناوچەکە زووتر ماڵەکانیان لەگوندەکانی ناوچەکەی ئێمە بوو، چونکە شوێنێکی دوورە دەست بوون و ئەمین بوون.. ئەوان کەوتنە ماڵ بارکردنی خۆیان، ئەوە ئەوەندەی تر خەڵکەکەی تۆقان دیارە دەستیان لەهەموو شت بەرداوەو بەتەمای هیچ نین بۆیە خۆیان ماڵەکانیان دەگوازنەوە.. ئاخر ئەوان شەڕەکانی ئەو ژورەو زەبرو زەنگو هێزەکانی حکومەتیان بینیبوو، ئەمەقیان نەبوو گەر ترسابێتین.. ئەوان بینیبویان کەئەو چەکی کیمیاییە چۆن نەك هەرئینسان چۆن ئاژەڵو تەیروتوری ئاسمانیشی خنکاند بوو.. لەوە بوو بوونەوە کەبڕوایان وابێ بەچەکی دەستی پێشمەرگە بەرگەی ئەو هێزە زەبەلاحەو ئەو جۆرە چەکە کوشندەیە بگرن..

هەروا چەند رۆژێکی پێچوو هێشتا لەترس و نائومێدی داین و چاوەڕێین بزانین دونیا بەرەو کوێ ئەچێت و وەزعەکە ئەگاتە چی.. خەبەرهات وتیان کیمیایی داوە لەقەراخ و ئەو دێهاتانەیشی هەموو راماڵیوەو خەڵکەکەی هەمووی گرتووەو بردویانێتی..

دەبوو بیرێك لەخۆمان بکەینەوەو مشورێکی ژیانی ئەو هەموو ژن و منالانە بخۆین.. ناکرا هەروا چاوەڕێی قەدەر بین.. بەلام توشی سەرگەردانی بوو بووین و کەس ئەقڵی بەهیچدا ناشکا.. بەهەر کەسێکت ئەوت ئەو لەتۆ خراپتر بوو.. هەمووی هەر ئەیووت رۆژە رەشەو کوڕ ئەو کوڕەیە خۆی رزگار بکات..

ئەمجارە وەزعەکە خراپ بوو ئێمە بەبیرەوەریمان سێجار دێهاتەکانمان سوتابوون و تالان کرابوون بەلام ئەمجارە دەنگو باسەکان وایە خۆیشمان

فەرهود ئەکەن و هەربەوە وازناهێنن ماڵمان کاول بکەن و هیچ دەرگایەک شك نەبەی..!!

هێشتا ئێمە خۆمان یەك لای نەکردبۆوە، پێشمەرگەی گەرمیان گەیشتنە لای ئێمەو ژن و منداڵ و سەربازی فیرارو ئەو خەڵکە پەرتە وازەی کەخۆیان رزگار کردبوو بەشەو دزەیان کردبوو لەبازنەی جەیشەکە دەرچوو بوون و خۆیان گەیاندە دێیەکانی ئێمەو هەرماڵەی چەندین کەس کەوتە سەرمان، ئەوانیش لێقەوماو بوون و پەنایان بۆدێیەکانی ئێمە هێنابوو.. سەرباری ئەو وەزعەی خۆمان ئەمانیش هاتن و بوونە باربەسەر مانەوە.. چیان ئەگێرایەوە!؟ چیان دیبوو؟! باس و بەسەر هاتی دێیەکانی گەرمیانیان کرد چۆن روخێنراون و خەڵك تووشی چی بەڵایەك بووە!! ئەیانووت کەس نەماوە هەمووی گیراو جەیشەکە لەکێش دانی‌یەو وەك لافاو وایە!!

ئیتر کەئەوان هاتن ئاوایمان لەترسا چۆڵ کردوو چووینە (چەمی کۆرمۆر)و(دەراوی عەسکەر) شوێنێ باش بوون بۆخۆشاردنەوەو زووتر کونەتەیارەو شوێنی خۆشاردنەوەمان دروست کردبوو.. ئیتر لەوێ کۆپتەر نەینەدۆزیەوەو کۆپتەر ئەهاتە سەر دێهاتەکان و لەئاوای ئەدا ئەو چەمەو کەڵوەزانە جێی شك نەبوو.. بەڵام چی لەدێیەك ئەکەیت هەمووی هەر رەوبکات و خۆی بکاتە چەمێکدا..؟

چەند رۆژێك لەوێ ماینەوە هێشتا هەواڵی ئەوەنەهاتبوو کەئەمجارە پەلاماری ناوچەکەی ئێمە ئەدات و چواردەوری ناوچەکە نەگیرابوو.. بەڵام ئەمانزانی دوای گەرمیان نۆرەی ئێمەیە.. کۆپتەریش زیادی کردبوو ئەتووت واشەن رۆژی چەندجار بەسەر ئاسمانی ناوچەکەدا ئەهاتن و ئەچوون.. بیرمان لەوە کردەوە بەرلەوەی جەیش بێت و لەدێیەکاندا بمان گرن. خۆمان بچین و خۆمان بکەینە شارەکاندا یان خۆمان بدەینە دەستەوە.. گەرچی ئەمانزانی ئەویش هەر مەسیرمان تیاچوونە.. چونکە زووتر خەڵك

تاك و تەرا لەڕێی شاردا ئەگیرا بێ سەرو شوێن ئەکرا.. ئەی ئێستا ئەو هەموو خەڵکە بەیەکەوە رووبکەینە شارەکان هەرئەمان گرن و تیا ئەچین!.
حاڵەتەکە بۆئێمە زۆر قورس بوو.. خوایە گیان چاوەڕێ بکەین و تادێن و لێرە ئەمانگرن، یان خۆمان بەرەو پیری مەرگ بچین؟! نەمان ئەزانی کامیان هەڵبژێرین، هەرچۆنێك بوایا چوونەکەمان رووەو شارەکان، ترسکایەکی تیا بوو بەڵام مانەوەمان لەم هەردەو چەم و دۆڵانەو لەژێر رەحمی ئەو هەموو تۆپ باران و جەیش و کۆپتەرانەدا هەرتیا چوون بوو، بۆیە ئەو رێگایەمان هەڵبژارد کەشەو بکەوینە رێ و هەرچۆنێك بێت خۆمان بکەینە شارەکانداو لەماڵ خزم و ناسیاودا خۆمان بشارینەوە خوا گەورەیە..
بەڵام پێشمەرگە وتیان ئێمە مقاوەمەت ئەکەین و تاپێمان بکرێت بەرگریتان لێ ئەکەین و ناهێڵین جەیش بێتە ناوچەکە..
ئێمە دەسەڵاتمان نەبوو ناچار ماینەوە بەڵام بەرگری چی ئەکرێت ئەو واهەموو ناوچەکانی تری کاول کردو بەرگریش نەکرا.. لای ئێمە بەچی بەرگری ئەکرێ و چی بەرگەی ئەو جەیشە زۆرە ئەگرێت.. چی بەرگەی کیمیایی ئەگرێت.. ئەو ئەڵێن (ئەچێتە ناو بارە)و لەگەڵ هەناسەداندا ئەچێتە ناو لەشتەوەو ئەتکوژێ هەرچەندە پێشمەرگە هەندێ رێنمایمانیان کردبوو کەگەر کیمیایی تەقی لەنزیکی ئاوبن باشە یان پەرۆی تەڕ بەخۆتاندا بدەن بەڵام ئەم عالەمە لەکوێ هەمووی ئەگاتە نزیك ئاو- یان لەوکاتەدا پەرۆی تەڕ لەکوێ حازر ئەبێ؟!..
ماینەوەو رۆژ لەدوای رۆژ ترسەکەمان زیادی ئەکردو دەنگ و باسی خراپتر ئەبوو.. تاوتیان حکومەت لەچەمچەماڵ و قەرەنجیرو تەق تەق و کۆیەو دووکان و ئاغجەلەرو لەهەموو لایەکەوە جەیشی خڕکردوەو دەوری ناوچەکەمانی گرتووەو رێگای دەرباز بوونی بریووەو لەئاسمانیشەوە بەکۆپتەرو لەخواریش جەیش و جاش دێنە سەرمان.. بەڵام لەسەرە

مەرگیشدا ئینسان ئومێد بڕنابێ.. کەکەوتە ئاویشەوە (دەست بۆ کەفی سەر ئاوەکە ئەبات) ئێمەیش هەرچەندە تەواو دڵنیا بووین ئەرزو ئاسمانیشمان لێ گیراوە، بەڵام هەر بەئومێدی ئەوەبووین خۆمان رزگار بکەین..

ئێوارە بوو هێشتا سوپا دەستی بەپەلامارەکانی نەکردبوو.. کۆمەڵێ تەیارە هاتنە ئاسمانی ناوچەکە ئێمە ئەوکاتە لەنێوان گوندی (گۆپتەپەو بۆڵقامیش) لە(قەڵانیکاین) بووین، تەیارەکان دووجار سوڕانەوەو دوائیان چوونە سەر ئاسمانی عەسکەرو ئەوەکانیان لەئاسمانی گۆپتەپەو سەر ئاوەکەی (زێ) ئەسوڕانەوە.. ئاگامان لێبوو دەستیان کرد بەرەمی کردن.. قریشکەو لورەی قومبەلەکان زۆر جیاواز بوون لەرەمی کردنەکانی جاران.. لەشەستەکانەوە ئێمە بەردەوام رەمی تەیارەو کۆپتەرمان ئەبینی، بەڵام هیچ جارێکیان دەنگی وەك ئەمجارە نەبوو.. تەقینەوەکەیشی دەنگی گەورەتر بوو، دوو کەڵەکەیشی جیاواز بوو هەندێکی زەردباو هەندێکی شین.. قریشکەو هاواری خەڵکی گۆپتەپە گەیشتە لای ئێمە.. زۆر کەسیش لەوچەمانەبوو بووە هاتوو هاواریان.. دەنگی خەڵکەکە بەئاسانی ئەگەیشتە ئێمە.. گوێمان لێبوو کەئەیانووت (کیمیایی تەقان).. تەیارەکانی بان عەسکەریش رەمیان کرد.. ئێمە بەپەلە بەتانیمان تەڕ کردو دامان بەبان سەروچاوماندا.. بایەکە بەرەو ئێمە ئەهاتو کەمێك بۆنی پەیدا بوو گیانمان بەو بەتانی‌یە تەڕانە بوو.. لەجیاتی دەستو ئەژنۆمان هەستم ئەکرد دڵم لەترسا ئەلەرزی.. ژنو منداڵ زیڕەی تێکەوتو قیژەو هاواریان بوو، ئەترسان.. هەقیان بوو بترسن، رۆژە رەش بوو، هەقیان بوو بگرین ئەو قومبەلە گەورانە بۆگیانی ژنو منداڵ بوو..

لەدێیەکانی ترو لەوچەم هەردانەوە هەروا خەڵك بوو رای ئەکردو بەڵام سەرمان لێشێوا بوو نەمان ئەزانی رووڵەکوێ بکەین کۆمەڵێ لەچەمەوە ئەگەڕایەوە.. وەجبەیەك بەرەو چەم ئەڕۆی.. سەرگەردان بووین.. لەنزیك

عەسکەر کۆمەڵێ خەڵکی پەرتەوازەی دێیەکان یەکمان گرت‌و چاومان پێوە بوو لەهەموو لایەکەوە لایت سەیارە بەرەو ئاوچەکەی ئێمە دێت.. زانیمان ئەوە جەیشەو حەرەکەتیان دەستی پێکرد.. ئێمە زۆربەی زۆری خەڵکی ئاوای‌یەکەی خۆمان‌و هەندێ خەڵکی (مایلەو سۆتکە)و خەڵکی پەرەوازەی ئەو چەمانەی گۆپتەپەیش گەیشتنە لامان.. هەمووما پێکەوە ڕێگامان دایەبەر بەرەو (چەمی ڕەزان)و وتمان لەوێوە ئەپەڕینەوەو خۆمان ئەکەین بە(گۆپاڵە)دا.. گەلێ زۆر بووین ژن‌و منال‌و پیرو پەککەوتە هەریەکی کۆڵێ نان‌و جل‌و بەرگ بەکۆڵمانەوەو بەرەو پیری مەرگ ئەچین.. منال نەیئەتوانی ڕێگا بکات.. هات‌وهاواری ژن‌و منال قاژەی ئەخستە جەرگتەوە.. منال چوار پێنج ساڵە بەوشەوە بەو شاخ‌و هەڵەتانەدا ئەبوو بەپێ ڕێگا بڕێت.. بەدەستی دایك‌و باوکەوە پەلکێش ئەکرا.. هەر ڕێگاکەی ئەو شەوەو دەردەسەری ئەو هەموو ژن‌و منالە لەوشەوەدا گاوری موسوڵمان ئەکرد!! ئەوەندەمان پەت پەتی بەسەر هات‌و ئەوەندە منال خزاو سەرو چاوی بووە زام‌و ئەوەندە لەکەن‌و کۆسپ بەر بووینەوەو چارەمان نەبوو، دەبوو ڕێگا بکەی تابەر لەبەیان خۆمان بگەیەنینە شوێنێ.. چونکە ئەمانزانی بەیانی لەگەڵ بەیاندا کۆپتەر چی‌ئەکات‌و جەیشوجاش ئەکەوتە ئەو هەردەو هەڵەتانەو نایەڵن تەیر دەربازی بێت‌و هەموومان ئەگرن‌و دورنی‌یە لەشیوێکدا کیمیایی نەکەن بان بەهەموماندا.. بەدرێژایی ئەو شەوە کەئێمە ڕێگامان ئەبڕی، لەبان شاخەکانەوە چاومان لێبوو لەهەموو قوڵەکانەوە لایتی سەیارە بەدوای یەکدا ڕیزیان بەستبوو.. هەر بەلایتی ئەو سەیارانە لەگەورەی‌و زۆری جەیشەکە حالی ئەبووین‌و ئەتزانی کەکەس دەربازی نابێت لەدەستیان..

ئەم کوردە بەردەوام ژیانی ڕاکە ڕاك‌و پەتپەتی بووە بەلام قەت کارەساتی وەك ئەوساڵەی بەسەرنەهاتووە بەخوا ئەو شەوە سەگ‌و پشیلەکانی ئاوایش

کەوتبوونە شوێنمان.. ئەوانیش لەسیمای ئێمەدا هەستیان بەورۆژە رەشە کردبوو، دورو نزیك هەربەدوامانەوە بوون و ئەیان لوران..
دەمەو بەیان لەنێوان (سەروچاوەو گۆپاڵە)دا کەوتینە ناو جەیشەوە.. چوار دەورمانیان گردو هەموومانیان خڕکردەوەو هەرچی کەلوپەل و کۆڵەکانمان هەبوو هەموویان لێمان سەند.. ئامرێکی لێبوو خۆی یەکەیەکە گیانی هەموو زەلامەکان گەڕاو دەستی ئەکرد بەباخەڵتدا بۆپارەو ئاڵتون ئەگەڕان.. عەسکەریەکانیش یەکەیەکە ئەوجل و جۆرەیان پشکنی و هەرچی شتێ باش بوایا جیایان ئەکردەوە بۆخۆیان و بەخوا سەعاتی دەستیشیان دائەکەند.. هیچیان پێمان نەهێشت.. خەڵکێکی زۆر بووین خێزان واهەبوو سەرپاك گیرابوون.. ژنێکی دێیەکەی خۆمان خۆی و (دە) منالی پێبوو گەورەکەیان حەقدە ساڵان بوو تامناڵە بەر مەمکانەکەیان هەموویان هەرگیران..
هەرلە گۆپاڵە رامانیان وەستان تاکۆمەڵێ زیلی عەسکەریان هێنا، هەموومانیان بارکردو هەر سەیارەی دووعەسکەری بەتفەنگەوە کەوتنە تەکمان و لەپێش قافڵەکەوە هەندێ حیمایەو لەدواوە هەندێ حیمایە بەرەو سلێمانی بەرێمانیان کرد.. لەتاسلوجە لایاندا بەرەو پیرەمەگرون.. ئیتر هەر بەجارێ تۆقین و وتمان بەخوا رەنگە بمانبەن بمانکەنە ناو (ئاوەکەی دووکانەوە).. چونکە زووتر خەڵك قسەی ئەکرد، ئەیانووت قەراخ و گەرمیانیان بردووەو ئەڵێن ئەیاندەنە دەم (شەتەوە).. تەواو ئەترسام و کوڵەی جەرگم ئەهات بۆ ئەو هەموو منالانە ئاخر گوناهیان چی یە ئێستا ئەیانخەنە ناو ئەو (بەحرەوە) هەر ئەگریام لەتاواو ئەوخەڵکەیش هەمووی هەر ئەگریا.. لەگریان زیاتر هیچ شتێ نەبوو ترسەکەمانی پێدەربڕین..
سەیارەکان رۆیشتن و لە(سوسێ) لایاندا، قەڵایەکی عەسکەریی گەورەی لێبوو، خستمانیانە ناو ئەو قەڵایەوە، تائێوارە لەوێ هێشتمانیانەوەو لەبەری دووکانەوە هەرخەڵکیان هاوردو تێکەڵ ئێمەیان کرد.. تامەغرێب

ئەو قەلآیەیان هەمووی پڕکرد.. نازانم وائێمە خوا سەری لێمان تێکداو خۆمان هاتینە ناو جەیشەکەوە، ئەم خەڵکەی تریان بۆوا بەئاسانی ئەگردو ئەیانیان هاورد.. یان ئەوانیش وەك ئێمە سەرگەردان بوو بوون..

تائێوارە هیچیان نەدا پێمان و لەتینوا خەریك بوو بخنکێین، بەو تینوێتی و برسێتی یە دوای مەغریب سەیارەیان هێناو کەوتنە بارکردنی ئەو خەڵکە بەقافڵەیەکی زۆر گەورە هەموومانیان گواستەوە بەرەو سلێمانی.. دیاربوو کەبردمانیان بۆ(سوسێ)و شەو خستمانیانە ڕێ بەرەو سلێمانی بۆئەوە بوو بەرۆژ نەمانبەنە ناو سلێمانی یەوەو خەڵك ئەو حەشاماتە نەبینێ کەئەو هەموو ژن و منالە کۆرپەیە گیراوە.. هەر شەو گەیاندمانیانە سلێمانی بردمانیانە دایەرەی ئەمن یەکەیەکەو بەشێوەی خێزان ناومانیان نوسی و بارمانیان کردەوەو دەمەو بەیان بوو بەرەو کەرکوك بەڕێمانیان خست.. نیشەکەیان گەلێ پەلەبوو تابەبەرچاوی خەڵکەوە نەمانبەن شەو گواستانیانەوەو هێشتا بەیانی نەدابوو دونیا هەر تاریك بوو کەخستمانیانە ڕێ.. ئیتر نازانم چەند سەعات بەڕێوە بووین چێشتەنگاو گەیشتینە (تۆبزاوا).

دونیایەك خەڵك لەتۆبزاوا بوون بڕوابکەن کەتەماشای ئەو حەشاماتەی تۆبزاوات ئەکرد، ئەتووت یەك کوردێکی تر لەرووی دونیایا نەماوەو هەمووی والێرەیە.. ناو ئەو مەعەسکەرە هەمووی هەر ڕەشی ئەکردەوە.. غەڵبە غەڵب و هات وهاواری ئەو خەڵکە بەسەر گورەو نەڕەی ئەو هەموو سەیارەیەدا زاڵ بوو بوو.. بڵێم قیژەو هاواری منال ئەگەیشتە (کەشکەلانی فەلەك)..

تائەوێ ئێمە خەڵکی ئاوای پێکەوە بووین.. من خۆم و خێزانەکەم و بوکەکەم و سێ کوڕم و چوار کوڕەزا پێکەوە بووین و قەوم و قیلەی ئاوایش هەموومان لەزیلەکان دامانیان گرد.. قەرەباڵغی تۆبزاوا لەکێشدا نەبوو

دەرزیت هەڵدایا بەرزەوی ئەدەکەت، وەجبە وەجبە ئەو خەڵکەی لەسەیارەدایان ئەگرد ریز ئەکران بۆناونوسین.. لەکۆمەڵێ شوێن دانیشتبوون ناویان ئەنوسی.. هەریەکی کوردێکیش تەرجومەی ناونوسەکە بوو.. ئەگەر هەویەت پێبوایا ئەوە لەسەر هەوێکەت و گەر ئەوەی پێی نەبوایا بەمەزەندەی خۆیان تەمەنیان بۆدا ئەنا.. لەو ناونوس کردنەدا بڕیاری جیاکردنەوەیان ئەدا.. وەجبەی ژن‌ومناڵ بەجیاو زەلامی گەنج بەجیاو پیروپەککەوتە بەجیاو کچە عازەب‌و جاهێلەکانیش بەجیا.. ئەو خەڵکە ئەکران بەچوار بەشەوەو هەربەشەی بۆئەو شوێنەی بۆی تەرخان کرابوو ئەیانخستە ڕێ.. هەربەشەی چەند قاوشێکیان بۆتەرخان کردبوو..

گەرچی هەموومان هەر سجن بووین بەڵام تائەوێ خاوەنی ناموسەکەی خۆمان بووین.. بەڵام لەتۆبزاراو لەوجیاکردنەوەیەوە ئیتر ناموسەکەمان لەدەست چوو.. کەبەزۆر کچەکانیان جیاکردەوە.. واتئەزانی دەماری دڵت ڕائەکێشن، کاتێ کچێك خۆی ئەدایە مل دەست‌و پێی دایك‌وباوکداو نەیئەویست بەتەنها بڕوات‌و عەسکەرەکان ئەیانکردە پەلداو بەپاڵ ئەیان برد.. هات‌وهاوارو هەواڵی کەس سودی نەبوو.. زۆر کەس خۆی ئەدایە سەردەست‌و پێی عەسکەرەکان، تاکچەکانمان نەبەن بەڵام ئەوان ڕەحمی خوا لەدڵیاندا نەبوو بەقۆناغە تفەنگ ئەکەوتنە سەرو گوێلاکت.. بەقامچی‌و تێهەڵدان وەڵامیان ئەدایەوە..

لەو ناونوسین‌و جیاکردنەوەیەدا من کوڕەکانمیان لەگەڵ گەنجەکاندا جیاکردەوەو بوکەکەم‌و مناڵە وردەکانیش بەجیاو خۆیشم لەگەڵ پیرەژن‌و پیرەمێردەکانی تردا بەجیا خستمانیانە ناو قاوشێکەوە هەمووی وەك ئێمە ئەختیار بوو.. هەمووی وەك ئێمە جەرگی سوتابوو.. هەمووی وەك ئێمە شەرەفەکەیان کەوتبووە بەردەم ئەو چەقەڵ‌و گورگانە..

هەر بەبەرچاوی خۆمانەوە گەنجەکانیان قۆڵ بەست کردو بەپشتوێنو جامانەکانی خۆیان دەستیانیان لەپشتەوە دەبەستەوەو چاویانیان دەبەستەوەو ئەیانخستنە ناو سەیارەی (موقەپەتەوە)و بردیانیان.. ئیتر هەرئەو بردنەبوو ئاوەڵ ئاو رۆیشتنو تائێستا کەس هەواڵێکیان نازانێ..
کچە جوانو جاهێلەکانیش کەس نەیزانی بۆکوێیان بردو چیان بەسەردا هاورد، تەنها ئەوەندە ئەزانین تاتۆبزاوا هەموومان پێکەوە بووینو لەوێ جیاکراینەوە..
ژنو منداڵەکانیان بارکرد بۆ(دوبز) بەلام پێش ئەوەی کەبیان بەن شەوێك منداڵەکانیشیان لەدایکیان سەند ئەتووت کارو بەرخن لەبەر مەڕ هەڵی ئەگرن.. ئەو هەموو منداڵە جوانانەیان بەزۆر لەباوەشی دایکیان دابڕی.. بووە (رۆژە حەشرێك) مەگەر خوابۆ خۆی بزانێت.. ژن هەر هاروشێت بوون لەتاوا.. قیژەیان گەیشتە لای خوا.. ئەوەندە لالانەوە، ئەوەندە هاواریان کرد. خوا گەیشتە فریایانو دوای چەند سەعاتێك منداڵەکانیان دابووەوە پێیان.. ئێمە بێ دەسەلات بووینو ئەوانیش زاڵم بوون.. ئەگەر دەسەلاتمان هەبوایا ئەیانتوانی ئەو لادمان لێ دابڕنو بەبەرچاوی خۆمانەوە ناموسەکەمان بەرن..
لەقاعەکەدا هێشتمانیانەوەو سەرمان نابوو بەپەنجەرەکانەوە تەماشای خەڵکەکەمان ئەکرد، لەسەعاتێکدا دەیان سەیارەی مونشەئەو زیلو کۆستەر خۆیان ئەکرد بەژورداو ژنو منداڵیان دائەگردو وەك ئێمە هەر لەحەوشەی مەعەسکەرەکەدا جیائەکرانەوە ئەخرانە قاعەی جیاجیاوە.. لەپەنجەرەکەوە هەرچاومان پێوە بوو چۆن لەهەموو وەجبەکاندا هەرلەوێوە گەنجەکانیان جیائەکردەوەو جلەکانیان لەبەریان دائەکەندو تەنها کراسو شەرواڵێکیان لەبەریان دەهێشتەوەو دەستو چاویانیان دەبەستەوەو ئەیانیان خستە ناو سەیارەوەو ئەیانیان برد، ئیتر مەگەر تەنها خواو سەدام بزانن چیان

بەسەریاندا هێنا.. چونکە تائێستا کەس هیچ هەواڵێکیان نازانێ‌و هیچ ئاسەوارێکیان دەرنەکەوت..

بەخوا بەقەدەر بەرزی خانوویەك زیاتر جل‌وبەرگی گەنجەکانیان هەڵدابووەوە.. هەروەجبەیەکیش ئەهات‌و چاوی بەو جلوبەرگانە ئەکەوت ئیتر بەیەکجاری نائومێد ئەبوو، چونکە ئەو جلانە نیشانەی مەرگ بوون..

دوای شەوورۆژێك بەیانی خۆر کەوتن هاتن دەرکی قاعەکەیان لێمان کردەوەو بانگمانیان کردە دەرەوە.. ئێمە ئەمانزانی کەئەمانگوازنەوە چونکە زوو زوو وەجبەکانیان ئەگواستەوەو سجن تازەیان ئەهێنا.. بەڵام ئەمانئەزانی بۆکوێمان ئەبەن.. کۆمەڵێ سەیارەی (مونشەئەی) درێژیان هێنابوو تەپانمانیانە ناو ئەو سەیارانەوەو بەریزو بەدوای یەکدا کەوتنە رێ.. لەبەیانی خۆرکەوتنەوە بەرێوە بووین دوای نوێژی عیشا گەیاندمانیانە شوێنێك لەبیابانێکدا جگە لەئاسمانێکی ئاشرین هیچی تردیار نەبوو.. لەهەندێ گڵۆپ زیاتر کەوەك بڵێی لەسەر گردێك ئەدرەوشانەوە.. ئیتر هەمووی هەر تاریك‌و لێڵ‌بوو..

لەرێگەیش زۆر کەوتینە هیلاکەتەوە لەتینوا، چونکە بەیانی کەبارمانیان کرد نەئاوێکیان داپێمان‌و نەرێگایاندا بچینە سەرئاو.. زۆر پەرێشان بووین لەناو سەیارەکان.. بەقەدەر هەموو رێگاکانی‌تر سەغڵەتیمان بینی.. هەمووی هەر پیرو پەککەوتەو هیلاك بوون‌و هێزمان لەبەربڕابوو.. خەمو خەفەتی دابڕانی جەرگەکانیشمان تەواو پەرێشانی کردبووین..

ئەو گڵۆپانە قەڵایەکی گەورە بوو، دەرگایەکی گەورەی هەبوو ئەو مونشەئانە بەئاسانی ئەچوونە ژورەوەو حەوشەی قەڵاکەیش گەلێ گەورە بوو جێگای پەنجا مونشەئە زیاتری تیائەبووەوە.. قەڵاکە خڕبوو دووقات بوو لەسەریەك‌و ژێرەکەیشی دوای زانیمان کەژێر زەوییە..

هەر ئەو شەوە لەحەوشەی قەڵاکە دامانیان گرد.. هەمووی قاعەی گەورە گەورە بوو پڕبوون لەخەڵك.. ئێمەیشیان بەناو نوسین و بەژمارە کردە ئەو قاعانەوە.. خەریکە کوێر ئەبین بۆقومێ ئاو.. لەتینوا ئەوەندە سەغڵەت بوو بووین هیچی ترمان لەبیرنەما بوو، تەنها ئاو نەبێ.. لەتینوا بڕوا بکەن گیانم ئەلەرزی..

لەوێیش ئابەیانی ئاویان نەداپێمان لەوە ئەچوو ویستبێتیان ئێمە لەتینوا بکوژن و بۆیە بەگوللە نەمانیان کوشت و ئابەعەزابەوە بمرین.. نازانم ئەو شەوەمان چۆن لێڕۆیی و ئەو شەوە بۆئەوەندە درێژ بوو بەشی ئەوەی ئەکرد هەموو ژیانی رابردووی تەمەنت بهێنیتەوە پێش چاوی خۆت..

کەرۆژ بووەوە ئەوسا دووتەنکەر ئاو هاتنە ناو حەوشەی قەڵاکەوەو ئاوەکانیان کردە تەنکی یەوەو ئاویان داپێمان بەڵام ئاوی چی وەك ژەهر وابوو.. تاڵ تاڵ، نازانم چۆن ئەو خەڵکەی پێش ئێمەی ئەکوشتبوو.. خەڵکی وای تیابوو لەئاوایی یەکانی قەراخ و گەرمیان و شارباژێڕ گیرابوون ئەیانووت مانگ زیاترە لێرەین.. نازانم چۆن مابوون و بەرگەی ئەو عەزابەیان گرتبوو.. بەڵام خۆیان ئەیانووت زۆرمان لێمردووەو باسی برسێتی و تونێتی ئەوێیان کردو وتیان کێ بمرێت تەرمەکەی ئەدەنە سەگ.. زۆر حەپەسام کەوایان ووت.. تەرمەکان ئەدەنە سەگ..!؟ ئەمە چی نامەردی یەکە ئەم حکومەتە لەگەڵ ئێمەدا ئەیکات.. بۆئێمە گاورین، ئەی خوا چۆن ئەمە قبوڵ ئەکات..!؟

ئاخر چیمان کردبوو لەژیانمانا چی خراپەیەکمان هەبوو.. لەوەتەی خۆمان ناسیووەتەوە نوێژو رۆژو عیبادەتی خوامان کردوەو وائێستاش کەدەوری هەژدەو نۆزدەی رەمەزان بوو هەر بەرۆژو بووین.. لەپای چی بەمردویش وازمان لێناهێنن و مردوەکانمان بدەنە دەم سەگەوە؟! زۆر بەلامەوە سەیر بوو.. وەتەن و دێ روخان و بردنی ناموسەکەمان و جەرگەکانیشمانم هەموو

لەبیر چووەوە.. ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بارەکەمان قورستر دەبوو..!! ڕۆژانە خەڵك لەتینواو لێبرسا ئەمرد.. چەند جارێك ئەمویست کەمردووەکانیان ئەخستە سەرعارەبانەیەکی دەستیو ئەیانبردە دەشتەوە ئەمویست منیش لەگەڵ تەرمەکەیدا بچمو بزانم راستە جەنازەکان سەگ ئەیخوات، زاتم ناکرد بچم..!!

ئاخریەکەی چوومو بەچاوی خۆم ئەو حەقیقەتەم بینی کەکۆمەڵێ سەگی زۆر گەورە لەدەوری قەلاَکە بوون.. کاتێ لاشەی مردوەکان هەروا بەئاستەم ئەمانخستە ژێر لمەکەوە ئەهاتن هەڵیان ئەدایەوەو لاشەکەیان هەڵئەدڕی.. خۆم چەندینجار لاشەی مردوەکانم بینیوە بەدەم سەگەکانەوە.. هەقە کورد قەت ئەو ڕۆژانەی لەبیرنەچێتەوە..! کەئەم زاڵمە چیبەم کوردە داماوە کرد..!؟

هەر بەئارەزوو تینومانیان ئەکرد، برسیمانیان ئەکرد.. جاری وابوو سەمونەکە ئەهاتو دابەشیان ناکرد تاچەند سەعاتێك دوای وادەی خۆیشی.. کەڕۆژانە یەك جارویەك سەمونی ڕەقی عەسکەریان ئەداپێمانو یەك جار ئەیانهێشت بچین لەتەنکیەکان ئاو بهێنین.. ئەویش ئەبوو سەعاتێك نۆرەی بۆبگری.. ئەهاتن لەکاتی نۆرەگرتنەکەدا لێمانیان ئەدا بەقامچی ئەکەوتنە ناو ئەو هەموو پیرەژنو پیرەمێردەو بەحەیزەران ئەمانیان کووتا.. گەر قسەیەکیشت بکردایە ئەتیان بەستە عەموودەوە لەناو حەوشەی قەلاَکەوەو فەلاقەتیان ئەکرد..

چەند کەسیان هەروا کوشت!! چەنێکی لەتینوا لەبرسا مرد ئەوەندەیشی بەخەفەتو عەزابی تەعزیبدانەوە مرد.. بەوخوایە قامن بەربووم تەنها لەو ریزە قاعەیەی ئێمە درۆم نەکردبێ ئەیانووت (٥٠٠) کەسی لێمردووە.. ئەوەی کەنەشمردبوو هەر بەرۆح زیندو بوو هەمووی تووشی نەخۆشی خراپ بوو بوون..

هەندێ شێتی لێبوو کەکاتی خۆی لەدێیەکانی خۆیان گیرابوون لەوێ بوو بوونە مەخسەرە، عەسکەرەکان زۆر عەزابیانیان ئەدا.. جاری وابوو روتیانیان ئەکردەوەو بەناو قاعەکاندا گێژیانیان ئەدا.. یان لەناو حەوشەکە دوو دوو پشتیانیان ئەکردە یەك و ئەیانیان بەستە یەکتری یەوەو خۆیان پێیان پێ ئەکەنین..!

جارێ حەجاجێك هەبوو زاڵم وەك ئەوخوا لەدونیادا دروستی ئەکردبوو کەئەو ئەهات هەرچی سجن و عەسکەرو زابتەکانیش خەریك بوو لێی بتۆقن، ئەوانیش لێی ئەترسان دیاربوو مەسول هەموویان بوو.. کەئەو لە(قەلا) بوایا.. نابوو هیچ ئەخۆشێك هاوار لەئازاری بکات و نابوو کەس بگری و نابوو قایم قسەبکەین و ئەبوو ئاگامان لەشێتەکانیش بوایا هاوار ئەکەن.. چونکە (حەجاج) بێزار ئەبوو کەبێزاریش بوایا ئەکەوتنە ناو ئەو خەڵکەو هەرچی خوا پێی ناخۆشە ئەوەی دەرحەقمان ئەکرد..

هەندێ لەحەرەسەکان عەرەبی شیعە بوون و ئەوان دیاربوو ویژدانیان هەبوو لەوەکان باشتر بوون و جاری وابوو دڵمانیان ئەدایەوەو ئەیانووت خواگەورەیەو ئینشائەڵا رۆژێ دێت خواهەقتان بکات..

ئێمە ئەمان ئەزانی ئەو شوێنەی کەلێی سجنین کوێیەو لەکوێیە هەرئەو عەرەبە شیعانە پێمانیان ووت کەئێرە (نوگرە)یەو قەڵایەکی تایبەتە بەسجن و لەناو (قەزای سەلمانیش قەڵایەکی تری واهەیەو ئەویش پڕیەتی لەسجن)و ئەیانووت کۆمەڵێ قەڵا هەیەو ئەوانیش پڕکراون.. پێمانیان ئەووت هێشتا ئێوە باشن و چونکە دورە دەستن، وەزعی ئەوانەی (سەلمان) زۆر خراپەو ئەوان بەهەموو شێوەیەك ئەچەوسێنەوە..

ئیتر تاماوەی چوار مانگ و پانزە رۆژ لە(نوگرە)ماینەوەو دوای ئەوە هاتن بەناو قاعەکاندا ئەگەڕان و بەمیزاجی خۆیان لەهەر قاعەیەکدا چەند ناوێکیان

ئەنووسی.. زووتریش دووجاریتر ناویان نووسی و دوو وەجبەیان لێمان بردو نەمانزانی بۆکوێیان ئەبەن..

ئەمجارە ناوی منیشی بەرکەوت و دوای شەش حەوت رۆژ هاتنەوە ئەوەی کەناویان نوسی بوو ناوەکەیان دەخوێنندەوەو دەیانکردە دەرەوە.. زۆر ئەترساین و حەزمان ئەکرد کەناومانیان نەنوسیایاو باوەك ئەو خەڵکە هێواش هێواش بمردینایە.. کێ ئەڵێ ئێستا نامانبەن و نامانکەنە ناو (بەحرەوە)..

چەند سەیارەیەکیشیان هێناو بارمانیان کردو بردمانیان بۆ(سەماوە) نوێژی مەغریب بوو گەیشتین.. زۆر هیلاك و برسی بووین.. زابتێکی عەرەبی شیعەمان لێپەیدا بوو بووە فریشتە بۆمان و رۆیی لەناوشاردا نانی فرنی گەرمی بۆمان کڕی و ووتی ئەمە هیشەخسی خۆمە نەك حکومەت.. دیاربوو ئەوانیش وەك ئێمە بێزار بوون بەڵام نازانم چۆن نەیانوێرا قسەبکەن..

هەمووی هەر سەعاتێك لە(سەماوە) هێشتمانیانەوە.. دواتر خستمانیانەوە ناو سەیارەکان و هاوردمانیانەوە بۆتۆبزاوا بۆئەو مەعەسکەرەی کەلەگەڵ منداڵەکاندا لەیەکمانیان جیاکردەوە، بڕوابکە کەشەو گەیشتینەوە تۆبزاوا بەقەدەر ئەو چوار مانگ و نیووە خەم و خەفەت و مەراق کەوتە دڵمەوە.. ئەو رۆژەم ئەهاتە بەرچاو کەچۆن کوڕەکان و بوکەکەم و کوڕەزاکانم بەزۆر لێمان جیاکرانەوە چونکە ئەو چەند مانگە لەنوگرە ئەوانمان زۆر لەبیر نەمابوو ئەوەندە عەزابمانیان دابوو بیرکردنەوەشمان نەمابوو.. مەگەر شەوان کەلەگەڵ ئاسماندا دائەنیشتین تابەیانی ئەوکاتانە هەندێجار بیرمان دەکەوتەوە کەچۆن بەپاڵ ئەیانیان بردو ئەوانیش هەر ئاوڕیان بۆدواوە ئەدایەوەو سەیری منیان ئەکرد.. کەبینیان من ئەگەریم ئەوانیش دایان لەپرمەی گریان.. ئەو شەوەی تۆبزاوا کەبەحساب بۆبەردانمان ئەهێننەوە

من تابەیانی هەڕلاڵامەوەو فرمێسکم هەڵڕشت وەك ئەو سەعاتە وابوو کەلەوشوێنەو لەیەکتر دابڕاین..

بەیانی چێشتەنگاو سواری سەیارەکانمانیان کردەوەو هێنامانیانەوە بۆسلێمانی لەدایرەی (تەواری) ناونوسمانیان کردەوەو هەریەکە بەپێی ناوچەکەی خۆی جیامانیان کردەوەو ئێمەیان هێنایەوە بۆقایمقامیەتی چەمچەماڵ و لەوێ بەکەفالەت بەرمانیاندا.. من کەسم نەمابوو هیچمان نەمابوو لەماڵە ناسیاوێکدا ماوەیەك مامەوەو دوای چوومە ماڵ خزمێك لە(ژاراوا) لەناوچەی پشدەر.. دوای ئەوانیشیان گواستەوە بۆ( حاجی‌ئاوا ) تارا پەڕین لەحاجی‌ئاوا بووم لەساڵی ١٩٩٢ەوە هاتوومەتەوە ئاوای (هەیدەربەگ) بەلام هەرچاوم بەڕێوەیە بۆهەواڵی منالەکان.. ڕۆژانە شوێنەکانیان ئەبینم دێنەوە بەرچاوەو تۆبزاوا دێتەوە بەرچاوم.. زۆر بەعەزابەوە ئەژین.. بڕوابکە هەروانەزانم سجنەو ئازاد بوونی ئێمەیش لەگەڵ چارەنوسی ئەواندایە.. ڕۆڵە لەچاوەڕوانی ناخۆشترنی‌یە لەدنیادا.. ئەو هەموو پەت پەتی‌و عەزابەی چەشتمان بەقەدەر عەزابی چاوەڕوانی ئەم چەند ساڵە جەرگمی لەت لەت نەکردووە.. ئەوە کچێکیشم ئەوەتا لەو ژوورەدا بەستراوەتەوە لەئەنفالەکەدا شێت بوو لەتاوا...!





کورد ئەوەندە حەیای بەخۆیەوە بوو (٥٠) ساڵ لەدێیەك دا بویتا دەربێیەکی ژنت نەئەبینی بەسەر تەنافی ماڵێکەوە کەچی ئێستا زۆربەی سەیارەکان هەر بۆئەتك کردنی کورد شەرواڵی ژنەکانیان وەك عەلەم کردبووە دارا...

# گەردە عەبدول کەریم عەبدول قادر

لەدایك بووی ساڵی ١٩١٧- گانی ماران- گفری

ئێمە جافین و کاتی خۆی کۆچەری بوین، ژیانمان بەمەڕداری و گەرمیان و کوێستان و کۆچ و کۆچ بارەوە بردۆتە سەر بۆیە هەر نازانم لەکوێ لەدایك

بوومـ.. دایکیشم زۆرجار کەبۆمانی ئەگێڕایەوە ئەیووت هەر یەکەتان لەشوێنێ لەدایك بوون و لەناو چادرو لەوکۆچی گەرمیان و کوێستانەدا نازانم کامتان لەگەرمیان و کامتان لەکوێستانیش لەدایك بوون... ئیتر بەبیرەوری منیش سەردەمی منالی و

گەنجیەتیشم هەر كۆچەری بووین‌و نازانم تەمەنم چەند ئەبوو داومیانە بە (قادر رەشید) و كچێكم لێ بوو ناومان نا (ئەختەر) دوای مێردەكەم ئەمری خوای كردو داومیانە بە (احمەد رەشید ئاغ وەیس)و لەلای (كفری) لەناوای (كانی ماران) نیشتەجێ بوین.. چونكە زوتر ژیانمان بەو كۆچ‌و كۆچباری‌و گەرمیان‌و كوێستانە بردبووە سەر... (كانی ماران) بۆمن ژیانێكی تازەبوو، سەرەتا ناخۆش بوو لام‌و رانەهاتبووم لەگەڵ ئەوەی هەر لەدێیەك دابمێنمەوە... بەڵام وردە وردە لەگەڵ ئەو ژیانەدا راهاتم‌و ماڵمان پێكەوەناو لەخانودا نیشتەجێ بووین، من زووتر بەهەموو تەمەنم رەنگە چوارشەو لەخانودا نەخەوتبم‌و هەر لە (خێوەت‌و رەشماڵ) دا ژیاوم.

ئەم دێیەش خۆش بوو چەم‌و داری بوو (حوجرەی خوێنەواری بوو) پاك‌و تەمیس بوون.. لەچاو ژیانی رابردوی ئێمەدا وەك ژیانی شاری وابوو هەرچەندە لەوێش هەر خەریكی بەخێوكردنی مەڕو ماڵات‌و فەلاحەت كردن بووین بەڵام ئەو ئیش‌و كارانەی ژیانی لادێ بۆمن فرە ئاسان بوو.

فرە بەخۆشی ژیانمان ئەگوزەراندو جگە لەئەختەری كچم كەلەمێردە كۆنەكەم بوو لە(احمەد) یش چوار منداڵم بوو (فاتم‌و مەلیحەو عومەرو عوسمان) ماڵ‌و حاڵمان ئابەیەكەوە لەهیچمان كەم نەوی.. تاساڵ هات‌و چوو زەمانە گۆڕا، مەلیك رۆیی شەڕو پشێوی كەوتە وڵاتەكەوە... تەیارە پەیابوو ئەهات رەمی ئەكرد لە دێهاتەكان چەم‌و داری ئەسوتان نازانم ساڵ كەی بوو ساڵ (بەعسی‌یەكە) ئەڵێم عارەب هات دایە سەرماندا ئاوایەكانیان تاڵانكرد هەرچیمان ئابووەیەكەوە هەموویان (فەرهود) كرد وەخوا وەخوا گوارەیان لەگوێی ژن داكەندو بردیان هێزە رۆنیان دزی.. مەڕوماڵاتیان گشت تاڵان كرد حكومەتەكەش لەپشتیان بوو بەئەمری حكومەتەكە هاتن‌و ئەو تاڵان‌و بڕۆیەیان كرد... بەڵام ئەڵێن (خوا لەسوڵتان مەحمود گەورەترە) ئەوەندەی نەخایاند خوا هەقی ئەو كوردە داماوەی لێ كردنەوە ونەمان‌و تیا چوون... ئیتر ماوەیەكی زۆری پێ چوو تاسەر لەنوێ ماڵمان دروست

کردەوەو بوینـەوە بـەخاوەنی مـەڕو ماڵات... زۆری پـێ چـوو چونکـە ئـەو زاڵمانە لەبنیان هێنا..!

ئەوە بوو پێشمەرگە پەیابوو شۆڕشەکەی مەلا مستەفا تەشەنەی کرد ئیتر عارەب نەیوێرا بێتە سەرمان و تاڵانمان بکات.. ئێمەش ئەو ترس و دڵە راوکێیەمان نەما.. ماوەیەك بەباشـی گوزەران پێکەوتـەوە تـا ئەوسـاڵەی شۆڕشەکە تێك چـوو لـە (٧٤) حکومـەت هاتـەوە دێیەکـەمانی سـوتانەوە هەرچی هەبوو هەرچیمان نابوەیەکەوە جارێکی تر لەبنیان هێنایەوە... زۆر ناخۆشە تۆ هـەرچیت ناوە تەیەکەوەو چـەند سـاڵە خـڕی نەکـەیت زاڵمێـك بێت و بیسوتێنێ.. ئەوەندە کاری لێم کردبوو ئەوکاتە خۆزگەم ئەخواست کاتی خۆی هەر کۆچەری بوینایەو خاوەنی ئەو ماڵ و حاڵە نەبوینایە.. خۆ نەخانومان ئەسوتا و نەماڵمان تاڵان ئەکرا.. ئەوەی هـەمان بوو رەشماڵێك و قاپ و قاچاخی نان خواردن و یەك دولبادە شرە بوو... بەڵام کە لەدێ ماڵمان کردو ماینەوە ماڵێکی پڕو پوختەمان هەبوو بەخوا مەگەر ماڵی شا وابوبـێ.. هیچمان بۆ دەرنەچوو.. هـەموویان سوتان .. نازانم ئـەم کـوردە بەدبەختـە بۆئەبێ بەشی هەر راکە راك و ماڵ وێرانی بێت نەمان ئەزانی چی بکـەین ماڵ دروست بکەینەوە کێ ئەڵێ جارێکی تر تەیارە نایات و نایڕوخێنێ.. ئـەیخۆ نـاکرێ هــەر بەودەشـتـەوە بـین..! گەڕاینــەوە ســەر کــەلاوەی ماڵــە سوتاوەکانمان و دەستمان کـردەوە بەدروست کردنـەوەی خانوەکانمـان... بـەڵام بەنابەدڵیـەوە دروسـتمان کـردەوە چونکـە مارانگـاز بویـن و دوجـار ماڵمان وێران کرابوو.. ئەمانووت هـەربای ئەوە بێت سوکنەی تیابکـەین... ئیـتر ئـەوە بـوو شـۆڕش تاوایـەوەو هەرکـەس چـووە مـاڵی خـۆی.. گوێـم لەزەلامەکان ئەبوو لـەناو خۆیانـا باسیان ئەکرد مادام شـۆڕش نـەما ئـەم حکومەتـە گشـتمان ئـەبا بۆنـاو عـارەب و ئـەوان ئـەهێنێ لەکوردسـتان نیشتەجێیان ئەکات... جاران لەترسی شۆڕشەکە نەیئەتوانی ئەمـەبکات.. ساڵێ دوانی پێچوو خەڵکەکە ترسی تێ کـەوتبوو ئەیانوت دێیـەکان ئـەو حـدودەی گشــتی روخــاندووەو خەڵکەکــەی ئــەهێنێ و موجەمـــەعیان

بۆئەکات... پیاوەکەم زۆر ئەترساو دایەمە ئەیووت ئەم زاڵمە گشتمان لەدەوریەك خڕئەکاتەوەو هەر کاتێکت زانی پەلامارمان ئەداو گشتمان ئەگرێ.. قسەکانی ئەوەندە بەلامەوە سەیربوو باشە خۆپیاومان نەکوشتووە لەماڵەکەی خۆمان دانیشتبووین‌و بەمەهەرەو مەڕی‌و هەزار میلاکەت ڕۆژ ئەبەینە سەر.. بۆوامان لێ دەکات ئەی ئەوە نی‌یە دووجار ماڵی کاول کردین‌و هەرچیمان بوو تاڵانی کرد.. ئیتر چیتری لێمان ئەوێ..!

ساڵ هات‌و چوو پێشمەرگە پەیدابوونەوە عێراق لەگەڵ ئێران بووە شەڕی... ئیتر ئەوەندە نەئەپەرژایە سەر ئێمەو کورد ئەڵێ شەڕێ بێت خێری ئێمەی تیابێ ئەو شەڕەی ئێران خێری ئێمەی تیابوو... ئیترماوەیەکی زۆر حەساینەوە نەجەیش ئەیتوانی بێتە سەرمان‌و نەجاش ئەهات تاڵانمان بکات... قلە قلە کۆێتەرەکە ئەهات بەلاَم لەترسی پێشمەرگە ئەویش خەسارەی نەئەدا... پێشمەرگەیش زۆر بوبوو هۆشێك کەوتبۆوە بەرمان‌و بەپشتیوانی ئەوانەوە کەوتینەوە ماڵداری کردن‌و بوینەوە ماڵێکی پوختە عێراق لەگەڵ پێشمەرگەیش ئاشت بونەوەو ئیتر بەیەکجاری ئومێدمان لادروست بۆوە کە لەمەودوا بۆخۆمان بەبێ خەم ئەژین... بەلاَم براکە ئەوەندەی پێ نەچوو بەینیان تێك چووەوە.. ئەمجارە حکومەت خراپ پەلاماری ئەدا (ئەتوت ماری زامدارە) بەهەموو قوەتی بەر بووە گیان ئەو خەڵکە بێ خەتایەو دەستی لەکەس ناپاراست.

دایە سەر ئاوایەکەمان بەجاش‌و جەیش‌و کۆێتەرو دێیەکەمانیان روخان بەدەردێ چوین مەگەر هەر خوا بۆخۆی بزانێ چیمان بەسەرهات هەرچی ماڵمان بوو هەمووی لەخانودا سوتاو کرایە ژێر خۆڵەوە ئەوەیشی کەبەکەڵك ئەهات بەتاڵانی بردیان... خۆیشمان ئەوەی رزگاری بوو نەمان ئەزانی چی بکەین... بێ ماڵ‌و حاڵ روو لەکوێ بکەین هەر لەوچەمەی نزیك ئاوای خۆماندا دوای گەڕانەوەی جیشەکە هەوارمان دروست کردەوە... ئیتر هەر ماڵەو لەژێر ئەو چەم‌و دارەداو وەك کونە تەیارە جێ‌ی خۆشاردنەوەمان دروست کردەوە بووە ماڵمان ماوەیەکی زۆر لەوێ دا ماینەوە چاوەڕێ‌ی

وەزعەکە بوین... ئەگەر خوابکات بەرەو باشی بچێت ئەوە ئەچینەوە لەشوێنی ئاوای ماڵەکانمان ئەمجارەیش دروستی ئەکەینەوە ئەگەر وەزعەکەیش خراپ بێت ئەوە هەر لەناو ئەو چەمو دارانەدا خۆمان پەنا دابوو چاوەڕێی دەرویەکی خوابوین کە لێمانی بکاتەوە بەخوا لەساڵ کەمتری پێچوو بەسەر روخاندنی ئاوایەکەمان داو هەڵگەڕایەوە بەهار، دەنگو باس وابڵاوبووەوە ئەمجارە حکومەت هەموو کوردستان کاوڵو وێران ئەکاتو پێشمەرگە ئەهاتنو ئەیانوت (زەهری کردۆتە بان هەڵەبجە)یا ئەو خەڵکەی گشتی کوشتووە هەر بەجارێ ڕۆحمان چوو، خوایەگیان ڕولە کوێ بکەین ئەچی بەرەو شارەکان لەهەر شوێنێ بتگرێ مەگەر خوا بۆخۆی بزانێ چیت لێ ئەکەنو لەیرە ئەمێنیتەوە وا ئەڵێنو ئیتر نازانی چی بکەی لەترسا بەخوا هۆشیشمان لای خۆمان نەمابوو توشی سەر گەردانی‌یەك بوو بوین هەر مەپرسە..

دەنگو باس وابڵاوبوو حکومەت بەهەموو قوەتیەوە پەلاماری ناوچەکانی ئەو ژورەو قەراداغی داوەو یەکەیەکە دێیەکان ئەڕوخێنێو هەرچی رەزوباخو چەمو دارستان هەیە ئەیسوتێنێ... ئەڵێن کونو کەلەبەری ئەشکەوتەکانیش گەڕاوانو (بنیادەمیان) لێنەهێشتووە... هەموو خەڵکەکەیان گرتووەو ئەڵێن هەر ئەیانخەنە ناو قافڵەی سەیارەوەو ئیتر کەس نازانێ بەرەو کوێیان ئەبەن..

لەناوچەکەی ئێمەش دەمێك بوو تۆپ باران دەستی پێ کردبوو ڕۆژانە تۆپ ئەیدایە ناو دێهاتەکان داو خەڵکی ئەکوشت کۆپتەر رەمی ئەکرد سەیارەی ئەسوتان... بەڵام کار هەر بەوەوە نەوەستا ئەیانوت لەهەموو لایەکەوە پەلاماری ناوچەکە ئەداتو وەك کێوماڵ رای ئەماڵێو لەهەر چوار لاوە قواتی هێناوە لەکفرێو لە ئەوجولو قادرکەرەمو لەکەلارو لەسەنگاوو قەراخەوە... کۆپتەریش پەیتا پەیتا قواتی ئەبردو لەسەر شوێنە بەرزو سەر رێگاکان دایان ئەمەزراند... رێگای دەرباز بونمان نەبوو... نەشوێنێ هەبوو

پەنای بۆبەرین نەپەناگایەك داڵدەمان بدات... خۆمان دابووە دەست قەدەرو چاوەڕێی رەحمەتی خوابووین..

یەكێ لەكورەكانم هات‌و وتی هیچ چارەیەك نەماوە ئەبێ بەدزیەوە خۆمان بگەیەنینە ناو كەلار سواری تەرەكتەرێك بووین‌و بەرەو كەلار كەوتینە رێ... رۆژە رەش بوو، خەڵك سەری لێ شێوا بوو.. كۆمەڵێ بەرەو چەم ئەڕۆی كۆمەڵێ لەچەم ئەگەڕایەوە كۆمەڵێ بەرەو شار ئەڕۆی‌و هەبوو بەرەو چیاكان ئەڕۆی لەترسا ئەو خەڵكە هەر خوارو ژوری ئەكرد..

بەڵام تەیارە لەئاسمانەوە وەك (واشە) ئەهات‌و ئەچوو.. جارنەجارێ زرمەیەكی گەورە دەهات نازانم تەیارەكە قومبەلە بوو چی بوو بەری ئەدایەوە.

تەیارە بەئاسمانەوە چاودێری هات‌و چۆی خەڵكەكەی ئەكرد.. قوڕ بەسەر خەڵك بۆهەر لایەك بچویتایە هەر لەناو بازنەی پەلامارەكەی ئەوان دا بووین وەك ئەوە وابوو لەناو مەعەسكەرێكی گەورەدا سجن بین.

لەسەر رێگاكە بەر لەوەی بگەینە كەلار كەوتینە ناو سەربازو جاشەكانەوە.. پێشی ئێمەش خەڵكی زۆریان گرتبوو.. ئەوەی روەو شارەكان چوو بوو هەمووی گیرابوو، ئێمەشیان تێكەڵ ئەو خەڵكە كرد.. هەمووی لەترسا رەنگی مردووی لێ نیشتبوو... هەر كە گیراین ناو كەل‌و پەل‌و شتەكانمان گەڕان‌و هەرچیمان پێ بوو لێمانیان سەند... تەنانەت گیانی خۆیشمان گەڕان‌و هیچیان پێمان نەهێشت... ئەو خەڵكەی تریشیان واڵێكربوو... كەل‌و پەلەكانیشمانیان لەولای خۆمانەوە هەڵدابووەو... هەروا خەڵك بوو ئەهات‌و ئەیانگرد وەك ئێمەیان لێ یان ئەكردو ئەیانیان خستە ناو كۆمەڵەكەی ئێمەوە... قەدەرێكی پی چوو كۆمەڵێ زیلی عەسكەری زۆریان هاوردو گشتمانیان لەو زیلانەدا باركردو هێنامانیانە (قۆرەتوو)...

(ئۆه قۆرەتوو بەقوڕا چێ) واسەر ئەو عالەمەی خوارد... كەئێمەیان بردە ئەوێ تاچاوت برئەكات هەر خەڵك‌و تەرەكتەرو ئیڤای عەسكەری بوو پەیتا پەیتا خەڵكی تریشیان ئەهاورد، خوا ئاگادارە من نازانم بڵێم گەرمیان‌و

کوێستانی کوێم ئەکردوە، عومرم گەیشتبووە ئەوکاتە ئەوەندە ئومەتم ئەبینی بوو کەلەو قۆرەتووە خڕکرابونەوە... دارت هەڵدایە بەر زەوی نەدەکەوت منال گشتی لەو ژێر دەستو پایەدا هەر نازانم خوا چۆن لەوێ روحمانی دەرئەکرد.. سێ شەوو سێ رۆژ ئەو خەڵکە یان لەقۆرەتو هێشتەوەو سەعات بەسەعات بەقافڵەی زیل و تەرەکتەری دێیەکان خەڵکی تریان بۆئەهاورد... ئەو سێ رۆژە گیاتمان بەخواو بەخەڵکی کەلار بوو ئەگینا هەر لەوێ هەمووی لەبرسا ئەمرد... نازانم ئیتر حکومەت خۆی رێی دابوو چۆن بوو.. بەلام رۆژانە لەکەلارەوە نانیان کۆئەکردەوەو ئەیانهێنا بۆمان.. خەڵکەکە ئەوەندە زۆر بوو بەهەزار پاڵە پەستۆ بای ئەوەنانت دەست ئەکەوت کەلەبرسا نەمری.. ئەویش خەڵکی کەلار بۆمانیان ئەنارد.. حکومەت نانی نادا پێمان.. بەجەیشێکی زۆریش تەوقی ناوچەکەیان کردبوو کۆپتەریش لەبان سەرمانەوە ئەهاتو ئەچوو ئەتووت رەسممان ئەگرێت.. سێ شەو سێ رۆژ لەویا هێشتمانیانەوە لەوە ئەچوو بەنیاز بن هەر لەوێ بمان کوژن چونکە زۆر توندو تیژ بوون لەگەڵمان دا.. دوای ئەو سێ رۆژە سەیارەی عەسکەرییان زۆر هێنا ئەم سەرو ئەوسەری نەبوو هێنایانە قۆرەتوو کەوتنە بارکردنی ئەو خەڵکە، رۆژە رەشێ بوو رۆڵە یاخوا کەس ئەو رۆژە نەبینێ... تا ئەوکاتەی ئەو سەیارانەیان هاورد کەمێ ئومێدمان هەبوو کە رەنگە بەرمان دەن.. ئەی قابیلە چی لەو هەموو خەڵکە ئەکەن بەلام کەسەیارەی عەسکەرییان هێناو کەوتنە بارکردنمان ئیتر ئومێدمان نەما وا ئەمانگوازنەوە مەگەر خوا بزانێ بۆکوێ ...!

عەسکەریەکی زۆریان هێنا بوو هەمووی ئەتووت بەرازن بەشەق و تێهەڵدان خەڵکیان بار ئەکرد پیرو پیرەژن وامان بووی ئەبوو دەست بخەیتە ژێر باڵی ئەوسا ئەیتوانی بڕوات بەڕێوە ئەو زاڵمانە بەقۆناغە تفەنگ لێیان ئەدا تاباریان ئەکرد باس ناکرێ چی باس بکەم.. کارێکیان بەو خەڵکە ئەکرد بتوانرێت بگێڕدرێتەوە.. چەند ژن دووگیان بوو چەند نەخۆش و پەککەوتە کورە کوێرو شەل و شێتی دێیەکانیشیان گشت گرتبوو... بەپەت

پەتی‌یەکی خراپ گشت ئەو خەڵکەیان خستە سەیارەوە خێزان وابوون زۆربوون بەشێکیان بەرسەیارەیەکی تر ئەکەوت چەند هاواریان بکردایە رێگایان نادا دابەزێ یان ئەمەکانیان بۆلای ئەوەی تریان سەر خەن چەند کەس هەر لەقۆرەتوو چەند خوشك‌و برا.. کوڕ دایك... ژن‌و مێرد... هەر لە قۆرەتوو لەبارکردنەکەمان لەیەکتر دابڕان... ژن‌و مناڵەکەیان هەڵدا بووە ناو سەیارەیەکەوەو خۆیان ئەخستە سەیارەیەکی ترەوە هەر هارو شێت بووین لەتاوا... بەڵام کێ دەربەستی ئەم کوردە داماوە ئەهات... من خۆم هەر لەبارکردنەکەمان دا دوو کچم لەگەڵ خۆم گیرابوون لەیەکتر دابڕاین‌و یەکترمان نەبینی‌یەوە هەر لەبەیانی‌یەوە خەڵکیان بارکردو خستیانە رێ ئێوارەکەی ئێمە بەرکەوتین ئەوەندە خەڵك گیرابوو رەنگە بڵێم ئەو رۆژە تا ئێوارە لێیان بار کرد هێشتا نیوەنەبوو درۆنی‌یە ئەگەر بڵێم قافڵەی سەیارەکان ئەوەندە زۆر بوون کەئەو خەڵکەیان گواستەوە سەرێکی گەیشتبووە ناو عەرەبسان دوای‌یەکەی هەر لە قۆرە توو بووە.

ناو سەیارەکەیش ئەوەندەیان تێکردبوو هەمووی وەك لاشە کەو تبووینە سەر یەك داو هەر سەیارەیەکی عەسکەرێك‌و هەندێ سەیارەمان دوو عەسکەر حیمایەی بوون بەتفەنگەوە بەدیار سەر مانەوە بوون ئەملاو ئەولای رێگاکانیش هەمووی عەسکەری گرتبووی‌و عەل کۆپتەریش لەئاسمانەوە ئەهات‌و ئەچوو.

لەو کەل‌و پەلەی کەخەڵکەکە پێ‌ی بوو هەر بۆئەوەی حەیای کورد بەرن‌و ناموسمان بشکێنن ئەو زیلە عەسکەریانەی کە خەڵکەکەیان پێ گواستەوە هەندێکیان دەرپێ‌ی ژنیان پێوە هەڵواسیبوو لەناو ئێمەدا ئەوە گەلێ عەیب‌و ماشێت بوو، کورد ئەوەندە حەیای بەخۆیەوە بوو (٥٠) ساڵ لەدێ‌یەك دا بویتا دەرپێ‌یەکی ژنت نەئەبینی بەسەر تەنافی ماڵێکەوە ئەبوو بەشەو ئەگەر کوڵمان بکردایە وشکمان ئەکردەوە کەچی ئێستا زۆربەی سەیارەکان هەر بۆئەتك کردنی کورد شەرواڵی ژنەکانیان وەك عەلەم کردبووە دارا... بەخوا لەویا هەریەکی گوللەیەکیان پێوەمان بنایە پێمان خۆشتر بوو لەوە...

لەسەرو سیمای زەلامەکانیشمان دا دیار بوو حەزیان بەمەرگی خۆیان ئەکرد، هەموو سەریان داخستبوو کزومات ئەتووت ئەتکی شەرەفیان کراوە... عەسکەرە عەرەبەکان دیاربوو ئەیانزانی لای کورد ئەوە تەعەدایەکی گەورەیە بۆیە سەیارەکانیان دەرپێی ژنیسان پێوە هەڵواسی‌بوو..

ئێمە شەو بوو گەیشتینە سەربازگەیەکی گەورە لەبەر لایتی سەیارە ئەتووت چراخانە وەك شار وابوو کەلەوێ ئەو هەموو خەڵکەم بینی هەر زراوم چوو خوایە چی بووە وائەو عالەمەیان لێرە خڕکردۆتەوە قۆرەتوو لەچاو ئێرەوە وەك چۆڵەوانی وابوو هەزاران سەیارە بەریز وەستێنرا بوون گشتی پڕ لەخەڵك وەجبە وەجبە نەفەرەکانیان هەڵئەڕشت و بەبەتاڵی ئەگەڕانەوە دیار بوو ئەچونەوە بۆ وەجبەی تر بەخوا رەنگە سەعاتێ زیاتر هەر لەناو سەیارەکە رامانیان گرتبێ تا بەرمان کەوت دامان بەزێنن دامانیان گرد ئەتووت رۆژی حەشرە بەخوا تا ئەورۆژە نەمزانی وە خوا ئەوەندە مەخلوقی هەیە رۆڵە لەحساب نەئەهات جارێ زەلام گەنج ئەوەی ریز کرابوو ئەم سەرو ئەو سەری دیار نەبوو... پیر وپەککەوتە هەر مەپرسە... نازانم چۆن باسی کەم بەخوا کەس ناتوانێ بۆتان باس بکات و بزانێ چەندێ خەڵك لەوێ بوو مەگەر ئەو خوایە خۆی بزانێ...

ئەو شەوە هەتا بەیانی هەر لەناو ئەو ساحەیە هێشتمانیانەوە بەڵام رێگات نی‌یە چوار هەنگاو بڕۆی لەبەر خەڵك... تابەیانی هەڵئەلەرزین و ئاخمان هەڵکێشا..

بەیانی کەخوا رۆژی کردەوە ئەوکاتە سەیرت بکردایە ئەو سەرو ئەوسەری نەبوو مەعەسکەرەکە گەلێ گەورە بوو کۆمەڵێ قاعەی درێژ درێژ بەدوای یەك دا دروست کرا بوون بەخوا بڵێم جێگای ئەم (کەلار) ەی تیا ئەبووەوە هەر کە رۆژ بووەوە لەسەد لاوە کەوتنە ناو نوسین و پرسیار کردن... نۆرەی ئێمەش هات و ناومانیان نوسی و خستمانیانە یەکێ لەو

قاعانەوە... قاعەکان زۆر درێژ بوو نازانم بۆ راتە مەڕ کرابوو بۆچی بوو... پەنجەرەی زۆریشی تیابوو...

ئیتر لەپەنجەرەکانەوە سەیری دەرەوەمان ئەکردو چاومان لێ بوو ئەم زاڵمە چی بەو میللەتە دەکرد چۆن کچە عازەبەکانیان جیا ئەکردەوەو ئەوەی کەزۆر جوان و جاهێڵ بوو ئەیانخستە ناو سەیارەوەو بردیانیان بڕواناکەم ئەوانیان بۆسجن بردبێ چونکە تەنها کچە زۆر جوانەکانیان برد لەوە ئەچوو بردبێتیان ناموسی کوردیان پێ بەرن..! هەر لە پەنجەرەکەوە چاومان پێوە بوو زەلامی جوان و جاهێڵیان لەو ساحەیە جیا ئەکردەوەو بە پشتێوێن و جامانەکەی خۆیان دەست و چاویان ئەبەستەوەو ئەیانخستنە ناو سەیارەی (موقەپەتەوە)... هەر لەپەنجەرەکانەوە چاومان پێوە بوو کە پەیتا پەیتا قافڵەی تریان ئەهێناو دایانیان ئەگردو سەیارەکان ئەگەڕانەوە بۆ خەڵکی تر... ئەمان بینی کە پەل گەنجێکیان را ئەکێشاو دایکەکەی خۆی ئەدایە مل دەست و پێ‌ی سەربازەکان دا تاکوڕەکەی نەبەن سەربازەکان بەقۆناغە تفەنگ ئەکەوتنە گیانی دایکە قوڕ بەسەرەکەو وایان لێ ئەدا نیوسەعات دوای ئەوەی کوڕەکەشیان بردبوو لەجێ‌ی خۆی نەیئە توانی سەر بەرزکاتەوە.

بەو حاڵەی خۆمانەوە لەناو قاعەکە کەلە هەموو کەس و کارو وڵات و ئازیزان دابڕاین و وەك ئاژەڵ فڕێمانیان دا بووە ئەم قاعەیەوە کە هەمووی وەك لاشە کەوتبوونە سەریەك داو نەنانێك نەناوێك هەر خەریك بوو روحمان دەرچێ..!

بەڵام بەزەیم بەوانەی دەرەوەدا ئەهاتەوە کە بەوشێوەیە سوکایەتیان پێ ئەکراو لەگەڵ هەر لەیەك جیا کردنەوەی خێزانێك دا کەلە پەنجەرەکەوە چاوم لێ بوو، قاژە ئەکەوتەوە جەرگم و پەرتەوازەی خێزانەکەی خۆمان ئەهاتەوە بەرچاوم...!

هەر لە پەنجەرەکەوە چاوم لێ بوو پیرە مێردی ریش سپی لەزیلە عەسکەریەکان فڕێیان ئەدایە خوارەوەو جاری وابوو بە ریش رایان ئەکێشا... کابرایەك دیار بوو دەروێش بوو قژی درێژ بوو کە ئەو دیمەنانەی

ئەبینی تفی کردە سەرو چاوی یەکێ لەو سەدان زابتەی لەوێ بوون... لەپەنجەرەکەوە چاوم لێ بوو بەدوو عەسکەر بەقژ راکێشیان بەسەر زەوی‌یەکەدا پەلکێشیان کردو دواتر بەپۆستاڵ دایانە بەر لەقە...!!

سێ‌شەو سێ رۆژی تر لە (تۆبزاوا) هێشتمانیانەوە ئەوەی لەو پەنجەرەیەوە بینیمان کەس لەژیانا نەیبنی‌وە.. یاخوا کەسیش نەیبینێ..

دوای ئەوەی ئەو هەموو پەت پەتی‌یەمان بینی پاشان هاتنە قاعەکانیش لەقاعەکانیش کەوتنە جیاکردنەوەی زەلامە گەنجەکان‌و بردیانیان... ئەویش هەر لەپەنجەرەکەوە چاومان لێ بوو جلەکانیان لەبەریان داکەندو یەکی کراس‌و شەرواڵێکیان لەبەر یان هێشتەوەو دەستیانیان لەپشتەوە بەستەوەو بەجامانەکانی خۆیان چاریشیانیان بەست‌و بەریز خستیانیانە ناو سەیارەی (سەر داپۆشراوەوە) سەیارەکان بچوك‌و سەوز بوون من تا ئەوکاتەو لەو شوێنە ئەو سەیارانەم بینی ئیتر نە زوترو نەئێستاش سەیارەی وام نەبینی‌یەوە ... ئەوانیان بردو ئاوەڵ ناو رۆیشتن..!!

دواتر هاتن پیرە ژن‌و پیرە مێردەکانیشیان جیاکردەوەو بردمانیان منیش بەتەمەن بووم بەر ئەو وەجبەیە کەوتم‌و لەقاعەکە هێنامیانە دەرەوە ئێمە یشیان سوار سەیارەی (سەر داپۆشراو) کرد.. رەنگی سەیارەکان بۆربوو کە ئەچوینە ناوی‌یەوە ئیتر هیچ شوێنێکت نەئەبینی جامەکانی تاریك بوون... دوای خۆر کەوتن بەیانی بوو کە خستمانیانە رێ، شەو بوو گەیشتینە شوێنێ لەبیابان.

لەناو سەیارەکە زۆر سەغڵەتیمان بینی تۆ وەرە سیانزە چواردە سەعات لەناو سەیارەیەك بە هەمووی قەپات بێت‌و کونێکی نەبێ بۆ نەفەسیش هەر خنکاین لەگەرماو لەتینوا گیانمان دەرچوو... خوا خوامان بوو رۆحمان دەرچێت‌و نەجاتمان بێت... بەڵام روح لەجێ‌ی سەختەو دەرناچێ.

بەخوا رۆڵە ژن بووی لەتینوا میزەکەی خۆی ئەکردە ناو پێڵاوەکەیەوە ئەیخوارد... زۆر رەزا لەتمان بینی.. کەگەیشتینە ئەوێش قەڵایەکی گەڵێ گەورە بوو سەیارەکان چوونە ناو قەڵاکەوە بینایەکی بەرزی دووقات بوو

بەچوار دەوری حەوشەکەدا لەسەر یەك غورفە دروست کرابوو هەمووی رویان لەیەك تری بوو قەڵاکە ئەوەندە گەورەبوو تەنها لەناو حەوشەکەی بەخوا جێگای گەڕەکێکی تیانەبوەوە لێی دروست بکەیت..

غورفەکانیشی زۆر گەورە بوون کەئێمەیان برد خەڵکی تریشی تیابوو ئێمەیان بردە قاتی سەرەوە چونکە غورفەکانی خوارەوە هەمووی پڕکرابوو حەوشەکەیشی جمەی ئەهات بەخوا دوای بۆمان (مەعلوم) بوو ژێر قەڵاکەیش هەمووی ژێر زەوی بوو... دەرگای ژێر زەوییەکەی لای ئێمەوە نەبوو بەڵام خەڵکەکەی ئەیانوت (غەڵبە غەڵب) دێت و رەنگە قاتی ژێرەوەیش پڕی خەڵك بێت ئێمە هیچمان نازانی ماوەیەك بوو لەوێ بووین ئەوسا زانیمان ئەوە (قەڵایەکە لەنزیك سەلمانە) وەزعمان گەلێ خراپ بوو لەوێ خەڵکەکەی گشتی توشی نەخۆشی بوو زۆری لێ مرد بەخوا بەخوا رۆژی راهەبوو ئەهاتن جەنازەی چل پەنجا کەسیان ئەبردە دەرەوە جەنازەکانیان ئەخستە سەر عارەبانەی دەستی و ئەیانبردە دەرەوە، ئیتر نەمانئەزانی تۆکوێیان ئەبەن... ئەوەندە ئەقڵەکەمان فەقیر بوو ئەمانووت رەنگە جەنازەکانمان بنێرنەوە بۆ کەسوکارەکەمان وەك چۆن کاتی خۆی ئەو هەموو جەنازەی عەسکەرانەیان ئەهاوردەوە کەلەشەڕی ئێران و عێراق دا ئەکوژران... خەڵکی وامان لابوو لەهەموو بنەماڵەو خزم و خۆیشێ، کەسێ نەمابوو هەمووی گیرابوو خەمی ئەوەی بوو ئەگەر بمرم و مەیتەکەم بنێرنەوە کەسم نییە خۆی بکات بەخاوەنی مەگەر خێرەوەمەن بمنێژن، سەرەتا خەڵك کەمتر ئەمرد تۆزێ گورمان تیامابوو.. عەسکەرییەکان خۆیان ئەهاتن جەنازەکانیان ئەبرد.. بەڵام دوای مردوو ئەوەندە زۆر زۆر بوو عەسکەرەکان لەهەق ناهاتن و ئەو زەلامەی کەهێزی تیما بوو بانگی ئەوانیان ئەکرد کەبچن لەگەڵیان جەنازەکان بەرنە دەرەوەی قەڵاکە. کاتێ چونە دەرەوە گەڕانەوە گێڕایانەوە کە جەنازەکان هەر لەدەرەوەی قەڵاکە ئەخەنە بەر سەگ وتیان کۆمەڵێ سەگی رەشی زۆر گەورەی لێیە، هەریەك و دوو جەنازەکان هەڵ ئەدڕن و هەر ئێسکەکەی ئەهێڵنەوە ئیتر هەر زراومان چوو، رۆڵە تۆقین ع

گاور سانتێی‌یەکە جەنازە بدەنە سەگ تۆبەخوایە ئێستایش کەباسی ئەکەم موچرکە بەلەشما دێت وەرە وەرە ئەوەندە زاڵم بن جەنازەی مردوو بخەنە بەر سەگ هەی خەجاڵەت لای خوابن ئاخر چی کافرێك لەدنیا وای کردوە... تائەمان لاسای بکەنەوە... بەخوا کەس لەدنیادا وەك ئەم زاڵمە نەبووە... باشە هەر ئەمانی کوشت لەدێیەکەی خۆمان بۆنەمانی کوشت‌و ئاوا سوك‌و رەزیل نەبین... یان هەر لەقۆرەتوو بۆگشتمانی ئەخستە ژێر خۆڵەوە کێ رێی لێ گرتبوو لەکێ ئەترسا... یان ئەیوویست بەعەزابەوە بمانکوژێ، جارێ زابتێ رەشی بەرازی لێ بوو ناوی (حەجاج) بوو ئەم حەجاجە زاڵمێك بوو رەحم خوا لە گیانیا نەبوو... لەخواناترسا هەرچی خواپێی ناخۆش بوو وای ئەکرد.. گیان بەوە بوو هەموو رۆژ ئاهات، ئەرۆی‌و حەفتەیەکی پێ‌نەچوو ئەهاتەوە..

ئێمە لەترس‌و خۆفی خوا لەوەوپێش بەوحاڵەیشمانەوە هەر نوێژو رۆژومان ئەگرد بەلأم ئەو (حەجاجە) نەیئەهێشت... ئەهات بیبینیایە هەر کەسێ نوێژ ئەکات ئەیدایە بەر قامچی ئەیووت ئێوە خواتان نی‌یە بۆچی نوێژ ئەکەن... ئاخر ئەگەر خوا لەویا هەر دوو چاوی کوێر بکردایە ئەبووە عیبرەت بۆئەوەکانی تریش... کە نەیانئە هێشت نوێژە کەمان بکەین ئێمە هەر رۆژومان ئەگرد... بەلأم ئەو زاڵمانە نەیـ ن هێشت ئۆباڵمان بەمل ئەوان خوایە بەقەرز لەسەرمانی ئەنوسی ئەو زاڵمانە نەیان ئەهێشت بەرۆژو بین ئێمە رۆژانە یەك قوتویەکی دۆشاو تەماتە ئاویان ئەدا پێمان لەگەڵ یەك سەمونی رەق دا کەزانیان بەرۆژو ئەبین ئاوو سەمونەکەیان لەگەر ماکەی نیوەرۆدا ئەدا پێمـان‌و دوای سەعاتێ ئەهاتن تەفتیشمانیان ئەکرد بەغورفەکان دا ئەگەڕان ئەو کەسەی ئاوو سەمونەکەی هەڵگرتبوو ئەیانزانی بۆئێوارەیەتی ئەیانزانی کەبەرۆژووە ئاوەکەیان ئەرژان‌و سەمونەکەیان لێی ئەسەندەوە بەو شێوەیە نەهێشتیان نوێژەکەمان بکەین‌و... نە رۆژوەکەیش بگرین ئۆباڵمان بەملی ئەوان..!

من هەتا ئەوکاتەی کەبۆمان دەرکەوت جەنازەکان ئەدەنە سەگ، زۆتر حەزم ئەکرد بمرمو ئەمووت بەمردوویش بێ بمبەنەوە بۆ وەتەن بەڵام کەزانیمان جەنازەکانمان دەرد خواردی سەگ ئەدەن ئیتر شەوو ڕۆژ لەخوا ئەپاڕامەوە خوایە لەم غەریبییە نەمرمو بێ قەبرمان نەکەیت... خوایە بگەڕێنمەوە وڵاتەکەی خۆمانو لەوێ گیانم دەرچێو ئەمانەتی یەکەم لەوڵاتی خۆمان لێ وەربگرێتەوە..

فەقیر وامان لەگەڵ بوو ئەیووت بەخوا ئەگەر لێرە بمرم لاشەکەیشم سەگ بیخوات بەڵام خوا هەموو ساڵێ (حەج) ێکمان بۆئەنوسێ چونکە ئەوانەی جەنازەکانیان ئەبردە دەرەوەو ئەهاتنەوە ئەیانووت هەتا چاو بڕکات هەر سەحرایەو هەموی لمە. زۆتریش ئەوانەی کە ئەچوون بۆحەج کردن ئەهاتنەوە ئەیانووت هەمووی سەحرایەو هەمووی لمە... ئیتر بەوەش دا ئەمانووت ڕەنگە ئەم شوێنەی ئێمەی لێ سجن کراوین نزیک مەرقەدەکەی (پێغەمبەر) بێتو خوا بەعیبادەت بۆمان حساب ئەکات... نزیکەی شەش مانگ بەو حاڵەوەماینەوە گەرچی ڕۆژانە لێی ئەمرد کەمی ئەکردەوە بەڵام نازانم لەکوێوە خەڵکی تریان ئەهاورد هەر حەفتەی جارێک کۆمەڵێ تریان ئەهاورد دیار بوو ئەیان ئەویست جێگەی مردوەکانمان چۆڵ بێت.

نزیکەی شەش مانگ بەو شێوەیە ژیان بەرەسەر... بەخوا ڕۆژی واهەبوو هەر وەك تەعزیب ئەمانیان برد، بەر ئەو خۆرەو بەچەند سەعات ڕامانیان ئەگرد یان پێمانیان پەتی ئەکردو بەپێی پەتی لەسەر ئەو چیمەنتۆ گەرمە ئەمانیان وەستان گەرمی ئەکێشتە ناو جەرگمان بەڵام چی ئەکەیت... کوڕە بەهەزار جۆر ئەمانیان چەرساندەوە بەخوا تەنها شتێ ئێمەی هێشتۆتەوە نەیئەهێشت بمرینو بەرگەی ئەو هەموو عەزابەمان گرد تەنها ئومێدمان بوو کە بگەڕێینەوە وەتەنی خۆمان بمرین... تەنها ئەو ئومێدە بوو هێشتمانیانینەوە بەخوا دەیان شەو تابەیانی خەونە چۆتە چاوم چاوم بەناو ئەستێرەکان داگیراوە.. بەڵکو ئەمە خوایە ئەستێرەیەك ببینمەوە لەوڵاتی خۆیشمان بیبنێتم بەڵام ئاسمانەکەشی جیاواز بوو ئەستێرەکانیش

وەك ئەستێرەی وڵاتی خۆمان نەبوون ئەو لەو گەردەلولەی ناو عارەبستان ئاسمانیشیان ناشرین کردبوو بەرۆژیش ئاسمان وەك لای خۆمان شین و جوان نەبوو لێڵ و تاریك بوو ئیتر ژیانمان لەژێر ئەو ئاسمانە لێڵەدا ئەبردە سەر وەك ئەوە وابوو لەژێر خێوەتێك دابین.

گیانمان بەوەبوو هۆشمان بەخۆمان مابوو نازانم ئینسانیش بۆ وایە لەو کاتانەیا شتە کۆنەکانی ژیانی خۆتت زوو زوو بیر ئەکەوێتەوە بەم رۆژگارە دائەنیشتین بەسەر هاتی ژیانی خۆمان بۆیەکتری ئەگێڕایەوە لەوێ ئەمووت خوزگا سەد خوزگە یەك رۆژ (فتاح بەگ و حەمەی عیسا) کەهەردووکیان مستە شار بوون و ئەوان وایان لەئێمە کرد... تەنها یەك رۆژ بیانیان هاوردایەتە ئەم شوێنەی ئێمە سجن بونایا تابیانزانیایە ئەوەی ئەوان کردیان چی خیانەتێکی گەورە بوو هاوزمانی خۆمان و خەڵکی ناوچەکەی خۆمان بوون و ئەوان نەبوونایە حکومەت بەو ئەسانی یە نەیئەتوانی کون و کەلەبەری ئەو کوردستانە بگەڕێ و ئەو هەموو گەنجە جوان و جاهێڵە لەکونە تەیارەو لە ئەشکەوتەکان دا بدۆزێتەوە.

هەزار داڵغەی وامان لێ ئەداو خوزگەی وامان ئەخوارد بەڵام هاوارو خوزگەی ئێمە بەکێ ئەگەیشت، لەوماوەیەدا یەك دوجار هاتن ناومانیان ئەنوسی و ئیتر نەمان ئەزانی بۆچی یە..

رۆژێك هاتن کەوتنە ناونوس کردنی ئەوەی کە زۆر بەتەمەن بوو یان زۆرپەکی کەوتبوو هەر چەندە گشتی وەك قالۆرەی لێ هاتبوو بەڵام ئەوان لەناو ئەوەشدا ئەوانەی تەواو کەوتبوونە هیلاکەت ئەوانەیان نوسی... هەروا سێ و چوار رۆژێکی پێ چوو جارێکی تر هاتنەوە ئەو ناوانەی نوسیبوویان کەوتنە ناو خوێندنەوەی... هەبوو کە ناوەکەیان نوسی زندو بوو تاگەڕانەوە ناویان خوێندەوە چەند رۆژێك بوو سەگە رەش خواردبووی.

ئەوەی کەناوی دەرچوو بوو لەغورفەکان هاوردمانیانە دەرەوەو هەر لەناو حەوشەی قەڵاکە رامانیان گردو چەند سەیارەیەکیان هێنا وەك ئەو سەیارانە وابوو کەهێنامانی بۆنێرە... لەوە ئەچوو هەر ئەو سەیارانەیش بووبێ...

نازانم بەڵام ئەمیش کەلە دەرگاکە ئەچویتە ژوورەوە کۆمەڵێ کورسی بەدوای یەکەوە بوون،و کەپڕیان کرد دەرگاکەیان لێمان داخست خوا ئاگادارە بەو رۆژی نیوەڕۆیە ناو ئەو سەیارەیە بووە نیوە شەو تاریک تاریک تەنیا کورسی‌یەکەی تەنیشت خۆتەوەت ئەبینی ئیتر هەمووی رەش بوو.

خستمانیانە رێ من لەسەعات،و مەعات نازانم،و نازانم چەنێکیش بەڕێوە بووین بەڵام لەناو ئەو سەیارەیە بەقەدەر ئەو شەش مانگە رەزا لەتمان بینی... هەر چەندە کەبردمانیشیان هەر بە سەیارەی وابوو بەڵام ئەوجا ئێمە ئینسانێ تر بووین ... گوڕوتینێکمان هەبوو بەڵام هەموو بەو شەش مانگە وەك مردوومان لێ هاتبوو تەنها بە روح زندو بووین... بۆیە لەناو ئەو سەیارەیە دەقە بەدەقە زیاتر تەنگە نەفەس ئەبووین... ئەتووت دەستیان ناوەتە قوڕگمان، خەریك بوو بخنکێین... تاگەیاندمانیانە ئەوجێیە کەدامانیان گرد رەنگە بەقەدەر ئەو شەش مانگە تینومان بووبێ بەقەدەر ئەو شەش مانگە هەناومان وشکەوە بوو، ناو سەیارەکە زۆر زۆر گەرم،و زۆر تەنگە نەفەس بوو..

نیوە شەو بوو گەیاندمانیانە شوێنێك دامانیان گرتە خوارەوە کزەبایەکی فنێك،و خۆش ئەهات یەکسەر زانیم وڵات خۆمانە... ئەوەندە دەمێکە بای خۆش،و هەناسەی واسازگارمان نەدیبوو، درۆنی‌یە بڵێم لەگەڵ خۆی‌دا نیوەی خەم،و خەفەتەکەمانی برد... ئەو شەوە لەوێ هێشتمانیانەوە مەعەسکەرێکی نزیك (عەربەت) بوو.

بۆبەیانی خستمانیانە ناو سەیارەی کۆستەرەوە بەرەو کەلار هاوردمانیانەوە رەنگ،و رووەمان واشێوا بوو لەرێگە کەبەرەو کەلار ئەهاتینەوە هەر سەیارەیەك ئەیدا بەلا تەکمانا دا وەك ئەوەی عاجباتی بین نەفەرەکانی هەتا لێمان دور دەکەوتنەوە هەر سەیرمانیان ئەکردو لێمان ورد ئەبونەوە... ئێمە لەبەر ئەوەی کەشەش مانگ بوو هەر دەم،و چاوی یەکتریمان لێوە دیار بوو هەستمان بەوە نەکرد بوو کەرەنگی مرۆڤمان لێ براوە،و شێوەی ترسناکمان گرتووە لێ ئەو عەسکەرە مل قەوی،و لچ

ڕەشانەش کەلە قەڵاکە بوون ڕەنگیان لە بەشەر نەئەچوو... هەر ئێمە لەوان باشتر بووین.

کاتێ گەڕاینەوە هاتینەوە ناو ئەو قلە کەس و کارەی کە ڕزگاری بووبوو ئەوکاتە هەستمان ئەکرد کەچۆن ڕەنگ و ڕوومان شێواوە منداڵ نەیئەوێرا بێتە نزیکمانەوە لێمان ئەترسان.

ئیتر لەوکاتە شەوە لێرە بەدەردەسەری و هەزار هیلاکەت ئەژیم... بەردەوام نەخۆشم... گوێم گران بووەو چاوەکانم کزبوون و ئەژنۆکانم هێزیان لەبەر براوە.

پیاوەکەیشم کەئەو بەر ئەنفالەکە نەکەوتبوو لەخەفەت و مەراق دا نەخۆش کەوتبوو کەمن گەڕامەوە ئیتر ئەو مردو منیش هەر ڕۆژەم مردنێکەو بەردەوام چاوم هابە دەرگاوە بەڵکو ئەمە خوایە خەبەرێ ئەو گەنجانە بێت ڕۆژێك بێت بێنەوە..

**بەقۆناغە تفەنگ کەوتنە سەرو گوێلاکی ئەو خەڵکەو هەروا ژن بوو بەدەم لێدانەوە وەك مریشك مردارەوە بوو لەبەردەم پێیان دا ئەکەوت... کەوتنە تێهەڵدانی منالّەکانیش..**

# نەزیرە حسین محەمەد

لەدایك بووی ١٩٦٦ گوندی حەفتا چەشمە- ناوچەی قەرە حەسەن..

ئەو کاتەی ئەنفالەکە بوو من پێنج شەش ساڵ بوو شومکردبوو بە (سەروەر محەمەد طە) لەگوندی سۆران‌و دوو منالّم هەبوو پشتیوان کە

نۆبەرەمان بوو لەساڵی ١٩٨٥ لەدایك بوو بوو ئامانج لەساڵی ١٩٨٧.. حامیلەش بووم.. دونیا تەواو تێك چوو بوو. بیستبومان کە حکومەت جەیشی بردووە بۆ ئەو سەرەو هەرچی پێشمەرگەی ناوچەکەی ئێمەش هەبوو هەموویان چوو بوون بۆ بەرگری لەو ژورە.. لەسەر کردایەتی یەکێتی.. ئێمە خەڵکی لادێکان پێشمەرگەمان زۆر خۆشدەویست‌و هەمویانمان بەکوڕو براو کەس‌و کاری خۆمان ئەزانی.. ئەوان ئێمەیان ئەپاراست لەتالانی‌و لەزوڵم‌و زۆرداری جێش‌و جاش‌و عەلی کۆێتەر.. چەندێ خەمی خۆمان بوو ئەوەندەش خەمی ئەوانمان بوو

بەردەوام بۆیان ئەپاڕاینەوە خوا ئاگای لێیان بێت و بەسەرکەوتووی و سەلامەتی بێنەوە..

ئەوەی هات و چۆی شاری ئەکرد و ئەهاتەوە ئەیووت قووەتەکەی حکومەت لەکێشدا نی یە.. ڕۆژانە دنیایە جێش و جاشی تر ئەنێرێ.. هەروا قوات بوو بەرەو لای سلێمانی یەوە بەڕێ ئەخرا.. زۆر ئەترساین کەئەگەر پێشمەرگە بشکێ، ئیتر حکومەت دەستمان لێ ناپارێزێ و ترسی پێشمەرگەی نەبێ (ئیبادە)مان ئەکات.. بەخوا بەو دەردەمان ئەبات کەئەڵێن لەساڵ (بەعسی یەکە) هەرچی دێهات هەبوو تالانیان کردوە و عارەب هاتووە ئەڵێن (گوارەیان لەگوێی ژن داکەندووە)..

ئیتر ماوەیەکی پێ چوو دەنگ و باس لەناو خەڵکدا بڵاو بووەوە کەحکومەت هەموو ناوچەکانی گرتووە و پێشمەرگە شکاوە و دێیەکانی هەموو سوتاندووە و خەڵکەکەی گشت گرتوە و ئەڵێن خەڵکەکەی بردوە بۆ شار.. یەکێ ئەیووت ئەڵێن لەشار خانوویان بۆ ئەکەن.. یەکێ ئەیووت ئەڵێن هەموویان لەدایرەکان تاعین ئەکەن.. یەکێ ئەیووت ئەڵێن هەمووی ئەبات بۆ ناو عارەبسان.. هەریەکی قسەیەکی ئەکرد.. خەڵک ئەترسا و ئەیانووت تازە حکومەت مادام بەسەر پێشمەرگەدا زاڵ بوو بەخوا هەموو کوردستان کاول ئەکات و ئەمانبات بۆ حدودەکان ناو عارەب..

ئێ باشە ئەم حکومەتە بۆ وامان پێ ئەکات ئەم میللەتە فەقیرە چی کردووە.. ئێ وائێمە خراپیش بووین ئەی ئەبێ ئەم حکومەتە دڵی نەبێ..؟.. ئەی کێ فەلاحەتی بۆ بکات، ئەی گەنم نەبێ خۆ ئەو خەڵکە لەبرسا ئەمرێ..؟ پێشمەرگەکانی ناوچەکەی خۆمان ئەوەی مابوو گەڕایەوە بە وەزعێ خراپەوە هەموو سەرو ریش هاتوو پەشۆکاو.. پەرتەوازە.. تێک شکاو.. ئیتر خەڵکەکە ئەوانی بینی ئەوەندەی تر تۆقین و هیچ ئومێدێکمان نەما.. ئێمە هەموو پشت و پەنایەکمان خواو پێشمەرگە بوو.. ئێ واپێشمەرگەمان بەو حاڵەوە بینی بێ ئومێد بووین.. ناشوکری خوا نەبێ ئیتر پەنامان قاپی خوا بوو..

کاتێ بەسەر هاتی ئەو ژنەو دێهاتەکانیان گێرایەوە ئەم حکومەتە زاڵمە چی بەو خەڵکە فەقیرو هەژارە کردووە.. ئیتر بەجارێ تۆقین..

هەروا چەند ڕۆژێکی پێ چوو هەواڵ لەشارەوە هات کەحکومەت لەهەموو لایەکەوە جەیشی خڕ کردۆتەوە سەر ناوچەکەی ئێمەش و پەلامارمان ئەدات و ئەیانووت (تەوقی مەنتیقەکەی کردوە) ڕێگای دەرباز بوونی لەهەموو لایەك بڕیووە.. کۆتەر بێ ترس و وەك ڕەوە کۆتر بەئاسمانەوە ئەهاتن و ئەچوون.. ئەیانووت قوات ئەبەن لەسەر شاخەکان و لەسەر ڕێگا سەرەکییەکان دایان ئەمەزرێنن، تا نەیەڵن کەس دەربازی بێت و هەمووی بگرن..

سەرەتای بەهارەو هەموو مەڕو ماڵاتمان تازە بەری لێ کەوتۆتەوەو خۆمان ئامادە کردبوو بۆ دروەو دەشت و دەر.. کێ بەتەمای ئەو ڕۆژە بوو.. کێ ئەیزانی بەو دەردە ئەچێت.. ئێمەش ئەمانووت لەترسی پێشمەرگە نەبێ جێش و جاش دێن و تالانمان ئەکەن.. چوزانین ئەمجارە هەر ماڵ تالان ناکەن و خۆیشمان بەتالانی ئەبەن..

تەق و تۆق دەستی پێ کردبوو.. بەشەو لەترسا ئەچووینە ناو ئەو کەلێن و چەم و دارانە خۆمان ئەشاردەوەو ئەمانووت ئەدەنە سەر ئاوایدا.. زەلامەکانیشمان ئەچوون لەو ئەشکەوت و کونە تەیارانەدا کەزووتر لەترسا و بۆخۆپاراستن دروستمان کردبوو، خۆیان ئەشاردەوە.. بەڵکو ئەمە خوایە ئەگەر جێشەکەیش هات کەهەر ژن و منداڵ لەئاوای بین، بەزەییان پێماندا بێتەوەو وازمان لێ بێنن.. ئەمانزانی جەیشەکە تەواو لەئاوای ئێمەیش نزیک بووەتەوەو دێیەکانی تریان گرتووە.. لەترسا زەلام ئاوای چوونە هەردەو هەڵەتەکان و ئێمەیش لەئاوای ماینەوە..

جەیش و جاش دابارینە سەر ئاواییا وەك ئەوەی کورەیان لەدارا دۆزیبێتەوە..

لەپێش هەموو شتێکدا کەوتنە ناو کەل و پەل ناوماڵ و کەوتنە تالانی.. لەماڵەکاندا هەرچی وەکەڵك ئەهات بردیان و ئەیانخستە ناو سەیارەی

خۆیانەوە.. خۆشمانیان گشت لەناو ئاوای خڕ کردەوە بەڵام هەموو هەر ژن و منال بوورین و یەك زەلام لەئاوای‌دا نەمابوو هەمووی لەهەردەکە خۆیان شاردبۆوە قسەیان بۆمان کرد وتیان بچن زەلامەکانتان بهێننەوە.. عافواتمان بۆیان وەرگرتووە.. ئێمە سیقەمان بەحکومەت نەبوو، ئەمانزانی ئەگەر پیاوەکانمان بدەین بەدەست جەیشەکەوە وەك ئەوە وایە بەرخ بدەیتە دەم گەلە گورگەوە..

بەڵام (حەسیب حەمە ئینجە) لەو قەومێلەی خۆمان بوی موستەشار بوی.. ئەو وتی بچن هەر کەس زەلامی خۆی بێنێتەوەو تەسلیمی دەستی منی بکەن. من خۆم کەفالەتیان ئەکەمو عافواتم بۆیان وەرگرتووەو ئەیانبەمو ئەیانهێنمەوە.. بەو شێوەیە هەڵمانیان خەڵەتان و چووین هەرکەس زەلام خۆی لەکونە تەیارەو بن کەلوەزەکاندا هێنایەوەو دامانە دەست (حەسیب)ەوە برا رۆژە رەشێ بوو لەترسا هۆشمان بەخۆمان نەمابوو هیچ چارەیەکی تریش نەبوو هەر ئەبوو وابکەی!.. قەناعەتیشمان بەو قسانەی (حەسیب)کرد ووتمان بەراستیێتی و تۆ بڵێی درۆ لەگەڵ ئەم هەموو خەڵکەی ئاوای بکات.. ئێوا درۆشی کرد ئەی تۆ بڵێی غیرەتی قبوڵ بکات ئەو هەموو گەنجە جوان و جاهێلە کەگشتی هاوزمانی خۆی بوون، عەسکەری تەعدایان لێ بکات..!

ئێمە چوزانین ئەمە فێڵەو حکومەت ئەم جاشێلەی بۆ ئەوە هاوردوە تا وەفێڵ هەموو خەڵکەکە لەسەر سیقەی ئەوان خۆی بات بەدەستەوە..

هەر دوای ئەوەی زەلامەکانمان هاوردەوە.. ئیتر چوار دەوری خۆمان و زەلامیان گردو وەك رەشە ولاخ دامانیانە پێش و بەبەر چاوی خۆمانەوە شۆفڵیان خستە ئاوای و ماڵەکانمانیان تەخت کرد.. وەرە خۆت رەزیلبە بەدەست زاڵمەوەو وەبەر چاوتەوە ماڵە کەیشت تاڵان بکەن و خانووە کەیشت بروخێنن..

بەپێ هەموو مانیان دایە پێش، منالەکان پرسیاریان ئەکرد دایە بۆ کۆێمان ئەبەن.. بۆ وامان لێ ئەکەن، هیچ جوابێکمان پێ نەبوو.. ئێمەش وەك

منداڵەکان لەبەر خۆمانەوە ئەو پرسیارەمان ئەکرد.. بەڵام کێ هەیە جوابت بداتەوە.. جوابی چیان پێیە.. بیانوویان چی بوو وامان لێ بکەن.. مەگەر تەنها زاڵمی خۆیان بێت.. ئەگینا کێ دەستی تێ ئەچێ مەملەکەتێك سەرگەردان بکات.. ماڵ و مڵکی خەڵکی بەتاڵان بەرێت، ئاوای یەکەی بڕوخێنێ.. بەخوا کەبە شۆفڵ خانووەکانیان ئەڕوخان.. چەند ماڵ هەبوو مەڕو ماڵاتەکانیان لەژوورەوە بوو.. ئەوەی جاش بردی بەتاڵانی بردی، ئەوەی جێ مابوو بەشۆفڵ پشتیرەکەیان ئەروخاند بەسەریاندا.. کارو بەرخ کۆڕپە.. قەل و مریشك.. جوجك.. کورە نازانم چی تر بڵێم هەموویان کردە ژێر خۆڵەوە.. ئاخر ئەگەر ئێمە خۆیشمان تاوان بارین ئەو بێ زمانانە تاوانیان چی بوو.. قاژەی جەرگمان ئەهات.. بەڵام دەسەڵاتیش ئەوی چی ئەکەی.. ناشووکری خوا نەبێ، کێ هەبوو قسە بکات.. هەموو دیل و رەزیل بووین.. بەو شێوەیە گەیاندمانیانە سەر جادەی مەحمود پەریزا.. هەموو خەڵکی ئاوای پێکەوە بووین.. لەسەر جادەکە وەستانمانیان و دەورمانیان گرتبوو. بان هەموو قوتەو گردە بەرزەکان عەسکەری و جاش گرتبووی.. زیل عەسکەری ئەهات و ئەچوو.. کۆپتەر بەئاسمانەوە حیمایەی ئەکرد..

ئەوەندەی پێ نەچوو بینیمان وا خەڵك ئاواییەکانی تریشیان بڕبڕ هاورد.. لەهەموو شیوو دۆڵێکەوە دوکەڵ هەڵئەسا.. ئاگریان نابووە پاشماوەی خانووە روخاوەکانیشەوە..

ئەو عالەمەیان لەو سەر جادەیەی (مەحمود پەریزا) خڕکردەوە.. خوایە گیان ئەبێ چیمان لێ بکەن.. تازە وادێ یەکانیان روخان و مەڕو ماڵاتیشیان دایە پێش و بردیان.. یەعنی نامانگەڕێننەوە بۆ ئاوایی.. ئەی ئەم هەموو خەڵکە چی لێ ئەکەن بۆ کوێمان ئەبەن.. لەکوێ جێی ئەم هەموو خەڵکە ئەبێتەوە.. وەڵا مەگەر بمانخەنە ناو (بەحرەوە) یان بمانخەنە ژێر خۆڵەوە.. ئەو عالەمە لەشاردا لەکوێ جێی ئەبێتەوە.. جاشەکان پێمانیان ئەوت ئەتانبەین بۆ شارەکان حکومەت خانووتان ئەداتێ.. ئەی ئەگەر وایە ئێمە خانووی چۆڵ و هۆڵ چیلێ بکەین، ئەی بۆ نەیان هێشت کەل و پەلی ناوماڵ و

هیچ نەبێ هەندێ بەتانی و دۆشەکە شڕ لەگەڵ خۆمان بهێنین.. خۆ حکومەت بەتانی و جێوبانمان ناداتێ.!؟ قەت باوەڕ ناکەم، ئەو کاتە لەناوای خستمانیانە ڕێ سەد نووکە شەقیان لەوژن و منالآنە هەڵداو بلەدار کەوتبوونە ناومان، خێرە خانوو بەتانی و جێ و بانمان بدەنێ..!!

قەدەرێ زۆر لەویا هێشتمانیانەوە.. تاخەڵکی ئاوای یەکانی تریان هەمووی هاووردو قافڵەیەکی زۆری سەیارەیان هێنا. هەندێکیان زیلی عەسکەری بوون و ئەوەکان سەیارەی کۆستەر بوون.. هەرچی زەلام هەبوو خستیانە ناو کۆستەرەکانەوەو خستیانە ڕێ.. ئێستا چەند بەئاسانی بۆتی ئەگێڕمەوە ئەڵێم زەلامەکانیان خستە کۆستەرەوەو بردیانیان.. ئەگەر ئەزانن بەچی حاڵێك و بەچی وەزعێك لەیەکتر جیامانیان کردەوە.. پیاوەکانمان ئێمە یان جێ نەدەهێشت.. بەقۆناغە تفەنگ ئەکەوتنە سەرو گوێلاکیان و بەپەل ڕاکێشان لەیەکترمانیان جیاکردەوە.. منالێ ڕای ئەکرد بۆ لای پیاوەکان. جوندی ئەیدایە بەر شەق و بەگوێ ڕاکێشان ئەیان کردەوە ناو ژنەکان.. منالێ وابوو شەرواڵەکەی باوکی گرتبوو بەری نەدا. عەسکەریەکانیش پەلی باوکیان ڕائەکێشا.. ئەو منالە بەسەر زەوییەکەدا ئەخشا ئەتووت بە حەبل بەستووتە پای باوکیەوە واخۆی پێوە نووساند بوو لێی نابووەوە..

بەچی پەت پەتی یەك لەیەکتر جیامانیان کردەوە.. قیژەو هاواری منالی و ڕۆڵە ڕۆی پیرە ژنەکان گاوری موسوڵمان ئەکرد.. بەڵام ئەم زاڵمانە گاوریش نەبوون گەلێ بێ ڕەحم بوون..!!

بەبەرچاوی خۆمانەوە ئەوانیان خستە ناو سەیارەی کۆستەرەکانەوە.. گشتیان ملیان لەجامەکانەوە دەر کرد بوو خواحافیزیان ئەکردو ئەتووت ئەزانن کەئیتر قەت یەکتری نابینینەوە..!!

تاکۆستەرەکان لەچاو وون بوون ئەوان هەر ملیان بەدواوە لەئێمەیان ئەڕوانی و ئێمەش هەموو چاومان بەدوای ئەوانەوە بوو.. ئەوە دوا دیدارمان بوو..

پاشان ئێمەشیان هەر بەپاڵ خستە ناو زیلە عەسکەریەکانەوە.. زیلەکان بەرز بوون نەپەیژەی هەبوو نەهیچ لەترسی ئەوەی قۆناغە تفەنگت بەر نەکەوێ زوو خۆمان پیا هەڵئە پڕانو سەر ئەکەوتین.. پیرەژنو پەککەوتەی وابوی.. بەهەزار هیلاکەتو بەباڵ راکێشان سەرمان ئەخست... هەر زیلەی نازانم بێژم چەندێکیان تێ کرد.. ئەوەندەیان تێکرد بوو هەموو وەك مەڕو بەرخ بەسەر یەکدا کەوت بووین.. هەر سەیارەی دوو عەسکەر بەتفەنگەوە ئەملاو ئەو لامانیان گرتبوو.. گشت ئەو خەڵکەیان بار کردو بەقافڵە سەیارەکانیان خستە ڕێ. بەڵام بەو ڕێگەیەدا ئەڕۆیشتن کە پیاوەکانیان پیابرد. کەئەوانیان برد ئێمە یەخەی جاشەکانمان ئەگرتو ئەمان ووت ئەی ئێوە نەتان ووت عافواتمان بۆیان وەرگرتووەو هیچیان لێ ناکەن.. ئەوان جوابیان ئەوە بوو ئەیان بەنە ئەیلانو دوای (٥)ڕۆژ ئەیانگەڕێننەوە..

کەئێمەشیان خستە ڕێ هەر چۆنێك بوایا گەر بەدوای زەلامەکاندا بچوایاین باشتر بوو بەڵکو ئەگەر بۆ سجنیشە پێکەوە بین..

کەچی ئێمەیان بەرەو چەمچەماڵ هاوردو کۆمەڵێ سەیارەی عەسکەری تر بوونە حیمایەمانو کۆپتەریش بەبان سەرماندا دێتو ئەچێت ئەتووت رەسمان ئەگرێ ئەوەندە نزم ئەبوەوەو خۆی لار ئەکردەوە بەبانماندا ئەترساین باڵەکانی بەرمان کەوێت.. نازانم بەخوا چەند سەعات بەڕێوە بووینو چەند سەعات بوو لەو هەردەیا مابووینەوە بەڵام کەگەیشتینە چەمچەماڵ نزیك خۆر ئاوا بوون بوو.

لەبان مەقانەوە شۆڕمانیان کردەوە بەرەو ناو چەمچەماڵ ئەو ڕێو بانە هەمووی عەسکەری گرتبووی تاناولیواکەی چەمچەماڵ.

کاتێ گەیمانە ئەوێ، سەیرمان کرد دنیایە خەڵك لەوێیە.. کەتەماشای ئەو حەشاماتەت ئەکرد، ئەتووت رەنگە یەك کوردێ تر نەمابێ هەمووی گیراوەو والە چەمچەماڵ خڕ کراوەتەوە..

ئێمەشیان خستە حەوشەی لیواکەی چەمچەماڵەوە چوار دەوری تەلبەند بوو هەمووی عەسکەری دەوری گرتبوو.. پڕ کرابوو لەژنو منداڵو زەلام..

دیار بوو ئەو خەڵکەی تر وەک ئێمە هەر لەدێ یەکەی خۆیان زەلامەکانیان لێیان جیانە کردبۆوە.. چونکە زۆربەی ئەو خەڵکە عایلەی پێکەوە بوون.. لەوێدا ئەوەندەی تر برینمان قوڵ بووەوە. کەئەمان بینی ئەو خەڵکە ژن و منداڵ و پیاوەکانیان پێکەوە بوون.. کورد ئەڵێ شین لەگەڵ هاومالّدا جەژنە.. بەڵام خەفەتمان لەوە ئەخوارد کەئێمە پیاوەکانمانیان هەر لەئاوایدا لێمان دابڕی و گەر هەرسجن و بۆ مردنیش بوایا پێکەوە بووینایە خۆشتر بوو..

ناو لیواکە ئەوەندەی خەڵک لێ بوو لەحساب نەئەهات گەر منداڵێکت لەدەست بەر بوایا نەت ئەدۆزییەوە..

تا شەو لەناو لیواکەی چەمچەماڵ هێشتمانیانەوە.. بەڵام پەیتا پەیتا خەڵکی تریان ئەهێناو هەڵیان ئەڕشت.. شەو کۆستەریان هاوردو ئەو خەڵکەیان بەریز بار کرد.. بەڵام بارکردنی چی لەدەلاوە باریان ئەکردو سەیارەکانیان ئەخستە ڕێ و هەر تەواو نابوو.. نیوە شەو بەرمان کەوت و ئێمەیشیان بارکردو خستمانیانە ڕێ بەرەو کەرکوک..قافڵەیەکی گەلێ زۆر بووین سەرێکی سەیارەکان گەیشتبووە بان مەقان هێشتا دوای یەکەی هەرلەناو لیواکە بوو..

هەر شەو گەیشتینە کەرکوک و بردمانیانە شوێنێ وتیان ئەمنی کەرامەی کەرکوکە.. دوو سەعات نەیان هێشت لەناو سەیارەکان دابەزین و هەر وەستانبوومانیان.. نازانم بەتەمای چی بوون.. دوای ئەو دوو سەعاتە خسیمانیانەوە ڕێ.. دەمەو بەیان گەیشتینە مەعەسکەرێکی گەورە.. درۆنییە ئەگەر بڵێم لەسەعاتێکدا سەد سەیارە خۆی پیا ئەکردو سەد سەیارە ئەڕۆی.. دامانیان گرد.. هەرچەندە تاریک بوو بەڵام لەبەر لایتی سەیارە مەعەسکەرەکە روناک بوو بووەوە.. لەبەر خەڵک هەر رەشی ئەکردەوە قاعەیەکی زۆری لێ بوو.. کۆمەڵ کۆمەڵ خەڵکیش دانرا بوون و عەسکەر بەدەوریانەوە بەتفەنگەوە وەستا بوون. کە دونیا روناک بووەوە تەماشامان کرد چی حەشاماتێکە، (دار هەڵدەی بەزەوی ناکەوێ).. ریز ریز زەلام دانرابوون گشتیان سەریان شۆڕکرد بۆوە باوەشیان.. لەشوێنێکیتر

ئەتبینی وا بەکۆمەڵ خەڵك ئەبەنە ناو قاعەوە لەلایەکی ترەوە خەڵکیان لەسەیارە دائەگرد.. لەلایەکی ترەوە باریان ئەکرد.. ئەتووت قیامەت هەستاوە.. وڕوکاس بوو بووم هەر حەپەسا بووم.. خوایە ئەمە چی‌یە.. لەناو ئەو خەڵکەدا چاوم ئەگێڕا بۆ باوك مناڵەکان ئەمووت بەڵکو ئەمە خوایە ئەویش لێرە بێت‌و خۆنەگەر نەشیەڵن تێکەڵ مان بێت‌و بەیەك بگەینەوە.. لەدووریشەوە بێت هەر چاوم پی بکەوێت... بەناو ئەو خەڵکەدا هەر چاوم ئەگێڕاو مناڵەکانیشم لەخۆم زیاتر تامەزرۆی باوکیان بوون لەترساو لەدڵە راوکی‌ی خۆشماندا ئەمزانی ئەوانیش خەمی باوکیانەو کە ئەو زەلامانەیان ئەبینی لێیان ئەپرسی دایە کوا باوە.. ئەە رۆڵە دایە کوێرای دایە.. خوا ئەزانی کواباوکتان.. خوا ئەزانی خۆیشمان چیمان بەسەر دی... لەکۆمەڵی شوێن خەڵکیان ریز ئەکردو بەسرە ئەتیان بردە لای دەفتەر بەدەستی لەسەر مێزێك‌و کورسی یەك دانیشت بوو.. تەحقیقی ئەکردو کوردێکیش (تەرجومانی بوو).. پرسیارەکانی ئەکرد بەکوردی‌و قسەکانی ئێمەیشی ئەکردەوە بەعەرەبی.. زۆر پرسیاریان ئەکرد. ناوت چی‌یە.. خەڵکی کوێ‌ی.. مێردەکەت ئیشی چی بووە.. چەند کەست لەگەڵ خۆت گیراوە.. ئەی خێزانەکەتان چەندی ئەگیراوە.. ئەوان لەکوێ بوون وانەگیراون.. کورە نازانم بڵێم پرسیاری چیان ناکرد.. پاش ناو نوسینەکە ئەتیان بردە قاعەکانەوە.. نازانم چۆن فریای ناونوس کردنی ئەو هەموو خەڵکە ئەکەوتن.. خۆزگە ئێستا ئەو دەفتەرانەتان پەیا ئەکرد کەناوی ئەو عالەمەی تیا نوسرا بوو (ئەوسا ئەتانزانی چەند کەس قوڕ کریاوە سەریا)..

ئێمەیان کردە ناو قاعەیەکەوە.. ئەوەندەیان تی ترنجان هەموو وەك لاشەی مردوو کەوتبووینە سەر یەکدا.. ئیتر هەر خەریك بوو بتاسێین.. هەر چەندە بارانیش ئەباری بەلام لەتینوا خەریك بوو کوێر ئەبووین نازانم هی ترسەکەمان بوو چی.. قوڕگمان بەردەوام ووشك بوو..

ئیتر رۆژی هەندێ سەموون و ئاویان ئەداپێمان.. نیوەی ئەو خەڵکە بەری نەدەکەوت.. رەزالەتێك بوو یاخوا گاوریش وای بەسەر نەیات.. ئەیانووت ئەمە مەعەسکەری (تۆبزاوایە)..

لەپەنجەرەی قاعەکەوە سەیری دەرەوەمان ئەکرد تاچاو بڕی ئەکرد هەمووی هەر خەڵك و سەیارەو قاعە بوو.. ئەمانبینی چۆن زەلامیان جیا ئەکردەوەو باریانیان ئەکرد.. وەجبەی وا هەبوو دەست و چاویان بەپیشتوێن و چامانەکەی خۆیان ئەبەستەوەو ئەوجا باریانیان ئەکرد.. ئیتر مەگەر خوا بۆ خۆی بزانێ بۆ کوێیانیان ئەبرد.. رۆژی دووسێ وەجبەیان ئەهاووردو جیایانیان ئەکردەوەو زەلامەکانیان ئەبرد..

رۆژێ هاتنە قاعەکەی ئێمەیش و ریز بەریز وایان لەهەموو قاعەکانیش کرد.. کەوتنە ناو ئەو خەڵکەو هەرچی زەلامێ کەگەنج بوو گشتیان جیاکردەوەو بەپەل راکێشان لەناو قاعەکاندا بردیانیانە دەرەوەو هەر لەبەردەم قاعەکەدا چاومان لێ بوو ئەیانیان خستە ناو سەیارەی موقەپەتەوەو ئەیانیان برد..

رۆژێ دوای ئەوان هاتن کەوتنەوە ناو ئەو خەڵکە ئەمجارە هەرچی پیرێژن و ئەو پیرە مێردانەش کەمابوونەوە هەموویانیان برد وتەنیا ژن و منداڵ و کچە عازەبەکان مانەوە..

دوای ئەوەی چوار شەو بوو لەوێ بووین.. شەوی پێنجەم لەنیوە شەودا هاتن کەوتنەوە ناو قاعەکەمان و منداڵیان جیاکردەوە لەسوچێکی قاعەکەوە.. بووە زیرو هاوارێ هەر مەپرسە...

قاپی قاعەکەیان کردەوەو ویستیان منداڵەکان بەرنە دەرەوە، ئێمەیش و منداڵکانیش کردمانە هەرایەك مەگەر هەر خوا بۆ خۆی بزانێ.. گشتمان هەڵمان کوتا بەرەو لای منداڵەکان لەتاو جەرگمان ئاگامان لەزوڵم و زۆری ئەوان نەما بوو، ترس لەچاومانا نەما پەلامار عەسکەرەکانمان ئەدا.. بەقۆناغە تفەنگ کەوتنە سەرو کوێلاکی ئەو خەڵکەو هەروا ژن بوو بەدەم لێدانەوە وەك مریشك مردارەوە بوو لەبەردەم پێیان دا ئەکەوت... کەوتنە

تێهەڵدانی منداڵەکانیش.. ئەوەی کەمێ هەراش بوو بەپاڵو تێهەڵدان بردیانیانە دەرەوەو کۆرپەکانیش ئەیانکرد بەپەلیان داو ئەیانبرد.. کەوتنە ناو منداڵ، شیرە خۆرەی بەرمەمکەشیان برد.. من خۆم دوو منداڵم پێ بوو پێشتیوانو ئامانج. گەورەکەیان ٣ ساڵان بوو ئامانجیش تەواو پای نەگرتبوو بردیانیان.. هەر هارو شێت بووین لەتاوا.. بەخوا بەهەرچی عەزابی هەموو تەمەنە ئەوەنەی ئەو شەوە ئازارمی نەداوە.. گشت ئەو ژنێلە وەك شێتمان لێ هاتبوو.. شینو واوەیلامان دینای هەراسان ئەكرد، ئاهو نزو لەمان گەیشتە کە شکەلانی فەلەك..

دیار بوو منداڵەکانیشیان زۆر لەخۆمان دور نەخستبووەوە یان قیژەو هاواری منداڵی قاعەکان تر بوو چونکە گوێمان لەگریانو هاواری منداڵەکانیش بوو.. تابەیانی هەر دوو لامان هاوارمان بوو.. ژن واهەبوو تابەیانی ١٠کەرەت بوراوەتەوە لەتاو جەرگەکەی..

ئیتر نازانم خوای ئێمە بوو هاتە جوابو نای لەدڵی سەدام.. نازانم قەرارەکە گۆڕا.. نازانم یان هەر بۆ عەزاب ئێمە بوو ئەو شەوە منداڵەکانیان برد.. دەمەو بەیان بەقیژو قاو منداڵەکانیان هاوردەوە.. منداڵ چی منداڵ کەسی هێز لەبەدەنیا نەمابوو.. هەر عەسکەرێ دوو سێ منداڵ بەپەلێوە بوونو کەدەرگای قاعەکەی ئێمەیان کردەوە فڕێیانیان دایە ژوورەوە..

گشت ئەو ژنێلە هەڵمان کوتایە سەر منداڵکاندا، هەر کەس لەتاو جەرگەکەی خۆی هەر تەکانمان ئەدا خەریك بوو هەر نیوەمیان بکوژین لەژێر پێی خۆماندا..

منداڵ وەك چۆلەکەی ناو ئاو هەڵئەلەرزین، بەو خوایە هەیانە لەو شەوەوە تا ئێستا (ماتە)و ڕەنگە بڵێم نەهاتۆتەوە هۆش خۆی..

بەیانی دوای عەسرەکەی هاتنەوە.. هەر کەهاتنو زڕەیان لەقاپی قاعەکە هەڵئەسان هەموومان وەك ئەوەی گوللەمان پێوە بنێی ئەوەنە ئازار ئەکەوتە جەرگمانەوە.. ئەوەنە ئەترساین چونکە زاڵم بوونو هەر کەهاتن ئەبوو خۆمان حازر کەین بۆ شتێ خراپتر.. کەوتنەوە ناو نوسین کردمانو شەو

کەتاریك داهات بەپێی ئەو ناونوسینە ریزمانیان کردو کۆمەڵێ لۆریان هاورد بوو بارمانیان کرد لەلۆری و خستمانیانە رێ..

سەعات و مەعات نازانم بەلآم هەر شەو بوو بەخوا ئەوەنەیشی پێ نەچوو گەیشتینە مەعەسکەرێکی تر ئەویش گەلێ گەورە بوو هەمووی تەلبەند بوو قاعە بەدوای یەك دا دروست کرا بوون.. بردمانیانە ئەو مەعەسکەرە (دوبز) بوو...

هەر قاعەی رەنگە بلێم (٣٠٠) کەسیان تێ کردبێ بەس ژن جگە لەمناڵ.. جێ و رێمان گەلێ تەنگ بوو.. رێگەمان نەبوو پێ درێژبکەین.. بڕوا بکە ئەبوو بونۆرە رابکشێن و بخەوین..

لێرە لەچاو (تۆبزاواوە) باشتر بوو.. رۆژی ٢جار خواردنمان هەبوو بەلآم خواردنێکی خراپ کەئەگەر خەڵك ناعیلاج نەبوایا ئەینەخوارد.. سەمونی رەق و ئاوی گەرم.. چەند رۆژ جارێك هەندێ شۆربایان ئەدا پێمان و رۆژی جارێکیش رێگایان ئەدا بچینە سەر ئاو..

بەلآم (ئەسپێ) زۆر سەغڵەتمانی کردبوو بەسەر لەشماندا رێی ئەکرد.. بڕوا بکە هەر خەریك بوو چاومان دەرکات.. قوتوە ئاوەکەت دائەنا بیخۆیتەوە، پڕی ئەبوو لە ئەسپێ (مۆرانە)... نەخۆشیەکی زۆریش بلآو بووەوە.. نازانم لەچیەوە توش بووین لەچەند رۆژێکدا هەمری گرتی.. بەتایبەت مناڵ، زۆربەی مناڵ تووشی ئەو نەخۆشیە بوون و زۆریانی کوشت.. لەچەند رۆژێکدا ئەوەندە ئەرشانەوەو تووشی سك چوون دەبوون تا وەك قالورەیان لێ دەهات و دەمردن.. ئەو هەموو رشانەوەو پیسیەش هەر لەناو قاعەکەدا بوو بۆن و بەرامەی ئینسانی ورو کاس ئەکرد.. من خۆم لەو قاعەیەی (دوبزەوە تووشی نەخۆشی رەبۆ بووم) تائێستا هەرچاك نەبوومەوە... زۆر کەس بەو حاڵەوە مرد.. کەیەکێکیش دەمرد دەبوو لەپەنجەرەکەوە بانگ لەحەرەسەکان بکەین و پێیان بڵێین خەڵکمان لێ مردووە.. ئیتر ئەهاتن و لەقاعەکە دەریان دەکردو ئەیانخستە سەر عارەبانەیەکی دەستی و دەیان برد.. بەخوا جاری وابوو بینیوومە چوار پێنج

جەنازەیان خستۆتە سەر عارەبانەیەکو بردوویانە. ئیتر مەگەر هەر خواو خۆیان بزانن چیان لێیان ئەکرد.. نازانم ئەیانیان کردە ژێر خۆڵەوە یان نا.!؟

ئیتر ئەوەی کەنەشمردایا وەك مردووی لێ هاتبوو.. گشتمان رەنگی مردوێتیمان لێ نیشتبوو.. بەتایبەت منداڵەکان.. بەخوا ئەگەر جەرگ خۆمان نەبوایا بڕوا بکە نەمان ئەوێرا سەیریان بکەین.. (هەر پێستەیەکی رەش و چوارقل ئێسقان بوون) چاویان چوو بووە قوڵاو ئەتووت خوێنی تیا زاوە.. سەرباری ئەو حاڵەیش من (دوو گیان بووم)و هەروا دوو مانگ ئەبوو نابوو گەیشتبووینە ئەوێ هەر لەناو قاعەکە وابزانم لە ٦/١٠ بوو ژانی منداڵ بوون گرتمی.. دەوەرە بەو حاڵەوە منداڵت بێت بەو برسێتیو نەخۆشیو خەمو خەفەتەوە.. نەپەرۆیەك هەبوو نەهیچ هیچ... کورە هەر ناموسمان چوو.. کەجوندیە عارەبەکانیش گوێیان لەقیژو قاومان ئەبوو لەکاتی منداڵ بووندا ئەهاتنە پەنجەرەکانو سەیرمانیان ئەکرد.. من کەمنداڵەکەم بوو بڕوا بکە هیچ نەبوو بەبەرد ناوکیمان بڕی.. وەرە ئەو هەموو خوێنەت لێ بڕواو ئاوێ نەبێ نانێ نەبێ بیخۆیتەوە وەڵا نازانم هەر لەخواوە نەمردم...

منداڵەکەم ناونا (غەمبار) چونکە ژیانمان هەمووی غەمو خەفەت بوو ووتم ئەگەر خوای کرد ئەم منداڵە نەمردو مایەوەو گەر خۆیشمان مردین بائەم هەڵگری خەمەکانمان بێت..

پێنج مانگ لەوێ هێشتمانیانەوە.. بەڵام هەر چوار پێنج رۆژ جارێك ئەهاتن وەجبەیەکیان ئەبردو کەس نەی ئەزانی بۆ کوێیان ئەبەن.. هەموو جارەکانیش بەشەو ئەیانیان برد.. ئەمانزانی ئەوان ئەبەن نەجاتیان نەبێ.. چونکە ژیانمان ئەوەندە ناخۆش بوو مردنمان بەنەجات بوون ئەزانیو خۆزگەمان بۆ مەرگ ئەخواست.. ئیتر جاروایە مرۆڤ حەز ئەکات بمرێ مردن نایاتو کاتێ حەزیشی لەژیانە رێت پێ دەگرێت..

کەوەجبەیەکیان گواستەوە ژنێك تازە منداڵی بوو بوو ژنەکە ناوی (کەژاڵ ئەحمەد تایر)بوو منداڵەکەی کچ بوو ناوی نابوو (نیان) کەسەیارەیان هاوردو باریانیان کرد ئەو ژنە منداڵەکەی لەقاعەکەدا بەجێ هێشت.. کورە نازانم پەت

پەتی چی بگێڕمەوە.. بەخوا لەئێستاوە تاسـاڵێکی تـر قسـەتان بـۆ بکـەم بەسەر هاتی تۆبزاواو دوبز تەواو نابێ..

دوای ئەو پێنج مانگەو کەهەر جارەی قاعەیەکیان ئەگواستەوە سەرەی قاعەکەی ئێمە هاتبوو لەگەڵ بێزاری و خۆزگە بەمەرگ خواستنیشدا لەدەمو چاوی هەموو خەڵکەکەوە پێوەی دیار بوو کەئەو چەند رۆژەی زانیبوومان نۆرەی قاعەکەی ئێمەیە هەموومان ئەترساین.. مردن سامی گرانە چەند خۆزگەشی بۆ بخوازی کەهەست بکەی واڵێی نزیك دەبیتەوە لێی ئەترسی..

خواکردی رۆژێك پێش ئەوەی نۆرەی گواستنەوەمان بێت. کاتی نیوەڕۆ بوو عەسکەرەکان هاتن پێمانیان ووت ئێوە شانستان هەیە.. عەفووتان بۆ دەرچووە.. بەرتان ئەدەن.. باوەڕمان بەقسەکانیان ناکرد.. ئەمان ووت رەنگە دڵمان بدەنەوە کەبۆ مردنمان ئەبەن و دوور نی یە لەقاعەکانی تریشدا پێش ئەوەی بیان گوازنەوە بەدرۆ پێیان نەوتبێ کە عافواتتان بۆ دراوە..

پاش سەعاتێ بەسەر ئەو قسەیەدا کۆمەڵێ سەیارەیان هاوردو هاتنە بەردەم قاعەکەی ئێمە.. لەبەر ئەوەی هەموو جار بەشەو ئەوەکانیان دەگواستەوە.. بەڵام ئێستا رۆژ بوو بۆیە دڵمان خۆش بوو ووتمان انشاء الله راستەو بەرمان ئەدەن..

خستمانیانە ناو سەیارەکانەوەو خستمانیانە رێو هاوردمانیان بەناو کەرکوك داو گەیشتینە چەمچەماڵ لایان نەداو بەرەو سلێمانی چوون.. تاچەمچەماڵ دڵمان خۆش بوو بەڵام کەتێ پەڕی ئیتر دڵمان کەوتە مشکیلەوە ئەی ئەگەر بەرمان ئەدەن بۆچی لێرە بەرمان نادەن.. بەوە دڵ خۆمان ئەدایەوە خۆ هەموومان خەڵکی ئەم ناوچەیە نین تالێرە بەرمان دەن.. بزانە بۆ کوێمان ئەبەن و لەکوێ بەرمان ئەدەن..

لەسلێمانی رەت بوو هەر نەوەستان. ئیتر تەواو ترساین و ووتمان بەخوا رەنگە بمان کەن بەئێران داو یان بەدیل عێراقی بمان گۆڕنەوە.. خەریك بوو بتۆقین.. لەو کاتانەیە کەتۆ چاوەڕێی شتێکی خۆش ئەکەیت و وادەرناچێ زیاتر ئەترسێی و ئەمانووت خۆزگە هەر لە (دوبز) بماینایەتەوە.. بەدەم ئەم

خەیاڵو قسەکردنانەوە ڕۆیشتین تالەجێگەیەک لایان داو وتیان ئەمە (عەربەتە) شەو بوو گەیشتین.. دامانیان گرد ناومانیان نووسیو هەر خێزانی وەرەقەیەکیان داپێمانو هەر ئەو شەوە گەیاندمانیانەوە باینجان لەنێوان سلێمانیو چەمچەماڵو لەوێ بەرەڵامانیان کرد..

شەو لەو ماڵانەی باینجان ماینەوە.. بۆ بەیانی گەراییینەوە چەمچەماڵ.. کەهاتمەوە ناوخزمەکانم بروا بکە تاهەفتەیەکیش منالەکانم لەژوورێکی تر دانابوو کەس نەیئەوێرا بچێتە دیاریان.. خوا ئاگادارە هەرسێکیانم کێشا بەهەرسێکیان سێ کیلۆو روبعێک بوون هەر ئامابوون نە.. لەبنیادەم ئاچوون..

ئیتر لەوکاتەوە لێرە لەشۆرش ماوینەتەوەو نەمان توانیوە بچینەوە هەواری باوو باپیرانمان.. ئێستا خۆمو هەرسێ منالەکەم پێکەوە ئەژینو سەرومر باوکیانو کریم محمەدو نجات محمدو عبدالله محمد سێ شوبرام بوون لەگەڵ سەرومر باوک منالەکاندا گیرانو تائێستا هیچ سۆراغێکیان نیەو هەر چاوەڕێین بێنەوە..

ئەویش منالەکەمە کەلەناو دوبز بەبەرچاوی عەسکەرەکانەوە لەدایک بوو پەرۆو پاتاڵێک نەبوو هەر بۆی بکەم بەقنۆرکەو وائەدوانزە ساڵیشە لێرەم بەخوا کەسێ نەهات بڵێ ئەوە دەستێ جل بۆ ئەو منالەت وا لەئەنفالو لەناو سجن لەدایک بووە.. لەم هەموو حیزبو حکومەتو منەزەمەیە کەسێ ئەوەی نەکرد.





شەوی (لەیلەتو لقەدر) تابەیانی کەس نەخەوت هاوارمان بۆخوا ئەکرد.. ئەوان فیشقیاتیان بەخواو بەپاڕانەوە دەهات.. (ئەیانووت وائێمە سەموون و ئاوەکەتان نادەینێ باخوا لەئاسمانەوە کەبابتان بۆبنێرێتە خوارەوە)..

# سەبریە عومەر ئیسماعیل

لەدایك بووی ساڵی ١٩٣٠ کەرکوك گەڕەکی شۆڕیجە..

لەساڵی ١٩٥٣ شوم کردوە بەناصح شوکر ئیسماعیل کە ئامۆزای خۆم بوو.. لەکەرکوك ژیانێکی بەختەوەرو خۆش ئەژیاین ناسیح

سەرەتا رۆژانە کرێکاری دەکردو بەو رۆژانەی کارەی سەرەتای ژیانێکمان بۆخۆمان دارشت وردە وردە بووینە خاوەن ماڵو خانووی خۆمان.. دواتر لەفەرمانگە میریەکان دامەزراو باخەوان بوو لەیەکێ لەباخچەکانی کەرکوك..

لەساڵی ١٩٧٤ لەفەرمانگە دەریان کردو عەرەبێکیان لەجێی دامەزراند.. ئیتر لەوکاتەوە ئیشی سەربەخۆی دەکرد..

منداڵەکانم چوونە بەرخوێندنو گەورەبوونو ژیانمان گەلێ خۆش بوو.. گەرچی لەساڵی ١٩٦٣ خەریك بوو (نەفیمان) بکەن بۆجنوب.. دوایی قەرارەکە گۆڕا.. نازانم حکومەتەکە گۆڕا وابزانم.. ئیتر بۆخۆمان بێ کێشەو بێ گیروگرفت دەژیاین..

چوار کوڕو سێ کچم بوو (محمدو ئەحمەدو ئەزیرەو سەمیرەو سەیران‌و عبداللەو چاوەڕێ) منداڵ یەکە یەکە گەورە بوون‌و هیچ ناخۆشی‌یەکمان نەبینی.. تائەم دوا دوایە..! لەگەڕەکەکانی تر عەرەبیان زۆر هێنا بوو هەندێ ژیانی کوردەکان ناخۆشی بوو بوو حکومەت پشتگیری عەرەبەکانی دەکردو ئەوانیش غەدریان زۆر ئەکرد.. منداڵەکانیان هار ئەکردە گیان منداڵی کوردەکان‌و قسەیشت بکردایا ببوایەتە شەڕتان حکومەت لایەنگری ئەوی ئەکردو تۆی سجن ئەکرد.. بەڵام گەڕەك ئێمە (شۆڕیجە) هەمووی هەر کورد بوو هەمووی پشتی بەیەکەوە براپووەو کەس‌و کاری یەکتری بوون.. ئەو خەمەمان نەبوو..

بەڵام ناڵێم بەم دوا دوایە ژیانمانیان قورس کردبوو ئاویان بڕی بوو.. زوو زوو ئەهاتن‌و سەیری گەڕەکەکەیان ئەکرد خەتیان ئەکێشاو ئەبرد.. ئەیانووت هەمووی ئەڕوخێنین.. جارێك ئەیانووت ئەیکەنە (مەلعەب) جارێك ئەیانووت ئەیکەنە باخچە.. ئاخری‌یەکەی زۆریان لێڕوخان‌و جادەی دووسایدیان بەناو گەڕەکەکەدا بردو ماڵی کۆمەڵێ خەڵکیان بەو شێوەیە کاول کرد..

تاشەڕی عێراق‌و ئێران هەڵنەگیرسابوو باشتر بووین کەئەو شەڕە بوو ئیتر ئەکەوتنە خەڵك گرتن‌و ماڵان ئەگەڕان بەبیانووی گەڕان بەدوای سەربازی فیراردا خەڵکی تریشیان ئەگرد.. گەنج ژیانی لێشێوا بوو شەوو ڕۆژ (حەملە)یان ئەکرد.. یەك دووجاریش منداڵەکانم بەر دەکەوتن لەخوت‌و خۆڕای ماوەیەك سجنیان ئەکرد.. بەو شێوەیە ترس‌و دڵەراوکێیان ئەخستە دڵمانەوە.. گەر لەهێرشێکدا دژبە ئێران تێك بشکایان‌و جەنازە زۆر بهاتایەتەوە.. داخی دڵی خۆیان بەخەڵکی شارەکان دەرئەبڕی.. یان ئەگەر بچونایەتە سەر دێیەك لەدێهاتەکانی کوردستان‌و پەلاماری خەڵکەکەیان بدایا، کەپێشمەرگە بەفریای

خەڵکەکە دەکەوتن و کۆمەڵێ سەربازو جاشیان ئەکوشت.. ئەگەڕانەوە ئەکەوتنە ناو گەڕەکەکان و گەنجی قوڕبەسەریان ئەگرد و لێیان ئەدا..

(محمد) کوڕم بەرگەی ئەو هەموو سوکایەتی و ئازاردانەی نەگردو ڕۆیشت بۆ گوندە ئازادەکان، ئەوانەی کەحکومەت دەستی پێی نەدەگەیشت.. زۆر گەنجی تریش لەشارەکانەوە لەناچاریدا هەڵدەهاتن و ئەچوونە گوندەکان.. (محمد) لەدێیەکاندا بووە مامۆستای شۆڕش و وانەی بەمناڵانی لادێ ئەوتەوە.. زۆرم پێخۆش بووکەئەوکارەی دەکرد بەخوا بەقەدەر هەموو دنیا دڵم پێخۆش بوو.. مناڵی لادێکان زۆر غەدر لێکراو بوون گوناحیان چیبوو حکومەت قوتابخانەی بۆنەدەکردنەوە.. بەڵام شۆڕش ئەوئیشەی کردو سودی لەو گەنجانە وەرگرد کەلەشارەکانەوە لەترسی گرتن و کوشتن هەڵهاتبوون بۆ گوندەکان.. لەوێ ئەوەی شارەزای لەتەندروستیدا هەبوایا ئەیکرد بەدکتۆری شۆڕش لەدێهاتەکان و ئەوەی خوێنەوارێکی باش بوایا ئەیکرد بەمامۆستای شۆڕش.. (محمد کوڕم) بوو بەمامۆستای شۆڕش..

زوو زوو ئەچووم سەرم لێی ئەداو پارەو پێداویستیم بۆی ئەبردو بۆخۆیشم چەند ڕۆژێك لەلای دەمامەوە.. ئێستاش ئەو ڕۆژە خۆشانەم لەیادە کەلەکەرکوکەوە ئەچووم بۆمەملەحەو محمدوخەڵکی ئاوای ئەهاتنە پیرمەوە ئەیانوت دایکی مامۆستا هاتووە.. هەستم ئەکردکە کوڕەکەمیان زۆر خۆش ئەوێ چونکە بەهۆی خۆشەویستی ئەوەوە ڕێزی منیشیان زۆر ئەگردو حەزیان ئەکرد هەر لەگەڵیانداو لەدێیەکانیان بژیم..

ئەها ئەو ساڵەی مفەوەزاتەکە بوو، ترس و دڵەراوکێ کەم بوو بووەوە.. خەڵك بەئازادی هاتوو چۆی ئەکرد.. ئەو ساڵە ژنمان بۆمحمد کوڕم هێناو ئیتر من خەمم نەما.. چونکە خۆی و خێزانەکەی پێکەوە بوون..

ئێمـەیش لەکـەرکوك مایـنـەوە.. بـەڵام وردە وردە هەسـت ئەکـەی خەریکە وەزعەکە تێك ئەچێت.. نێوان کوردوحکومەت بەرەو خراپـی ئەڕۆی.. دوای ئەوە بوو مامە ریشە کوژرا ئیتر دنیاکە تێك چوو.. شەڕ دروست بووەوە.. حکومەت پەلاماری دێهاتەکانی ئەدا، بەکوێتەر رەمی لێیان ئەکرد.. رۆژانـە لەمەعەسـکرەکانەوە تۆپـی ئـەگردە دێـیـەکان.. لەناو شار خەڵکی ئەگردو گەنجی رەمی ئەکرد.. ژیانمان تەواو تێك چوو.. بەردەوام لەترس و دڵەراوکێ‌دا ئەژیاین.. هەر رۆژەی خەبەرێکی ناخۆشت ئەبیست.. رۆژێ ئەیانووت فلأنـە دێی سوتاندو.. ئـەوەندە کەسـی کوشـتووە.. رێگـای هـاتوچۆی لەدێهاتـەکان بـڕیوە.. ئیـتر کارەساتێکی خراپ بوو..

وەك جاران نەمان ئەتوانی هات و چـۆی لادێ بکـەین.. رێگـا بـاش نـەبوو.. وەزع بـاش نـەبوو.. ماوەیـەکی پێ‌چـوو خەڵکەکـە ئـەیانووت حکومـەت حەساری خستۆتە سـەر دێـیەکان.. ناهێڵێ لەشارەوە هیچ شتێکیان بۆ بچێت.. ئەڵێن ژیانی لادێ گران بروە.. گرانی‌یـە. (شـەکرو رۆن و چا) بەزەحمـەت ئـەگات پێیـان.. ئیـتر سـەرباری وەزعـی خۆمـان لـەناو شـار ئـەبوو خـەفەت لـەوانیش بخـۆی.. هـەر چـەند مـانگ جـارێك بەترسەوەو بەشەو ئەڕۆیشتم بۆلای محمد کوڕم لە(مەملەحە).. دوای ئەو چووە (دێ‌ڕەشە).. ئەبوو بەهەر وەزعێك بێت ئازووقەیان لەشارەوە بێ‌بگەیەنین.. چونکە ئـەوەی هـەیش بـوو لەدێـیەکاندا زۆر بـەنرخێکی گـران دەسـت ئەکـەوت.. ئێ‌خـۆ کوڕەکـەم نەمـەرداری ئـەکردو نـەجوتیاری.. بـەچی بیکڕێـت.. ئـەم مامۆسـتای خۆبەخشـی شـۆڕش بوو.. ناچار ئەبوو ئەو ئەرکە دایکی رایپەڕێنێ.. لەو بەینەدا هەرهات و چۆم بوو لەنێوان (کەرکوك و دێ‌ڕەشە)دا.. کوڕەکەم ئەیووت دایە بەخوا رۆژێ ئـەگیرێی ئـەوەندە هات و چۆمەکـە..! رۆژێ لـە(دێ‌ڕەشـە)وە گەڕامەوە کەرکوك سـەیرم کـرد حکومـەت بـاوك منداڵـەکانیان گرتـووەو هاتن منیشیان گرد.. لەئەمن ئەو خەڵکەیان ئەگرد کەکوڕو کەسوکاریان

لەدێهاتەکان بوو.. ماوەیەک سجن بووین خەڵکی زۆریان بەو شێوەیە گرتبوو.. بەخوا لەناو سجنیشەوە هەر خەمی ئەوەم بوو کێ خواردن بەرێ بۆدێهاتەکان وائەوانەی جەرگەکانیان لەوێ بوو بەناو هەزار مەترسیدا ئەچووین و ئازوقەمان ئەبرد.. هەموومان گیراوین ئەبێ ئازوقە لەکوێ و بەچی پەیدا بکەن.. گشتمانیان خستە سەیارەوەو بردمانیان لە(سورداش) بەرەڵامانیان کرد وتیان بۆ خۆتان بچن بۆناو شۆرش و نابێ ئێوە لەشاردا بژین چونکە کوڕو کەس و کارتان لەلادێکانە.. خانووەکانیشمانیان (حیجز) کردو ماڵە عەرەبیان خستە شوێنمان..

ئەو کاتەبوو (عەلی حسن مەجید) خۆی هاتبووە کەرکوک و کەوتبووە گیان ئەو خەڵکە..

لەسورداش گەڕاینەوە بۆچەمچەماڵ.. بەڵام باوک مناڵەکان هەر سجن بوو.. لەچەمچەماڵ لەماڵە خزمێکدا شوێنم بۆمناڵەکان کردەوە.. ماوەیەکی پێچوو مێردەکەیشم بەربوو.. بەڵام خانووەکەمان داگیرکراو نەمانتوانی بچینەوە بۆکەرکوک.. هەر ئێمە نەبووین خەڵکێکی زۆری تریش وەک ئێمە دەربەدەر کران..

هەروا چەند مانگێکی پێچوو ئیتر حکومەت بەهەموو شێوەیەک کەوتە وێزەی ئەو خەڵکە رەش و رووتەی لادێکان قواتێکی زۆری هێنابوو بۆکوردستان و پەلاماری ناوچەکانیدا.. ئێمە لەشار بووین مەگەر ئێمە بزانین چەنێ جەیش و جاشی کۆکردبۆوە.. چەنێ تۆپ و تەیارەی نارد..

رۆژە رەش بوو کەس بەفریای کەس نەدەکەوت.. کەس نەیئەوێرا دالدەی کەس بدات، حکومەت ئیعدامی ئەکرد..رۆژانە لەشارەکانیش خەڵکیان ئەگرد، لەسەر رێگاوبانی دێیەکان، لەدەشت و دەر بەخوا رۆژوا بوو ئەو کۆپتەرە ئەڕۆیی و ئەهاتەوە نازانم بڵێم چەند هەر شوانی ئەکوشت...

ماڵ کوڕەکەم لە(دێرەشە)بوو... جەیشێکی زۆر چووبوونە ناوچەکەو لەهەموو لایەکەوە پەلاماریاندا، (بەخوا بەخوا دنیام لێبوو بووە چەرمی چۆلەکە) هاروشێت بوو بووم لەتاو جەرگەکەم.. لەتاو بوکەکەم.. لەتاو منالە چوارمانگەکەیان.. کوڕە لەتاو ئەو هەموو خەڵکەی گوندەکان.. ئەمانزانی چیان بەسەر دێنێ.. ئاگادار بووین چیبەسەر دێیەکانی قەراخو ئەوژورەدا هێنابوو بەکیمیایی لێیانیدا بوو.. ئەترسام ئەم خەڵکەی ئێمەش بەدەردی ئەوان بچن...

مانگی نیسان بوو هەروا چەند رۆژێك بوو چووبووینە نیسانەوە.. جەیش و جاشی دونیای هێنابووە چەمچەماڵ.. بەخوا هەرکی و سورچی و بادینانیشی هێنابوو.. قواتەکەی لەکێشدا نەبوو..

هەروا لەچەمچەماڵەوە بەلێشاو بەرەو سەنگاو بەرێ ئەکەوت.. خوایە گیان چیئەکەی، لەدنیایا لەبێ دەسەڵاتی ناخۆشتر نییە.. تۆوەرە واسوربزانە ئەم هەموو جەیشە هاتوون و بەبەرچاوتەوە ماڵ و منالت رەگ و ریشەت دەرئەکەن و دەسەڵات هیچیشت نەبێ و خواخوات بێ کەخۆت نەگرن.. بەخوا ئاگر جەرگ هەڵی گرتم، ئۆقرەم لێبڕا.. کاتێ بینیم ئەو هەموو تۆپ و تەیارەو دەبابەو مدەرەعەو جەیشە زۆرە بۆناوچەکە ئەچوون و منیش جەرگەکەم لەوێ بوو.. خۆم پێرانەگیراو لەگەڵ ژنێکی تردا کەئەویش هەرخەڵکی کەرکوك بوو(پوورە هەیبەت) زووتر ئەمناسی و ئەویش کوڕێکی لەوێ بوو، هەردووکمان چووین و خۆمان گەیاندە (دێرەشە) بۆلای منالەکان..

ئەوان لەبەر ئەوەی وەك ئێمە بەچاوی خۆیان هێزەکەیان نەبینی بوو ئەترسان بەڵام وەك ئێمە نەبوون کەمتر ئەترسان و ئەیانووت کورە خواگەورەیە.. تۆبڵێی حکومەت چیلەم ژن و منالانە بکات.. وازەلام ئاوای ئەچنە ئەو هەردەو هەڵەتانەو خۆیان ئەشارنەوە.. قابیلە جەیش بێت چی لەژن و منال ئەکات (سەگ بەژن ناوەڕێ)..

ئەم دەردی گرانم.. ئاگایان لەوە نەبوو بەکیمیایی لەژن و منالّی دابوو.. ئاگایان لەوە نەبوو هەرچی ژن و منالّ دێهاتەکانی ترمەیە هەمووی گیراون و کەس نازانێ بۆکوێ براون..

دڵیان بەوە خۆش بوو (سەگ بەژن ناوەرێ).. ئێئەم زاڵمە کەی وەك سەگ وابوو.. ئەمە زاڵم بوو زاڵم..ئاگایان لەوە نەبوو لەچەمچەماڵەوە وەك قافڵەی مێروڵە سەیارە ریزکراوە بۆ گواستنەوەیان. ئاگایان لەو هەموو شۆفڵە عەسکەریە نەبوو کەحازر کرابوو خانووەکان بڕوخێنن بەسەریاندا..

وەزعەکەمان بۆیان باس کرد.. بەشێك لەزەلامەکان هەر قەناعەتیان وابوو کەبچنە ئەو هەردەو هەڵەتانەو نەخۆیان تەسلیم بکەن و نەبێنەوە بۆشارەکان.. من بەمل شکاوم، بەدەستی خۆم بوکەکەم و کوڕە چوار مانگەکەم بۆناو ئاگر هێنایەوە.. (محمد) کوڕم لەئاوای ئێمەی خستە ناو تەرەکتەرێکەوە تابەرەو چەمچەماڵ بکەوینەڕێ و خۆمان رزگار بکەین.. ئەویش لەودێیەدا مایەوەو وتی خوا ئەکا ئێوە رزگارتان ئەبێ من خۆم نادەم بەدەستەوە.. لەناو دێیەکە لەیەکتر دابڕاین و خواحافیزیمان لەیەکتری کرد.. تەرەکتەرەکە پڕی خەڵك بوو.. هێواش هێواش لەئاوای دەرچووین ئەو هەر لەشوێنی خۆی وەستا بوو لەدواوە تەماشای ئێمەی ئەکرد.. تائەو کاتەی تەواو ئاوای و تەرەکتەرەکە لەیەك دابڕاین و لەچاو ونبووین، ئەو هەر لەشوێن خۆی راوەستا بوو، چاوی بڕیبوە شوێنی تایەی تەرەکتەرەکە دیاربوو بۆمان ئەپاڕایەوە کەنەکەوینە بەردەستی زاڵم.. چونکە کەچووم بوکەکەم بهێنمەوەو رزگاری‌کەم.. زۆری پێ‌خۆش بوو ئەیوت دایە شەرەف گرانە.. ئەمەش زاڵمە.. هەر ناموسەکەمان تیانەچێ خۆمان هەر چۆنێبێ ئاسایی‌یە.. بۆیە زوو زوو ئەو بەیانی‌یە کەخستمانیە رێ ناوچەوانی کوڕەکەی ماچ ئەکردو بەمنی ئەوت دایە ئیتر ئامانەتی تۆو ئەم منالانە.. هەر

بیانگەیەنە چەمچەماڵ.. ئیتر خوا گەورەیە لەماڵە خزمێكدا دالدەیان بدەن تابزانین دونیا چی بەسەر دێت..

كەبەرێگاوە بەرەو چەمچەماڵ ئەهاتین خەڵكی ئەو دێیانەمان ئەبینی تووشی چی سەرگەردانی‌یەك بوو بوون.. تەرەكتەرمان تووش ئەبوو بەپڕخێزانەوە بەرەو قوڵای گەرمیان ئەڕۆی‌و.. توشمان ئەبوو بەرەو چەمچەماڵ‌و خێزانمان ئەبینی بەپێ كۆڵ بەكۆڵەوە یەكێ بەرەو خوارو یەكێ بەرەو ژوور وەزعێك بوو هەر مەپرسە.. سەیارەی جەیش‌و جاشمان ئەبینی‌و ئەیاندا بەتەنیشتماندا‌و تێ‌ئەپەڕین.. كەس بەكەس نەبوو.. بەوە دڵمان خۆش بوو ئەوەتا واعەسكەری بینیمانی‌و دەنگیان نەكرد انشاالله هەقیان نی‌یە بەسەرمانەوە.. كەچی ئەوان بازنەیەكیان بەدەوری هەموو گەرمیاندا كێشابوو بۆكوێ ئەچووی نەت ئەتوانی لەو بازنەیە دەرباز بێت، بەهەر لایەكدا بچوایایی هەر ئەكەویتەوە ناو هەمان بازنەی سەربازی كەوەك رچەی مێروولە بەدوای یەكدا ریزیان بەستبوو كورد واتەنی (باڵندە بەنێوانیاندا تێ‌ناپەڕێ)..

ئێمە هاتین‌و لەرێگەیش چەندین تەرەكتەرو سەیارەی پڕ لەخێزانمان تووش بوون‌و ئەوانیش وەك ئێمە بەرەو چەمچەماڵ ئەهاتن.. هیچ گرفتێكمان تووش نەبوو تاگەیشتینە گوندی (قەرەتا مۆر) كەئەڵقەی بازنەكە لێرە بوو.. تەماشامان كرد هەرچی خەڵك رێگای چەمچەماڵی گرتبووە بەر، هاتبووە ناو ئەمانەوەو بەریان گرتبوو.. قافڵەیەكی درێژی خەڵك‌و تەرەكتەرو سەیارە هەمووی بەدوای یەكەوە ریزیان بەستبوو.. خەڵكێكی زۆر پێشیان لێ‌گیرا بوو هەموویان بەقەراغ جادەكەدا لایان دابوو چواردەوریشیان عەسكەری گرتبووی..

ئێمەش وەك ئەو خەڵكەمان بەسەرهات.. هاتین‌و رێگە نەبوو بێین بەرەو چەمچەماڵ.. رێگەی گەڕانەوەشت نەبوو ئەهاتیتە ناو سەربازەكانەوەو دەبوو سەری خۆت كزكەیت‌و لادەیتەلاوە..

عەسکەری بەناو خەڵکەکەدا ئەگەڕان.. گاڵتەیان بەخەڵکەکە ئەکرد.. (هابۆ کوێ..؟ ئەتان ویست خۆتان رزگارکەن.. حکومەت کەروێشک بەعەرەبانە ئەگرێت..!؟) پێمان پێئەکەنین و خۆیان لەمناڵ تورە ئەکردو هیوا هەبوو بەردی تێئەگرتین.. بەکەیف خۆیان فیشقیاتیان بەخەڵکەکە ئەکرد..

سێ ڕۆژ بەریان بەو خەڵکە گرتبوو.. هەتا ئەبوو زیادی ئەکردو ئەوەی لەدێهاتەکانەوە خۆی دزیبووەوە.. یان پێش ئەوەی جەیش بچێتە سەر دێیەکان خۆی بەرەو شار کەوتبووە رێ، هەمووی هەرهات و هاتنە ناو خەڵکەکەوە تاوای لێهات بەقەدەر شارێك لەو دەشتەی قەرەتامۆردا خڕبووەوە.. وامن لەشارەوە هاتبووم بەشوێن بووك و کوڕەزاکەمداو ئەمویست بیانبەم بۆ چەمچەماڵ.. نازانم ئەو خەڵکەی تر لەخۆیەوە بۆکوێ ملیئەنا.. کەلێم ئەپرسین ئەیانووت بۆیە بەرەو چەمچەماڵ هاتین ووتیان عافواتەو ئەوەی خۆی بڕوات و خۆی بدات بەدەستەوە هیچی لێناکەن.. هەرکەس لەدێهاتەکاندا بمێنێتەوە حساب ئێرانییان بۆدەکەن..! ئێمەیش لەترسا هاتووین و دیعایەکە وابووکە تەنها سێ ڕۆژ عافواتە، ووتمان بازوو بچین و تاعافواتەکە ماوەو تانەبووینەتە ئێرانی.. چووزانین ئەمە پیلانەو بەپێی خۆمان هاتینە ناو ئاگرەکەوە..

وەك لافاو خەڵکیان هاورد.. ژن و مناڵ، پیروپەککەوتە، کوڕە شەل وشێت و کوێرەکانیشیان هاورد بوو ئەو وەزعەم بینی تەواو ئەترسام خوایە.. ئەم زاڵمە ئەیەوێ چیلەم هەموو خەڵکە بکات.. ئەم خەڵکە چیکردوە وابەو دەردەی ئەبەن.. هیچ دەسەڵاتێکمان نەبوو تەنها قاپی خوانەبێ. ئەتووت لەماڵەکەی خواو لەدیار مەرقەدەکەی پێغەمبەرین.. چۆن لەتەلەفیزیۆن (مەکە)ی پیشان ئەدا (حاجییەکان) لەخوا ئەپاڕانەوە ئەو دەشتەی قەرەتامۆر وەك (مەکە) وابوو.. ئەو

هەموو خەڵکە تەنها دەرگای پاڕانەوەیان بەسەردا دانەخرابوو ئیتر هەرچی دەرگای ژیان هەیە کلۆم کرابوو لەسەریان..!

هەرچی خەڵکی ئەو دێهاتانەی ناوچەی سەنگاو هەیە هەموویان هاورد.. بڕوابکە رەنگە دووسەد بەس تەرەکتەریان ریزکردبێ.. مەڕو ماڵات ئەو دێیانە هەمووی درابووە پێش‌و بەرەو چەمچەماڵ ئەیانبرد گشتیان تالآن کرد..

سەیارەیەکی زۆری عەسکەری‌و سەیارەی مەدەنیشیان بەسوغرە هێنابوو هاوردیانیانە ئەو هەردەی (قەرەتامۆر)و کەوتنە بارکردن ئەو خەڵکە بەو خوایە درۆنی‌یە ئەگەر بڵێم هەزار سەیارە ئەبوون..

جگەلە زیلی عەسکەری، گلآبەیەکی زۆریان هێنابوو.. سەیارەی کۆستەرو قەمەرەی نەفەراتی خەتەکانیشیان هاوردبوو.. هەر لەبەیانی‌یەوە باریان کردو لۆی کەوتنە گواستنەوەی تامەغریب کۆتایی نەهات.. بەدەردێکی خراپ ئەو خەڵکەیان گواستەوە.. وەك رەشە ولآخ بارمانیان کرد لەو سەیارانەو لەناو ئەو کەل‌وپەل‌و جل‌و جۆرەی ئافرەتاندا کەلە ناو تەرەکتەرەکان بوو کۆمەڵێ جلی ژنانەیان دەرهێناو بەستبویانە لێواری ئیڤای عەسکەرییەکانەوە.. هەربۆ سوکایەتی کردن بوو پێمان‌و تابڵێن ئەوە ناموسەکەی کوردیشمان بەتالآن برد..

کەئەو خەڵکەیان بەناو ئۆردووگای شۆڕش‌و چەمچەماڵدا گواستەوە.. خەڵکی چەمچەماڵ بەو دیمەنەو بەو لێشاوی خەڵکە راپێچکراوە تەواو سەغڵەت بوون‌و مەلایەکیش لەمزگەوتەوە بانگەوازی کردبوو کەجیهاد بکەن‌و رێگەی سەیارانە بگرن مەیەڵن ئەو ژن‌و منالآنە بەرن.. خەڵك رژابووە سەرجادەو رێگاو بانەکانیان گرتبوو ئاگریان لەسەر جادەکان کردبۆوەو جامی سەیارەکانیان ئەشکان‌و بەزۆری خەڵکیان لەسەیارە دانەگرد.. زۆر کەس بۆخۆیان کەوتنە ناوئەو لێشاوی جەمارەوەو رزگاریان بوو.. بەلآم (بارق) خۆی گەیشتە ناو چەمچەماڵ‌و ۳ کۆپتەر کەوتە سەر ئاسمانی چەمچەماڵ‌و کەوتە

رەمی کـردن لەخەڵکـە راپـەڕیووەو بەسـەماعە بانگـەوازی ئـەکرد هـەر خـێزانێك داڵـدەی یـەك کەسـی هـەڵاتوو بـدات خانووەکـەی بەسـەردا ئـەڕوخێنین.. بەمـە خەڵکەکـەیان ترسـان و کەوتنـەوە گرتنـەوەی ئـەو خەڵکەی کەلەسـەیارەکانیش رایـان کردبـوو گـەرچی بەشـێکی زۆری رزگـاری بـوو بەڵام زۆریشیان گرتـەوە.. ئیتر قواتێکی زۆریـان هـاوردو بەمدەرەعـەو عەسـکەریەکی زۆرو لەئاسمانیشـەوە بەکۆپـتـەر کەوتنـە حیمایـەی قافڵەکەو گەیاندمانیانە ناو لیواکـەی چەمچەماڵ.. لەترسـی ئـەوەی نـەوەك خـەڵکی چەمچـەماڵ پـەلاماری لیواکـە بـدەن هەرئـەو ئێوارەیـە کەوتنـە گواسـتنەوەی خەڵکەکـە.. سـەیارەیەکی زۆریـان لەکەرکوکەوە هێنابوو بۆگواستنەوەمان.. هەمووی کۆستەرو منشـەئەی درێژ درێژبوو من بوکەکەم خوێندەوارێکی باش بوو کەلـەناو لیواکـەی چەمچەماڵ قافڵەی (منشـەئە)کان هاتنە ژوورەوە رەقـەمی سـەیارەکانی خوێندەوەو کردیە هات و هاوار لەناو خەڵکەکەداو وتی ئەو سەیارانە عێراقی نین و بەوخوایـە ئەمانبـەن بۆئـەو وڵاتانـەی عارەبسـان.. وتـی سەیارەکان رەقەمەکانیان نوسراوە (عمان)...

ئێمە بەرئەو وەجبەی سەیارەی کۆستەرانە کەوتین بەڵام لەرێگـەیش یەك دوو وەجبەی‌تر دای بەتەکماندا و بووکەکەم بەوردی تەماشـایانی ئەکرد، وتـی ئامۆژن بەوخوایە ئەوەتا هـەموویان رەقـەمی (عومانیـان) پێوەیە.. هیچیان عێراقی نین.. سەیارەکانیش بەرەنگ و شێوەیش لەو منشەئانەی‌تر جیاواز بوون.. من گەرچی خوێنەوار نەبووم بەڵام چونکە هـەرماڵمان لەشـاربوو بـوو سـەیارەی جـۆراو جـۆرم بینی‌بـوو، بـەڵام بوکەکەم راستی دەکرد ئەم(منشەئانە) لە(منشەئەی عێراقی ناچوون)..

جارنەجارێکیش کـەلایتی سـەیارەکان بـەجوانی روناکیـان ئـەکردەوە، وەك ئـەوەی کەئێمـە هـەموومان خوێنـەوار بـین و بووکەکـەم بیـەوێ بەئێمەیش بڵێ ئەوەتا بیخوێننەوە.. ئەیکردە هەراهەرا ئەوەتا جوان سەیری‌کەن ئەوەتا نوسراوە (عومان)..

هەرشەو گەیاندمانیانە (تۆبزاوا).. تۆبزاوا چی تۆبزاوا دارهەڵدەی بەزەوی ناکەوت (رۆژە لحەشرێك بوو مەگەر ئەو خوایە بۆخۆی بزانێ).. لەبەر لایتی سەیارە بوو بووە چراخان.. بەجارێك دەسەیارە خۆی کرد بەژوورداو دەسەیارە ئەهاتە دەشتەوە.. مەعەسکەرێکی ئەوەندە گەورە بوو جێگای دووئەوەندەی تریشی تیا ئەبووەوە.. ئەو هەموو سەیارەیە بەریز ئەهاتنە ناو گۆڕەپانی سەربازگەکە.. نەفەرەکانیان دائەگردو ئەگەڕانەوە.. من هەموو تەمەنم لەشاردا بردبووەسەر بەڵام بەهەموو تەمەنم (قەرەباڵەغی) وام نەبینی بوو.. باوەڕناکەم هیچ شارێك ئەوەندە مەخلوقی تیابێ..!!

بەوشەوە ئەو خەڵکەیان لەدەشوێنەوە ریزکردبوو ناویان ئەنووسی و جیایانیان ئەکردەوە.. ئەوەی گەنجبوو نەیان ئەهێشت بێنە نزیك خەڵکەکەیترو لەدور ئێمە ئەوانیان ریزکردبوو.. بوکەکەم لەبەر ئەوەی سێ چوار ساڵ بوو لەو دێیانە بوو خەڵکی ئەناسی.. لەناو گەنجەکاندا ناسیاوی ئەبینی و بەمنی ئەوت ئاموژن ئەها ئەوە فلان کەسە.. خەڵکی فلان گوندە..

ئەو شەوە تابەیانی هەر ناویان نووسی و گەنجیان جیاکردەوەو لەدور دایانیان نابوو، دەمەو بەیان کۆمەڵێ سەیارەیان هێناو لای گەنجەکان راوەستان..

گەنجەکانیان ریزکردبوو تەنها کراس و شەرواڵ یان، بیجامەیەکیان لەپێیاندا هێشتەوە، ئیتر هەموو جلەکانیانیان لەبەر داکەن و بەپێشتوێن و جامانەکانی خۆیان دەست و چاویان دەبەستەوەو ئەیانیان خستە نێو ئەو سەیارانەوە بەخوا مێرد منداڵ (دەدوانزە) ساڵەشی تیابوو.. ئیتر هەرئەو دیمەنە بوو کەس نەیزانی بۆکوێ بران..

ئێمەشیان خستەناو قاعەوە کەکۆمەڵێ قاعەی زۆر درێژ درێژی لێبوو ئەتووت هەر بۆئەوە دروست کرابوو ئەم کوردەی تیا سجن بکەن..

سێ شەو و سێ رۆژ ئێمەیان لەوقاعانە هێشتەوە.. زۆر رەزالەتمان بینی.. رۆژی یەک جار کەمێك خواردنیان ئەدا پێمان و یەک جار رێگایان ئەدا بۆسەرئاو بچینە دەرەوە.. ئەوەندەشیان تێ‌تەپاند بوو هەرخەریك بوو لەناو قاعەکەدا بتاسێین رێگە نەبوو پێت درێژبکەی، خێرا خێرا خەڵکی تریان ئەهێناو ئەیانکردە ناو قاعەکانەوە وەك جەنازە هەموو بەسەر یەکدا کەوتبووین..

لەشەوی سێیەمدا هاتن کۆمەڵێ عەسکەری رەش رەشی‌لچ قەوی سوێندتان لەسەرم نی‌یە لەئۆمەت زەمانە ناچوون، کەوتنە ناومان هەرچی منداڵ هەیە بردیان لەباوەش ژنەکاندا ئەیانرفان.. وای کارەساتێ ئەوشەوە رووی‌دا قەت لەبیرم ناچێتەوە..

منداڵ هەر زراوی چوو ئێمەیش هەر هاروشێت بووین لەتاوا.. قەت بووە کۆرپەلە باوەشی دایکیداو لەناو زینداندا لەدایکەی جیابکرێتەوە.. ئێمە چونکە بەچاو خۆمان گەنجەکانمان بینی روتیانیان کردەوەو دەستو چاویان بەستەوەو بردیانیان، وتمان بەخوا ئەم منداڵانەیش کەگشتی ئەتووت پەپولەی خوان بەدەست جوندیە عەرەبەکانەوە هەڵدەلەرزین تازە بەدەردی گەنجەکان ئەیانبەنو دورنییە بیان خەنە ناو ئاوەوەو ببن بەخۆراکی ماسی.. کورە هەرگێڕانەوەشی زەحمەتە تۆ وەرە جەرگەکەت لەباوەشتدا بڕفێننو شێت مەبە..!!

ئەو شەوە ئاهوو نزولەی ژنو منداڵ گەیشتە کەشکەلانی فەلەك.. پاڕانەوەو کڕوزانەوەمان گەیشتە قاپی خواو نایی لەدڵی ئەو زاڵمانەو دوای چەند سەعاتێك منداڵەکانیان هێنایەوە.. ئەتووت بەرخی ژێر دەستی قەسابن واهەڵدەلەرزین.. سەراپای لەشیان بوو بووە ترس، ئەوەندەیان زیڕاندبوو قسەیان بۆنەئەکرا.. چاویان بوو بووە گۆمی خوێن.. زۆر منداڵ لەوشەوەوە توشی (فێ)بوو، زۆریشیان تووشی نەخۆشی درێژخایەن بوونو کۆمەڵێکیشیان هەر دوای ئەو کاتەو لەناو زیندانەکانی (دوبز)دا مردن...

سـەعات پێنجـی بـەیانی جـارێکی‌تر دەرکـی قاعەکـەیان کـردەوەو خۆیـان کـردەوە بەژووردا.. هـەرچی منـاڵ هـەبوو بەیـەکجار کردیانـەوە زیـڕەو هـاوار وایـان ئـەزانی دێـن‌و ئـەمجارەش ئەیانبـەن.. منـاڵ وەك چۆلەکە هەڵدەلەرزین‌و خۆیان ئەنووسان پێمانەوە.. بەمناڵەکان بوایا زگمان هەڵدڕن‌و بچنە ناو زگمانەوە خۆیان بشارنەوە.. ئێمە هەموو وەك یەك ڕەزیل بووین‌و کەسمان دەسەڵاتمان نەبوو.. ئێمەیش لەمناڵەکان زیـاتر ئەترسـاین، بـەڵام چی‌ئەکـەی لەبەرامبـەر زاڵمێکـی وادا چیـت پێ‌ئەکرێت..!

هـاتن‌و بـەناوماندا کەوتنـە گـەڕان.. قاعەکـەیش ئـەوەندەی خـەڵك تیابوو جـاروابوو پـێ یـان ئەخسـتە سـەر لـەشمان‌و بەسـەر دەسـت‌و پێمـاندا ئەڕۆیشتن، نوکە شـەقیان تێمـان هەڵئـەدا.. ئـەمجارە لـەجیاتی منـاڵ گـەورەکانیان جیاکردەوە ئـەوەی کەتەماشـایان دەکـردو بـەپیر ئەهاتەبەر چاویان ناویان ئەنووسی.. تەنها پیرەژن‌و پیرەمێرد.. دوای نـاونوس کر،نەکـەمان کەوتنـە نـاو خوێندنـەوەی ئەوانـەی کـەناویان نووسـی بـوو.. لەقاعـەکانی تریشـدا ئەمـەیان کردبـوو چونکـە کەهاوردمانیانە دەرەوە لەبەردەم هەرقاعەیەك کۆمەڵێ پیرو پەککەوتەی لێبوو.. مـن لـەوێ لەبووکەکـەم‌و کوڕەزاکـەم دابـڕام.. لـەوێ هەسـتم بەقسەکەی کوڕەکەم دەکرد کەسواری تەرەکتەرە بووین ئـەیوت دایە گیان ئامانەتی تۆو مناڵەکانم.. دایە کوێربێ ڕۆڵـە والـەبێ دەسەڵاترین کاتدا ئامانـەتی یەکـەتیان لێم سـەند.. هیچم لەدەسـت نـەهات تەنـها پاڕانـەوە نـەبێ ڕەنگـە هـەزارجار ئـەو قسـەیەی کوڕەکـەم‌و دیمەنەکـەم هاتبێتـەوە بـەرچاوو منیش هـەزارجار وتومـە (ئامانـەتی بـەخوابن).. قاژەی جەرگم ئەهات وای چیمان بەسـەرهات وای‌هـەموو ئـەو پیرەژن‌و پیرەمێردانـەی تریـش وەك مـن لـەئازیزەکانیان جیاکرانـەوە.. چـەند زەحمەتـە تۆلـە شێنەیی خۆشەویستێکت لێت دابڕێ خەریکـە ئـاگرت تێبەربێ بۆی.. دەوەرە خۆت ڕەزیل‌و بێ‌دەسەڵات‌و لەناو زیندانیش

والەیەکتریت جیابکەنەوە، نازانم چۆن بەرگەی ئەو هەموو ئازارو سزایەمان ئەگرد.. کۆمەڵێ سەیارەیان هێنا وەك (ئیسعاف) بچوك بوون (سەرداپۆشراو) بون (موقەپەت) جامەکانیان تاریك بوو رەنگی سەیارەکان هەندێکی سەوز بوو هەندێکی سپی.. یەك دەرگایەکی هەبوو کەسوار بووین پێش ئەوەی دەرگاکەمان لەسەر پێوەدەن تەماشای ناوسەیارەکەم کرد رووناك بوو وابزانم (٢٤) بیستو چوار کورسی هەبوو.. یەك عەسکەرێکیش لەناو دەرگاکەی بەتفەنگەوە دانیشتبوو..

پێش ئەوەی سوار بین تەماشای سەیارەکانم زۆرکرد رەنگە (٥٠)پەنجا سەیارە ببوایا.. بەریز خستمانیانە رێو بەو بەری بەیانی‌یە، بەرێ کەوتن.. هەر رۆیی‌و هەررێگا نەبرایەوە، هەر رۆیی‌و هەرتەواو نەبوو، هەر تینومان بوو نەگەیشتین.. ئێوا ئێمە بێ دەسەڵات بووین‌و سجن بووین نازانم ئەو عەسکەرە ملقەوی‌یە چۆن رازی بوو وەك ئێمە گەرمای بێت‌و ئەویش خەریك بوو بتاسێت، وەك ئەوە وابوو ئەویش هەر سجن بێت..

ناوسەیارەکە زۆر گەرم بوو زۆر تەنگە نەفەس بووین‌و زۆر تینومان بوو.. ئەو عەسکەرە زاڵمەیش زەمزەمیەك ئاوی پێبوو بەقەد نیوتاقەکەیەوە بوو جار نەجارێ دەری ئەکردو وەك ئەوەی بیەوێت (کامی کامیمان) پێبکات قومێکی لێئەداو ئەیخستەوە ناو کەوڵەکەی.. خەریك بوو کوێر بین لەتینوا.. بەزەی پێماندا نەهاتەوە.. زۆرلێی پاراینەوە هەریەکی سەرقەباغێ مەتارەکەی خۆی ئاومان بداتێ.. دیار بوو رەحم خوا لەدڵی‌دا نەبوو.. هەر گوێشی لێمان ناگرد.. نەهەقیشی نەبوو ئێمە بیستو چوار کەسی هیلاك‌و ماندو بەچی ئاومان بداتێ..

بەهەر هیلاکەتێك بوو ئیدارەمان کردو گەیشتینە شوێنی سەیارەکان راوەستان، دامانیان بەزاند تۆزێکی مابوو خۆرئاوا بێ.. دەشتێك بوو هەمووی (لم) تاچاو بڕیکات بیابان بوو.. لەبەردەم قەڵایەکدا وەستا

بووین قەڵایەکی زۆر گەورە بوو دیوارەکانی بەرز بیناکە خڕبوو دیوارەکەی تۆزی (زەردباو بوو).. یەك دەرگایەکی گەورەی هەبوو وەك مەڕومالأت دامانیانە پێش بۆناو قەڵاکە.. ئەو عەسکەریانەی لەدەوری قەڵاکە بوون و ئێمەیان داگردو بەرەو ناوقەڵاکە بردمانیان گشتیان کلاوەکانیان (سور)بوو.. لەدەرگاکە بردمانیانە ژورەوە.. بینایەکی گەلێ گەورە بوو.. من لەشاریش ژیا بووم و بەخوا زۆریش گەڕابووم بەلأم بینای واگەورەم نەبینی بوو.. هەمووی غورفەی درێژ درێژو سێ قات لەسەریەك دروستکرابوو.. حەوشەیەکی گەورەی هەبوو لەم بەرو ئەوبەرو لەهەر چوارلاوە رویان کردبووە یەك وەك ئەوە وابوو لەناو (مەنجەڵێك) دابیت و تەنها دیوارەکان و ئاسمانت لێوە دیاربوو.. ئاسمانەکەیشی لێڵ و ناشرین بوو لەئاسمانی خۆمان ناچوو..

لەوێش کەوتنە ناونوس کردنمان و هەرغورفەی رەنگە بڵێم دووسەد کەسیان تێ کردبوو جێگامان زۆر سەغڵەت بوو هەموو لەش لەبان لەش کەوتبووینە سەریەکدا.. هیلاکی ئاو بووین و لەبەیانی یەوە ئاومان نەخواردبوو.. ئاوێکیان داپێمان (تاڵ تاڵ ئەتووت ژەهرە، قەت بڕواناکەم ئاوی خواوا تاڵ بووبێت لەوە ئەچوو دەرمانیان تێ کردبێ) ئەو ئاوە هەرکوشتمانی ناوزگمانی هێنایە خوارەوە..

هەندێ سەموون رەقیان داپێمان ئەتووت بەردە نازانم بەچی وارەقیان کردبۆوە.. برسی و هیلاك بووین لەئاوەکەدا کەمێك خوسانمان ئەتووت (حەلوا) ئەخۆین..

تەماشامان کرد لەغورفەکانی تردا خەڵکی تریشی لێیە.. لەغورفەکانی ئەو بەریشەوە دیاربوو..

ئیتر لەبەیانی یەوە هەر وەجبەیان هێناو تێیان کرد.. تاوای لێهات غورفەکان هەرسێ قاتەکەی پڕبوو بوون و پڕحەوشەکەشیان کردبوو.. بیناکە هەمووی ژێر زەویشی هەبوو بەلأم دەرگای لەئێمەوە دیار نەبوو تابزانین چی تیایە..

من عەرەبی‌یەکی باشم ئەزانی لەگەڵ عەسکەری‌یەکان قسەم ئەکرد.. یەکەم جار پرسیاری ئەوەم کرد ئێرە کوێ‌یە؟ وتیان ئەمە یەولە ناحیەی (سەلمان)یش قەلایەکی وەك ئەمەی لێیە ئەویش پڕیەتی لەهاوزمانەکانتان‌و (چەنە قەلایەکی تریش هەمووی پڕکراون) دوای ئەوەندە قسەم لەگەڵیاندا کردبوو وەك ئاشنای یەکترمان لێهاتبوو هەموو پرسیارێکم لێیان ئەکرد.. پرسیار ئەوەیشم کرد ئەم قەلایە کەی‌دروست کراوەو بۆچی کراوە..

ئەوانیش باش نەیان ئەزانی.. قەلاکە زۆر کۆن بوو (ئەیانووت هی سەردەمی مەلیکە)و لەکاتی مەلیکدا بۆئەوە دروست کراوە هەرکەسێك (نەفی) بکرایا، ناردویانە بۆئەم قەلایەو ئەوکاتەیش هەر زیندان بووە..

هەتا ئەهات زیاتر خەڵکی تریان ئەهێناو رۆژ لەدوای رۆژ وەزعمان خراپتر ئەبوو.. سەرەتا خەڵکی کەمتر لێبوو ئاوەکە بەشمانی ئەکردو بەوسەمونە رەقەی رۆژانە ئەیان داپێمان ئیدارەمان ئەکرد.. بەلام دوای خەڵکەکە ئەوەندە زۆر بوو بوو ئەو دووتەنکەرە ئاوەی رۆژانە ئەیان هێنا بەشمانی نەئەکردو تەواو کەوتبوینە هیلاکەتەوە بۆئاو.. تادەهات دونیایش بەرەو گەرماتر ئەڕۆی.. گەرمای ئەو (نوگرە)یە مەگەر جەهەنەم وابێ، قەت گەرمای وام نەبینی‌وە من بەهۆی ئەوەوە کەعەرەبیم ئەزانی جاری وابوو ئەگەڕام بەناو قاعەکانداو یان ئەچووم بۆلای حەرەسەکان.. هەرچەندە زۆر جاریش خۆیان لێم تورە ئەکردو جنێویشیان ئەدا بەلام هەر نۆقرەم نەبوو لەژورێکدا، ئەگەڕام..

لەقاعەکانی ئەوبەرەوەی قەلاکە لەدوو ژوریاندا خەڵکی (تووکن‌و عزیز قادر) بەجیا لەژورەوە بوون‌و وەزعیان لەهەموو ئەو قەلایە خراپتربوو.. ئەیانووت ئەمانە (حیجزی تایبەتن) ئیتر نازانم بۆ..!؟ بەلام ئەوەندە ئەزانم کەگوزەرانی ئەوان زۆر لەئێمە خراپتر بوو.. بەو حاڵەی خۆمانەوە بەزەیمان بەواندا ئەهاتەوە گەلێ رەزیل بوون..!!

قەڵاكە ئەوەندە گەورە بوو ئەم بەرو ئەوبەری بەچارەكە سەعاتێ ئەوجا ئەگەیشتیتە ئەوبەری..! ناو حەوشەكەیشی هەندێكی چەمەنتۆ بوو ساحەی تۆپێن و هەندێ عەموودیشی لێ چەقێندرابوو نازانم چیبوون.. بەڵام بەریز دانرابوون..! جاریوا هەبوو (ئەو حەجاجە زاڵمە ئەختیاری ئەبردو ئەیبەستە ئەو عەموودانەوە، لەبەر ئەو گەرمایە هەرهەڵ ئەقرچان).

